317

ڕامان

مانگنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی چوارەم/ ساڵی بیست و حەوت/٥ی ٣ی ٢٠٢٤

● **خاوەنی ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

● **سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

● **بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

● **مۆتیڤ و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل

● **بەرگ**
باسم ڕەسام

**ناونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net**
**ژمارە مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) / 07504494662**
**(دەرەوە) / 009647504494662**
**پۆستی ڕامان: sarkautwali@yahoo.com**

**چاپخانەی ڕۆکسانا/ هەولێر**
**نرخ/ ٧٥٠ دینار**

## ناوەرۆکی ڕامان


● **دەق**

- هەڵاتن لە ڕووناکی/ ناڵە حەسەن/ ٣
- خودایە/ گۆران مەریوانی/ ٧
- ماسییەک لە دەنگمدا/ سوهەیلا مێهەمی/ ١١
- ئەز حز دکم/ عەگیتێ شەمسی، ئامادەکردن و پیتگوێزی: هێمن عومەر خۆشناو/ ١٢
- قەسیدەی ئەلیۆسیس ئاوگوستی ١٧٩٦/ شیعری هیگڵ، لە ئەڵمانییەوە: بەکر عەلی/ ١٥
- چیرۆکی نامەکە/ موعتەسەم ساڵەیی/ ١٩
- تابلۆیەکی تەوا نەکراو!/ ئەسعەد جەباری/ ٢٣
- بیرەوەری ساڵە تەڵخەکان/ هێمن حەمەتۆفیق/ ٢٦
- سێزدەهـ ساڵێن تەنێتیێ/ ماهین شێخانی/ ٢٨
- کچە شازادەی سەر دەنکە نۆک/ چیرۆکی: هانس کریستیان ئەندەرسن، لە دانیمارکییەوە: ئازاد مەولوود/ ٣١

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەند (نەوزاد مەجید)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ ٣٣

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- ئەدەبی ئەلیکترۆنی، چەمک و خەسڵەتەکانی و کاریگەریی لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی/ د. سالار تاوگۆزی/ ٦١
- سەیفولقوزات و «باغی ئارەزوو»ی نەتەوەیی/ یوونس ڕەزایی/ ٦٨

● **ئەزموون**

- حەسیب قەرەداغی بە قەڵەمی خۆی ژیاننامەکەی دەنووسێتەوە/ ئا: ڕامان/ ٧٧

● **هزر و فەلسەفە**

- محەمەد ئیقبال/ پ. د. حەمید عەزیز/ ٨٩

● **وتار**

- خوێندنەوەی دەروونشیکارانەی چیرۆکی (کتوپڕێک ئا)/ سۆران محەمەدی/ ٩٧
- «مەسەلەی ویژدان» لە دەلاقەیەکی نوێوە/ بەختیار حەمەسوور/ ١٠٥
- حاجی ژنی باغڵووجە، یان کانیاوی شیفا/ ئەمین گەردیگلانی/ ١٠٩
- شینگێڕی لە ئەدەبی کوردیدا «شیعر بە نموونە»/ لەتیف فاتیح فەرەج/ ١١٣

● **زمانزانی**

- زمانی شانۆ/ لە عەرەبییەوە: د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو/ ١١٦

● **مێژوو**

- یەکەم پەرستگە لە مێژووی جیهانی مرۆڤایەتیدا/ تاهیر تەیب جاف/ ١٢٩

● **هونەر**

- شەکسپیر لە نمایشەکانی (ئینگمار بێرگمان)دا/ د. فازڵ جاف/ ١٣٤
- گۆرانی زەمبیلفرۆش و پێگەی جیاوازی ژنی کورد/ ئاڵا ڕەزایی/ ١٣٨

● **خوێندنەوەی کتێب**

- خواندنەک بۆ کتێبا «قەناتێ کوردۆ»/ د. عارف حیتۆ/ ١٤١
- (کچی دورگە بچکۆلەکە)، خەیاڵی جوان و زمانی وێران/ زیاد ڕەشاد قادر/ ١٤٦

● **نامە**

- چەپکێک نامە... / ئا: سەرنووسەر/ ١٥٠

● **بە باڵابڕین**

- یادەوەرییەک لەگەڵ گۆڤاری (ڕامان)ی بە ئەزموون/ سالار سەمین/ ١٥٨

● **سووکە لەنگەر**

- تا جوگرافیای وڵاتەکەت نەزانی، لە ئازاری پارچە پارچەکردنی کوردستان ناگەیت/ عەبدوڵڵا غەفوور/ ١٦٠

# هەڵاتن لە ڕووناکی

ناڵە حەسەن
(کەنەدا)



من لەوەتەی هەم
لە ئاسمان ڕادەکەم و لەنێو با خۆم دەشارمەوە
لە ئەستێرەکان ڕادەکەم و لەنێو ئاگر خۆم
دەشارمەوە
ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت
من لە شەوێکی تاریک و بەدیار فانۆسێکی
شووشە شکاوەوە
هاتوومەتە دنیا و
ختووکەی شەرمێکی ڕۆژهەڵاتیش لە جەستە و
ناخم جیا نابێتەوە
ماندووم و لەنێو ئەشکەوتە تاریکەکانی
شکستەکانەوە هاتووم
گوێم لە زریکە و هاواری هەموو زەمەنەکان و
چەرخەکان و وەرزەکان و
باخچەکان بووە
لەنێو ڕەشماڵ و پەرستگە و خەڵوەتگەکانی عەشق
گوێم لە ڕازە ڕەونەقاوییە ڕووناکەکانی
شاپەرییەکانیش بووە
کتێبە پیرۆزەکانیشم یەک بەیەک خوێندۆتەوە
دێڕ بەدێڕی ئایەتەکان و پەڕپەڕی خەونی
بەیاتریسەکانیشم شی کردوونەتەوە
هەر بەم دەنگ و ڕوخسار و شان و ملە تۆزاوییەوە
هاتم و سەدەیەک لە مەمکۆڵە سپییەکانی ڕووناکی و
ئۆقیانووسێک لە شەپۆلی بێدەنگی و
کیشوەرێک لە نیگای خەواڵووی لەخۆم نامورادتر
بە کۆڵمەوەیە
چ زەمەنێکی دژوار و ڕۆژگارێکی سەخت بوو
نەمانتوانی/ لەنێو بەلەمەکانی باران بمێنینەوە

لەگەڵ سەمفۆنیا هێمنەکانی سپێدە سەما بکەین و
وێنەکانی خۆمان
لەنێو ئەلبوومەکانی مردن بهێنینە دەرەوە
خەونە خرپنەکانی خۆمان لەباوەش بگرین و
نەهێڵین لێمان دوورکەونەوە
هاتم و من ویستم  ڕووناکی ببەمە نێو سبەینێم
بیرم نەبوو ئەمڕۆم پڕە لە تاریکی
من ویستم ڕووناکی بگەڕێنمەوە نێو دوێنێم
بیرم چووبوو ئەمڕۆم ناتەبایە لەگەڵ ڕووناکی
هاتم و لەسەر هەموو کانییەک قومە ئاوێکم
خواردەوە و بە هەموو ڕەنگێک
نیگاری ئومێدەکانم ڕەنگ دەکرد
گەرووم وەک شمشاڵێک هەموو ئاوازە
غەمگینەکانم پێ دەچڕی
لەژێر سێبەری هەموو سنەوبەرێک خەونی خوناویم
دەبینی
وەکوو بارانیش بە پێدەشتی هەموو بەهەشتێکدا
دادەباریم
سەردەمانێک ڕووناکی ماڵ بەماڵ و کۆڵان بە
کۆڵان بەدوامدا دەگەڕا
ئێستا من لێی ڕادەکەم و دوور دەکەومەوە
لێی ڕادەکەم و ژیانیش لەپێشمدایە و وەکوو من
ڕادەکات
سەوزایی لە کەنار ڕێگاکان دوور دەکەونەوە
هێڵەکان و ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەش
لە ئاسمان یاخی دەبن و جیادەبنەوە
جیادەبنەوە و ئەوانیش دوور دەکەونەوە
منیش هەر دەڕۆم و دوور دەکەومەوە
خۆم و خەیاڵێکی ڕووت ڕووت
خۆم و خەونێکی گۆچان بەدەستی ڕووت
خۆم و پەنجەرەیەک لە تاریکی ڕووت
خۆم و ڕۆحێکی هەلا هەلا و هەستێکی فۆبیایی
خۆم و خەیاڵێکی نامۆ و دەست و پەنجەیەکی لەرزۆک
ئەم جیهانە چەند چڕ و تێکئاڵاو و سەراسیمە و
ئاڵۆزە
ڕەگەکانی ڕەش و ئەستێرەکانی ڕەش و
مەمکۆڵەکانی ڕەش
شەو و شەوگاریش هەر ڕەش
ناتوانین وشەکان و ڕستەکان و نیگاکانی
بخوێنینەوە
سەیرکەن بەردیش لێمان دوور دەکەوێتەوە و
ڕووناکییش بوخچەیەکە پڕ لە نهێنی نەدرکاو
عەشق بازنەیەکی داخراوە و دەرگایەکی هەیە بۆ
چوونە ژوورەوە
دەرگای هاتنە دەرەوەش لە گۆڕستان سەر
دەردەکا
چیرۆکەکانی پێکەوەبوون گەیشتنە خاڵی کۆتایی
دەستەکانمان توانایی لێکردنەوەی هەنجیرە
گەییوەکانیان نەماوە
مەوداکانی نێوانیشمان بە ئەندازەی مەودای
ڕووناکی نێو دڵی تۆ و تاریکی نێو چاوەکانی من
لەیەکەوە دوورن
هەر بەو نیگا تاریکانەوە دەڕوانم
هەندێ جار کە لە ئاوێنەوە سەیری خۆم دەکەم/
ڕوخساری خۆم ناناسمەوە
چ هەستێکی تووڕەهات و پووچ و هێڵنجاوییە ئەم
خەیاڵانەی من
ڕووناکی نێو گەردوون پڕاوپڕە لە شتی نامۆ
بۆیە منیش نامۆم بە ڕووناکی و بە هەموو
هاوکێشەکانی ئەم گەردوونە
من بە شێوەیەک خۆم فڕێدایە نێو چاڵەکانی عەشق
نەمدەزانی ڕۆژێک لەنێو قووڵاییەکاندا دەگەمە
خاڵی کۆتایی و لەوێدا دەوەستم
دەوەستم و قاچەکانم لە جووڵە دەکەون
جەستە و مێشک و پەنجە و چاوەکانم سڕ دەبن
لەدوورەوە/ تەنها یەک ڕووناکی و یەک پەنجەرە و

یەک مەشخەڵی ئاگر دەبینم
بۆیە ژیانێک ژیام/ بیرم چووبوو لە کۆتایی
دەگەمە خاڵی وەستان و مردن
هەر ژیام و لە ڕووناکی و ئاگر نزیک دەبوومەوە
کەچی ئێستا هەموو ڕۆژێ مردن قسەم لەگەڵ
دەکا و پێم دەڵێ
چیتر خۆت بە فەتارەت مەدەو لە ڕووناکی دوورکەرەوە
ئێستا من چرکە چرکە لە ڕووناکی دوور دەکەومەوە
ڕووناکی ترسناکە لە مردن نزیکم دەکاتەوە
من ئێستا گومان لە هەموو ئاوێنەکان دەکەم
وەک چۆن گومان لە بوون و بیرکردنەوەکانی
خۆیشم دەکەم
گومان لەو تاریکییە دەکەم کە ماڵێک نەبێت بۆ
ڕووناکی
گومان لەو ڕووناکییەش دەکەم گۆشەیەک لە گۆشەکانی
پەناگەیەک نەبێت بۆ تاریکی
هەموو ڕووناکی گەردوونم هێنایە نێو شیعرەکانم
نەمتوانی لە زەردەخەنە مۆنالیزاییەکەی منداڵیم
تێ بگەم
نەمتوانی گومانەکانی نێو خەون و خەیاڵەکانم
بخوێنمەوە
نەمتوانی لە نیگەرانییەکانی نێو تریفەی شەوەکانم
تێ بگەم
هەموو ڕووناکییەکانی گەردوونم هێنایە نێو شیعرەکانم
نەمتوانی تاریکایی نێو تەنیایی خۆم و تاریکایی
نێو تەنیایی خۆرەتاو و
تاریکایی نێو تەنیایی خودا بخوێنمەوە
ئەی ڕووناکی من ئێستا لەتۆ ڕادەکەم و لێت دوور
دەکەومەوە
لێت ڕادەکەم خۆم و خەونێکی ڕووت و گومانێکی
ڕووت
وەک چۆن / وەرزەکان لە زەمەن ڕادەکەن و
گەردوون لەبوون و

ئەی ڕووناکی منیش لەتۆ
هەندێ جار ژیان نوختەیەکی ڕەشە بەسەر گۆنای
مانگەوە
یان تابلۆیەکە لە شێوەی ئەسپێکی بچکۆلە لەنێو
هەورە ڕەشەکانەوە
منیش ڕادەمێنم و دەکەومە نێو خەیاڵێکی قووڵ
قووڵەوە و دەپرسم
دەبێ من لەکوێی نێو ئەم نوختە ڕەشەی سەر
گۆنای مانگ لەنگەرم گرتبێ
یان گەر لەو ئەسپە بچکۆلەیەی نێو هەورە
ڕەشەکانەوە نزیک ببمەوە
تۆ بڵێی ئەمیش وەک هەمیشە لێم دوور نەکەوێتەوە
نوختە ڕەشەکە و ئەسپە بچکۆلانەکە بە ڕووناکی
ئەستێرەکانەوە
دەورە دراون
ئەستێرەکان ماڵی تیشکە سوورە ڕووناکەکانن
تیشکە سوورە ڕووناکەکان و من سەدەیەک لە
نێوانمان
تریفە زەردە ڕووناکەکانی مانگ و سەدەیەک لە
هەڵوەرین
سەدەیەک لە هەڵوەرین و پاییزێکی سەرمەدی
لەنێوانمان
ڕووناکی لەنێو بوونی من سەرابێکە بە
نزیکبوونەوە ون دەبێ
وەک تەنکە بەفرێکی بەهاری بەنیگایەکی خۆرەتاو
ڕەش دەبێتەوە
بێئاگا لەخۆم / کاتژمێرێکم لەدەستە قایش ڕەش
و میلەکانی ڕەش
چرکە چرکە کات و زەمەنی سەدە تاریکەکانم بۆ
دەخوێنێتەوە
زەمەنی لێکدابڕانەکان و مردنەکان و وەستانەکان
و سڕبوونەکان
ئێستا من/ هەر پەنجەیەکم لە بنارێک و هەر

قاچێکم لە کیشوەرێک و
چاوەکانم و پارچەکانی تری جەستەم فڕێدراونەتە
نێو دەریاچەکانەوە
سەدەیەکم پێویستە بۆ خۆکۆکردنەوە
سەدەیەکم پێویستە تا نیگاکانم بە جووڵە بێنەوە
و ئەو ڕووناکییە ببەخشن
کە لەنێو گۆشەیەکی چاوەکانم و لەنێو ژوورێکی
قەسیدەکانم هەڵم گرتوون
ئاخ چ زەمەنێکی پڕ ئازار و خەفەتاوییە کاتێک
ئەم دیمەنەم بیردەکەوێتەوە
منداڵیم کۆلارەیەک بوو بەرز دەبووەوە لە ڕووناکی
نزیک دەبووەوە و ون دەبوو
باڵندەکان بەرزدەبوونەوە لە ڕووناکی دوور
دەکەوتنەوەو ون دەبوون
هەور لە بازنەیەکی نارێک دەخولایەوە و
شەپۆلەکان سروودەکانیان بیردەچووەوە
با مانی دەگرت و گڤە گڤی نەدەهات
گۆپکەی درەختەکانیش خاڵی بوون لە بوخچە
ڕەنگاوڕەنگەکانی خەون
ئەم گەردوونە پێویستی بە تەقینەوەیەک و
بورکانێکی گەورەتر هەیە
تا ئێمەش نوختەیەکی ڕەش دابنێین و سەر
لەنوێ دەست پێ بکەینەوە
بەڵام/ ئەم جارەیان لە ڕووناکی ڕانەکەین و ببین
بە تابلۆیەک لە ئاگر

**ڕێبەندانی ٢٠٢٤**

# خودایە


گۆران مەریوانی
(سوێد)

بۆ دادەم دادوەر گەشاو مەریوانی

خودایە
چ نزات بۆ دەکەم
تۆ بە پێچەوانەوە پاداشتم دەدەیتەوە
دەتەوێ تاقیم بکەیتەوە؟
یان ببمە کافر؟
خودایە
دەتەوێ جارەکی تر
دەبەر ئاشیانەتدا دەستە و نزا،
من نەبینیتەوە؟

خودایە!
من دێمە حوزوورت، بە چۆکدا دێم
چ نزایەک لە دایکمەوە فێر بووم
چ سوورەتێک بابم بۆ ئومێد پێی گوتووم
بە ئەسپایی لە دڵی خۆمدا دەیڵێمەوە
تۆ بیری منت هەیە؟
دە نێو ئەم عەشامەتەی؟
من دەبینی لە ئاسمانتەوە؟
دەزانی چ قەد من تۆم خۆش دەوێ؟
وەلێ من ناتپەرستم
خودایە  تۆ وەک ئومێدیت
کەم جاران دەردەکەویت
تەنێ شتێ منیش گەرەکمە
ڕووناکییە ڕووناکی!

خودایە تۆ بەڕاست من دەبینیت؟
یان منیش لە چاوتدا
چوون ئەو هەموو مێروولە وردانەم



که دەبن بەژێر دەست و پاوە
نابینرێم ئەوەند بچکۆلانەم.

خودایە، سووکم مەکە لە عەشقدا
ڕێگە چارەیەکم بۆ بدۆزەرەوە!

خودایە،
هەر کەسێ باسی منی بۆ کردوویت،
ڕاست ناکات
هەر کەسێ هەواڵی منی پێداویت؛
دەیەوێت لە بەرانبەرتدا؛
خەجاڵەتم بکات!

خودایە
هەواڵی خۆم لە دەمی خۆم ببیستە
تۆ منت ئەفراند تا ڕاستی بڵێم
نەک بتپەرستم
تا شەرمت لێ نەکەم
بێمە حوزوورت؛
بڵێم؛
تەنێ گوێ لە خۆم بگرە
ئەوانەی گوایە لێرە پیاوی تۆن
ئەوانەی شکات لە من دەکەن،
بە دەگمەن ڕاستگۆن.

خودایە!
من تۆ ناپەرستم
بەڵام من تۆم خۆش دەوێ
چی ڕێنماییت هەیە جێبەجێی دەکەم
ڕقم لەبەدکارییە و تەنێ چاکە دەکەم

خودایە
چۆن برسییەک خەون بە نانەوە دەبینێ
چۆن دڵدارێ خەون بە ژوانەوە دەبینێ
چۆن زوڵم لێکراوێ خەون بە دادەوە دەبینێ
منیش ئاوها خەون بە عەشقەوە دەبینم
منیش ئاوها عەوداڵی ڕووناکیم!

خودایە
من و تۆ دەکرێ ببینە دوو هاوڕێ
من دڵم بۆ تۆ دەکەمەوە
تۆیش پەیمانم بدەرێ
هەرچی من بۆ تۆی دەگێڕمەوە
لای هیچ فریشتەیەک نەیدرکێنیت
تەنیا لە دڵی خۆتدا گلی بدەرەوە.

خودایە!
من بیر لە هیچ ناکەمەوە؛
لە چاکە نەبێ
مورادم حاسڵ بکە
پێش ئەوەی مردنم بێتە ڕێ

خودایە
من حەز دەکەم چەند ئەستێرەیەکم بدەیتێ
شەوانی سەرزەمین تاریک و دژوارن
حەزدەکەم مانگ و ڕۆژ و سورەیا
لە ژوور سەرمەوە هەڵواسرابن
نامەوێ هیچ ببینم بەدەر لە ڕووناکی
نامەوێ هیچ موعجیزەیەک بەرچاوم بکەوێ
جگە لە چاکەکاری
خودایە چی فریشتەی تۆیە دەبێ ئێستا بزانن
قەدەری من و قەدەری ڕووناکی
دوو جەمسەری پێکەوە گرێ دراون.

خودایە
دەترسم شەوێ

قەدەرم بەدکارێ ڕێی تێبکەوێ
چی تۆ بە خراپی دەزانیت پێم بکات
چی تۆ نەخێرت لێ کردووە
بە زۆر ناچاریم بکات
خودایە
ئەستێرەیەکم بدەرێ
تا زیندەگیم ڕۆشن بکەم

منیش لەو بڕوایەدام
دوای ئەو هەموو درۆیە
شتێ ڕوو دەدا:
بازی غەزەب بلبلی دڵ دەفڕێنێ
زاڵمێ لە مەزڵوومێ دەدا
جەللادێ خوێنی (ژینێ) دەڕژێنێ.
منیش لەو بڕوایەدام
لە داخی ئەم هەموو پیاوەی درۆیان کردووە بە ئیمان
بڕوایان شێلاوە بە سێڵاوی ساختەیان
خودا تووڕە دەبێ
ئاسمان زەرد هەڵدەگەڕێ
ڕۆشنایی نامێنێ
ئیتر چیتر نزاکانمان بە هەند وەرناگیرێن
سەرمان بۆ سوڵتانی بەدکاران دەبرێن
ئیتر من دەزانم
قەدەری ئێمە قەدەری یەکتر کوشتنە

ئەگەر عاشقێ لە گەڕاندا خۆی وێڵ کا
ڕێی دڵ بەڵەد نەبێ
دەشێ خودا تەنیا لە بەدکاران نا،
لە هەمووومان تووڕە ببێ

خودایە چ گومانێکت لە دڵدایە
بە منیشی بڵێ

من بێ ئاو نامرم، بێ هەناسە بێ باکم،
وەلێ بێ عەشق؛
مەگەر هەر خۆت بزانیت
چ دڕندەیەکی سامناکم!

ئەوانە کێن کە بێ عەشق ژیاون؟
ئەوانە کێن کە بێ عەشق کوژراون؟
بەدەر لە کۆمەڵێ جەللاد،
کە بە چاوی دڵ هەرگیز نەبینراون!

بێ عەشق وێرانەیەکم
شەرم دەکەم سەیری خۆم کەم
بێ عەشق ماری ڕق و کین
لە درەختی ژیاندا پەپکە دەکەن
بێ عەشق بە قاتڵانی پەیامبەران دەچم و
لە ئاگری ئەنفالێ
کە هەموو مرۆڤدۆستێ دەسووتێنێ
بێ عەشق گومڕام، وێڵم.
ڕێگە بەڵەد نیم و تەنیام.

خودایە
کە دایکم کوڕە گەورەکەیان بە بەرچاوی تۆوە کوشت
گۆڕیان بێناو کرد
منداڵەکانیان یەک بە یەک دەربەدەر کرد
ئەو تەنیا یەک نزای هەبوو لێت؛
عەشق لە دڵیدا فرە کەیت
نەکا تۆڵە دیدی لێڵ کات
نەکا (ڕقی پیرۆز) قووڵایی دڵی تاریک کات
نەکا ڕۆحی پەڵەی ئەنفالی بەرکەوێ و
خۆی لە عەشقی تۆ زیز کات!

بە چ غەزەبێ دەمانکوژیت

بەرەکەتی خۆتمان بۆ نانێریت
بارانمان لێ زەوت دەکەیت
دڵمان بە ئاگری جەرگمان دەسووتێنیت
شوکورین شوکور
بێدەنگین بێدەنگ
وەلێ ئاسمانی عەشقمان لێ دامەخە چیتر
ئێمە فێرین، بێ ڕوحم بژین
بەڵام بێ عەشق یەکتر دەکوژین.
بێ عەشق دڕندەین و
دوژمنین بە یەک!

ئەو بەیانییە کە بێدار بوومەوە
لە ئاسمانم ڕوانی
تۆ ئەستێرەکانت کۆ دەکردەوە
مانگت ناردبووەوە بۆ ماڵە باوانی
خۆرت هێنابووە سەر ئاسۆ
چەرخێکت لێدابوو
منیش لە قووڵایی دیاردەکانی تۆم دەڕوانی
دڵیشم خورپەی دابوو
کە بە عەشقێ گرفتارە ئیدی
نە سەرەتای هەیە نە کۆتایی!

باڵکان، ٢٠٢٣/٦/٣

# ماسییەک لە دەنگمدا

سوهەیلا مێهەمی
(سنە)



شین دەڕژێ
بە کاشییەکانەوە
سەگێک
لە سەرمدا دەوەڕێ .. سارد
ڕچاوە
لە مندا وەرز و
شەختەبەندانە خەیاڵم
سترانێک گەرم
ڕێ ئەپێوم
بە دەم خەیاڵێکی گەرمترەوە

[بۆنی سیگارێک
کەسێک دەهێنێتە ناوەڕۆکی ئەم شیعرە
کە بڕیارە بە فۆرمێکی ژنانەوە
بسرەوێ]
سەگێک لە سەرمدا دەوەڕێ
لە بیرم دانابەزێ
با بمێنێ
بە پرچمەوە .. درێژەی با
درێژەی ئەم شیعرە
ئەگەر دەنگم نەگاتە تۆ،
دوور وەستاوی
چۆڵ
بە هەر ڕووبەرێکدا
ڕووخاوە
لە خۆمدا دامکە
بۆ ژەمی بێقەراری و
ئەم کاشییانە کە شینیان لێ دەڕژێ..

***

کڵاو ئەبارێ و قاڵاو
کڵاو ئەبارێ و
قاڵاو ئەبارێ و
سووتووی تۆ بە کۆڵاندا بەرەو — با
بەرەو چاوەڕوانی
بەرەو لێواری حەوزێک
شین لە منداڵیم و
ماسییەک
کە لە دەنگما
سوور ئەیدرکێنم.

چوار شیعری عەگیتێ شەمسی (١)

# ئەز حز دکم

ئامادەکردن و پیتگوێزی: هێمن عومەر خۆشناو
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلیژی پەروەردەی شەقڵاوە)



ئەز حز دکم قونتارێ چیا،
خوشە- خوشا دەربهارێ،
وەختێ زەڤی ڕادڤنە پیا،
کو مژ ددە دوو ئادارێ...
ئەز حز دکم.

ئەز حز دکم ئەو سبا زوو،
کو قاز- قولینگ تێن ئارانا،
هەڤ ڕا دسترێن پڕ تەیرەدوو،
هم ژی تەعڤا دوو بارانا...
ئەز حز دکم.

ئەز حز دکم چۆل و کەڤان،
کو هشیارن گول و بلبل،
تۆ و فرۆ، بەرخ و بەرخڤان،
کو جەوک تێن ب خولە-خول...
ئەز حز دکم.

ئەز حز دکم بهارا گوند،
وەختێ سبێ گاڕان دەرتێ،
وەختێ دوو سەر دبە بلند،
کالە- کالا میا حز دکم.
(١٩٦٤)

## وێ ڕا

چ قاس موحبەتی،
چ قاس قمەتی،
مجلیس سۆبەتی؛

چ قاس حورمەتی،
وەکە ئۆمەتی،
بهار تەبیعەتی،
قەلەم کاخەتی،
تاو و تابەتی،
دلکێ من خەتی،
قیزکا کورمەتی.
(١٩٦٤)

### هەرکێ بمرم

هەرکێ بمرم ناکم گازن،
گازنێ حەقییێ، مرنێ...
بێرێ عەیسان تەمبوور سازن
سەر تربا من وێ دنێ.

هەرکێ بمرم، ببم تۆپراخ،
باتمیش بم ناڤ زەمانا،
لێ کو رۆکێ من چۆک دا، ئاخ،
سەری هلدا دەورانا...

سەر ملێ من پۆئێزیا شاخ...
ل دنیایێ رێکەڤمێ،
دبە ئەو عەرد... نەکە تەیاخ،
هەتا چۆکا تێکەڤمێ...
(١٩٦٤)

### پۆئێتێ دین

راڤە، راڤە،
پۆئێتێ دین،
راڤە کومەیت
گەم کە و زین...
راڤە، بنهێر،
مە هاتیە
قورن،
وێ زەمانا
شکێناندیە
برن...
راڤە، دەورا
وەلاتێ من
برووسک،
ئەتۆم
دا خەباتێ،
راڤە ئەشقا
پێخواس،
سەرقۆت،
بفر،
بدە
دوو ئیجاتێ.
دە راڤ، راڤە،
پۆئێتێ دین،
راڤە کومەیت
گەم کە و زین،
راڤە ئوسا– ل
بکوت– باژۆ،
کو عەرد بن تە
بکە عنتین...
پۆئێتێ دین... (٢)
(١٩٦٣)

**پەراوێز:**

(١) عەگیتێ شەمسی، کە بە "عەگیتێ حەسەنێ شەمۆ"یش ناسراوە، ساڵی ١٩٣٣ لە گوندێ کەلەکووت (بە ئەرمەنی: لوکاشەن)ی سەر بە شارۆچکەی (تێلینا)ی ئەرمەنستان لەدایک بووە. بنەماڵەکەی لە ساڵی ١٨٢٨ لە

کاتی شەڕی نێوان ڕووس و عوسمانییان دەچنە ناوچەی سورمەلی سەر بە شاری ئیدر، کە ئەوسا لە بن دەستی ڕووسەکان بووە. ئەو کاتەی ڕووسەکان لە ساڵی ١٩١٨ لەو ناوچەیە دەکشێنەوە، ئەو بنەماڵەیە لە ڕووباری ئاراس دەپەڕنەوە و لە دەوروبەری شارۆچکەی تێلین گوندی کەلەکووت ئاوەدان دەکەن و لێی نیشتەجێ دەبن. ناوبراو خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی و ناوەندییش لە گوندی هۆکتێمبێرێ سەر بە شارۆچکەی ئارماڤیر تەواو دەکات. ساڵی ١٩٥٥ لە زانکۆی یەریڤان بەشی زمان و ئەدەبی کوردی دەخوێنێت و دەبێتە قوتابیی کەسانی وەک حەجیێ جندی، ئەمینێ عەڤدال و عەرەبێ شەمۆ. هەر لەو کاتەوە دەست بە نووسینی شیعر دەکات و یەکەم شیعریشی لە ساڵی ١٩٥٦ بڵاودەکاتەوە و ساڵی ١٩٥٩ زانکۆ تەواو دەکات، ئیتر لە قوتابخانەی گوندەکانی دەوروبەری شارۆچکەی ئارماڤیر (هۆکتێمبێر) دا دەبێتە مامۆستا. وێڕای ئەمە لە ڕۆژنامەی (ڕیا تازە)دا کاردەکات و جگە لە نووسینی شیعر، دەست بە کۆکردنەوەی فۆلکلۆر دەکات و لەگەڵ ئەوەشدا وتار لە ڕۆژنامەکەدا دەنووسێ، جار جاریش نموونەی ئەدەبیاتی ڕووسیش وەردەگەڕێنێتە سەر کوردی. ساڵی ٢٠٠٢ لە شاری ڤلادیمیری ڕووسیا کۆچی دوایی دەکات و لە گوندی شامیران ئەسپەردەی خاک دەکرێ.

**بەرهەمەکانی:**

شەمدان، شیعر، (١٩٦٤)

هیڤەڕۆن، شیعر، (١٩٦٧)

هێسرێ بهارێ، شیعر، (١٩٧٦)


سمل، شیعر، (١٩٨٧)

(٢) ئەم چوار شیعرە بژاردەیەکە لە کۆمەڵە شیعری (هیڤەڕۆن)ی عەگیتێ شەمسی، کە (شێخمووس ئۆزپۆلات) لە تیپی کریلییەوە کردوویەتە لاتینی و ساڵی ٢٠٢٣ وەشانی (لیس) لە دیاربەکر لە دووتوێی ٩٥ لاپەڕەدا چاپی کردووە، ئەگەرچی نزیکەی شەست ساڵ بەسەر نووسینی ئەم شیعرانەدا تێپەڕیوە، بەڵام بەرهەمەکانی عەگیتێ شەمسی -یش وەک زۆربەی شاعیرانی ئەوسای قەفقاز بەهۆی ئەوەی بە تیپی کریلی نووسراون، بەشی هەرە زۆری خوێنەرانی کورد لێی بێبەش بوون و وەک شێوازی شیعری شاعیرانی قەفقاز پێویستە بە گرنگییەوە تەماشایان بکرێ. (هێمن. ع. خۆشناو)

# قەسیدەی ئەلیۆسیس
# ئاوگوستی ۱۷۹٦

**شیعری: هیگڵ**
**لە ئەڵمانییەوە: بەکر عەلی**
**(ئەڵمانیا)**

**بۆ هوێلدەرلین**



بەدەورمدا، لەناوەوەمدا خامۆشیی نیشتەجێیە.
مرۆڤی سەرقاڵ
لەبەر پەرۆشییە ماندووکەرەکەی هەرگیز خەوی لێ ناکەوێت.
ئەوانە سەربەستی و پشووم پێ دەبەخشن ـ
سپاست دەکەم، تۆ ئەی ڕزگارکەری من، ئەی شەو!
ـ مانگ بەدەوری سنووره نادیارەکانی،
گردە دوورەکانەوە، بە گەواڵە تەمێکی سپییەوە، دەسوورێتەوە،
دۆستانەش نیگای خستووەتە سەر
بەرە ڕووناکەکەی دەریاچەکە ـ
یادەوەری،
ژاوەژاوی بێزارکەری ڕۆژ،
دوور دەخاتەوە،
وەک ئەوەی ساڵانێک لە
نێوان ئەو و ئێستادا هەبن،
ئەی خۆشەویست، وێنەی تۆ و
خرۆشی ڕۆژانی ڕابوردووم، دێتە پێش چاو،
بەڵام دواتر دووردەکەوێتەوە
لە هیوا شیرینەکانی دووبارەبینینەوە ـ
دیمەنی لەئامێزگرتنی ئەو خولیا درێژ و ئاگرینییە،
دەمێکە خۆی بۆ من نیگار دەکات،
پاشان پرسیارەکان و نهێنییەکانی
دیمەنی گەڕان بەدوای یەکتریدا،
ئەو هەڵوێست و دەربڕین و شێوازی هەستکردنەی
لە هاوڕێیەکدا
لەو کاتەوە گۆڕدراوە ـ شەوقی دڵنیایی،

یان هی  دڵسۆزی بۆ
پەیمانە کۆنەکە، پتەوتر،
پێگەیشتووتر، ببیبنیتەوە،
لە پەیمانێکدا کە هیچ سوێندێکی
مۆر نەکردووە،
بۆ ئەوەی تەنها لە ڕاستیی ئازاددا بژی، بەئاشتی
لەگەڵ
ئەو یاسایەدا،
کە بۆچوون و هەستەوەری ڕێک دەخات و
هەست بەوە بکەیت کە هەرگیزاوهەرگیز نەچیتە
ناویەوە.
ئێستا ئاوات دانوستاندن لەگەڵ واقیعێکی
خاووخلیچکدا دەکات،
کە بە ئاسانی بەسەر شاخ و
ڕووبارەکاندا بردمی بۆ لای تۆ،
بەڵام بەم زووانە
شەڕەکەیان بە ئاهێک ڕادەگەیەنرێت و لەگەڵیدا
لە خەیاڵە شیرینەکانی
خەونەکان ڕزگاری دەبێت.
چاوم بەرز دەبێتەوە بۆ
خەزنەی بەهەشتی ئەبەدی،
بۆ تۆ ئەی ئەستێرەی درەوشاوەی شەو!
هەموو ئاواتەکان، هەموو لەبیرچوونی هیواکان
لەئەبەدیەتی تۆوە دەڕژێن،
ماناکە لەنیگاکردندا ون دەبێت،
ئەوەی من ناوم لێنا کاڵ دەبێتەوە،
من  خۆم دەدەمە دەست بێ ئەندازەکان،
کە من تێیدا هەموو شتێکم، تەنها ئەوەم و بەس.
ئەو نامۆیە بەبیری دووبارەبووەوە،
لەناکۆتا دەترسێت و
ئەم قووڵایی بینینە بە سەرسامییەوە وەرناگرێت.
خەیاڵ ئەبەدیەتی لە نزیک هەستەکانەوە
نەخشاندووە

بە شێوە هاوسەرگیری لەگەڵ بکەن،
بەخێر بێن، ئێوە ئەی ڕۆحە بەرزەکان، ئەی
سێبەرە بەرزەکان،
کە بە نێوچەوانیانەوە کامڵبوون دەدرەوشێتەوە!
ئەو ناترسێت ــ هەست دەکەم ئەوەش
ئیتەری Aether زێدی منە،
ئەو ڕژدە، ئەو شکۆمەندییەی کە بەدەوری
خۆتاندا دەڕژێت.
ئێ!  ئێستا دەروازەکانی  پیرۆزگەکەت بۆ خۆیان
واڵا دەبنەوە،
ئەی سێریس Ceres، تۆ کە تەختی عەرشت لە
ئیلیۆسیس دایە!
ئێستا بە جۆشی سەرخۆشییەوە،
هەست بە ترس و لەرزی نزیکیت دەکەم،
من لە وەحی و لە خۆئاشکراکردنەکانت تێ
دەگەم،
من واتای بەرزی وێنەکانتم لێکدایەوە،
لەکاتی سرووتی خوداوەندەکاندا،
گوێم لە سروودەکان و
قسە بەرزەکانی ئامۆژگارییەکانیان دەبێت ــ.
بەڵام هۆڵەکانت بێدەنگ بوون، ئەی ماخوداوەند!
بازنەی خوداوەندەکان بەرەو ئۆلیمپ هەڵهاتنەوە،
لە میحرابە ناپیرۆزەکانەوە،
بەرەو گۆڕە پیسکراوەکەی مرۆڤایەتی هەڵاتن،
ئەو بلیمەتە بێگوناهەی، لێرە ئەوانی سەرسام
دەکرد.
حیکمەتی کاهینەکانت بێدەنگە، هیچ دەنگێکی
پیرۆزمەندە پیرۆزەکان،
خۆی بۆ ئێمە دەرنەبرپیوە و
- ئەوان کە حەزیان لە تاسەیان زیاترە بۆ
حیکمەت ــ بێهوودە لە گەڕاندان.
( ئەوان خودانی ئەوانەن کە دەگەڕێن و
کەچی سووکایەتی بە تۆش دەکەن) ــ بۆ ئەوەی

لێیان شارەزا بن،
ئەوان هەڵکۆڵینیان بۆ ئەو وشانە دەکرد،
کە نیگاری هەستی بەرزی تۆیان دەکرد!
چ بێهوودەیە! تەنها لەوێچێک خۆڵ و خۆڵەمێشیان
چنگ کەوت،
کە تێیدا ئیتر هەرگیزاوهەرگیز ژیانتی بۆ
ناگەڕێتەوە.
بەڵام لەنێو ڕزیو و بێگیانەکانیشدا، ئەوانەی بۆ
هەمیشە مردوون،
یەکتریان بەدڵ بوو! ـ ئەوان لە بێهوودەییدا بە
بەشی خۆیان قانعن!
نە نیشانەیەکی فیستیڤاڵەکانتان ماوەتەوە، نە
شوێنەواری وێنەیەک!
بۆ کوڕی پیرۆز، ئەم تەریقەتە پڕی بوو لە
پەندی بەرز بۆ هەستی قووڵی لە وەسف بەدەر،
هێندە زۆر پیرۆز بوو،
کە ئەو ستایشی نیشانە وشکەکانیانی دەکرد.
ئیتر بیرکردنەوە لەو ڕۆحە تێناگات، کە
لەدەرەوەی کات و شوێن،
لەپێشبینیکردنی بێکۆتاییدا نغرۆ بووە،
جارێک خۆی لەبیر دەکات، دیسانەوە دەگەڕێتەوە
هۆش خۆی و وەئاگادێتەوە.
ئەوەی بیەوێت لەبارەی ئەمەوە قسان بۆ کەسانی
تر بگێڕێتەوە،
ئەگەر بە زمانی فریشتە قسەی کرد،
ئەوە هەست بە هەژاری وشەکان دەکات.
ئەو دەترسێت لەوەی، کە هێندە بچووک بیری لە
پیرۆز کردووەتەوە،
بەو وشانە هێندە بچووکی کردووەتەوە،
کە قسەکردن بەلایەوە گوناهباری دەگەیەنێت،
بۆیە بە لەرزەوە دەمی دادەخات.
ئەوەی کە پیرۆزکراوی لە خۆی قەدەغە کرد،
یاسایەکی حەکیمانەش
لە ڕۆحە هەژارەکانی قەدەغە کرد،
تا ئەوە ئاشکرا نەکەن،
کە لە شەوی پیرۆزدا بینییان،
بیستیان، هەستیان پێ کرد،
کە نەک هەر خودی هەرە باشەکەیان تێک دەدات،
بگرە ژاوەژاوە پووچەکەشیان
لە عیبادەتدا تێک دەدات،
وتە بێکەڵکەکانیان خودی پیرۆزەکەی تووڕە کرد،
ئەمەش بەو شێوەیە نەکەوتە ناو پیساییەوە،
ـ ئەگەر بە یادەوەری بگەڕێینەوە ـ،
کە نەبووبێت بە یاریچە و کاڵای سۆفیستەکان،
کە بەدراوێکی ناچیز دەیانفرۆشت،
بۆ پاڵتۆی ڕەوانبێژە دووڕووەکان،
یان تەنانەت بە داردەستی لاوە دڵخۆشەکە،
لە کۆتاییشدا ئەوەندە بەتاڵ دەبوو،
کە تەنها لە دەنگدانەوەی زاری بێگاناندا
ڕەگوڕیشەی لەژیاندا هەبوو.
ئەی ماخوداوەند، ئەوە کوڕەکانت بوون، بە
بەخشندەییەوە
شکۆی تۆیان، لەسەر شەقام و ناو بازاڕدا،
لەپیرۆزگای ناوەوەی سینەیاندا دەپاراست، نەک
شکۆی خۆت.
هەر بۆیە تۆ لەسەر زاریان نەژیاویت.
ئەوان بە ژیانی خۆیان ڕێز لە ژیانی تۆ دەنێن.
تۆ هێشتا لەناو کردەوەکانی ئەواندا دەژیت.
ئەی خوایەتی پیرۆز،
من دیسانەوە ئەمشەویش گوێم بۆ ڕادێرایتەوە.
زۆر جارانیش لە ژیانی منداڵەکانتدا خۆتم بۆ
تەجەللا دەکەیت!
تۆ ئەو هەستە بەرزەیت، ئەو ئیمانە دڵسۆزەیت،
ئەو خوایەتییەی، ئەگەر هەموو شتێک لەناو
بچێت، تۆ تەنانەت ناشلەرزێیت.

**کورتەیەک دەربارەی ئەم شیعرە:**

خوێنەرانی فەلسەفە و شیعر، بەتایبەتی ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ شیعردا هەیە، پێیان سەیرە فەیلەسووفێکی ئایدیالیستی ڕەها و خاوەن ڕێچکەیەکی سیستماتیکی و دیالەکتیکی، شتێکی لەبارەی شیعرەوە نووسی بێت. خوێنەر ئەگەر ئاگاداری ئەو پێوەندییە هاوڕێیەتییە توندوتۆڵەی نێوان هوێلدەرلین و هیگڵ بێت، تێبینی ئەو کاریگەرییە گەورەیەی هوێلدەرلین بەسەر (هیگڵ)ەوە دەکات، بەڵام دواجار خوێندکارەکەی هیگڵ، کارل ڕۆزەنکرانتس کە لە ١٨٤٥دا بیۆگرافیایەکی هیگڵی نووسی و زۆر لە دەستنووسەکانی کەوتوونەتە دەست ئەو، بەڵام تازە ئەو دەستنووسە چوار لاپەڕەییە، کە قەسیدەیەکە بۆ هوێلدەرلین، لە کتێبخانەی زانکۆی توبنگن دەردەهێنرێت و دەخرێتە ڕیزی ئەرشیڤی (هوێلدەرلین)ەوە.

شیعرەکە لە سێ بەش پێک دێت، بەشی یەکەمی دەربارەی حەسرەت و خولیایە بۆ (هوێلدەرلین)ی هاوڕێی و یادەوەرییە شیرینە هاوبەشەکانیان. دوو بەشەکەی تری جۆرێکە لە شێوەی سکاڵاکانی هوێلدەرلین بەدەست بێخودابوونی جیهان و لوغز و مەتەڵ و نهێنییەکانی هەرێمی ئێلۆیسیس، کە پیرۆزگایەکی دێرینی نزیک لە ئەتینایە و ماخودا سێرەس خودان عەرشی بوو. هیگڵ ئەم قەسیدەیەی بەشێوە و نەفەسێکی هوێلدەرلینی نووسیوە، بۆیە زۆر لە دەستەواژە ئەفسانەییەکانی (هوێلدەرلین)ی تێدایە، وەک ئاسمانی، پیرۆز، خوداوەند. لەگەڵ ئەوەشدا بوارێکی تێدا هێشتووەتەوە کە بشێت جیاوازی لەنێوان هاوڕێیاندا ئاسایی بکات، واتە هیگڵ دەیەوێت بەم دووانایەتییە دیالەکتیک بچەسپێنێت. لێرەوەیە ڕاڤەکاران پێیان وایە ئەو ماخوداوەندەی سێرەس کە هیگڵ لەسەر عەرشی ئەوێدا بینیویەتییەوە، بریتییە لە ئاماژەیەک بۆ ئەو خودا ڕەهایە کە لە کتێبی (فینیۆمینۆلۆگیای هۆش)دا باس کراوە.

(وەرگێڕ)



# چیرۆکی نامەکە

**موعتەسەم سالەیی**
**(کەرکووک)**

جاری ئەوتۆ هەیە وەها ڕوودەدات هەندێک شت ڕووبەڕووی کەسێک دەبنەوە، کە ئەو کەسە نەبیری بەلای ئەو شتەدا چووە، نە حەزیشی بەوە کردووە کە تووشی ببێت. ساڵانێکی زوو تووشی بەسەرهاتێکی ئەوتۆ بووم کە وەک هەزار لۆخانەیەکی پڕ لەپێچاوپێچ تێی دەڕوانم و بیری لێ دەکەمەوە، تەنانەت نە ئەوساو نە ئێستایش سەرم لێ دەرنەچووە و نەمتوانیوە پەردە لەسەر نهێنییەکانی هەڵبماڵم..!

هەرزەکار بووم و تەمەنم چواردە ساڵی ڕەت نەدابوو، لەو تەمەنەیشدا وەک هەر هاوتەمەنێکی خۆم زۆرم دڵ بە دنیا خۆش بوو. ئەوسا بەڕادەیەکی زۆر حەزم بە یاریی تۆپی پێ بوو، وەک وەرزشوانێک کاتێک دەچوومە مەیدانی یاریی تۆپی پێ و دەکەوتمە یاریکردن، وەهام هەست دەکرد کە هیچ کەسێک لە خۆم بەختەوەرتر نییە. زۆر جار لەماڵەوە سەرزەنشتیان دەکردم بەو مەبەستەی دەستبەرداری یاریکردن ببم، بەڵام هەموو قسە و قسەڵۆک و هەوڵدانەکانیان بێ سوود بوون. هیچ شتێک بەلامەوە لەوە خۆشتر نەبوو، کاتێک لە یاریگەدا دەمانبردەوە و جەماوەر بەگەرمییەوە بۆمان دەکەوتنە چەپڵەڕێزان. لەو ساتانەیشدا تەزووی خۆشی و شادی لە نووکی پەنجەی پێمەوە ڕەت دەبوو تا دەگەیشتە تەوقی سەرم.

دەمەو ئێوارانێک بەسەر شۆستە چۆڵەکەی جادەی خوارووی گەڕەکەکەمانەوە ڕێگەم دەبڕی. دەمویست بە زووترین کات خۆم بگەیەنمە ماڵ، تا لە نمەی بارانی ئەو دەمەو ئێوارەیە خۆم ڕزگار بکەم. هەورێکی توندی تەڵخ بەری ئاسمانی گرتبوو. ئاسمان پڕووشەی دەکرد و نەرمە بارانەکە بە

ئاستەم سەر و سەکوتی تەڕ دەکردم. تاکوتەرا زۆر بەکەمی خەڵکی بەسەر شۆستەکەدا ڕەت دەبوون. جاروباریش ئۆتۆمۆبیلێک بەسەر جادە قیرەکەوە بەخێرایی ڕەت دەبوو. کزەبایەکی سارد بەدەم و ڕوومدا دەپژا. بایەکە لق و چڵی ڕووتاوەی ئەو چەند دارە بێ گەڵایانەی سەر شۆستەکەی بەم لا و بەو لادا دەجووڵاندەوە.

هەردوو دەستم ئاخنیبووە نێو گیرفانی قەمسەڵە ڕەشە کورتەکەمەوە. سەروملیشم لەتاو سەرماکە گرژ کردبووەوە. لەپڕ چاوم بەزەرفی نامەیەک کەوت کە بەسەر شۆستەکەوە لەپەنایەکدا کەوتبوو. بە پەرۆشەوە دەستم بۆ درێژ کرد و هەڵمگرتەوە. لەبەر ئەوەی کەوتبووە تەنیشتی لاپاڵی دیوارێکەوە، بۆیە تەنیا شێدار بووبوو. سەرەڕای هەمووی تەنیا سووچێکی بە ئاستەم تەڕببوو. دۆزینەوەی ئەو نامەیە بەو شێوەیە تووشی واق وڕمانی کردم. هیچ نووسین و ناوونیشانێک بەسەریەوە نەبوو. زۆر بە شێنەیی پەنجەکانم پێدا ساوی، هەستم کرد کە لەنێو زەرفەکەدا پارچە کاغەزێکی قەدکراو هەیە. لە دڵی خۆمەوە کەوتمە بەراوردکاری، وتم دەبێت ئەم نامەیە چی بێت و ناوەرۆکەکەیشی چ پەیامێکی لەخۆ گرتبێت.؟ بەدەم ڕێ برینەوە بێ وچان هەر تەماشام دەکرد و لێی ورد دەبوومەوە. بە هەردوو دەستم ئەم دیو و ئەو دیوم پێ دەکرد.

بێهوودە پرسیارم ئاراستەی خۆم دەکرد، دەموت داخۆ دەبێت ئەم نامەیە بەم ڕۆژی بارانە بۆچی ئاوەها بەبێ ناز لەسەر ئەم شۆستەیە کەوتبێت.!؟ نە ناوونیشانی بەسەرەوە بوو، نە پوولیشی پێوە لکابوو، تا بڵێم لەوانەیە لە پیاوانی پۆستەچیی پۆستەوە بەربووبێتەوە. پرسیارەکانم بەردەوام بوون و بە هیچ شێوەیەکیش وەڵامم دەست نەدەکەوت. لەبەر خۆمەوە وتم ئیتر ئەمە شارێکی گەورە و پان و بەرینە، لەوانەیە ئەمە نامەیەکی دڵداری بێت. دەشێت کوڕێکی لاوی هەرزەکاری خۆم ئاسا بۆ دەزگیرانەکەی نووسیبێت و لێی کەوتبێت.. لەوانەیشە ئەمە نامەی پیرەژنێک بێت بۆ کوڕەکەی نووسیبێت کە لە شوێنێکی دووردابێت.. لەوانەیشە نامەی داواتکاری بێت بۆ بانگهێشتکردنی کەسانێک بۆ سەر ئاهەنگ و شاییەک.. کۆمەڵە پرسیارێک مێشکیان تەنیم، هەرگیز نەمتوانی وەڵامێکی شیاو و بەجێ بۆ پرسیارەکانم بەدی بکەم، پاشان وەهام بەباش زانی قیرسیای لێ بکەم و دەرکی زەرفەکە هەڵبپچڕم و ناوەرۆکەکەی بخوێنمەوە و لەو دڵەڕاوکێیە ڕزگارم بێت.

لەو ورتە ورت و بەراوردکارییەدا بووم، لە ناکاو لەپڕ لە پشتەوە دەستێک شانی توند گرتم. بەسەرسامییەوە ئاوڕم دایە دواوە، کابرایەکی کەتە و زلەم کەوتە پێش چاو کە لە دوامەوە وەستابوو، بەواق وڕمانەوە وەرچەرخام و ڕووبەڕووی بوومەوە. چاوی بڕیبە نێوچاوم و بەهەناسەبڕکێ و بەبێ دەنگی دەستی درێژکرد بۆ ئەوەی نامەکەم لە دەست ڕابپسکێنێت. منیش بەرەو پاش گەڕامەوە و خۆم لێی دوور خستەوە، نەمویست نامەکەی بدەمێ و ڕادەستی بکەم. کابرا بە ڕەنگوڕوویدا دیاربوو کە بەڕادەیەکی زۆر شپرزە بێت. حەزم دەکرد بکەوێتە قسە و دەمی هەڵبهێنێت و مەبەستی خۆیم تێبگەیەنێت و داواکارییەکەیم بۆ ڕوون بکاتەوە، بەڵام ورتەی لەدەم نەهاتە دەرێ، منیش وەها تووشی سەرسامی بووبووم، بەڕادەیەک نەمدەتوانی زمانم بجوێنم و بێمەگۆ. هەتا دەهات زیاتر ڕووبەڕووی یەکتر دەبووینەوە. ئەو دەیویست بەزۆری زۆردارەکی نامەکەم لەچنگ دەربهێنێت، منیش لە ئاستی خۆمەوە پاشەوپاش دەبوومەوە و نەمدەهێشت نامەکەم لێ بڕفێنێت. کابرایەکی کەتەی زلە بوو، بەو ئەندازەیە منێکی تازەهەڵچوویش دەرەقەتی نەدەهاتم. تووکی تەوقی سەری نەختێک ڕووتابووەوە، هەردوو

لاجانگیشی کەمێک سپێتییان تێ کەوتبوو، پانتۆڵێکی شین و چاکەتێکی گەورەی لەبەردابوو. چاوی لێم زەق کردبووەوە و سمێڵە فشەکەیشی لە ئاکامی هەڵچوون و تووڕەییدا هەڵدەلەرزی.

دەمویست دەمم هەڵبێنم و بپرسم ئایا کابرا تۆ کێیت و کوێندەریت.. مەبەستت لەبردنی ئەم نامەیە چییە و بۆچی ئاوەهایش بە خوتوخۆڕایی گەرم پێ دەکەیت.!؟ بەڵام هەرچەندم کرد و کۆشا زمانم نەهاتە گۆ و قسەم لەدەم نەهاتە دەرێ. کابرایش لەئاستی خۆیەوە هەر لەدەستە کوتێدا بوو، بۆ ئەوەی بەتۆپزی و زۆرەملێ نامەکەم لە چنگ دەربهێنێت. نمەنمەی بارانەکەیش هەر بەردەوام بوو. نامەکەم زۆر بە توندی گرتبووە دەست و نەمدەویست لە چنگی خۆمی دەربهێنم. هەروەک شتێکی گرانبەها دەمویست تادوا هەناسەم پارێزگاریی لێ بکەم. وەهام بەباش زانی ڕابکەم و خۆم لەدەستی ئەو ملۆزمە ڕزگار بکەم. بەپەلە کەوتمە ڕاکردن و خۆم لێی دوورخستەوە، ئەویش بێ وچان بەدووم کەوت. لە بەدبەختیدا لەو نێوەندەدا و لەو سات و کاتەدا کەسێک بەدی نەدەکرا، تا بە هانامەوە بێت و ئەو زەلامەم لێ دووربخاتەوە.


بەپەلە خۆم کرد بە کۆڵانێکی تەنگەبەردا و لە لاپاڵی دیوارێکدا کابرا گرتمییەوە، وەک دێوێکی زەبەلاح کەوت بەسەرمدا. نامەکەم لوول دابوو، زۆر بە توندیش لەنێو چنگمدا شاردبوومەوە. ئەوەندەم گوشیبوو بەڕادەیەک لەنێو چنگمدا چرچولۆچ بووبوو. بەهەر حاڵێک تاکە مەبەستم ئەوەبوو کە لەنێو چنگمدا بیپارێزم و نەیدەمە دەستی کابرای نامۆوە. ڕق و قینێکی زۆرم لەو کابرا نەناسە هەڵسابوو، لەوانەبوو ئەگەر چەکێکم پێ بوایە لێم هەڵبکێشایە و دەستبەجێ بمکوشتایە. بەبێ ویست و ئارەزووی خۆم کەوتبوومە بەرەنگاری و بەربەرەکانییەکی سەختەوە. لە پێناوی شتێکدا دەجەنگام کە خۆمیش بەتەواوەتی نەمدەزانی چییە و ئەنجامەکەیشی بەچی دەگات.! کابرای چەتەوڵ بەبێ دەنگی وەک کەڕولاڵ بە هەردوو دەستی یەخەی گرتم، بەتوندی پشتی بەدیوارێکی تەڕەوە چەسپاندم. ویستم پڕ بەدەم هاوار بکەم بۆ ئەوەی یەکێک بەفریام بکەوێت، بەڵام هەرگیز کەسێکم لەو نێوەندەدا بەدی نەکرد.

هەر لەو کاتەدا سێ منداڵی تولاز بە تەنیشتماندا ڕەت بوون، بەسەرسامییەوە هەندێک دیقەتیان داین و تەماشایان کردین، پاشان دایانە قاقای پێکەنین و کەوتنە ڕاکردن و دوور کەوتنەوە. بەهەموو عەقڵی ساکاریانەوە لەوانەیە وەهای تێگەیشتبێتن گوایە ئێمە یاری و گەمان دەکەین. لە دەرگەی ماڵێکەوە چاوم بەئافرەتێک کەوت، بەپەلە هاتە دەرێ و کیسەیەکی پڕ لەخۆڵ و خاشاکی فڕێدایە نێو بەرمیلی زبڵی بەر دەرگەکەیانەوە. ویستم دەمم هەڵبهێنم و هاوارێک بکەم، بەڵام چاوم لێ بوو ئافرەتەکە بەبێ ئەوەی ئێمە ببینێت، بەپەلە خۆی کرد بەدەرگەی ماڵیاندا و چووە ژوورەوە.

بەهەرحاڵ ئاکام تووشی نوشوستی بووم، پاش بگرەو بەردەیەکی زۆر کابرای چەتەوڵ بەسەرمدا زاڵ بوو، توانایی بەسەرمدا شکا. دەستی بادام و زۆر بە توند و تیژییەوە نامە لۆچەکەی لە چنگم دەرهێنا. بە هەناسەبڕکێ نامە ژاکاوەکەی بەدەستەوە گرت، هەروەک ئەوەی گەنجینەیەکی دۆزیبێتەوە، بەکەیف خۆشییەوە تەماشای نامە نیوە داڕزاوەکەی کرد. جاروبارێش بەتووڕەییەوە تەماشای دەکردم. هەروەک ئەوەی باوکیم کوشتبێت وەهابوو. بەهەناسەسواری دیقەتی ئەم لا و ئەو لای خۆیشی دەدا. وەهام هاتە پێش چاو کە وەک پاڵەوانێک تەماشای خۆی کردبێت. لەدڵی خۆمەوە وتم دەشێ ناوەڕۆکی نامەکە پڕ بێت لە نهێنی، ئێستایش کابرا بەخۆشحاڵییەوە ئەو نامە گرنگە بئاخنێتە نێو گیرفانی خۆیەوە و

بـۆی دەرپەڕێـت، بـەڵام ئـەوەی کـە لـە هەمـوو شـتێک زیاتـر تووشـی سەرسـوڕمانی کـردم و هەرگیـز حیسـابم بـۆ نەکردبـوو، بینیـم کابـرای کەتـە و زلـە نامەکـەی دڕی و کـوت کوتـی کـرد و پارچەکانـی فڕێدایـە سـەر زەوییەکـە.. پارچـە کاغـەزی وردکراوی نامەکـە وەک گـەڵای دار ڕژانـە سـەر زەوییەکە و کەوتنە نێو باراناوەکەوە. ئەوسا کابـرا وەک ئـەوەی کارێکـی زۆر گرنگـی کردبێـت، بـۆ چەنـد جارێـک بـەم لا و بـەو لای خۆیـدا سـەری وەرچەرخانـد و تەماشـای دەوروبـەری خـۆی کـرد، پاشـان بەبـێ دەنگـی و بـە تووڕەییـەوە دیقەتـی دام، پشـتی تـێ کـردم و هەنـگاوی نـاو لێـم دوورکەوتـەوە. بـە پەلـە لەنێـو کۆڵانەکـەدا پێچـی کـردەوە، خـۆی کـرد بـە کۆڵانێکـی تـردا و لەبـەر چـاوم گـوم بـوو. کابـرا وەک شـێت بـە زۆرەملـێ کارەکـەی خـۆی بـە ئەنجـام گەیانـد و نامەکـەی لـێ سـاندم و تێـی تەقانـد و ڕۆیشـت. منیـش تووشـی گێـژاوی سەرسـوڕمان بـووم، لـە شـوێنەکەی خۆمـدا بـە نائومێدی و دەستەخەڕۆیی بـە حەپەسـاوی قیـت لێـی ڕاوەسـتام..!

ئـەوە چـی بـوو کـە بەبـێ ویسـتی خـۆم ڕووی دا.!؟ داخـۆ دەبێـت خەونێکـم نەبینیبێـت..!؟ نەخێـر خـەون نەبـوو. ئەوەتـا بەپێـوە وەسـتاوم و بـە باشـی دەوروبـەری خـۆم دەبینـم. هەمـوو ئـەو پرسـیارانە بـە مێشـکمدا هاتـن و وەڵامـی شـیاوم بەدەسـت نەدەکـەوت. پـاش تێڕامانێکـی زۆر بەباشـم زانـی پارچـە پەرشـوبڵاوەکانی نامەکـە کـۆ بکەمـەوە و بیانـدەم بەدەمـی یەکتـرەوە، بـۆ ئـەوەی بتوانـم ناوەڕۆکـی نامەکـە بخوێنمـەوە، بـەڵام هەرکـە بـەوردی تەماشـای پارچـە کاغـەزە دڕاوەکانـم کـرد، بـۆم دەرکـەوت کـە بەتەواوەتـی لەنێـو باراناوی سـەر زەوییەکـەدا خوسـاون و کەڵکی هەڵگرتەوەنیـان نەمـاوە. دەوروبـەرم بـە تەواوەتـی تاریـک داگـەڕا. گڵۆپـی دارتێلەکانـی گەڕەکەکـە و نێـو ماڵـەکان داگیرسـابوون. لـە خـوارەوە لـە بڵندگـۆی مزگەوتـی ئیمـام قاسـم دەنگـی بانگـی مەغریـب بـەرز بـووەوە. سێ زەلامـی بەسـاڵداچووی چەتـر بەدەسـت پەیدابـوون و بـە بەردەممـدا ڕەت بـوون. لـە قسـەکانیاندا وەهـا دەرکـەوت کـە دەچوون بـۆ مزگـەوت بـۆ نوێژکـردن. ئاسـمان بڵاچـەی دەدا و بارانەکەیـش تـا دەهـات زیاتـر دای دەکـرد و بەخـوڕ دەبـاری. کەوتمـە بەرڕێژنـەی بارانەکـە و هەمـوو لەشـم بەتەواوەتـی تەڕبووبـوو. سـەرەڕای هەمـووی بـە خەمسـاردییەوە تەماشـای بارانەکـەم دەکـرد. هەسـتم بـە بەزین و تێکشکان دەکـرد. هێـدی هێدی هاتمـەوە سـەرخۆم، بـە لـۆژە لـۆژ، بـە نائومێدییـەوە بـەرەو مـاڵ کەوتمـە هەنگاونـان. وەهـام هەسـت دەکـرد کـە لـە یاریگـەی تۆپـی پێـدام و یارییەکەمـان دۆڕانـدووە، گوایـە دەنگـی هەورەتریشـقەی ئاسـمانیش هیـچ شـتێک نەبێـت، جگـە لـە دەنگـی هـات و هـاوار و ناڕەزایـی تەماشـاکەرانی یارییەکـە، ئەویـش سـەبارەت بـەوەی کـە شکسـتمان هێنـاوە و لـە یارییەکەمانـدا دۆڕاندوومانـە..!



# تابلۆیەکی تەواو نەکراو!

ئەسعەد جەباری
(سلێمانی)

پێشکەشە بە هاوڕێی هونەرمەندم «ئاکۆ غەریب»

ئـەوە مـن لێـرە چـی دەکـەم، ڕەنگـە هەرگیـز بـە خەیاڵیـدا نەهاتبێـت کـە ڕۆژێ لـەڕۆژان بگاتـە "تـاران"، ئاخـر بـۆ ئـەو لـە خەونێکـی قـووڵ دەچێـت کـە خەبـەری بێتـەوە وا دەزانـێ خەیاڵـە و هیچیتر.

تاکە کـەس نەبـوو ڕووی لـە تـاران کردبێـت، ئـەو دەیگـوت باب و باپیرانیشـم کە دووچـاری ڕاوەدوونان و هەڵهاتـن بهاتبـان هـەروەک مـن دەهاتنـە "تـاران"، ئـەم شـارە پایتەختـی ئاوارەییمانـە، لێـرەوە بڕیـار لـە چارەنووسـی ئێمـە دەدرێـت!، پایتەختێـک کـە هـی ئێمـە نییـە، وەلـێ جێـی نیشـتەجێبوونی مـن و سـەدانی وەک مـن بـووە.

هەمـوو کووچـە و کۆڵانێکـی جـێ پەنجـەی کـوردی پێـوە دیـارە، لـە یەکـەم ڕۆژی نیشـتەجێبوونم هـەر زوو شـارەکە بـە ڕوحـم ئاشـنابوو، ئـەوی ڕۆژێ چیرۆکەکانـی "سـەمەدی بێهرەنگـی" و شـیعرەکانی "ئەحمـەدی شـاملوو" و دەنگـە بەسـۆزەکەی "دارویـش"، هەمـوو ئەوانـەم وەک تابلۆیـەک هەمیشـە لەبەرچاوبـوو، کاتـێ بـە شـەقامەکانی شـاردا تێدەپەڕیـم جاروبـار چاوەکانـم دەنووقانـد و خـۆم دەکـرد بـە شـەقامی خەیاڵدانـی بیـری منداڵیـم و ئـەو ڕۆژانـەم بەبیـر دەهاتنـەوە کـە بـۆ یەکـەم جـار تابلۆیەکـم کێشـا، مامۆسـتا میهرەبانەکەمـان تابلۆکـەی بـۆ فیسـتیڤاڵێکی گـەورەی وڵات بـرد و تابلۆکـەی مـن یەکەمـی بەدەسـت هێنـا، خەڵاتێکـی نایـاب و وەک پاداشـت، بـڕێ پـارەی دیاریکراویشـیان بەدیـاری بـۆ نـاردم، کاتـێ پارەکـەم بـردەوە بـۆ ماڵـەوە و باوکـم پێـی زانـی، لەبـری دەسـتخۆشی بڕێکـی باشـی لێـدام و تووڕەبـوو، گوتـی: تـۆ ئـەو پارەیـەت لەکـوێ هێنـاوە، دەبێـت بزانـم لـە کوێـت هانیـوە؟، ئـەو پێـی

وابوو من ئەو پارەیەم دزیوە، منیش هەموو چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە کە تابلۆیەکم کێشاوە و مامۆستای هونەری قوتابخانەکەمان تابلۆکەی ناردووە بۆ پایتەخت و بەشداریی فیستیڤاڵی هونەریی گشتی پێ کردووە و لەسەر ئاستی هەموو قوتابخانەکانی وڵات، ئەو تابلۆیەی من پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە و لە فیستیڤاڵەکەوە وەک خەڵات بڕێک پارە لەگەڵ کەرەستەی جیاجیای بۆیە و فڵچە و قەڵەمی تایبەتی وێنەکێشانیان بەدیاری بۆ ناردووم، بابەتەکەم بۆ بابم ڕوون کردەوە، وەلێ هەر بە عەقڵیدا نەچوو، گوتی: دەبێت سبەی خۆم بێم بۆ قوتابخانەکەتان و بزانم ئەمە ڕاستە، یان درۆ!، ئیدی بۆ ڕۆژی دواتر باوکم دەستی گرتم و بردمی بۆ قوتابخانەکەمان، چوو بۆ لای بەڕێوبەر و لەوێ هەموو بابەتەکەیان بۆ ڕوون کردەوە، منیش سەرەڕای ئازاری جەستەم و لێدانی ڕۆژی ڕابوردوو ماندووی کردبووم، بەڵام کاتێک باوکم ڕاستییەکانی بۆ دەرکەوت، ئیتر وەک خۆی دڵم ئارام بووەوە و دڵخۆش بووم.

بابم ناهەقی نەبوو کەوتە دووی دۆزینەوەی ڕاستییەکان، ئاخر منێکی قوتابی سەرەتایی و بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لە فیستیڤاڵێکی هونەری سەرتاسەری وڵاتدا بۆ ئەو جێی گومان بوو، لێرەش، لەم غوربەت و ئاوارەییەدا هەر بیرم لەلای زللەکانی بابم بوو کە بۆ من وانەیەکن و هەتا هەتایە لەبیری ناکەم.

پێشمەرگایەتی بۆ کەسێکی ئاسایی، ئەگەر جارێک هێز و وزەی پێ ببەخشێت، بۆ هونەرمەند دووجار هێز و وزەی دەداتێ، دیمەنەکانی ڕۆژە سەختەکانی ئەنفال و وەیشوومەی سەختی ڕووداوە تاڵەکانی ساڵی ١٩٨٨ بۆ کوێ دەڕۆم لەبەرچاوم ون نابن، ئەوی ڕۆژێ دوژمن لە ڕەشبگیری خەڵکی سڤیل و قەتڵوعامکردنی خەڵکی گوندەکانی کوردستان و بەشێک لەشارۆچکەکان دەستی نەپاراست، من لێرەش لە شارێکی وا قەرەبالغی وەک ”تاران“ هەر بەجەستە دێم و دەچم، وەلێ دڵم لای هاوەڵە بەجێماو و شەهیدەکانی هاوڕێمە، خۆیشم یەکێکم لەئەنفالکراوە زیندووەکانی نیشتمانەکەم، ئەوەتا دەربەدەری شاران و دوور لە زێدی خۆم، نازانم بۆ کوێ هەنگاو دەنێم و بۆ کوێ دەچم!.

نازانی چۆن بوو لەپڕ بیرت لەوە کردەوە کە لێرەش وەک لای خۆتان دەست بۆ فڵچە و بۆیە و تابلۆ کێشان بەریتەوە، هیچ نەبێت بەشی نیمچەخواردنێک و تێربوونی سک و برسێتی نەچێژی، بەشی ئەوە بجووڵێیت ژیانت مسۆگەر بکەی و دەست لە کەس پان نەکەیتەوە، ڕێکەوت وابوو، پێش ئەوەی بێیتە ”تاران“ هەر لە“سەقز و سنە“ کۆمەڵێک هونەرمەند و نیگارکێشی شارەکانی ئەودیوت ناسی، لەوێش ئەوان بۆ خودناسین و ئەوان ناسین چاویان زیاتر کردیتەوە.

تابلۆیەک.. دووان و سێ تابلۆ.. تاد، ئەمانە دەرگایەک بوون کە زیاتر بتناسن، لێرەوە وردە وردە بۆ چوونە نێو بواری هونەری و تا ئەندازەیەک تێکەڵاوبوون لەگەڵ دنیای نووسین و بڵاوکردنەوە بە زمانی فارسی، ئاشنایەتی پەیداکردن لەگەڵ دەیان نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناوداری ”تاران“ و کتێبخانە زەبەللاحەکانی ئەوێ کە بۆ من لەو ڕۆژانەدا ئەستێرەی بەختی دەگەشاندمەوە ڕۆژ بە ڕۆژ، ئاسان نییە دەقە شیعرییەکانی ”شێرکۆ بێکەس“ لە زمانی کوردییەوە بکەیت بە زمانی فارسی و لە گۆڤار و ڕۆژنامە گەورە و پڕ خوێنەرەکانی بڵاڤۆکەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوببنەوە و


لەپاڵ ناوی شیعرەکانی "شێرکۆ بێکەس"و لە وەرگێڕانی خۆتدا ناوت بچێتە ڕیزی ناوەکانی گەورە نووسەرانەوە.

هەرچیم دەکرد هەر بیرم لەلای نیشتمان و زێدی خۆم بوو، ئەو ڕۆژانەی پیاسەیەکی شەقامەکانی "مەولەوی"، یان "پیرەمێرد" و "بەردەرکی سەرا"م بەرچاو دەهاتەوە، لە شەقامی "پیرەمێرد" بۆ یەکەم جار لەوێ بەرێکەوت "سمایلی ماملێ"م ناسی، ئاخر بۆ منێکی گەنج ناسینی یەکێک لە کوڕەکانی "ماملێ"ی کەڵە هونەرمەند کەم نەبوو، ئەم ناسینەش ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەسەند، کاتێک هاتمە ئەودیو، گەورەیی ئەو هونەرمەندەم لێرە زیاتر بۆ دەرکەوت، من و "سمایلی ماملێ" ئەو دۆستایەتییەمان هەر بە گەرمی ماوەتەوە.

شەقامەکانی "تاران" وەک دڵی من جەنجاڵن، لێرەش لە کووچەیەکی ئەم شارەدا لەنێو حەوشەیەکی گەورەدا ژوورێکم بەکرێ گرتبوو، ئەم ژوورەی من وەک قەڵەندەرخانەکەی "پیرەمێردی نەمر" هەمیشە لە میوانی ئێرە و ئەوێ و هەموو هاوڕێ بێ نەواکانم جمەی دەهات، دەیان و دەیان شەو و ڕۆژی غوربەتی و فرمێسک و ئازار و پێکەنین و گریان و خەم و خەیاڵ لەو ژوورەدا لەدایکبوون، حیکایەتەکانی ئەو ژوورە و خاوەن خانووەکە کە پیرەژنێکی پارەپەرست و پوولەکی بوو، سەدان چیرۆکن لە چیرۆکەکانی (کلیلە و دیمنە) و هەر لە ڕۆژە سەیر و سەمەرەکانی ڕۆمانی شاری (حسێن عارف) دەچێت، ئەو ژنە لەیەک کاتدا سەرڕاست بوو، لەکاتێکی دیکەدا هێندە وردبوو خووی مێروولەی گرتبوو، بۆ هەموو سەرەمانگێ لە وادە و ساتی خۆیدا دەهات و داوای کرێی ژوورەکەی دەکرد و دەیگوت: من ژوورم بەزگورتی داوە، کەچی تۆ کردووتە بە ئوتێل و هاوڕێکانت تێیدا دەحەوێنەوە و کوولی هاوڕێیەکت کلیلێکی ژوورەکەی پێیە و بەکەیفی خۆیان دێن و دەچن، بۆیە هەموو سەرەمانگێک پەڵپی دەگرت و دەیگوت: دەبێت کرێی ژوورەکەم بۆ زیاد بکەیت، تۆش جاروبار بە قسەی خۆش قایلت دەکرد کە کرێی ژوورەکەت بۆ زیاد دەکەم، ئیتر بەو شێوەیە ڕۆژگارت لەنێو مشتومڕی ڕۆژانەی خۆت و پیرێژن بەڕێ دەکرد.

قەدەری تۆ وابوو، دایکت بەڕووداوی ئۆتۆمۆبیل لەیەک هەناسەدا گیانی لەدەست دا، کۆچی دوایی لەناکاوی دایک بۆ تۆ مەرگێکە هەتا هەتایە ناخت دەسووتێنێ، وەک کوانووی بەرئاگردانی ژوورەکەی دوای ئەوەی لە یەکەم ڕۆژی پێشمەرگایەتیدا قاچت شکا و بۆ بەردەم زۆپایەکی گەرمیان بردیت تا ئازاری قاچت لە سەرمای زستانی گوند کەمێک گەرم بێتەوە و ئارام بگریت، لە حەژمەتی دایکت کە بە گەنجی سەری نایەوە دڵت وەک ئەو سۆپایە گڕی تێبەربووبوو، کاتێ باوکیشت لەدوای کۆچی دایکت بە چەند ساڵێ هەر لە پڕ و بە نەخۆشی، ئەویش مەرگ یەخەی گرت و بۆ دواجار لە نەخۆشخانەی کۆماری شار بۆ تاهەتایە بەجێی هێشتی، ئەو دوو ڕووداوە جەرگبڕە هەر بەگەنجێتی تۆی لەپەلوپۆ خست، لە ئاوارەییشدا بۆ چرکەساتێکیش بێ خەم نەبووی، خەمی گەنجێتی و چارەنووسێکی نادیار، خەمی کەسوکاری بەجێماوت لەماڵە باوان، خەمی گوندە سووتاوەکانی کوردستان و کیمیابارانی شارێک، خەمی ڕۆژە سەختەکانی ئایندەت کە نازانی بەرەو کوێ دەچن! یەک یەک خەم دەژمێری و لەبەردەم تابلۆیەکدا لەپڕ دەستت بۆ جگەرەیەک دەبەیت و بە شەمچەیەکی ئەودیو گڕ لەجگەر و ناخت دەدەی، ئێستا دەبێ حاڵی "سلێمانی" چۆن بێت؟.

٩-١١-٢٠٢٣



# بیرەوەری ساڵە تەڵخەکان

هێمن حەمەتۆفیق
(چەمچەماڵ)

کاتێک مامۆستا دەیبردم بۆ ئیدارەی قوتابخانە، لەترسان میزم دەهات، دەترسام زۆر لە ئیدارە ڕامگرن و میز بەخۆمدا بکەم، تەنها من وانەبووم، هەندێک لە هاوڕێکانیشم وابوون، لەگەڵ مامۆستاکان گەورە بووین و بووینە هاوڕێ، ئەو پێکەنینانەی لە دڵەوەبوون و ڕاستی بوون، لە پۆل و گۆڕەپانی قوتابخانەکان جێمان .

چێژی تەمەن چەندە کەمە! هەر ئەوەندەیە لە قوتابخانە .

لە قۆناغەکانی خوێندن مامۆستاکان زۆربوون، زۆریان لەیادگاریمدا مانەوە .

مامۆستای ئابووریمان قەرزێکی زۆری هاتە سەر، هەڵهات، تەنها لە خاوەن قەرزەکان هەڵنەهات، لە وڵات، لە قوتابخانە و خوێندکارەکان هەڵات، خێزان و منداڵەکانیشی نازانن بۆ کوێ چووە .

مامۆستای بیرکاریمان هەموو ڕەنگەکانی تەباشیری دەخستە گیرفانی، بەخەتێکی ورد ژمارە و یاساکانی لەسەر تەختە ڕەشەکە دەنووسی، تا جێگای زۆرترین نموونە بکاتەوە، جارجارە نموونەیەکی لەسەر دیواری تەنیشت تەختەکە ڕەشەکە دەنووسییەوە، پێنج خولەکی نێوان وانەکەش دەماننووسییەوە فریا نەدەکەوتین، کە خانەنشین بوو، دووکانی مۆبایلی دانا .

مامۆستای زیندەوەرزانیمان، زیندەوەرێکی میهرەبان بوو، لەوانەیەکدا باسی پەپوولەی بۆ دەکردین، باڵەکانی لێک کردەوە، لای دەرگاکەوە بۆلای پەنجەرەکە باڵەکانی لێک دا، زۆر ترسام بفڕێ و هەرگیز نەیبینمەوە، بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لەدەست دا، وابزانم گەڵابە شێلای.

مامۆستای مێژوومان، پێنج ساڵ بوو شووی کردبوو، نازی بەسەر ئەو جەنگانەدا دەکرد لەسەدە کۆنەکاندا

ڕوویـان دابـوو، ئێمـە دەمانزانـی هەمـوو جەنگـە گەورەکانـی دنیـا، ناکاتـە شـەوێکی پـڕ ئەسـتێرە کـە سـەربازێک نامەیەکـی تێـدا دەنووسـێت و میـز بـە مێـژوودا دەکات و نامەکـەی نـاگات.

مامۆسـتای زمانـی عەرەبیمـان کچێکـی جـوان بـوو، زیاتـر گرنگـی بـە مەکیـاژی عەرەبـی دەدا، وەک لـە (مبتـدا و خبـر) لـە گۆرانیبێژێکی عـەرەب دەچوو، ناوی گۆرانیبێژەکـەم بیرنەبـوو، پـێ دەچێـت گۆرانیبێژەکـە لبنانـی بووبێـت، لـەم دواییانـەدا زانیـم مامۆسـتاکە سـەفەری وڵاتێکـی ئەسـکەندەناڤیای کـردووە و بـۆ ئەبـەد ڕستە عەرەبییەکانـی بەسـەر وایـت بۆردەکـەوە جـێ هێشـت.

مامۆسـتای زمانـی کوردیمـان پیاوێکـی دینـدار بـوو، بـەردەوام چیرۆکـی کەسایەتییە ئایینییـە مێژووییەکانی دەگێڕایـەوە، باوباپیرانمانـی بـە بـێ عەقـڵ وەسـف دەکـرد، کـە دژی ئـەم ئایینـەن، وەک ئـەوەی ئامـادەی جەنگـەکان بووبێـت. فرمێسـکی شـادی دەکەوتـە چاوەکانـی، ڕیشـێکی تەنکـی هەبـوو، تاکـە مامۆسـتایە بـە ڕیـش و بـێ ڕیـش هـەر خۆشـم دەویسـت.

مامۆسـتای وەرزشـمان قەڵـەو بـوو، تۆپـی دەخسـتە گۆڵـەوە هـاواری دەکـرد، پیاوێکـی فشـەکەر بـوو، هەندێک جـار بۆنـی ئارەقـە و جگـەرەی لـێ دەهـات، جگـەرەی بەفشـە نەدەکێشـا، دوایـی لـە قەمەرەیەکـدا وەرگـەڕا و دنیایـەک بێتاقەتـی بـۆ جـێ هێشـتین، نایشـارمەوە ئێسـتاش هەندێـک جـار فشـەکانی بـۆ هاوپۆلەکانـم دەگێڕمـەوە.

مامۆسـتای هونـەر، پارچەکانـی فلووتەکـەی بەسـەر تەختـەی پێشـەوەی پۆلەکـەوە لێـک دەدا و لای دەرگاکـەوە لـە ڕیـزی کچـەکان فـووی پێـدا دەکـرد دادەنیشـت و نەیدەزانـی وێنـەی گوڵێـک بکێشـێت، ئـارەزووی هاوڕێیەتـی مامۆسـتا کچـەکان بـوو، دوایـی لەگـەڵ مامۆسـتایەکی کچـدا هاوسـەرگیری کـرد و پاشـان دوو منـداڵ لێـک جیابوونـەوە.


هەموویـان تووڕەبـوون، کارگوزارەکـە نەبێت، تووڕەیی بۆ ئـەو سـاڵانە مـۆدە بـوو.

مامۆسـتای زمانـی [ئینگلیـزی (E)] گەنجێکـی پێسـت ئەسـمەر بـوو، کۆتـری خـۆش دەویسـت، ڕۆژێـک کـە هەورێکـی قـورس بەسـەر شـارەکەمانەوە بـوو، کۆترێک لەژێریـدا تەقڵـەی لـێ دەدا، لـە پەنجەرەکـەوە چـاوی لـێ کردبـوو، گوتـی: کـێ بتوانێـت بیگرێـت لەوانەکـەی خـۆم دەری دەچوێنـم، هاوپۆلێکمـان بـۆی هێنـا، کۆترەکـە سـپییەکی مـل سـوور بـوو، مامۆسـتای زمانـی ئینگلیـزی، ئینگلیزییەکـەی بـاش نەبـوو، دوای تاقیکردنەوەکانـی نیـوەی سـاڵ سـەفەری کـرد بـۆ ئەورووپـا، کۆترەکانی بۆ ئەبـەد بە ئاسمانەوە مانـەوە.

مامۆسـتای جوگرافیامـان پیاوێـک بـوو ورگـی لـە جەسـتەی گەورەتـر بـوو، لـە هەمـوو وانەکانـی (کـوڕەی ئـەرزی) بەدەسـتەوە بـوو، پەنجەی دەخستە سـەرخاڵێک دەیگـوت: ڕۆڵەکانـم ئەمـە هەڵکەوتـەی جوگرافیـای نیشـتمانی ئێمەیـە، مـن لـە ورگـە خڕەکەیـم دەڕوانـی و ناوکیـم بـە نیشـتیمان دادەنـا، مامۆسـتاکە جەڵتـەی دەمـاغ لێـی دا و چووەسـەر عەرەبانـە، عەرەبانەیـەک جوگرافیاکـەی نادیـار نادیـارە!

مامۆسـتای ئایینمـان وەکـوو ئێسکەپەیکەرێک بـوو، پێسـتێکی سـپی جوانـی هەبـوو، دەیگـوت: هەمـوو ئایینـەکان یەکـن چ ئاسـمانی چ زەمینـی، بەرانبـەر ئایینـە بـێ هێـزەکان بانگەشـەی ئاشـتی و یەکسـانی مـرۆڤ، تەنانـەت بـە دڕک و خشۆکێکیشـی دەدەن، کـە بەهێزبـوون بەرانبـەر دەسـڕنەوە، تەمەنـی پەنجا سـاڵی زیاتـر بـوو، ژنـی نەهێنابـوو، بـەڵام ئەمێسـتا ڕەنگـە کۆشـێ منداڵـی هەبێـت.

بەڕێوەبـەر بـەردەوام چاکـەت و پانتۆڵـی لەبەربـوو، دوو چاکـەت و پانتۆڵـی هەبـوو، چاکـەت و پانتۆڵـە ڕەشـەکەی لـە بۆنەکانـدا لەبەربـوو، لەکاتـی وتاردانـدا ئەوەنـدە بەخـاوی قسـەی دەکرد، هەندێک لـە قسـەکانی لـە گۆڕەپانەکـەدا جێمـان و ئێسـتاش نەگەیشـتنە گوێمـان، باسـی ئـاڵا، شـۆڕش و نیشـتمانی بـۆ کردیـن، باسـی سـوودەکانی زوولەخەوهەسـتان، ماسـت و نینـۆک و بروانامـەی بۆکردین، بەهەرحـاڵ بـۆ ئێسـتا، بۆ هەمـوو باسـەکان سپاسـی دەکـەم.



# سێزدەهـ سالێن تەنێتیێ..

ماهین شێخانی
(دارباسییێ)

پشتی نیقاش و نیقاشێن جدی ل سەر قەبوولکرنا ڤەخوەندنا ناسەکی ژ بۆ شاهیا داوەتا "کوڕێ" خوە، وان بڕیار دا کو ل دوو لێکۆلینەکە بەرفرەهـ ل سەر هەموو ئالی و ئالییێن کو ب رەوشا وانا ئابووری ڤە گرێدایی نە، وەکی دەرفەتەک دیرۆکی ژ بۆ ئارامکرنا نەرڤێن خوە یێن تەنگ و بەردەوامییا وان. خەمگینییا گەفێن جیرانێ خوە "باکوور"، ژ بۆ بداویکرنا تەجریدا سێزدەهـ سالان ل سەر خوە، کو ژ ئیزۆلاسیۆنا سەد سالان ژ بۆ نڤیسکار و چالاکڤانێ سیاسی یێ کۆلۆمبیای: گابریەل گارەسیا مارقوەز دژوارتر بوو.

مۆبیل ژ چاکێتێ خوە دەرخست و ژ بۆ کو بزانە بهایان ب هەموو شۆفێرێن ئوتۆمۆبیلان رە تێکلی دانی، پڕانیا وان دگۆتن کو ئەو تەڤاهیا شەڤێ خەو نەکرییە، لێ ل بەندا دۆرا خوە یە کو دەهـ لیترە مازۆتێ بستینە و ژ بەر ڤێ یەکێ بها بها بوو و نە ل گۆری ئارمانجا وان بوو و ب دزی گۆت:

یانی ئێڤارا وی، دوومانا وی و ساندویچێن وی ل سەر خەرجێ مووچەیێ فەقیرن.

– ژنا وی هێرس بوو و گۆت: تو ژ ڤێ زێدەتر هەق دکە، بلا پرتووک و دورستی ب کێری تە بێ. خۆرتێن جوان خوەدی ئەرەبەیێن لوکسن، تو خوە وەک شەریفێ مەککێ دحەسبینی. نەلهەڤهاتی بمینە دروست و بڕوومەت و دوروست ، بەرپرسیار نەبن، چاڤێن خوە بگرن، لێ پچەکی ئارام بن، و خوەدێ ب چ ل خوە بکە شاشە.. ئەڤ جل ژ رۆژێن یەکەمێن چرووسکێ

ل دەرایێ یە. هێسرێن کو من ژ بۆ زارۆکێ "هەمزە ئەل-خەتیب" دڕژاندن هێن ژی ل سەر وی نە.

– ئەی خاتوونا بەدەو و بەدەو، ئەی پرەنسەسا دلێ من، هەر دو ساعەتە و دێ دەرباس ببە، ژ خودێ رە رێبەرییێ بگەڕن، وێ دەمێ گەلی، خەما هەر یەکێ هەیە، کەس ل جل و بەرگێن وە ژی نانێرە..

و د هۆلا کو حەیرانا لێ یە، خالیچەیا پادیشاها درێژکری و چرایێن شێرین، دو دەنگبێژ و کۆما وان، ب تام زەرافەت و بێهنا بیهنخوەشێن وان پۆزێن جهێ زەنگلا دابکێ تژی دکن، هونەرمەندێ کورد د فۆرما "ژۆهن تراڤۆلتا" و سترانبێژێ عەرەب کو ستران نڤیساندیە: "ئابەل ئال ئال- گهال" ب فۆرما "مجهاهل ژاجکسۆن، ئەفسەرێ ریتمێ ب شەڤ و رۆژ، ئەفسەرێ بالاساسە، وێنەکێش و کامەرایێن وان، و دو رێزێن خولامێن کو ژ بۆ وەرگرتنا زاڤایان، خۆرتێن ب پانتۆرێن "کەنگا نزم"، کو چاریەک ژ قوونا وانا نەفرەت خویا دکە، و ژنێن جوانێن نیڤ تازی کو پڕانیا سینگێن خوە ل سەر هەر دو داویا ستوونان دەردخن و پەردەیێن زەلالێن سپەهی، بووکا مۆدەلا هەری داوی کرێ دکە، دو کەچ ل دوو وێ دو مەترەیان دووری وێ، ل دو داویا پەردەیێ کو دگهێژە پێنج مەترەیان و بەلکی زێدەتر ژی، مینا کو زەنۆبیا ب تاجا وێ یا دەینکری بە. ژ دەرڤەیی باژێڕ- ل سەر داخوازا بووکێ- تالیماتان ددە کو چاوا بووک و زاڤا تەڤبگەڕن، بیانی، ئەو موزیکا دەستپێکێ بوو، کو د دەما پێشوازیا ئیمپاراتۆر ئان پادیشاهان دە تێ لێخستن و ئەو مۆزیکا کو فیلمێن ئەمەریکی ب ناڤوودەنگن، ناڤێ ت ئالیکارییا من نەکر موزیکا تە هەیە و دوو رە موزیکا بلند، فیشەکێن ئاگر و رۆناهیا ئەلەکتریکێ، جیهانەک ل دەرڤایێ دەرد، ئێش و برچیبوونا مە، بانکنۆت د سەر سەرێ زاڤایان رە دفڕن، زارۆک و هن مەزنان بانکنۆتان هلدگرن، شین و کەسک بەلاڤ دکن. سالۆنێ و د ناڤبەرا لنگێن وەرگران دە، د دەما دەبکێ دە دەفێ ل بەر خۆرتان دتەوینە و د بن کاسەتا کو ل دۆرا دەفێ هاتیە پێچاندن دە، کۆلمەیێن پەرەیان دخن بن کاسەتەکێ و یا هەری عەجێب ئەوە کو قەهوەیێ لێ زێدە دکە. هەر جارا کو ئەو نێزیکی وی دبە، ئەلەکتریکێ پێ دکەڤە، خوین دڕژینە، پاشێ ب هنجەتان ڕوویێ خوە بەر ب پاش ڤە دزڤڕینە، ژ خەینی وی هەرکەسی دخە دەستێ یان ژی بێریکا "قەهوەچێکەرێ". ژ خوە رە:

ئەز ب حەساپەکە پچووک دفکریم، و دو ساعەتان وی زێدەتری دو ملیۆن کەس بەرهەڤ کر، ئیجار چ دبە بلا ببە، ئەگەر مە هەموو لێچوون، د ناڤ دە کرێیا ئوتۆمۆبیلێ یان ژی پەڤگوهەرتنا پەترۆلێ، حەساب بکرا؟ ئەو ب سەدانە.. ل سترانبێژێ کو ئاخەل شاگرتێ وی بوو، نهێڕی، ئاخینەک کشاند و هات بیرا مامۆستەیێ خوە، ژ بەر کو ئەو ئاماتۆر ل تەنبوورا تانبوورێ دخست و ب زەواجێ پێوەندییا وان هەبوو، ژێ رە گۆت: وەرە جەم مە. تە هینی لێخستنا ئەنسترومانا تەنبوورێ بکە، لێ ئەو خۆرتەکی شەرمۆک بوو تەڤی حەزکرنا خوە یا ژ هەر ئامووڕەکێ.

یا خودێ... ئەڤ چ حەیرانۆکە...؟!!!.

ژ نشکا ڤە ب بشرینەکە بێداوی هات سەرەدانا وی، د هاڤینێ دە شاهیەک دن هات بیرا وی، دشبهە ڤێ شاهیا زێدە، دەما کو زاڤا ئەرەبیا هەری لوکس و ئەسکۆرتێن ب جامێن رەش ل سەر چاڤێن وان مینا فیلمێن هۆلیۆدێ کرێ کر،

و سالەک کێمتر شووندا ئەو فرۆت. ئوتۆمۆبیلا خوە و مالا وی ئیپۆتەک کر و د شەڤەکە تاری دە، ئەو و بووکا خوە ب قاچاخچیان رە دەرکەتن دەرڤە، ب ملیۆنان دەین ل پەی خوە هشتن، و کەس نزانە جهێ وان ل کو یە، ژ بلی گۆتەگۆتێن کو ئەو ژ هەڤ جودا بوونە.

ئەڤ چ دنیا خەریبە، تەنێ شەڤەکە، پاشێ بەلا، عەزابە و بەلکی ژی تەلاق، خۆرتێن مە یێن ئیرۆیین خۆرتێن ڤێ گاڤێ نە، ب ساعەتان تەنێ ل بەر هەڤال و هۆگرێن خوە سەربلندن. ئەو وەک شۆڤالیە کو شوورێ خوە هلدگرە دا کو کەکێ ببڕە، و خویا یە کو ئەو گەۆرگنا ڕزک ئان پرەنسەسا ئاحلامە، وەکی د فیلمان دە.

کەس نە ل گاڤێن پاشەڕۆژێنە ژی ل بەرپرسیاریێن کو تێن سەر ملێ خوە نافکرە.

گەلەک کەس کەتنە ناڤا ژیانا دژوار، خەونێن وان هلوەشیانە، لێچوونێن زارۆکێ تەنێ چەند جاران ل سەر مال تێ خەرجکرن، لێچوون پر بوها نە و هەتا کو خزمێ وێ شیر نەدە وی، ئەو نکارە تشتا هەری هندکا کو ژێ رە تێ پەیدا کرن بگرە. پتک، مێر دڤێ شیر ژ هەر دو زارۆکێن خوە رە بێ قیمەت، هەر وەها هەوجەداریێن دن پەیدا بکە، من بهیست کو ژن ژیانا وان شکەستیدە ژ بەر کو مێر ب نرخێ سەد لیرەیان ژ وان دستینە، کو نە هێژا یە. د ڤێ دەمێ دە و ژ بۆ خوارن و گەرمکرنا ئاگر و ئەلەکتریکێ ژ وان تێ خەرجکرن و مخابن ئەرک و پرسگرێک زێدە دبن. (زەواج) کفش دکن کو نە تەنێ ل سەر پیکنیکەک ئان ئێڤارەک خوەش ل ئوتێلەکێ یە، لێ ل پشت وێ چیایەک ژ بەرپرسیاریێن وەستایی هەیە، ژ بەر ڤێ یەکێ ژی ژنبەردان د زەواجێن ئیرۆیین دە ژ بەرێ زووتر پێک تێ.



# کچە شازادەی سەر دەنکە نۆک

**هانس کریستیان ئەندەرسن**
**لە دانیمارکییەوە: ئازاد مەولوود**
**(دانیمارک)**

هەبوو نەبوو شازادەیەک هەبوو، حەزی دەکرد کچە شازادەیەک بۆ خۆی بێنێ، بە مەرجێک کچەکە بەڕاستی شازادە بێت. بۆ ئەم مەبەستە گەشتێکی گەڕان و سوڕانی بە هەموو دنیادا کرد، بەڵام بۆ هەر کوێ دەچوو، کۆسپێکی دەهاتە ڕێ. کچە شازادە زۆر بوون، بەڵام نەدەگەیشت بەوەی ئاخۆ ئەمانە کچە شازادەی ڕاستەقینەن، یان نا. بەردەوام شتێک دەهاتە پێش، دەری دەخست کە ناڕاستییەک هەیە. بە نائومێدی و بە دڵێکی بەخەمەوە دەگەڕایەوە وڵات، چونکە لە دڵەوە مەبەستی بوو کچە شازادەیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

ئێوارەیەکیان کەشوهەوا زۆر دژوار و ناخۆش بوو، گەواڵە دەیشریقاند و برووسک ئاسمانی لەت دەکرد و باران بە لێزمە دایکردبوو، بەڕادەیەک مرۆڤ ترسی لێ دەنیشت. لەم کاتەدا لە دەروازەی شار درا، کە پاشا پیرەکە چوو دەروازەکە بکاتەوە، بینی کچە شازادەیەک لە دەرەوە وەستاوە، مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێ بەو کەشوهەوا دژوارە لە چ ڕەوشێکدا بوو. سەراپای سەروقژ و جلوبەرگی ئاوی لێ دەچۆڕایەوە، لە لمووز و پاژنەی پێڵاوەکانی ئاو دەچووە ژوورەوە. هاتە قسە و گوتی: من شازادەیەکی ڕاستەقینەم.

«بەڵێ، ئێستا پێدەکەوین و ڕاستی و ناڕاستی قسەکانیمان بۆ دەردەکەوێ!» شاژنی بە ساڵاچوو بیری کردەوە، بەڵام هیچی نەگوت. ڕۆیشتە ژووری نووستن و تەواوی لێفە و دۆشەک و پێخەفەکانی لادا و دەنکێک نۆکی لە ناو تەختی نووستنەکە دانا، ئەوجا بیست دۆشەکی خستە سەر دەنکە

تۆکەکـە و بیسـت لێفـەی ئاخنـراو بـە پـەڕی مـراوی لەسـەر یـەک خسـتە سـەر دۆشـەکەکان، بەو مەبەسـتەی کچە شازادەکە ئەو شەوە لەوێ پـاڵ بکـەوێ.

بەیانـی ڕۆژی پاشـتر لێیـان پرسـی: «شـەوی ڕابـورد چـۆن خەوتـی؟»

کچە شازادەکە لە وەڵامدا گوتـی: «زۆر خراپ، تـا بەیانـی خـەو نەچۆتـە چـاوم، شـەوێکی زۆر ناخـۆش بـوو، مەگـەر خـوا بزانـێ ئـەو تەختـی نووسـتنە چی تێدابوو، شتێکی زۆر ڕەق کەوتبووە ژێـر کەلەکـەم، هێنـدە هەراسـانی کردبـووم، گشـت گیانـم شـین و مـۆر هەڵگـەڕاوە، شـەوێکی یەکجار خـراپ و ناخـۆش بـوو».

کـە زانییـان دەنکـە تۆکێـک لەژێـر بیسـت دۆشـەک و بیست لێفـەی پـڕ پـەڕی مـراوی ئـەو کچـەی ناڕەحـەت کـردووە، گومانیـان نەمـا کـە شـازادەی ڕاسـتەقینەیە. مەگـەر کچـە شـازادەی ڕاستەقینە، ئەگینـا هیـچ کەسـێک نییـە خاوەنـی پێسـتێکی ئـاوا ناسـک و هەسـتیار بێـت.

کـە شـازادە دڵنیابـوو، کچـە شـازادەکەی کـرد بـە هاوسـەری خـۆی و دەنکـە تۆکەکەشـیان لـە مـووزەی شـتە گرانبەهـاکان هەڵگـرت و ئەگـەر تـا ئێسـتا کـەس نەیبردبێـت، دەبـێ هـەر لـەوێ مابێـت.

بزانە، چیرۆکێک بوو بەڕاستی، ڕووی داوە.

لـە کتێبـی (سـەرجەم نووسـینەکانی هانـس کریسـتیان ئەندەرسـن) وەرگیـراوە.

H. C. Andersen
Eventyr og Historier
Komplet samling
Bogklubben 2001

# نەوزاد مەجید:
## دەقی کوردیی باشمان نییە.. بە قەدەر سەلیقە و توانایی خۆشم، دەستم بە رووی کەسەوە نەناوە.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٥ – ٥)



* نەوزاد مەجید کەریم، کە لە ناوەندی هونەریدا بە نەوزاد مەجید ناسراوە و ناوی ڕۆیشتووە، هونەرمەندێکی پڕ بەخششی ساڵانێکی دوورودرێژی بواری شانۆ و دراما و سینەمایە، ناوەکەی بە هەموو ئەوانە ئاشنایە کە هەواداری هونەرن و حەزیان لە بەدواداچوون و بینینی ئەم جۆرە هونەرانەیە. ئەو هونەرمەندە کەسێکی فرەبەهرەیە، لە زۆر بواردا بەهرەکەی خۆی تاقی کردووەتەوە، لەوانە: دەرهێنانی دراما و شانۆ، یاریدەدەری دەرهێنەر، نواندن، سیناریست، دیکۆرساز، ڕووناکی، سکرێپت، وێنەگری سینەمایی و تەلەڤزیۆنی، بەڕێوەبەری هونەری، بەڕێوەبەری بەرهەم، هونەری فۆتۆگراف و زۆر کاری هونەری دی، کە لە هەموو ئەو بوارە هونەری و کارگێڕیانەدا زۆر بە بێدەنگی و دوور لە ژاوەژاو کاری خۆی کردووە و بەرهەمی جوانی هەبووە، بەو کارانەشی جێ پەنجەی بەسەر هونەری کوردییەوە دیارە.

* ئەم هونەرمەندە، ساڵی ١٩٤١ لە گەڕەکی سەرشەقام لە دایک بووە، تا تەمەنی بووەتە ٤ – ٥ ساڵ لە سەرشەقام لە ماڵی خۆیان و ماڵی باپیری ساڵح لەرزانە ژیاوە، دواتر ماڵیان بۆ گەڕەکی قەزازەکان گوستراوەتەوە، کە تەمەنی گەییوەتە (٧) ساڵ، هەر لەو گەڕەکە بووە کە چووەتە بەر خوێندن و لە قوتابخانەی (گویژە) وەرگیراوە، تا پۆلی چواری سەرەتایی لەوێی خوێندووە. لە قوتابخانەدا، هەر لە سەرەتاوە تا دەرچووە، مامۆستاکانی خۆی خۆش ویستووە، ئەوانیش ئەویان خۆش ویستووە، وەک خۆی دەڵێ

دوو لەو مامۆستایانەی، لە یادەوەری ئەودا بە زیندوویی ماون، یەکیان م. هاشم ئەحمەدە کە مامۆستای زمانی عەرەبی بووە، ئەوی دیکەیان م. مستەفا بەرزنجی بووە کە مامۆستای وانەی هونەر بووە، قەتیش غەفووری مەلا عەلی، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان لەبیر ناکات. کە لە پۆلی پێنجی سەرەتایی دەرچووە، بۆ قوتابخانەی مەڵکەندی لە گەڕەکی گاوران گوێزراوەتەوە، لەوێ م. ڕەشید کەریم بەڕێوەبەریان بووە، م. ساڵح قەزازیش مامۆستای زمانی ئینگلیزییان بووە، لەبەر زیرەکییەکەی لە وانەی ئینگلیزی، زۆر خۆشی ویستووە.

* لە تەمەنی ١٢ – ١٣ ساڵیدا لەگەڵ هونەرمەند سەلاح فەرەج (سەلاح باڵا بەرز) کە ماڵیان لە گەڕەکی قەزازەکان بووە، بەو هونەرمەندە ئاشنا دەبێ، وەک ئارەزوویەک ڕیکلامی فیلمی سینەماکانیان کۆکردووەتەوە کە لەو ڕۆژگارەدا ئەوە باو بووە. هەر ئەو سەردەمە بۆ هەر فیلمێک بە عەرەبانەی دوو ئەسپی (پەیتوون)، بە دەهۆڵ و زوڕناوە، بەناو شاری سلێمانیدا گەڕاون و ڕیکلامیان بۆ فیلمەکانیان بڵاوکردووەتەوە، یان کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ڕیکلامی فیلمەکان بڵاو دەکرانەوە، زۆر کەس هەبوون وەک یادگاری ئەو ڕیکلامانەیان لەلای خۆیان کۆ کردووەتەوە.

* بێجگە لە سینەما، ناو بەناو کە شانۆگەری پێشکەش کراوە، سەردانی شانۆکەی کردووە، لەوانە چووەتە شانۆگەری (عوتەیڵ) کە لە ناو هۆڵی پەروەردەی سلێمانیدا نمایش کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی چەند کورسییەکی کەم لای تەختەی شانۆکەوە هەبووە، بۆیە کاتێ بینیویەتی خەڵکەکە بە پێوە وەستاون، لەبەر قەرەباڵغی، بە زەحمەت شانۆگەرییەکەو ئەکتەرەکانی بینیوە، ئەوە کاردانەوەی نەرێنی لەلای دروست کردووە، بۆیە کاتێ لە سانەوی سلێمانی و قوتابخانەکانی دی چەند شانۆگەرییەک نمایش کراون، ئەو بۆ بینینیان نەچووە، لەبەر ئەوەی لە



ئازاد عەبدولواحید– نەوزاد مەجید

شانۆگەرییەکەی ناو پەروەردە (کە ئێستا کاسەمۆڵە) هیچی وای نەدیوە. ئەوکاتە کە کۆتایی پەنجاکانە، هەر کارێکی هونەری بکرایە، بینەری زۆری هەبووە و خەڵکی بە پەرۆشەوە بۆی دەچوون.

* هەر لەو ساڵانەدا، لە ڕادیۆی کرماشان، سەعات (٥)ی ئێوارە تەمسیلی کوردی پەخش کراوە، هەموو چایخانەکانی شار ڕادیۆکەیان کردووەتەوە و خەڵکی شارەکەی لێ کۆبووەتەوە و هیچ جێگەیەک بۆ دانیشتن نەماوە، ناچار خەڵکەکە لە دەرەوەی چایخانەکە گوێیان لێ گرتووە، ئەوانە هەمووی هاندەر بوون بۆ ئەوەی زیاتر حەز لە هونەر بکات، تا ئەو ڕۆژەی لە پۆلی سێی ناوەندی، لەوانەی وێنەکێشاندا م. ئازاد شەوقی پێی وتوون وێنە بکێشن، بەڵام ئەو لەچاوی ڕەحلەکەی کتێبی (دەرهێنانی سینەمایی – الاخراج السینمائي) بە سڵ کردنەوە و شڵەژانەوە خوێندووەتەوە، مامۆستا هەستی کردووە وێنە ناکێشێ و خەریکی شتێکی ترە، هاتووەتە سەری و کتێبەکەی دەرهێناوە، زۆر لەسەرخۆ پێی وتووە ئەمەش هەر هونەرە، بۆ ناچی بۆ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا بخوێنی؟ بەڵێنیشی پێ داوە لە سێی ناوەندی دەربچێ، ئەو یارمەتی بدات، ئیدی ئەو قسەیەی م. ئازاد شەوقی وەرچەرخانێکی لە ژیانیدا دروست کردووە تا زیاتر حەز لە هونەری نواندن و سینەما

بـكات، هــەر بــە هــاوكاری ئــەو هونەرمەنــدەش داوای پێشكەشــی پەیمانگــەی هونــەرە جوانەكانــی بەغــدای كـردووە و لـە پـاش چاوپێكەوتـن، دوای دوو ڕۆژ نـاوی دەرچــووە و لەوێــش ڕێكەوتــی هونەرمەنــد (تەهــا خەلیـل)ی كـردووە.

* هونەرمەند نـەوزاد مەجید ئەزموونی پتر لـە (٦٠) ساڵی لـە كایـەی هونـەردا هەیـە، لـە سـەرەتای سـاڵی خوێندنــی ١٩٦٠ – ١٩٦١، تـا سـاڵی ١٩٦٤- ١٩٦٥ پەیمانگـەی هونـەرە جوانەكانی بەغدا، بەشی شـانۆی تـەواو كـردووە، لەسـەر دەسـتی مامۆسـتایانی پەیمانگە و هونەرمەنـدە پێشـەنگەكان، بەشێوەیەكی ئەكادیمیانـە شانۆی خوێنـدووە و زۆر زانیاریـی زانسـتی و بـە كەڵكـی بـە دەسـت هێنـاوە، هەروەهـا بـە شـێوەیەكی پراكتیكـی لەسـەر هونـەری شـانۆ كاری كـردووە، لەبـەر ئـەوەی خـۆی لـە قۆناغـی سـەرەتایی و ناوەندییــەوە حــەزی بـە هونـەر كـردووە، بۆیـە هەمـوو ساڵەكانی خوێندنـی پەیمانگـەی بـە سـەركەوتوویی بڕیـوە. لـە پەیمانگـە زۆربـەی لقەكانـی هونـەری شـانۆی لـە نوانـدن، دیكـۆر، ڕووناكـی، سـەركەوتووانە تاقـی كردووەتـەوە، تەنانـەت لـەو سـاڵانەی ئـەو لـە پەیمانگـەی هونـەرە جوانـەكان خوێندوویەتــی، هیــچ كارێكــی شـانۆیی نەبـووە لــەوێ كرابـێ و ئـەو ڕووناكـی بـۆ دانەنابـێ.

* لەبـەر شـارەزایی و جیـددی بوونـی لـەو كارانـەی لـە زۆربـەی بـوارە هونەرییەكانـدا پێیـان كـردووە، گەلێـك ئیشـی دەرەوەی پەیمانگەشـیان پێ سپاردووە ڕاییەڕێنێ، لەوانـە دروسـتكردنی شـانۆی سـانەوی (حەریـری) لـە ناوچــەی ئەعزەمییــەی بەغــدا، هەروەهــا دروســتكردنی شـانۆی ئامادەیـی (قورەیشـی) لـە كازمییـە، تەنانـەت شانۆی پۆلەكەشـیان، ئـەو دیكـۆر و ڕووناكـی و پـەردەی بـۆ دانـاوە، بەهـۆی ئـەو كار و چالاكییانەیـەوە، سـاڵی ١٩٦٤- ١٩٦٥، كە ساڵی دەرچوونیەتـی لە پەیمانگە، لـە كۆتایـی سـاڵی خوێنـدن، تێـزی دەرچوونەكـەی كـە دەبـوو بەرهەمێـك پێشـكەش بـكا، ئەویـان لـەو ئەركـە بەخشـیوە و نمرەیەكـی باشـی دەرچوونیـان داوەتـێ. كـە پەیمانگـەی تـەواو كـردووە، گەڕاوەتـەوە شـاری سلێمانی و دوای چەنـد مانگێـك لـە پـەروەردەی هەولێـر وەك مامۆسـتا، فەرمانـی دامەزراندنەكـەی بـۆ دەردەكـەن و دەسـت بەكاربوونـی بـۆ دەنووسـرێ.

* سـەرەتای گەشـتی وەزیفـەی، لـە پـەروەردەی هەولێـرەوە دەسـت پـێ دەكات و فەرمانـی دامەزراندنی لـە ١٩٦٥/١١/١٣ بـۆ دەردەچێ و لـە باتـاس دەبێتـە مامۆسـتا، لـەو ڕۆژەوە لـە قوتابخانـەی (باتـاس)ی سـەرەتایی دەسـت بـە وانـە گوتنـەوە دەكات، بـەڵام لـە شـارۆچكەی هەریـر ژیـاوە و ژوورێكـی لـە ماڵـی (مــەلا غەفـار)، كـە پیاوێكـی ناسـراوی دەڤەرەكـە بـووە گرتــووە، بۆیــە هەمــوو ڕۆژێـك لـە هەریـرەوە بەپـێ دەچێتـە باتـاس و مـاوەی (٣) سـاڵ لـەوێ دەمێنێتـەوە. هـەر لـە سـەرەتای چوونـی بـۆ ئـەو شـارۆچكەیە، لـە پۆلەكانـدا، یـان لـە كۆبوونـەوەی باوكانـدا، یـان لـە بۆنەكانـدا بـە گوێـرەی توانایـی خـۆی، بـۆ پێشكەشـكردنی كاری هونـەری لـەو شـارەدا، هاوكاریـی قوتابییەكانـی كـردووە و بـۆ بـرەودان بـە خۆشەویسـتیی هونـەر هانـی داون.

* سـاڵی ١٩٦٨ گەڕاوەتـەوە شـاری سـلێمانی و لـە قوتابخانـەی نارنجەڵـەی سـەر بـە شـارۆچكەی بیـارە دەسـت بـەكار دەبـێ، دوای كەمتـر لـە ساڵێك، بەهـۆی پشـووی نیـوەی ساڵەوە، كاتـێ دەگەڕێتـەوە سلێمانی، لـە یانـەی فەرمانبەرانـی سلێمانی پێوەندی پێـوە دەكـرێ و داوای لـێ دەكـەن ڕووناكـی بـۆ ئـەو تابلۆیانـە دابنـێ كـە لەسـەر دیوارەكانـی هۆڵەكـەدا بـە دەرپەڕیـوی (بـارز) دروسـت كرابـوون، تابلۆكانیـش بریتـی بـوون لـە چەنـد وێنەیەكـی گـەورەی چوارینەكانی خەییـام كـە لەسـەر تەختـەی مەعاكس، بـە شـێوەیەكی سـەرنجراكێش دروست كرابوون، ئەمانـە پارچـە پارچـە لەسـەر دیـواری هۆڵەكـەدا بـە شـێوەیەكی جـوان، بـە بـەرزی و نزمـی چەسـپ كـراون و دانـراون، لـە دەرەوەی

هۆڵەکەش، لەناو ئەو حەوزی ئاوەی کە لە باخی یانەکەدا هەبووە، پەیکەری شاخ و ئەشکەوتێک دروست کراوە، دەڵێن دەستکردی هونەرمەند ئەنوەر تووفی بووە، داوایان لێ کردووە ڕووناکییەکی هونەری بۆ ئەو حەوزی ئاو و شاخ و ئەشکەوتە دابنێ، وێڕای ئەوەی ئەو ڕۆژگارە، کەرستەی پێویست لەبەر دەستدا نەبووە، یان زۆر کەم بووە، بەڵام بڕیار دەدا ئەو کارە جێبەجێ بکات، هەرچەندە دانانی ڕووناکی لە ناو ئاوی ئەشکەوتەکەدا کە پێیدا هاتووەتە خوارێ، کارێکی زەحمەت بووە، بەڵام ئەو هونەرمەندە بەهرەدار و دەستڕەنگینە دوای عەزیەت و ماندووبوونێکی زۆر، ئیشەکانی تەواو کردووە، کە ڕووناکییەکەی داناوە و بەدڵی هەمووان بووە، لەوەوە یەکسەر بۆ قوتابخانەی (بادینان)ی سەرەتایی کوڕان لە سلێمانی دەیگوێزنەوە.

*ساڵی ١٩٦٩ کۆمەڵێک هونەرمەندی سلێمانی کە بە نیاز بوون تیپێکی هونەری دابمەزرێنن، پێوەندی پێوە دەکەن، بۆ ئەوەی لە دامەزرانەکەیدا لەگەڵیان بەشدار بێ، هونەرمەندەکان ئەمانە بوون: نووری وەشتی، تەها خەلیل، ڕەئووف یەحیا، ئەمینی میرزا کەریم، مەحموود زێوەر، جیهان عومەر، محەمەدسدیق مەحموود محامی، پێکەوە مۆڵەتی ئەو تیپە وەردەگرن، دوای ئەوەی داواکاری وەرگرتنی مۆڵەتی تیپەکە دەدەنە لایەنی پێوەندیدار کە موتەسەڕیفیەتی سلێمانی بووە، ڕەزامەندیی تیپەکە وەردەگرن و ناویان ناوە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)، مۆڵەتەکە لە ڕۆژی ١٩٦٩/١٢/٣١ وەردەگیرێ، لەو ڕۆژەوە ئەم هونەرمەندە دەست بە کار و چالاکییەکانی خۆی دەکات، یەکەم کاری بەناوی (کێچ)، وەک دەقێکی کوردی لە نووسینی حەمەسدیق مەحموود محامی بووە، ئەمیش وەک دەرهێنەر و ڕاییکردنی ڕووناکی کاری تێدا کردووە، ئەم شانۆگەرییە لە هۆڵی سانەوی سلێمانی، پاشان لە هەولێر پێشکەش کراوە، دواتر وەک درامایەک لە تەلەڤزیۆنی بەغدا تۆمار کراوە، ماوەی (٢٠) ڕۆژ لە سلێمانی بینەرێکی زۆر سەردانیان کردووە و بینیویانە.

* لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەندە گەورەکانی بواری شانۆ و دراما و سینەما کاری کردووە، لە پتر لە (٤٧) بەرهەمی جۆراوجۆری هونەریدا بەشدار بووە، بەشێک لەو کارانەی شانۆ و فیلمی سینەمایی و درامای تەلەڤزیۆنی بوون، بەشی زۆری بەرهەمەکانی دەقی خۆماڵین، بەشەکەی دیکەشیان وەرگێڕان و ئامادەکردن و بە کوردی کردنی دەقی بێگانە بوون، زۆربەی بەرهەمەکانیشی بۆ کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان بوون.

* کارەکانی دیکەی بۆ تەلەڤزیۆنەکان بوون وەک تەلەڤزیۆنەکانی: بەغدا، کەرکووک، یەکێتیی لاوان، دەزگای ڕاگەیاندنی شۆڕش لە شاخ، ئینستووتی کورد لە فەڕەنسا، ڕادیۆی کوردی بەغدا، کوردستان، گەلی کوردستان، خاک، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بزاڤی ڕۆشنبیرانی سلێمانی، کۆمپانیای بابیلۆن، کۆمپانیای جوان، کۆمپانیای کوردستان، تا ئێستاش لە کار و چالاکییەکانی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، شان بە شانی ئەندامەکانی و دەستەی بەڕێوەبەر، بەردەوام خەریکی کار و چالاکییە، کارەکانیشی هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ لە کۆمەڵ، بوارەکانی (دەرهێنان، نواندن، دیکۆر، ڕووناکی) گرتووەتەوە، بەپێی قسەی هاوەڵەکانی لە هیچ کارێکدا کە پێیان سپاردبێ، کەمتەرخەمی نەنواندووە و زۆر دڵسۆزانە و بە ڕێکوپێکی بەجێی گەیاندووە، ئەویش شانازی بە هەموو کارەکانییەوە دەکات و لە هیچیشیان پەشیمان نییە.

* هەر لە سەرەتای ژیانییەوە، بە تایبەتی کە لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بووە، حەزی لە هونەر، بە تایبەتیش شەیدای هونەری سینەما و فۆتۆگراف بووە،

زۆربەی فیلمەکانی ئەو سەردەمەی بینیوە، لەناویاندا فیلمە ئینگلیزییەکان، هەر لەو کاتەشەوە کامێرای فۆتۆگرافی هەبووە و وێنەی زۆری پێ گرتووە، ئەم وێنانەی لە ستۆدیۆی مستەفای شێخ سەعید چاپ کردووە، لە کاتی شووشتنەوەی وێنەکانی، زۆر خاتری گرتووە، کەمتر لە خەڵکی دی پارەی لێ وەرگیراوە، سەرەڕای ئەوەش خاوەنی ستۆدیۆکە زۆر هانی داوە و هەموو جارێک پێی وتووە وێنەکانت زۆر جوانن و بە نایاب وەسفی کردوون.

* بۆ چوونە سینەما و کڕینی کامێرا، هەر لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و ئیشی کردووە، بە تایبەتی لە پشووی سەری ساڵاندا، کە شاگرد دەلاکی و دارتاشی و کرێکاری کردووە، لە کاتی دەوامی قوتابخانەشدا، بەیانیان زوو، لە سەعات چوار و پێنجەوە چووە بۆ ئیش و تا نزیکی کاتی چوونە قوتابخانە، بە تایبەتی لەو کاتانەی لە کارگەی شەهلا بۆ دروستکردنی ساردەمەنی (سۆدە و سیفۆن) ئیشی کردووە، بۆیە توانیویەتی بەو پارەیەی دەستی کەوتووە بچێتە سینەما، یان کامێرای فۆتۆگرافی و پاسکیلی پێ بکڕێ، تا ئەمڕۆش کە تەمەنی گەیشتووەتە ٨٣ ساڵ، هەموو بەیانییەک سەعات چوار بۆ پێنجی بەیانی خەبەری دەبێتەوە و لەناو ماڵەکەیدا دەکەوێتە جووڵە.

* نەوزاد مەجید، هەندێ ئیشی کردووە کە پێشتر لە شانۆ و درامای کوردیدا نەکراوە، دەتوانین بڵێین یەکەم جار بووە لە شانۆی کوردیدا بکرێن، لەوانە: دەستپێشخەر بووە لە دەرهێنانی شانۆی شیعری، ئەویش شانۆنامەی (کاوەی ئاسنگەر)ـە کە شێرکۆ بێکەس نووسیویەتی، نمایشی ئەم شانۆگەرییە ماوەی پتر لە (٢) سەعاتی خایاندووە، هەروەها یەکەم کەس بووە سینەمای تێکەڵی شانۆ کردووە، کە شانۆگەری (هەڵەی دوکتۆر) و (مرۆڤ و زەوی) و (کاوەی ئاسنگەر) نموونەی بەرجەستەی ئەو کارانەن. یەکەم هونەرمەندە کامێرای ڤیدیۆیی V.H.Sی بەکارهێناوە. چەندان شانۆگەری، لەوانە: (دوژمنی گەل) و (پەتا سپیکە) و شانۆگەرییەکانی تیپی سالار و چەندان شانۆگەری دیکەی تۆمار کردووە، بێجگە لەو بوارانە، لە هونەری فۆتۆگرافیشدا دەستێکی باڵای هەبووە، بۆیە کە لە زووەوە کامێرای هەبووە و بە وێنەگرتنەوە خەریک بووە، یەکەم کەسە لە شاری سلێمانی و بەغدا و دیوانیە پێشانگەی کردووەتەوە، سەرەتا لە ١٩٧٧/١١/٢٨ بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ لە سلێمانی پێشانگەی فۆتۆگرافی کردووەتەوە، ساڵی دواتر (١٩٧٨) لە بەغدا، هەر لەو ساڵەشدا لە دیوانیە پێشانگەی کردووەتەوە.

* بۆ مۆڵەت وەرگرتن، هاوکاری چەندان تیپی هونەری شانۆیی کردووە، لەبەر ئەوەی خۆی و هونەرمەند تەها خەلیل بڕوانامەی ئەکادیمییان هەبووە، بۆیە بە دامەزرێنەری ئەو تیپانە دەژمێردرێ، وێڕای ئەوەش جار بە جار ئیشیشی لەگەڵ کردوون، لەوانە تیپەکانی: کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، پێشڕەو، ئەزموونگەری، ئاشتی، سەندیکای کرێکاران.

* دەبوو زۆر زووتر ئەو هونەرمەندە پڕ بەخشش و فرە بەهرەیە بەسەر بکەینەوە و بیدوێنین، بەڵام درەنگ کەوتنەکە بەخێر گەڕا، دواجار توانیمان لە ماڵەکەی خۆیدا لە سلێمانی بەسەری بکەینەوە و هەڤپەیڤینێکی بەرفراوانی لەگەڵ ساز بکەین و لەسەر هەموو وێستگەکانی ژیان و ئەزموونی تایبەتی بوەستین، تکایە خوێنەری ئەو هەڤپەیڤینە بن تا بزانن ئەو هونەرمەندە ماندووە چی پێیە و چی لە هەگبەکەیدایە.

**رامان:** دەڵێی کە چووین، ڕواندز کەسی لێ نەمابوو، هەر کەس کەسی لێ نەمابوو، ڕێکەوتی کەستان نەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئەو ڕواندزە کە چووینە ناوی، تەنیا یەک پشیلەمان تێدا دی، کەسمان لێ نەدی، وێنەمان گرت و هاتینەوە، ئەوجا ڕووداوەکان کە دەهاتنە پێشەوە، بۆ نموونە، فڕۆکە، وێنەی هەموو فڕۆکەکانمان گرتووە، تەنانەت ئەو فڕۆکەیەی کە لە چۆمان لەسەر شاخەکەی سەرەوە کەوت، ئێوارە بوو کەوتە خوارەوە، کە خرایە خوارەوە، دوو سێ ڕۆژ لەوەپێش بەفریش باریبوو، بۆ بەیانییەکەی زوو هەستام، چوومە سەیری، بۆ یەکەم جار بوو فڕۆکە ببینم، ئەوەندە گەورە بوو، باوەڕ بە گەورەییەکەی ناکەی، ئەم ژوورە ناوەکەی چەندە، ئەو ناوەکەی زۆر گەورەتر بوو، هەموو گوتیان ئەمە سۆخۆی پێ دەڵێن، فڕۆکەی سۆخۆی بوو.

**رامان:** بە تەواوی وێنەی فڕۆکە کەوتووەکەت گرت؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، وێنەم گرت، ئالآی عێراقی پێوە بوو، تایەکانی بە قەت تایەی تراکتۆرێک دەبوون، زۆر سەیر بوو، ئیتر فڕۆکەکە هەڵوەشابوو، وایەر و مایەری لەو ناوە کەوتبوو، هەروا فڕۆکەیەکی دیکەش لەناو پردان بوو، کەوتبووە ئەشکەوتێکەوە، وێنەی ئەوەشم گرت، لە کاتی بۆردومانەکانیشدا ئەگەر فریا بکەوتمایە و کامێرام بە دەستەوە بووایە، هەر وێنەم دەگرت، کە فڕۆکە دەسووڕایەوە، هەر وێنەم دەگرت، ئەمانە هەمووی لەولاوە، دوایی بۆ پێنجوێن گوێزراینەوە، چووین بۆ پێنجوێن، چیرۆکێکی هونەرمەند ئەحمەد سالار بە ناوی «سەرکەوتن لە لوولەی تفەنگەوەیە»، ئەو چیرۆکەی هێنا، ئامادەمان کرد، ئەکتەرەکانمان هەڵبژارد.

**رامان:** کە لە پێنجوێن بوون، ئەحمەد سالار خۆی دەقەکەی بۆتان هێنا؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئەوکاتە هەر لە پێنجوێن بووین.

**رامان:** کەواتە هەمووتان لە پێنجوێن بوون؟

**نەوزاد مەجید:** ئا، هاتینەوە ئەوێ، ئەکتەرمان هەڵبژارد، تەمسیلەکەمان دەست پێ کرد، وێنەی بەشێکی زۆریمان گرت، تەنانەت یەکێک لەو دیمەنانەی کە ئێستایش لەوانەیە خەڵکی پێنجوێن و مەریوان لەبیریان مابێت، بە تایبەتی بە تەمەنەکانی وەکوو من، وامان هێنابووە پێش چاویان کە لەشکری عێراقی بەرەو پێنجوێن دێت، چۆن بەرگری و خۆڕاگری دەکرێ، قازیفە و چەک و تۆپ و ئەمانەمان هەموو ئامادە کردبوو.

**رامان:** ئەو لەشکر و بەرگری کردن و قازیفە و تۆپانەتان چۆن بە دەست هێنابوو؟

**نەوزاد مەجید:** ئەو کاتە فەتاح ئاغا لەوێ بوو، (ئامر هێزی خەبات بوو- ئا)، هەمووی بۆ ئامادە کردین، دیارە (نووری وەشتی)یش لەوەدا دەوری هەبوو، ئەو هەر لەوێ بوو، وێنەی هەموویمان گرت، ئیشەکە ئەوەندە بەهێز بوو، خەڵک وایان زانیبوو ڕژێم هاتووە، لەوەوە ڕوحیان چووبوو، ئەوە یەکێک لە باسەکانی بوو، ئیتر ئەوانەی دیکەی ناوخۆیی و دەرەکی، وێنەی هەموویمان گرت، ئەو وێنانەش هەر لەو فیلمانەن کە لە ئێرانن، ئەوجا لێرە برادەرێکی دیکە هات کە خەڵکی هەولێرە، (کامەران)ی ناوە، خەریکی سینەمای فەرەنسایە، سێ چوار ساڵێکە لەوێ دەرچووە.

**رامان:** کامەران کێ، ناوی باوکی چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەخوا هەر بە (کامەران)ی سینەما خۆی پێ ناساندم، مامۆستای پەیمانگەیش بوو،

لە پەرلەمانیش ئیشی دەکرد، ڕیپۆرتاژیشی لەسەر کردم، گوتی تەنیا یەک لەحزەی ئەو فیلمانەمان دەست بکەوێت، دەیسەلمێنین کە ئیشی سینەما لە پێش یەڵماز گونەیەوە، لە باشووری کوردستان بووە، چونکە یەڵماز گونەی دوای حەفتا و چوار و حەفتا و پێنج و ئەو دەوروبەرە ئیشەکانی کردووە، وا دیارە وەک لەوێدا باسم کرد فیلمەکانمان دەست نەکەوتەوە.

**ڕامان:** مەبەستت لە دۆزینەوەی ئەو فیلمانە بۆ ئەوەیە بیسەلمێنی کە تۆ پێش یەڵماز گونەی دەستت بە کاری فیلمسازی کردووە؟

**نەوزاد مەجید:** دیارە ئەو فیلمانەی دەمگرتن زۆر بوون، دەتوانم بە کات حسابی بکەم، سێ سەعات و نیو زیاتر، کەمتر، ئەوەندە دەبێت. ئەو فیلمانە بۆ وەزارەت دەڕۆیشتن، وەزارەت خۆیان فیلمەکانیان بۆ چاپ دەنارده ئێران، ئیتر من ئاگام لێیان نەبووە، وام دەزانی هەموو کاتێک سەرکردایەتی خۆمان فیلمەکانیان بۆ دێتەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی نامەیەکم بۆ هات دەستخۆشییان لێ کردبووم، کە ئیشەکانت جوان گیراون و وێنەگرتنەکانت جوانن.

**ڕامان:** کەی بوو زانیت فیلمەکان نەماون؟

**نەوزاد مەجید:** تا دوای نسکۆ کەسیش پێی نەگوتم چارەنووسیان چییە، دوای ئەوە خۆم بەدوایاندا گەڕام و چوومە ئەو بەشەی کە لە (پیرمام)ـە، ئەوەی ئەرشیفی حیزبی لێیە، گوتیان ئێمە فیلم و شتی وامان نییە، ئیتر زانیم کە فیلمەکان نەماون، چونکە فیلمەکان یەک و دوو نین، ئەم مێزەی بەردەممان چەندە، ئەوەندەی دیکەی بخە سەر، قەبارەکەی ئەوەندە دەبێ، فیلمەکان ئەوەندە زۆرن.

**ڕامان:** لەگەڵ کڕینی کامێراکە فیلمی لەگەڵ بوو، یان چۆن فیلمتان بۆی پەیدا دەکرد؟



**بەغدا، پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، ١٩٦٢- ١٩٦٣، م. جەعفەر ئەلسەعدی، نەوزاد مەجید، منداڵەکە کوڕی (م. جەعفەر ئەلسەعدی)یە و ناوی (عوتەیل)ـە، ئەوی دیکە قوتابییەکی پەیمانگەیە و نەناسراوەتەوە.**

**نەوزاد مەجید:** من فیلمم لێ بڕابوو، هەستام چووم بۆ مهاباد فیلم بکڕم، گوتیان مهاباد فیلمی لێ نییە، گوتم ئەی لە کوێ دەستم دەکەوێ؟ گوتیان تاران، یان ورمێ، نا زۆر لە سەرێیە، ورمێ نییە، ئەوەی کارگە و شتی زۆری لێیە، زۆربەی کارگەکانی ئێران لەوێن، وا بزانم تەبرێزە، لە سەرێیە، گوتیان ئەوێ فیلمی لێیە، منیش گوتم باشە دەڕۆمە ئەوێ، بەڵام گوتیان ئەوان کوردی هەر نازانن، بە تورکی قسە دەکەن، تەنانەت واشیان گوت.

**ڕامان:** ڕەنگە ئەو شارە هەر تەبرێز بێ کە عەجەمی لێیە؟

**نەوزاد مەجید:** گوتیان دەبێ چاوساغێک لەگەڵ خۆت ببەی. زەلامێکم بەکرێ گرت، لە هۆتێل شەڵماشی لە مهاباد لەگەڵی چووم بۆ تەبرێز، ئێوارێ چوومە بازاڕ و ستۆدیۆکان گەڕام، داوای فیلمم دەکرد، زۆربەیان نەیانبوو، ناردیانین بۆ لای ستۆدیۆیەکی گەورە، خاوەنەکەی گوتی ئا هەمانە، چەندت دەوێ؟ گوتم چوار بۆ پێنج، پێنج سەد قەدەمیم دەوێ، بیست سی دانەیەکی سەد قەدەمیشم دەوێ، چونکە درێژیی فیلمەکە،

سـەد قەدەمـی و پێنـج سـەد قەدەمیش هەیـە. گوتـی لەحزەیـەک بوەسـتە، کابـرای چاوسـاغیش بۆی وەردەگێـڕام، تەلەفۆنـی هەڵگرت و تەلەفۆنێکـی کـرد، تومـەز ئـەوە تەلەفۆنـی بـۆ تـاران کـرد، پێـی گوتـووە ڕەش و سـپیی ئـەو فیلمانـە هـەن؟ گوتبـووی ئـا. ژمارەکـەم پـێ گـوت، ئەویـش پارەکـەی پـێ گوتـم، ژمـارەی فیلمـەکان و پارەکـەم دایـە. گوتـی بـۆ کوێـت دەوێ؟ گوتـم بـۆ هۆتێـل شەڵماشـی لـە مهابـاد.

**ڕامـان:** دوایـی بـە تـەواوی فیلمەکانـت و ئـەوەی دەتویسـتن بـە دەسـتت گەیشـتن؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بـە لامـەوە سـەیر بـوو، ئێمـە ئـەو شـەوە لـەوێ مایـنـەوە، بـەڵام بەیانـی زۆر زوو هاتینـەوە مهاباد، کـە چوومـە هۆتێلەکە تەماشـام کـرد لەسـەر مێـزی هۆتێلەکـە، بـە کارتۆنێکـی گـەورە فیلمـەکان هاتبـوون، هـەر ئـەو کاتـە خـاوەن سـتۆدیۆ ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ تاراندا قسـەی کـرد، وەکـوو ئێـرە نەبـوو، بڵێیـن ئێمـە داوا لـە بەدالـە بکەیـن بۆمانـی وەربگرێ، ئـەو دوو شـتەم بـەلاوە سـەیر بـوو، یەکـەم تەلەفۆنەکـە، دووەم بـەو خێراییـە فیلمـەکان بگەنـە مهابـاد، ئاخـر تـاران لـە مهابـادەوە دوورە، گوتیـان بەیانیـی زوو هاتـووە، بەیانـی زوو گەیشـتبووە ئـەوێ، ئیتـر کارتۆنەکـەم هەڵگرت و هێنامـەوە، ئـەوەی کـە من هێناومەتـەوە کارتۆنێکـی گـەورە بـوو، لەوانەیـە لەوەپێـش م. ئەنـوەر تووفـی دوو سـێ کارتۆنـی دیکەشـی کڕیبێـت و بۆیـان هێنابێـت، ئـەم فیلمانـە هەمـووی وێنەیـان پـێ گیـراوە.

**ڕامـان:** باسـی ئـەو کـوڕە لاوەم بـۆ بکـە کـە فیلمەکانـی بـۆ دۆزیبوویـەوە.

**نەوزاد مەجید:** ئەو برادەرەم کە دۆزیبوویەوە؟

**ڕامـان:** بەڵـێ، هونەرمەنـدی جوانەمـەرگ ڕەحیـم زەبیحی.

**نـەوزاد مەجیـد:** لە سـەفەرێکی ئێـران هاتەوە گوتی فیلمـەکان مـاون، بـەڵام داوای پـارە دەکـەن، ئـەوە بـوو چـووم بـۆ لای ڕەحمەتـی فەلەکەددین کاکەیـی، پێـی گوتـم بـڕۆ لەگـەڵ بەڕێوەبـەری سـینەمای وەزارەت قسـە بکـە، حـەز ناکـەم ناوەکەشـی بێنـم، زۆر لێـی پەسـت و بێتاقەتـم، ئەگـەر باسـی بکـەم پتـر بێتاقـەت دەبـم، چونکـە گەورەتریـن زەرەری بـە هونەرەکـە گەیانـد، زەرەری لـە مێـژووی سـینەما دا، لـە ئەرشـیڤی میللەتـی کـورد دا، ئـەوە لەگەڵمـان نەهـات.

**ڕامـان:** کـە لەگەڵتـان نەهـات، بیانـووی چـی بـوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** گوتـی داوای پارەیەکی زۆر دەکەن، گوتـم پارەکـە ئەوەنـدە زۆر نییـە، حکوومەتـی هەرێمیـش دەتوانـێ ئـەو پارەیـە دابیـن بـکا.

**ڕامـان:** مـن ئـاگام لێیـە بـۆ کلیپێـک پێنج شـەش دەفتـەر خـەرج کـراوە، بۆچـی دابینکردنـی پـارەی کڕینـەوەی ئـەو فیلمانەیـان نەبووە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** تـۆ بـۆ ئـەوە دەڵێـی، لـە هەولێـر جـوان بامەڕنـی، سـێ چوار ملیـۆن دۆلاری بـۆ فیلمێـک وەرگرتـووە کـە ئێسـتاش کـەس فیلمەکـەی نەبینیـوە، چەنـدان هونەرمەنـدی دیکە هـەن کـە هـەر وا بـۆ بەرژەوەنـدی و مەرامـی خۆیـان، کردیـان بـە بازرگانـی بـۆ خۆیـان و هـەر پارەیـان ڕاکێشـا، هـەر پارەیـان ڕاکێشـا، کـە لـە ملیـۆن و دوو ملیـۆن دۆلار بـەرەو ژوورە.

**ڕامـان:** کەچـی ئـەو بەڕێوەبـەری سـینەمایە بووەتـە بەربەسـت، لـە تـۆ هاتووەتـە دەنـگ و پێـت دەڵـێ حکوومـەت پـارەی نییـە و ناتوانـێ ئـەو فیلمانـە بکڕێتـەوە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** پێـم گـوت پارەیـان هەیـە، ئـەوە میهرەجانـی خانـی کـراوە، بـە لایەنـی کەمـەوە پەنجا شەسـت دەفتـەر خـەرج کـراوە، لـە هەمـوو

دنیاوە خەڵک هاتووە، هەموو لە هۆتێل دانراون و خواردنیان، هاتوچۆیان بۆ خەرج کراوە، چۆن پێنج شەش دەفتەریان نییە بۆ کڕینەوەی ئەو فیلمانە کە ئەرشیڤی میللەتێکە، بە هەرحاڵ خۆی لێ دزیمەوە و زۆریش تووڕە بووم، ئیتر لەوساوە بە هەموو شێوەیەک هەوڵم دا، یەکێک نەبوو هەوڵێکی جیددی بدا، تەنانەت گەیشتمە لای سەرۆک بارزانی، سەرۆکیش گوتی ئێمە هەوڵ دەدەین، ئەوە سێ ساڵە، نازانم هەوڵیان داوە، یان هەوڵیان نەداوە، بەڵام من هەرچی گۆڕانییەکی نیشتمانی کە لە سەتەلایتەکان پێشان دەدرێن، بە دیارییانەوە دادەنیشم و دەڵێم بەڵکوو گرتەیەکی خۆمیان تێدا ببینم.

**ڕامان:** تا ئێستا سەرەداوێکت دەست نەکەوتووە و هیچت نەدیوە؟

**نەوزاد مەجید:** نەمدیوە، من ئەوەندە دڵنیام لە ئیشەکەم، دە ساڵ، بیست ساڵی دیکەش بێ، تەمەن باقی بێت، یەک گرتە ببینم، دەزانم کە کاتی خۆی خۆم گرتوومە.

**ڕامان:** ئێستا بۆ گێڕانەوەی ئەو فیلمانە پێشنیارت چییە؟

**نەوزاد مەجید:** پێشنیاری زۆرم کردووە، هیچیان نەهاتوونەتە دی، جەنابی سەرۆک بارزانی خۆی ئاگای لێیە، مەوزووعەکەشم بە درێژی بۆ باس کردووە، ئەوە وێنەی دیدارەکە هەیە.

**ڕامان:** سەرۆک بارزانی چی پێ گوتی؟

**نەوزاد مەجید:** گوتی باشە، بەڵام نازانم تا ئێستا چییان کردووە، حەز دەکەم هەموو کوردێکی دڵسۆز، لە ئینسانێکی سادە و ساکارەوە تا بارەگای بارزانی و سەرۆکایەتی هەرێم و حکوومەت هەوڵ بدەن ئەو فیلمانە بهێننەوە، چونکە ئەرشیڤی گەلی کوردە، با نەفەوتێ، هەر ئەوەندە دەڵێم.

**ڕامان:** پێشنیارێکی دروستە، ئەو کارەی تۆ بەشێکی زیندووی مێژووی میللەتێکە، لە هەر ئاستێک بێ، دەبێ ئیشی بۆ بکرێ و دەست بخرێنەوە.

**نەوزاد مەجید:** لەوە دەترسم نیەتێک هەبێ، بیباو خراپی بکا، یان شتێکی لێ بکات، لەبەر ئەوە سی، سی و پێنج ساڵ هەر وەستام و زۆر بە ئاسایی و هێور قسەم کردووە، ناو و شوێنم نەدەگوت، ئێستایش ئەو کارە دەکرێ، لەوانەیە بە کەسێکی سادە بکرێ، من دڵنیام ڕەحیم سورخی بمایە دەیکرد، ئەوەی پێی کرا کردیشی، بەڵام ئەوە بوو تەگەرەیان تێخست.

**ڕامان:** میللەتی ئێمە بۆ کۆسپ و تەگەرە دروست کردن بۆ یەکدی سەری پێوە نییە و یەکەمە، (ڕەحیم سورخی)یش نەماوە، لەبەر ئەوە هیوای دۆزینەوەیان کز بووە.

**من لە ئەرشیڤی تایبەتی خۆم زۆر لاوازم، ئەرشیڤم بۆ خەڵک، بۆ تیپەکان دروست کردووە، کەچی بۆ خۆم دروستم نەکردووە.**


**نەوزاد مەجید:** بێجگە لەوە، پێش ئەوەی بمرێ زۆر هەوڵی بۆ دەدا، لە من زیاتر هەوڵی دەدا، تەنانەت شوێنەکەیشی پێ گوتم، چۆن دانراوە، چۆن داپۆشراوە، داوای چەند دەکەن، بەڵام ئەوە بوو تەگەرەیان هێنایە پێشی، دەنا زۆر بە ئاسانی، نەک ئەو بڕە پارەیە، بگرە لەوە زیاتریش بوایە، حکوومەتی هەرێم ئامادە بوو ئەو پارەیە بدات.

**ڕامان:** تۆ بە درێژایی ئەو ساڵانەی خەریکی کاری هونەریت، پێشانگەی فۆتۆگرافیت کردووەتەوە، لە شانۆ و درامادا ئیشت کردووە، پێتوایە بەپێی پێویست لەسەر خۆت و کارەکانت نووسرابێ، یان هەڵسەنگاندن بۆ ئیشەکانت کراوە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، لە سەرەتاوە زۆرتر لەسەر دەنووسرا، دەتوانم بڵێم لە ساڵانی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ لە گۆڤار و ڕۆژنامە عەرەبییەکانیش لەسەرم دەنووسرا، بەڵام لە دوای هەشتاکانەوە، بەهۆی بارودۆخی دارایی خۆمەوە، نەختێک دابڕام، خانووم کرد و ژنم هێنا، کە ژنم هێنا خاوەنی کورسییەک نەبووم، دوایی بیرم کردەوە و گوتم ئەرێ من ئەم هەموو ئیشە دەکەم، کەچی خاوەنی هیچ نیم، ئەوە بوو نەختێک لە هونەر دابڕام، لە چاودێریی زانستی دەستم بە وانە وتنەوە کرد، لە هۆیەلی فێرکردن (الوسائل التعليمية)، ماوەیەک بە وانە وتنەوە و بە وێنەگرتنەوە خۆم خەریک کرد.

**ڕامان:** لە هۆیەلی فێرکردن لەگەڵ کێ کارت کرد؟

**نەوزاد مەجید:** کەسی وام بەبیر نایەتەوە، دوای ئەوەی نەختێک بە خۆمدا هاتمەوە، تەماشام کرد هیچ پێویستیی ژیانم نییە، ئیتر دەستم بە ئیش کرد، بە وانە وتنەوە، بە وێنەگرتنی سینەمایی، بە فۆتۆگراف، بڕێک پارەم پێکەوە نا، پێویستیی ناو ماڵم کڕی، ئەم خانووەم دروست کرد، بەڵام زۆر بەزەحمەت خانووەکەم کرد، چونکە قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان پارەی شتێکم پێ نەبووە، بڵێم ئەو شتە دەکڕم، ماوەیەک هەر دواکەوتووە، ئیشێکم کردووە، مووچەیەکم وەرگرتووە، یان سلفەیەکم کردووە، یان یارمەتییەکم لە کەسوکار وەرگرتووە، ئیشەکەم پێ کردووە، ئەم خانووەم بە ساڵ و نیویک، دوو ساڵ تەواو کرد، کە تەواویش بوو کورسیم نەبوو، لەگەڵ سەلاح باڵابەرز کورسییەکی دوو نەفەریمان دروست کرد، بۆ کەسێک بیەوێ دابنیشێ، بەبیرم دێت یەکێک بۆ پیرۆزبایی هات بۆ لام، دوو کورسیی نایلۆنی



سلێمانی، (شوێنی پرۆڤە، باخچەی ساوایانی سلێمانی)، ١٩٧٣، شاتۆیی کاوەی ئاسنگەر. لە ڕاستەوە: کامەران ئەخۆل، نەوزاد مەجید، حەمەعەلی برووسکە.

لەگەڵی خۆی هێنابوو، وام دەزانی گەورەترین تاخمی قەنەفەی بۆ هێناوم.

**ڕامان:** کورسی فافۆن، ئەوەی بەوایەری لایلۆن دروست کرابوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، کورسییە فافۆنەکان، ئیتر وردە وردە ماڵم دانا.

**ڕامان:** لە ماڵی باوکت ئەندامانی خێزانەکەتان چەند کەس بوون؟

**نەوزاد مەجید:** لە ماڵی باوکم خوشکمان نەبووە، بەڵام دایکم دە مناڵی بووە، هەر دەی کوڕ بووە.

**ڕامان:** تۆ لە هەموویان گەورەتر بووی؟

**نەوزاد مەجید:** من لە هەموویان گەورەترم، زۆربەی مناڵەکان سێیان، چواریان هەر بە مناڵی مردوون، لەو بەینەشدا سێ ساڵ، چوار ساڵ لەمەوپێش ئەو برایەی دوای من مامۆستا بوو، جەعفەری ناو بوو، بە نەخۆشی عەمری خوای کرد، ئەویش نیمچە هونەرمەند بوو، دەورێکی بینی، لە «جەنابی موفەتیش»دا دەوری فەتاحی بینی، فەتاح، پیاوی ئەحمەد سالار بوو، باڵابەرزێکی بەخۆوە بوو، تووشی نەخۆشی بووبوو.

**ڕامـان:** ئـەوە زانیمـان ئـەو برایـەت بـە لای هونـەردا هـات، ئـەی ئەوانـی دی بـەلای هونـەردا نەهاتـن؟

**نـەوزاد مەجید:** یەکێکی دیکەشیان، ئەوی پێش بـرا هـەرە بچووکەکەمـان، کـە (جەبـار)ی نـاوە، ئەویش لـە شانۆگەریی «کێچ»دا پێویستیم پێـی بـوو، لەگـەڵ عومـەری کەریـم ئاغـا، کـە کـەوەر دەفرۆشـێ، ئـەم کڕیـاری ئـەو دەبـێ و کـەوەری لـێ دەکـڕێ، ئەویـش ئـەو دەورەی بینیـوە، ئیتـر کەسی دیکـە لـە خێزانەکەمـان دەوریـان نەبینیوە، ئەندامانـی خێزانەکەمـان زیاتـر بـە لای وەرزشـدا ڕۆیشـتوون، تەنانـەت جەعفـەری بـرام، ئـەوەی کـە دەوری (فەتـاح)ی لـە جەنابـی موفەتیشـدا بینـی، ئەویش دوای ئـەو دەورە، بـەلای وەرزشـدا ڕۆیـی و باشـترین ڕاهێنـەری مەلەوانـی بـوو، دەتوانـم بڵێـم لایـەک لـە سـلێمانی لـە مەلەوانگـەی سـەرچنار، ئـەو فێـری مەلەوانیـی کـردوون، کـە ئـەو کاتـە هـی پـەروەردە بـوو، ئـەو لـەوێ ڕاهێنـەر بـوو، ئاگاشـی لـە مەلەوانـەکان بـوو.

**ڕامـان:** بێجگـە لـە خانەوادەکـەت، لەناو کەسوکارت، بـۆ نموونـە خاڵـت، مامـت، ئامـۆزات، پـوورزات، خاڵـۆزات، کـەس نەبـوو خەریکـی هونـەر بـێ؟

**نـەوزاد مەجیـد:** نەوەڵـڵا، هەمـوو خەریکـی وەزیفـە بـوون، پلـە و پۆسـتی باشـیان هەیـە، لـە ژمێریـاری بانکـەوە، لـە بەڕێوەبـەری بانکـەوە، لـە ئەفسـەرییەوە. خاڵـم، کـە ئەویـش عەمـری خـوای کـرد، گەیشـتە پلـەی لیـوا، ئەویـش کەسـێکی سـەربازی بـوو، یەکێـک بـوو لـە عەسـکەرییە هـەرە کۆنەکانـی سـلێمانی.

**ڕامان:** ناوی چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** عەلی ساڵح ئەمین.

**ڕامـان:** ئـەی لەنـاو هونەرمەنـدەکان و ئەدیبـەکان کـە لـە سـلێمانی و لـە دەرەوەی سـلێمانی هاوڕێـی نزیکـت بـوون، ئەوانـەی بیرەوەریـت لەگەڵیـان هەبـێ، کـێ بـوون؟

**نـەوزاد مەجیـد:** هونەرمەنـد و ئەدیـب بـن و هاوڕێـم بـن؟

**ڕامـان:** بەڵـێ، پێشـتر باسـی سـەڵاح باڵابـەرز و (عەلـی نـووری)ت بـۆ کـردم، ئێسـتا باسـێکی هاوڕێکانـی دیکەتـم بـۆ بکـە.

**نـەوزاد مەجیـد:** زوهێـر عەبدولمەسـیح، سـەلام کۆیـی و ئەوانـی هەولێـر هاوڕێـم بـوون.

**ڕامـان:** ئـەی لـە هونەرمەندانـی سـلێمانی کـێ زۆر لێتـەوە نزیـک بـوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** ناتوانـم بڵێـم لـە سـلێمانی ئـەوە و ئـەوە لێمـەوە نزیـک بـوون، چونکـە هەموویـان وەکـوو یـەک هاوڕێـم بـوون.

**ڕامـان:** بـەڵام هـاوڕێ لەگـەڵ هـاوڕێ جیـاوازە، هەیـە هاوڕێیەکـی ڕوحییـە، لـە هەموویـان پتـر لێتـەوە نزیکـە.

**نـەوزاد مەجیـد:** ئێمـە ڕوحییەتەکـەی نێوانمـان بەهـۆی هونـەرەوە بـووە.

**ڕامـان:** هەیانـە سـەفەر و سـەیرانت لەگەڵیـان کـردووە.

**نـەوزاد مەجیـد:** سـەفەر، هـەر لەگـەڵ سـەبیحەی هاوسـەرم بـە یەکـەوە سـەفەرمان کـردووە.

**ڕامـان:** لەگـەڵ ڕەفیـق چـالاک پێکەوە ئیشـێکتان نەکردووە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** نـا، لەگـەڵ ڕەفیـق چـالاک ئیشـم نەکـردووە، بـەڵام بەهـۆی (نـووری وەشـتی)یەوە بینیومـە و ناسـیومە و قسـەم لەگەڵیـدا کـردووە.

**ڕامـان:** ئـەی لەگـەڵ نەجاتـی عەبـدە هاوڕێیەتیت نەبووە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** لەگەڵ نەجاتی عەبـدە هاتوچۆمان هەبـووە، باسـی ویلیـام یۆحەنناشـم بـۆ کـردووی کـە چـۆن لێـرە تەپڵ و مۆسـیقایان لـێ داوە.

**ڕامان:** ئەی لە هونەرمەندانی کەرکووک، کێت ناسیوە؟

**نەوزاد مەجید:** (سەلمان فایەق)م ناسی کە شتێکی لە مەکی عەبدولڵا گەڕاوەتەوە، ئەوە مامۆستای ئەکادیمیاش بوو.

**ڕامان:** ئێستا لە ژیاندا ماوە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، بە حساب دوکتۆرای لە سینەمادا هێناوە.

**ڕامان:** بەڵێ، دوکتۆرای هەیە، ئەوە کەرکووکییە، سەرەتا ئیشی لە «مەرەزە»دا کرد.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، چەند ساڵێک پێکەوە قوتابیش بووین.

**ڕامان:** لە کەرکووک دەورێکی باشی بۆ هونەرمەندە کەرکووکییەکان گێڕاوە، چەند کارێکی کردووە، لەوانە «مەرەزە» و «بەهاری دزراو»، هەموو هونەرمەندانی کەرکووک وەکوو فازڵ جاف و جیهاد دڵپاک و عەلی کەریم و جەلیل زەنگەنە دەڵێن چاکەی لەسەرمان هەیە، جەلیل زەنگەنە دەڵێ ئێمەی پێگەیاندووە، ئێمەی هێناوەتە پێشەوە و ناساندووە.

**نەوزاد مەجید:** ئەو (سەلمان فایق)ـە گەورەترین زەرەری لە عیزەتی حاجی مستەفا دا، کە سەرمایەدارێک بوو لە سلێمانی.

**ڕامان:** ئەو سەرمایەدارە لە ژیاندا ماوە؟

**نەوزاد مەجید:** نەماوە، کۆمپانیایەکی دروست کرد، تا هونەرمەندەکان ئیشی سینەما بکەن، هونەرمەندی زۆری لێ کۆبووەوە، پارەیەکی باشی بە خەڵک دەدا، هونەرمەند هەبوو دەوامی دەکرد، پێنج سەد دیناری وەردەگرت، ئەوکاتە مووچەش نەبوو، بۆ ئەو ڕۆژگارە پێنج سەد دینار زۆر بوو، بەڵام کەسێکی دڵسۆزی نەبوو، یەکێک لەوانە ئەم (سەلمان فایق)ـە بوو، لە ئەورووپاوە کۆمەڵێک ئامێر و کەلوپەلی بۆ هێنا، سێ قات و چوار قات پارەی خستبووە سەر، ئەو کوالێتییەش نەبوون، تەنانەت لای خۆمان، ناوی هونەرمەندەکە ناهێنم، میکسەری بە گوژمەیەکی خەیاڵی بۆ هێنابوو، شەش سەد دیناری نووسیبوو، خۆی بایی سی دینار بووە، ئەم هەر کۆڵی نەدا، جگە لەم یارمەتییە کە وەک مووچە دەیدایە هونەرمەندەکان، ئارد و پارەشی دەدانێ.

**ڕامان:** ئاگادارم ئەحمەد دەنگ گەورەش کۆمپانیایەکی دانا و کارێکی هاوشێوەی کرد، بە داخەوە زەرەری زۆریان لێ دا.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، (ئەحمەد دەنگ گەورە)یش کردی، بەڵام وەکوو ئەم نا، ئەم کۆمپانیایەکی دانا.

**ڕامان:** ناوی کۆمپانیاکەی چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ناوی کۆمپانیای کوردستان بوو، پێم گوت من پێم غەدرە ئەم مووچەیەت لێ وەربگرم و بەرهەمم نەبێ، هیچم نەبێ. ڕۆژێکیان لەگەڵ (نەوڕەس)ێک هەبوو لە هەولێر بە کۆرۆنا عەمری خوای کرد.

**بۆ خوێندنەوە کەم کەس بە قەدەر من تاقەتی خوێندنەوەی هەیە، کە لەسەر دەقێک، ڕۆمانێک دادەنیشتم، دەبوایە تەواوم بکردایە.**

**ڕامان:** مەبەستت ڕەحمەتی نەوڕەس ڕەشیدە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئەوجا براکەی دەڵێم کە لێرە بوو، ناوی چ بوو؟

**ڕامان:** براکەی کە لە سلێمانی دەژی، ناوی موعتەسەم ڕەشیدە.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، موعتەسەم، موعتەسەم بوو، کە خۆیشی لەو کۆمپانیایە بوو، ئەو خەریک بوو لە بارەی زەردەشتی دەنووسی، تەنانەت ئەم عیزەتی حاجی مستەفایە، دەقت

هەبوایە دەتبرد بۆی، بە پارەیەکی خەیاڵی لێتی دەکڕی، لەم جۆرە کارانەی لێرە هەبوو. بۆ جەلیل زەنگەنە دەوەستم، ئەو «خولە پیزە»ی بۆ بردبوو، پارەیەکی باشی لێ وەرگرتبوو، دوایی بە بێ ئەوەی پرسی پێ بکات، نوسخەیەکی لە دەقەکە کە لەلای خۆی بوو، کەوتە دەرهێنانی و بۆ خۆی کردی، بە کورتی ئەو پیاوە پارەی زۆری فەوتا.

**ڕامان:** ئەوە بۆیەش سەرمایەدارەکان تووشی پەرچەکردار بوون و یارمەتی هونەرمەندان نادەن، سپۆنسەریی کارەکانیان ناکەن.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ.

**ڕامان:** کە یارمەتیی هونەرمەندان نادەن، چونکە لەگەڵیان ڕاست نین و قۆڵیان دەبڕن.

**نەوزاد مەجید:** هونەرمەند جیهاد دڵپاک، کونوکەلێن دەگەڕا هەواڵێکی هونەری دەست بکەوێ و بڵاوی بکاتەوە، لەناو کۆمپانیاکەدا ئیشی هونەریی هەبوو، ئەو بڵاوی نەدەکردەوە، کاوەی ئەحمەد میرزا بەڕێوەبەری کارگێڕی بوو، ئەو مووچەیەی هونەرمەندان وا بەجوانی دەخرایە زەرفێکەوە، مانگی پێنج سەد دینار، پێنج سەد دینار زۆر بوو، مووچەی حکوومەتمان ١٥٠، ٢٠٠ بوو، ئیتر ئەو عیزەتی حاجی مستەفایە هەر پارەی دەبەخشییەوە، بە داخەوە کەس پشتی نەگرت، کەس یارمەتیی نەدا، کەس بە دڵسۆزانە ئیشێکی بۆ نەکرد.

**ڕامان:** ئەو هەموو پارەیەی بەخشیوە و لەپێناوی هونەر خەرجی کردووە، کەچی هیچی لێ سەوز نەبووە.

**نەوزاد مەجید:** پاش زەرەرێکی زۆر، تا شەش حەوت ساڵ لەمەوپێشیش کۆمپانیاکەی هەر دانەخستبوو، کەمال چالاک، ئەوەی دانابوو تەنیا بڕوا سەری بدات و مێز و کەلوپەلەکانی پاک بکاتەوە، دوای ئەوە ئەویش نەما، زیاد لە بیست و پێنج بۆ سی هونەرمەند لەلای ئەو مانگی پێنج سەد دیناری سویسری وەردەگرت، تەنانەت ڕۆژێکی من و ئەو و ئەو موعتەسەم ڕەشیدە، ئەوە ماوە.

**ڕامان:** موعتەسەم ڕەشید ماوەیەک بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی بوو، برای حاکم ڕەئووف ڕەشیدە.

**نەوزاد مەجید:** ڕاستە، دیارە ئێمە ڕۆژی مووچە قەت نەدەچووینە ئەو ناوە، ڕۆژێکیان عیزەتی حاجی مستەفا گوتی ئەوە بۆ ڕۆژی مووچە لێرە نین مووچەکەتان وەربگرن؟ گوتمان ئێمە وەرگرتنی ئەو مووچەیە بە حەرام دەزانین، چونکە هیچ ئیشێکمان نەکردووە شایانی چارەکی ئەو پارەیە بێت، یان هێندەی ئەو پارەیە بێت، لەبەر ئەوە وەری ناگرین، بەڵام خزمەتەکە بکەین، وەری دەگرین. گوتی من خۆم حەز دەکەم و دەمەوێت خزمەتی هونەرمەندان بکەم و یارمەتییان بدەم، ئەوە قسەی ئەو عیزەتی حاجی مستەفایە بوو، ئەوە موعتەسەم ڕەشید خۆیشی ماوە، دواجار ئیشێکمان کرد، بەڵام بۆ ئەو نا، بۆ ئەحمەد دەنگ گەورە ئیشەکەمان کرد، «سەفەرێک بۆ زەمەنێکی ڕابوردوو»، باسی دەربەندی بازیان دەکات، کە بۆ کەرکووک دەڕۆی، بە دەستە چەپدا شوێنێکی لێیە شوێنەوارە.

**ڕامان:** بەڵێ، دەربەندی بازیان کە بەردە قارەمانی لێیە، شێخ مەحموودی حەفید لە شەڕی دەربەندی بازیان، لەوێ بریندار بوو.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، لەودیو بەردە قارەمانەوە، موعتەسەم ڕەشید بە بەڵگەوە، جوان نووسیبووی، لەگەڵ عەبدولڕەقیب یووسف بوو بە گفتوگۆیان.

**ڕامان:** بەڵام م. عەبدولڕەقیب یوسف ڕاست دەکا

و بۆچوونەکانی زانستییانە و تەواوە، چونکە پشتی بە بەڵگەی مێژوویی ڕاستودروست بەستووە، موعتەسەم ڕەشید زۆری لێ نازانێ، بۆیە بە باشی ڕاستییەکان ناپێکێ.

**نەوزاد مەجید:** بەڕای تۆ نەیپێکاوە؟

**ڕامان:** نەخێر.

**نەوزاد مەجید:** منیش دەڵێم نەیپێکاوە.

**ڕامان:** چونکە من لە نزیکەوە هەردووکیان دەناسم، دەزانم م. عەبدولڕەقیب یووسف لەو جۆرە کارانەدا زانایە و لە خۆڕا قسە ناکات.

**نەوزاد مەجید:** موعتەسەم ڕەشید دەیگوت ئەمە دێر و کڵێسای مەسیحییەکانە، کەچی ئەو دەڵێ نا، هی زەردەشتییەکانە، موعتەسەم ڕەشید دەڵێ ئەگەر شوێنێکی ئاگر و ئاگردانێکی لێیە، بەڵام من چەندان خاچ و وێنەی خاچ و ئەوەی لە کڵێسا دەیکەنە ژووری تەعمید و ئەوانە، هەموویم تێدا بینیوە، بە هەرحاڵ ئیشێکی جوانمان کرد، من دەرمهێنا، گێسیاشی تێدابوو کە پێشتر باسم کرد، لەگەڵ یەک دوو ئەکتەری دیکە، دەورە سەرەکییەکەی دەبینی، لەو کارەدا جوگرافیا و مێژووی ئەو ناوچەیە دەناسێنین.

**ڕامان:** ئەم پیاوە ئێستا ماوە؟

**نەوزاد مەجید:** کێ؟ عیزەتی حاجی مستەفا؟

**ڕامان:** بەڵێ.

**نەوزاد مەجید:** ساڵ و نیویک دەبێ مردووە.

**ڕامان:** بەداخەوە، ئەو جۆرە کەسانە جێگەیان پڕ نابێتەوە.

**نەوزاد مەجید:** ئەگەر بڵێم ملیۆنی خەرج کردووە کەمم گوتووە، بەرانبەر سەناعە قاتی سەرەوەی بینایەکی گرتبوو، بینایەکی خڕی بەرز هەیە، چوار پێنج قاتە، نهۆمی سەرەوەی بەتەواوی گرتبوو، شێوەکاری، مۆسیقا، سینەما، نواندن، دراما، هەمووی، بە هەموو پێداویستییەکەوە ئامادە کردبوو، دەیگوت حەزتان لە چییە پێم بڵێن، من بۆتان دەهێنم، تەنیا ئێوە بڵێن. گرینگترین شتێک کردبێتی، ئیشێکمان لە ناوچەی وەراز لای چوارتا کرد، شوێنەکەی بەردی هەسانی لێیە. جیهاد دڵپاک ویستی ئیشەکە بکات، ئیتر ئێمە ڕۆیشتین، کوڕێکی برادەرمان دوکتۆر بوو، ئەوەی کە مرد، ناوی چی بوو.

**ڕامان:** دوکتۆر سەلام فەرەج نەبوو؟

**نەوزاد مەجید:** با، دوکتۆر سەلام فەرەج، ئەویش ژمێریار و بەڕێوەبەری کارگێڕی بوو، هەستاین ئۆتۆمبێلمان گرت بڕۆین، عیزەتی حاجی مستەفا هات گوتی شتەکانتان تەواوە؟ گوتمان ئا. گوتی ئەی پارە؟ سەلام فەرەج گوتی ئەوەندە پارەیەمان پێ بدەن بەشمان دەکا، پێنج سەد بۆ هەزار دیناری گوت. ئەو گوتی لەو دەشتودەرە هیچ شتێک ڕزگارتان ناکا ، هەزار دینار چییە، وەرە پێنج هەزار بەرە، پێنج هەزاری دایێ بۆ ئەوەی ئیشەکە بکەین، ئەئاوا ئیشی دەکرد، بەداخەوە سەلام فەرەج نەماوە، بەڵام کاوەی ئەحمەد میرزا ماوە.

**ڕامان:** کاوەی ئەحمەد میرزا لەلای ئێوە چی دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** ئەویش دەوری سەرەکیی هەبوو، بەداخەوە کەسی تێدا نەبوو دڵسۆزی ئەو پیاوە بێت، تەنیا من و موعتەسەم ڕەشید نەبێ، ئەویش کە مانمان گرت مووچەکە وەربگرین و گوتمان حەرامە، دەمانگوت ئیشمان نەکردووە پێنج سەد دینار زۆرە. کچێکیش ناوی فەریدە ئەحمەد بوو، ئەویش لەوێ دەوری هەبوو، خزمێکی خۆی لەوێ هەبوو، تایپی دەکرد، موعتەسەم ڕەشید دەینووسی و ئەو

چاپی دەکرد و بۆی هەڵدەگرت، ئیستاش ڕەنگە بیست دەقی درامیی لای ئەو مابێت، خەڵک هاتووە دەقی پێ فرۆشتووە.

**ڕامان:** ئەی دوایی، ئەو دەقەی موعتەسەم ڕەشید جێبەجێ کرا؟

**نەوزاد مەجید:** نا، ئیشی تێدا نەکرا.

**ڕامان:** دەقەکەی جەلیل زەنگەنەش لەوێ نەکرا؟

**نەوزاد مەجید:** جەلیل زەنگەنە دەقەکەی بە پارەیەکی باش پێ فرۆشت، تەنانەت دوایی باسیش کرا، گوتی دەتوانم شکاتی لێ بکەم، بەڵام قەی چ دەکا، هونەرمەندە و پێویستی پێیەتی، با بیبات.

**ڕامان:** پیاوێکی گەورە و دڵفراوان بووە، هەقە بە تێروتەسەلی لە بارەیەوە بنووسرێ.

**نەوزاد مەجید:** ئەو پیاوە هونەرمەندی زۆر خۆش دەویست. دەیگوت کێ ئاردی نییە، ئاردی دەکڕی، تەنیا زانیویەتی ئەمە ئەکتەرە، بە فەردە ئاردی دەدانێ.

**ڕامان:** ئاگام لێ بوو ئەحمەد دەنگ گەورەش لە دوای ڕاپەڕین، کە قەیرانی خۆراک بوو، لەبەر ئەوەی من زۆر جار دەچووم لە ستۆدیۆ جوان لە سابوونکەران لەگەڵی دادەنیشتم، (کەمال شاڵی)یش کە لە خولی یەکەم بووە پەرلەمەنتار، (عومەر عەلی ئەمین)ی هونەرمەندیش دەهاتنە ئەوێ، ئیتر پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمپانیاکەی بە فەتاح کاوە سپارد، ئەو بۆی نووسیبوو.

**نەوزاد مەجید:** وابوو.

**ڕامان:** ئەویش کارێکی کردبوو لە ڕووی قانوونییەوە خۆی کردبووە هاوبەش، کاتێک ئەحمەد دەنگ گەورەیان تێگەیاند و پێیان گوتبوو ئەو پیاوە ئێستا هاوبەشی تۆیە، ئەمە کە هیچ سەرمایەیەکی نییە، چۆن دەبێ لە ختوخۆڕایی بیکەیتە هاوبەشی خۆت؟ کە بەمەی زانی ویستی لە هاوبەشی و شەریکایەتییەکە بیهێنێتە دەرەوە، دەیگوت نایەمە دەرەوە، تازە نیوەی موڵک و دارایی کۆمپیانیاکە هی منە، ئەویش پیاوێکی بەحەیا و حورمەت بوو، بۆیە دواجار بە پارە ڕازی کرد.

**خێزانەکەی:** من بۆ ئێزگەی بەغدا، بە دەنگ ئیشم لەگەڵ ئەحمەد دەنگ گەورە کردووە.

**نەوزاد مەجید:** لە سەرەتاوە پێوەندیی بە منەوە کرد.

**ڕامان:** لەم ساڵانەی دوایی تەمەنی، کە زوو زوو دەهاتە هەولێر، دەهات بۆ لام، لە ئۆفیسی گۆڤاری ڕامان سەری لێ دەدام، چەند جار پێم گوت، وەرە با بۆ گۆڤارەکەمان گفتوگۆیەکی باشت لەگەڵ بکەم، هەر ئەم جارە نا ئەم جارەی پێکردم. پێم گوت لە سەرەتای ژیانی هونەریتەوە قسەی تێدا دەکەین تا کۆتایی، لە دوا بینینم گوتی ئەم جارە بێمەوە ئەرشیڤەکەشم لەگەڵ خۆم دەهێنم، یەکسەر دێم بۆ لات، شەویش لێرە دەمێنمەوە و قسەی زۆر دەکەین، بە داخەوە ئیتر نەمدییەوە. سمکۆ عەزیزیش هەروابوو، نامەم بۆ نووسی، بڕیار بوو بێ بۆ هەولێر گفتوگۆی لەگەڵ بکەم، بەسەردا عەمری خوای کرد.

**خێزانەکەی:** سمکۆ عەزیز کوڕی پووری دایکمە.

**ڕامان:** سمکۆ عەزیز کە من زۆر خۆشم دەویست و هاوڕێم بوو، لە سلێمانی شەوەهای شەو لەگەڵ ئەو و هاوڕێکانی ترمان لە یانەی مامۆستایان دادەنیشتین، بێجگە لە نواندن، دەنگی زۆر خۆش بوو، گوتنی هۆرەی جافی هەر لە خۆی دەهات لە دانیشتنە تایبەتەکانماندا بیڵێ. مەبەستم لە ئەحمەد دەنگ گەورەیە، ئاگام لێ بوو ئەویش بە نیەتێکی پاکەوە لێیان هاتە پێشەوە و هاوکاریی

هونەرمەندە دەستکورتەکانی دەکرد، ئاردی دەدانێ، پارەی پێیان دەدا، کەچی بەم شێوەیە ڕەفتاریان لەگەڵ کرد، ئەحمەد دەنگ گەورە دەوری زۆر بووە، هەر لە ئێزگەی کوردیی بەغداوە، لە تەمسیلی ئێزگەییەوە بگرە، تا نووسینی دەق و دەرهێنان و فۆتۆگراف ئەم پیاوە بەشدار بووە.

**نەوزاد مەجید:** یەکێک لەو هونەرمەندانەی کە من ئیشم لەگەڵ کردووە و زۆر لێی ئاسوودە بووم و حەزم دەکرد ئیشی لەگەڵدا بکەم، هونەرمەند ئەحمەد دەنگ گەورە بوو، ئەحمەد دەنگ گەورە لە دوو سێ لاوە خۆشم دەویست، جگە لە کەسایەتیی خۆی، فۆتۆگرافەر، ئەکتەر، دەرهێنەر، نووسەریش بوو، زۆر پێوەندیمان لەگەڵی خۆش بوو، من دەچووم بۆ ستۆدیۆکەی، تەنانەت بەرنامەی هەبوو، ڕۆژێکیان پێی گوتم ئەرێ لە بەشی کوردی ئێزگەی بەغداوە، داوای تەمسیل و شتی وایان لێ کردووم، من لە تۆمارکردن و شتی وا نازانم، دەتوانی لەگەڵمدا بی و یارمەتیم بدەی؟ پێی گوتم من زۆریش حەز دەکەم، ئیتر تۆمارکردن و دەرهێنان و هەموو شتێکیشت بۆ دەکەم. سەرەتا دەقەکەی دامێ، ئەوجا دەقی زۆرە، من زیاد لە چوار پێنجێکیانم خوێندووەتەوە.

**ڕامان:** خۆی باسی نیزیکەی سێ دانە دەقی خۆی دەکرد.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، من چوار، پێنجێکیم خوێندووەتەوە، تەمسیلێکی کرد لە بیرم نەماوە ناوی چی بوو، گوتی بۆ ئێزگەم دەوێ، هەر لە ماڵی خۆیان خوێندمەوە، خانووەکەیان گڵ بوو، لە لای گەڕەکی گاورانەوە، ڕۆژانە دەچووین بۆ ئەوێ، هەر ڕۆژێ هەڵقەیەک، دوو هەڵقەمان تۆمار دەکرد، ئیشەکە سێ هەڵقە بوو، بردی بۆ بەغدا، وەک دەرهێنان و تۆمارکردن و دەنگ و دەق بەدڵیان بوو.

**ڕامان:** کە دراما بۆ ئێزگەی کوردی تۆمار دەکرا، پاداشتی نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەرەکانیان دەدا؟

**نەوزاد مەجید:** ئەی چۆن؟ بۆ ئەوەیان کە لەگەڵ ئەحمەد دەنگ گەورە، لە ماڵی خۆیان تۆمارمان کرد، بڕێک پارەیان دابوویێ، هاتەوە زۆر بەویژدانانە پارەکەی بەسەر هەموو بەشدارەکاندا دابەش کرد، من بەشی شێرم بەرکەوت، لەبەر ئەوەی دەورم هەبوو، دەرهێنەر بووم و تۆماریشم دەکرد، بۆیە سەد و بیست دینارم وەرگرت، ئەمە ئیشی ئێزگە، لە یەک دوو ئیشی دیکەدا لەگەڵی بووم.

**ڕامان:** ئەوە کاری دراما و ئێزگەمان زانی، ئەی کاری شانۆتان پێکەوە نەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، دوایی بیری لەوەش کردەوە شانۆگەرییەکی بۆ بکەم، شانۆگەرییەکی دامێ بە ناوی «مشکی دووپێ»، مشکی دووپێ مەبەستی ئینسانە، ئەو کەسانەی کە وەکوو مشک وان، بۆ سەندیکای کرێکاران کردمان، لەسەر شانۆی سەندیکای کرێکارانیش دەقەکەم خوێندەوە، ئەکتەرەکانم هەر لەوێ هەڵبژارد، زیاتر هەر لە سەندیکا بوو، خۆیشی دەورێکی لەگەڵماندا بینی کە وەکوو دەوری حەقایەتخوان، منیش دەوری وەگێڕەوەم گێڕا کە قسە و دیالۆگی یەکترمان تەواو دەکرد، ئەوجا وەگێڕەوەکان تەواو دەبن و دەچینە ناو شانۆگەرییەکەوە.

**ڕامان:** ئەمەیان یەکەم شانۆگەری بوو پێکەوە کردبێتتان؟

**نەوزاد مەجید:** ئەوەیان چیرۆکی دووەمە. یەکەمیان ئەو چیرۆکەیە کە ناوی (لەگەن) بوو، لەگەن، واتە قاپێکی کوردەواریی خۆمان.

**ڕامان:** بەڵێ، لەگەن قاپێکی گەورە و قووڵە.

**نەوزاد مەجید:** یەکەم لەگەن، دووەم ئیشم مشکی دووپێ بوو، مەشقێکمان کرد، بەڵام (لەگەن) زیاد لە دە ڕۆژ نمایش کرا.

**ڕامان:** ئەوە لە کوێ مەشقتان کرد؟

**نەوزاد مەجید:** هەر لە سەندیکای کرێکاران بوو.

**ڕامان:** دەتانویست لە کوێ نمایشی بکەن؟

**نەوزاد مەجید:** هەر لەوێ، لە سەندیکای کرێکارانی سلێمانی.

**ڕامان:** لەسەر شانۆی ئەوێ نمایش کرا؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، هەر لەسەر شانۆی ئەوێ بوو.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ئەویش هەر لە حەفتاکاندا کرا، ١٩٧٢، ١٩٧٣ بوو، پێش چوونە دەرەوەکەمان بوو، جەماوەرێکی باشی هەبوو، شتێکی جوان بوو، کە زانیی ئەوە سەرکەوتووە، ئیشێکی دیکەی داینێ، داوای کرد «مشکی دووپێ» بکەین، دەقەکە لای من بوو، هەموو دیمەنەکانیم دەستکاری کرد، لەگەڵ خۆیدا دانیشتم و گفتوگۆمان کرد.

**ڕامان:** ئەو دەقەتان خستە سەر شانۆ، پێشکەشتان کرد؟

**نەوزاد مەجید:** ئەوەیان ڕێک نەکەوت، دەقەکەشم لەلا مایەوە، تا ئەمری خوای کرد، لەو ڕۆژەدا کە یادی دەکرایەوە، من وتارێکم هەبوو، باسی ئەحمەد دەنگ گەورەم دەکرد، گوتم یەک ئەمانەتی لەلامە کە ئەم شانۆگەرییەیە «مشکی دووپێ»، ئێستا دەیدەمەوە بە کوڕەکەی کە ناوی ئازادە، ئەوەبوو دامەوە.

**ڕامان:** ئەو کوڕەی ئێستا لە دەرەوەی وڵاتە، لە ئەڵمانیا دەژی.

**نەوزاد مەجید:** دامەوە بەو کوڕەی، بۆ ئەوەی دەقەکە نەفەوتێ و لەگەڵ دەقەکانی دیکەی، لەلای ئەو بمێنن.

**ڕامان:** چەند دانەیەکیش لە دەقەکانی چاپ کران، کەمال ڕەئووف محەمەد ئەو دەقانەی کە لە ئێزگەی کوردیی بەغدا پێشکەش کراون، ئەو چاپی کردن.. ئەی خەڵکی دیکە هەن وەک هونەرمەند ئەحمەد دەنگ گەورە لێیەوە نزیک بووبی تا قسەی لەسەر بکەی؟

**نەوزاد مەجید:** من زیاتر ئەوانە باس دەکەم کە بەکردەوە ئیشم لەگەڵدا کردوون.

**ڕامان:** منیش ئەوەم دەوێ، بۆ نموونە، نووری وەشتی کەسێکی گرنگە، زۆر کەمیش قسەی لەبارەوە کراوە، نازانم بۆ؟

**نەوزاد مەجید:** ئەوەی نووری وەشتی بناسێ، دەزانێ کۆڵەکەیەکی هونەرییە، نەک هەر کۆڵەکەیە، بەڵکوو دروستکەری کۆڵەکەکەشە، بە لای منەوە وایە، من حەقی خەڵکم نییە، نووسینی هەبووە، نواندنی هەبووە، لە ژیانیدا وێستگەی گرنگی هەبووە کە هەوڵی داوە هونەر لە شارەکەدا پێش بخات، ئەوەندەی بەسە بڵێم کۆمەڵی هونەری وێژەی کوردی کە ئێستا کۆمەڵی هونەرە جوانەکانە، بە هەوڵی ئەو و عەلی توانا، لە لایەنی فەرمی و کارگێڕییەوە زەوییەکەیان بۆ دابین کرد.

**ڕامان:** هونەرمەند عەلی توانا چۆن توانی ئەو زەوییەتان بۆ دابین بکات؟

**نەوزاد مەجید:** چونکە عەلی توانا نووسینگەی هەبوو، لە تاپۆ بەدواداچوونی دەکرد، بە ناوی کۆمەڵەوە وەری گرت، کە ڕووبەرێکی گەورەیە و لە ناوەڕاستی شاردایە، هەر پێش ئەوەش لەوانەیە زۆر کەس نەیزانێ، نووری وەشتی عەرزەیەکی دیکەی بۆ کۆمەڵ دۆزییەوە، ڕێک

لە تەنیشت یانەی مامۆستایانی سلێمانی بوو، عەرزەیەکی گەورە کە زیاد لە هەزار مەتر دەبوو، بە ناوی (کۆمەڵ)ـەوە کڕی، وابزانم مەتری بە پەنجا فلس بوو، نووری وەشتی عەرزەی بۆ کۆمەڵ کڕی، ئەو عەرزەی دیکەشی دایە کۆمەڵ، دەنا ئەوەی ئێستایان کە ویستیان بیکەن بە بینا، هەرچەند بە هەوڵی نووری وەشتی و چەند کەسێکی دیکە، بۆ ئەو پڕۆژەیە نەختێک پارەیان لە کەسایەتییەکانی سلێمانی وەرگرت، بەڵام پارەکە بەشی نەکرد.

**ڕامان:** ئاگادارم (عەلی کەمال)یش بۆ ئەو پڕۆژەیە پارەی باشی بەخشی.

**نەوزاد مەجید:** ڕاستە، بەڵام پارەکە هەر بەشی نەکرد، بۆیە ئەو عەرزەیان فرۆشت، ئەوەی مەتری پەنجا فلسی پێ درابوو، گوژمە پارەیەکی زۆر زۆری کرد.

**ڕامان:** مەبەستت زەوییەکەی لای یانەی مامۆستایانە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، زەوییەکە لە تەنیشت یانەی مامۆستایان بوو، بەشی سەرەوەی، کە بووبووە کارگەی غاز، یان غازیان لێ دەفرۆشت، ئەوەبوو بینای ئەو کۆمەڵە دروست کرا، ئەوەی ئەو کردوویەتی، کەم کەس بۆ هونەری کردووە، قەی ناکا بۆ هونەر کراوە، بەڵام ئەو نەک هەر بە نووسین و نواندن، بەڵکوو شانۆی دروست کردووە.

**ڕامان:** دروستکردنی ئەو بینایەیە ژێرخانە، بۆ ئێستا و داهاتوو دەمێنێتەوە، کارێکی زۆر گرنگە.

**نەوزاد مەجید:** شانۆی دروست کردووە کە تا ئێستا ماوە، تەنانەت لە پەیڕەوەکەیدا کارێکی کردووە بۆ ئەوەی کەس چاوی تەماحی تێ نەبڕێ، نووسراوە ئەگەر کۆمەڵ نەما، هەموو موڵک و داراییەکانی بۆ کتێبخانەی گشتیی سلێمانی دەبێت، کە ئەویش هەر شوێنێکی ڕۆشنبیرییە.

**ڕامان:** بەڵێ، ئەویش شوێنێکی گرنگی ڕۆشنبیرییە و کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

**نەوزاد مەجید:** بەڕاستی کاری کردووە.

**ڕامان:** جگە لە نووسینی دەق و نواندن، هەر خۆیشی شیعری نووسیوە، دەوری زۆری گێڕاوە.

**نەوزاد مەجید:** بێجگە لەوەش، ئەوەی من ئاگام لێ بێت، لەبەر ئەوەی زۆر لەگەڵی تێکەڵ بووم، هەرچی هونەرمەندی کوردی ئێرانە لە ماڵی نووری وەشتی دەمانەوە و گۆرانیی بۆ تۆمار دەکردن، لە (حەسەن زیرەک)ـەوە بیگرە تا حەمەی ماملێ و عەزیز شاهرۆخ و هەموو ئەوانەی دیکەش، ئاخر ئارەزووی گەورەی نووری وەشتی تۆمارکردنی دەنگ بوو.

**ڕامان:** باشە ئەو ئەرشیڤە، ئەو شریت و کاسێتانە چییان لێ هات؟

**نەوزاد مەجید:** کارەساتەکە لەوەدایە، یەکێک نەبوو، دووان نەبوو، من کە سەیری مەکتەبەی شریتەکانم دەکرد، زیاد لە هەزار کاسێتی هەبوو.

**ڕامان:** بەکرە، یان کاسێت بوون؟

**نەوزاد مەجید:** بێجگە لە بەکرە بچووکەکان، دوو سەد، سێسەد بەکرەشم دەبینی، ئارەزووی تەسجیل کڕین بوو، لە ماڵی باوکیدا لە خوارەوە، کە لەسەر شەقامی مەولەوی بوو، بەردەوام تەسجیلاتی دەکرد، تەسجیلی لێ دەدا، کە ئارەزووی تۆمارکردن بوو، هەروا ئاسایی نا، خزمەتیشی پێ دەکرد، ئێستا ئەگەر ئەو گۆرانییانە بە پارە بکڕی، هیچ گوژمە پارەیەک دەرەقەتی کڕینی نایەت.

**ڕامان:** ئەی وەک بزانی ئەم بەکرە و کاسێتانە چییان لێ هات، بۆچی فەوتان؟

**نـەوزاد مەجیـد:** کـە مـرد، نەختێـک قسـە هەبوو درابێ بـە مەڵبەندێکی ڕووناکبیـری و پێـی فرۆشـرابێ، بـەڵام لـە هیچـی دڵنیـا نەبـووم.

**ڕامـان:** ئەگـەر فرۆشـرابن، بـە مەرجێـک لـە شـوێنێکی گونجـاو و دەسـتێکی ئەمیـن پارێزرابـن، ئاسـاییە.

**نـەوزاد مەجیـد:** ڕاسـتییەکەی نەچوومەتـە بنجوبنەوانییـەوە، بـەڵام خەفەتـی بـۆ دەخـۆم، کوڕێکـی ئیشـکەر، ڕۆحسـووک، نیشـتمانپەروەر، هونەردۆسـت، هونەرمەنـد، نووسـەر، ئـارەزووی مۆسـیقای هەبـوو، تەنانـەت برادەرەکانیشـی هەمـووی هونەرمەنـد بـوون، ئـەوە نەجاتـی عەبدە، حاتـم سـەعید، ویلیـام یۆحەننـا.

**ڕامـان:** لـە سـاڵانی هەشـتاکان، نـووری وەشـتی لـە شـارەوانی سـلێمانی بـوو.

**نـەوزاد مەجیـد:** نـووری وەشـتی بەڕێوەبـەری کارگێـڕی و دارایـی شـارەوانیی سـلێمانی بـوو.

**ڕامـان:** بەڵـێ، لـە شـارەوانی دەسـەڵاتی هەبـوو، هەشـتاکان لەگـەڵ م. عەبدولڕەقیب یووسف بەردەکانی حەمامی سوورەت، دەبوو دوو ستوون و قەپاغی سەری ستوونەکان بهێنینـە مـوزەی ئیتنۆگرافـی فۆلکلـۆری، چونکـە خەریـک بـوو تێکیـان دەدا و دەیانویسـت ئـەو سـتوون و بـەردە نەخشـدارانە فـڕێ بـدەن، ئێمـە نموونـەی ئـەو سـتوون و بەردانەمـان هێنایـە مـوزەوە، ئـەو کاتـە چوویـن لـە شـارەوانی داوامـان لـە نـووری وەشـتی کـرد هاوکاریمـان بـکات، ئەویـش هاوکاریـی کردیـن، ڕافیعـە و گەڵابـە و شـۆڤڵی دا بـە ئێمـە، چوویـن ئـەو بەردانەمـان هێنـا، ئێمـەش سـواری دەمـی شۆڤڵەکە بووبوویـن، مـن و م. عەبدولڕەقیـب یووسـف هێنامانـەوە لـە بـەردەرگا و دیـواری مـوزە دامانـنـان، ئەگـەر ئـەو هاوکاریـی نەکردبایـن، ئێمـە نەماندەتوانـی ئـەو کارە بکەیـن.

**نـەوزاد مەجیـد:** بەداخـەوە حەمامـی قشـڵە، قشـڵە دەزانـی کوێیـە، دەبـێ بیزانـی.

**ڕامان:** دەزانم، شوێنی (کاسەمۆڵ)ی ئێستایە.

**نـەوزاد مەجیـد:** ڕێـک شـوێنی کاسـەمۆڵی ئێسـتا، ئـەوە بەشـی سـەرەوەی حەمامەکـە بـوو، خـوارەوەی مەیدانـی دار و خەڵووزفرۆشـتـن و ئـەم شـتانە بـوو، حەمامەکـە لـە سـەرەوە بـوو، هەمـووی بـە بەرزییـەوە، پایـەی مەڕمـەڕی گـەورە گـەورە بـوون، شـتێکی جـوان بـوو، لـە شـەقامی مەولەوییـەوە بـە بیسـت و پێنـج، سـی قادرمـە سـەردەکەوتی، ئەوجـا دەچوویتـە نـاوی، ئـەوە حەمامـی قشـڵە بـوو، ئەوەش شـوێنێکی دێریـن بـوو.

**ڕامان:** ئاسەوارەکەی هەیبوو، هیچی لێ پارێزرا؟

**نەوزاد مەجید:** من پایەکانم دەبینی.

**ڕامـان:** سـتوون و پایـە و قەپاغەکانـی حەمامـی سـوورەت، هەمـووی نەخشـونیگاری زۆر جـوان و نایـاب بـوون.

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵێ، پایەکانی ئەوێش نەخشـونیگاری هەبـوو، پایـەی بـەردی وەکـوو ئەوانـەی یۆنـان دەهاتـە بەرچاوم.

**ڕامـان:** ئـەی هەسـتکردن بـە گرنگیـی ئەرشـیف لـەلای تـۆ تـا چ ڕادەیـەک بـووە؟ ئەرشـیڤی خـۆت پاراستووە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** مـن ئەرشـیڤی خـۆم دەپاراسـت، بـەڵام گرفتەکـەم چی بـوو، خەڵک زۆر چاوپێکەوتنیان لەگـەڵ دەکـردم، کـە دەهاتنـە لام داوای وێنەیـان دەکـرد، بەداخـەوە منیـش چەنـد دانەیەکـم لـەو وێنەیـە نەبـوو، کـە دەمدانـێ نەدەهاتنـەوە لام، مـن لـە ئەرشـیڤدا زۆر لاوازم، ئەرشـیڤم بـۆ خەڵـک دروسـت کـردووە، بـۆ تیپەکانـی دیکـەم دروسـت کردووە، کەچـی بـۆ خـۆم دروسـتم نەکـردووە.

**ڕامـان:** ئـەوە کەمتەرخەمییـە.. ئەرشـیڤی کام تیپـەت دروسـت کـردووە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** هەرچـی ئەرشـیڤەکانی تیپـی

نواندن، تیپی کرێکاران، (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یە، هەمووی من وێنەم بۆ گرتوون، ئێستاش لە ئەرشیڤەکانیاندا ماونەتەوە، بەڵام ئەرشیڤی تایبەتی خۆم نییە، تەنانەت فۆتۆگرافەکانیش، حەز دەکەم هێندێک وێنەیانت لێرە پێشان دەم، ئەگەر مابن.

**رامان:** بێجگە لەوەی چالاکییەکانت هەمووی لە سلێمانی بووە، لێرە نمایشی شانۆییت هەبووە و ئیشت کردووە، بەڵام بەشێک لەو کارانەت بردووە بۆ هەولێر، یان بۆ شاری دی، ئەوە چۆن بووە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئەو ئیشانەی کە لە سلێمانی نمایشمان دەکردن، ئەگەر دەرفەت هەبووایە، یان ئەو شارە خۆی ڕازی بوایە، یان حەزی بکردبا، کارەکانمان بۆ بەغدا، بۆ هەولێر و بۆ کەرکووک دەبرد، بەڵام ئەوەی کە من ئیشم تێدا کردبێ، شانۆگەریی «کێچ» بوو، کە لەساڵی حەفتاکاندا کرا، جگە لەوەی لە سلێمانی کردمان، کە تەواو بوو، بردیشمان بۆ هەولێر.

**رامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو بردتانە هەولێر؟

**نەوزاد مەجید:** هەر ساڵی ١٩٧٠، ١٩٧١ بوو. لەوێش بۆ ماوەی حەفتەیەک، هەشت ڕۆژ، نۆ ڕۆژ، لە هۆڵی گەل پێشکەشمان کرد، ڕەئووف یەحیا تا ڕادەیەک لەوێ ڕۆڵەکەی خۆی گۆڕیبوو، ئەو قسانەی لە سلێمانی هەن، ئەو کاتە هەولێری تێی نەدەگەیشتن، ئەم حەفتاکان بە شێوەی هەولێری قسەی دەکرد، بەمە خەڵکەکە زیاتر چێژیان لێ دەبینی.

**رامان:** هەر ئەو کارەتان بردە هەولێر، یان زیاتر بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بۆ شاری کەرکووکیش، لەگەڵ تەها خەلیل «چاوی ڤێتنام»مان برد، هەر لە کەرکووک کوڕێک هەبوو ناوی تەحسین بوو، ناوی باوکیم لەبیر نییە، بەڵام لەگەڵمان قوتابی بوو.

**رامان:** لە کەرکووک تەحسین شەعبان هەیە.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، تەحسین عەلی شەعبان.

**رامان:** ناوەکان لەنێو مێشکمدا هەڵبەز و دابەزیانە.

**نەوزاد مەجید:** تەحسین عەلی شەعبان هەبوو، لەوێ ئیشێکی کرد، «رجال وفئران - پیاوان و مشکان»، هی جۆن شتاین بێک، من و تەها خەلیل چووین لەوێ لە دیکۆر و لە دەرهێنان و لە ڕووناکی یارمەتیمان دان، ئەوەی کە پێویستیان پێی بوو، بۆمان کردن، ئەوەشمان لەوێ کردووە.

**رامان:** ئەی چیتان بۆ بەغدا برد؟

**نەوزاد مەجید:** بۆ بەغدا شتێکی خۆشمان هەیە، ئەگەر بۆ مێژوو بیگێڕمەوە، شانۆگەریی «پیسکەی تەرپیر»، ئەوەی من و ئەحمەد سالار و ئەوان.

**رامان:** تۆ لەوێدا یاریدەری دەرهێنەر بووی؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، یاریدەری دەرهێنەر بووم، دەوری سەرەکیشم تێیدا هەبوو، گوتمان لە قاعەی شەعب (هۆڵی گەل) دەیکەین، ئەوەی لە تەنیشت وەزارەتی دیفاعەوەیە، نازانم ئەگەر دیبێتت، هۆڵێکی کلاسیکی زۆر جوانە، لەوێ نمایشی دەکەین، ڕەزامەندیمان وەرگرت و دەستمان پێ کرد، ڕۆژی دواتر چووین و دیکۆراتمان دانا، ڕۆژی نمایش ڕاگەیەنرا کە سبەینێ نمایشە، لە هەمووی گرینگتر سەعات حەوت بوو، ئەگەر هەشت بوو، ویستمان ئێوارە نمایشەکە بکەین، باوەڕ دەکەی یەک بینەر هات، بەڵام ئێمە شانۆگەرییەکەمان بە جۆرێک بۆ ئەو یەک نەفەرە نمایش کرد، وەکوو ئەوەی

هۆڵەکە پڕ بێت لە بینەر.

**ڕامان:** ئەوە جوانە.. باشە هۆیەکەی چی بوو، تەنیا یەک کەس هاتبوو؟ دیارە ڕیکلامتان لاواز بووە؟

**نەوزاد مەجید:** ڕیکلاممان نەکردبوو، خەڵکەکە نەیزانیبوو، خۆ شوێنەکە دووریش نییە، لە مەیدانە.

**ڕامان:** بەڵێ، هۆڵەکە شوێنێکی زۆر نزیکە.

**نەوزاد مەجید:** نزیکە، لەسەرەتای شەقامی ڕەشیدە، لە تەنیشت وەزارەتی دیفاعەوە بوو.

**ڕامان:** بەڵێ، ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان و زۆر دامودەزگای هونەری و فەرهەنگی لەوێوە نزیکن.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئەوانە هەمووی لێوە نزیکن، بەڵام یەک کەس بینەرمان بوو، لەگەڵ ئەوەش نەمانگوت ناتوانین، ئەو هەموو ئەکتەرە، نزیکەی بیست کەس سەرقاڵی ئەو تاکە کەسە بووین، ئەگەر هۆڵەکە پڕ بووایە، هەر ئاوا نمایشمان دەکرد، ئەوەش یەکێک لە کارەکانی دەرەوەی (سلێمانی)مان. هەندێک لە برادەرەکانی دیکەمان، تەها خەلیل کە لێرە ئیشی کردووە، لە هەڵەبجەش نمایشی کردووە، من بەبیرم دێ ئیشێکی خۆم کرد، بردمان لەوێ نمایشمان کرد.

**ڕامان:** ئەوە گرنگ بوو، ویستم باسی ئەوە بکەین، هەمیشە هونەرمەند و نووسەری کورد بایەخ بە ناوەند دەدا، ناوەندی شارەکان، لە کاتێکدا دەوروبەریش زۆر گرنگن، لە سلێمانی ئەوە شارباژێڕ، هەڵەبجە، قەرەداغ، لە هەولێریش، کۆیە، شەقلاوە، ڕەواندز و تاد هەن... هیچ وێستگەیەک ماوە باسمان نەکردبێ؟

**نەوزاد مەجید:** وێستگەکان زۆر زۆرن، چونکە هی ڕۆژ و دوو ڕۆژ نین، بە لانی کەمەوە هی پەنجا بۆ شەست ساڵ لەمەوپێشە.

**ڕامان:** بەڵێ، ئێمەش ورد ورد هێنامان، زۆربەی وێستگەکانمان بەسەر کردەوە، باسی هەموو قۆناغەکانی خوێندنت، مامۆستاکانت، وەزیفەکانت، ئەو تیپانەی ئیشت تێدا کردوون، باسی هاوڕێکانت، لە هەموو وێستگەکاندا وەستاین و قسەمان کرد.

**نەوزاد مەجید:** هەر تیپێکیش داوای یارمەتیی لە من کردبێ، بەگوێرەی توانایی و پسپۆڕیی خۆم یارمەتیم داون، ئەوجا بە ڕەخنە و هەڵسەنگاندن بێ، یان ڕووناکی و دەق بووبێ، بە کورتییەکەی بە قەدەر سەلیقە و توانایی خۆم، دەستم بە ڕووی کەسەوە نەناوە.

**ڕامان:** ئەگەر داوای نواندن، یان هەر کارێکی دیکەیان لێت کردبێ، بە دەمیانەوە چووی؟

**نەوزاد مەجید:** بە دەم هەموویانەوە چووم، بەڵام وەک گوتم بە مەرجێک دەقەکەم خوێندبێتەوە و بەدڵم بووبێت، کارەکە لە سەندیکای کرێکاران، ئەزموونگەری، تیپی پێشڕەو بووبێ، چووم.

**ڕامان:** لە کاتی خۆیدا بیرت لەوە نەکردووەتەوە بۆ کاری فۆتۆگراف دووکانێکت هەبێ؟

**نەوزاد مەجید:** من لە بواری فۆتۆگرافدا، دەرفەت هاتووەتە بەردەستم، لەبەر خاتری هونەر نەمکردووە، ڕۆژێکیان ستۆدیۆیەک لە سەروو کۆمەڵەوە، لە شەقامی پیرەمێرد، پێش ئەوەی بگەیتە نەخۆشخانە، کابرایەک شێخ مەحموودی ناو بوو، ئەو پیاوە هات بۆ کۆمەڵ بۆ لام، ئاگادار بوو وێنەی فۆتۆگراف دەگرم و هەمیشە کامێرام لەلایە، گوتی ستۆدیۆیەکم کردووەتەوە، ئەو دەیزانی زۆر باش زانستەکە دەزانم، جگە لەوە هونەری مۆمیاکردن و هونەری فۆتۆگرافی و شێوەکاریش دەزانم. گوتی حەز دەکەم بێیت لە ستۆدیۆکەمدا تەنیا دانیشە و

ببـه بـه هاوبەشـم.

**ڕامـان:** یەعنـی چـی ببـی بـه هاوبـەش و تەنیـا لـه دووکانەکـەی دابنیشـی؟

**نـەوزاد مەجیـد:** گوتـی مـن ئەوانـە هەمـووی دەزانـم، لـە جلـی کـوردی بـەولاوە هیچـی دیکـە لەبـەر ناکـەم، بەهـۆی ئـەم جلـە کوردییانەمـەوە کـە لـە بەرمدایـە، خەڵـک نایـەت بـۆ لای مـن، دەڵێـن ئـەوە لـە دەشـتەکی و لادێیـی و شـتی وا دەچێت، بـەڵام خەڵـک تـۆ دەناسـن کە فۆتۆگرافـەر و هونەرمەندیـت، تەنیـا دابنیشـی بـۆ مـن زۆرە، حـەز دەکـەی دووکانەکـە بـە نـاوی تۆشـەوە دەکـەم، ڕازی نەبـووم، زۆریشـم پـێ ناخـۆش بـوو، دەبوایـە بمکردایـە.

**ڕامـان:** باشـە بـە درێژایـی ئـەو سـاڵانە، لەگـەڵ خوێندنـەوەی کتێـب چـۆن بـووی؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بـۆ خوێندنـەوە کـەم کـەس بـە قـەدەر مـن تاقەتـی هەیـە، دەقیـان بـۆ هێنـاوم هـەزار، هـەزار و قسـوور لاپەڕە بووە، نەمهێشـتووە لـە ڕۆژێـک، ڕۆژ و نیوێـک زیاتـری بەسـەردا تێپـەڕێ، نـەک هـەر ڕووکەشـانە بیخوێنمـەوە، بگـرە خاڵـە لاوازەکان و خاڵەکانـی چارەسـەری و ئەوانـەم هەمـووی لـەلای خـۆم نووسـیوە. لەگـەڵ نووسـەرەکەدا خـاڵ بـە خـاڵ گفتوگـۆم کـردووە، لەسەداسـەدیش ڕاست بـووم، چونکـە نووسـەرەکە بەسـەریدا تێپەڕیـوە.

**ڕامـان:** بێجگـە لـە دەقەکانـی خـۆت، کـە ئیشـت تێیانـدا کـردووە، کتێبـی دی، کتێبـی هونـەری، کتێب لـە بارەی شـانۆی جیهانیت خوێندووەتەوە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** ئەوەنـدەی دەرفەتـم بووبێـت، دەقـە شـانۆییەکانم خوێندووەتـەوە.

**ڕامـان:** جگـە لـەو بابەتانـەی لـە پەیمانگـە خوێندووتـن، لێکۆڵینـەوەت لـە بـارەی شـانۆ و درامـا خوێندووەتـەوە؟

**نـەوزاد مەجید:** لەو جۆرە کتێبانەشـم دەخوێندەوە، بـەڵام لـەم دواییـەدا زیاتـر ڕۆمانـم دەخوێنـدەوە، مـن زۆر حـەزم لـە خوێندنـەوەی ڕۆمانـە، ڕاسـتییەکەی لـە شـانۆگەری هیلاک بووم.

**ڕامـان:** ڕۆمانـی عەرەبـی، یـان ڕۆمانـی بیانـی، بـە زمانـی عەرەبـی دەخوێنیتـەوە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ڕۆمانی عەرەبی.

**ڕامـان:** ڕۆمانی بیانیش کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدرابوون؟

**نـەوزاد مەجید:** هەر لە بیانییـەوە وەرگێڕدرابوون و کرابـوون بە عەرەبی.

**ڕامان:** لەو ڕۆمانانە کامەیانت لەبیر ماوە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** لەوانـە پیرەمێـرد و زەریـا- الشـیخ والبحر، هینەکـەی ئێرنسـت هێمینگوای-م لەبیـرە، تەنانـەت «پیـاوان و مشـکەکان- رجـال وفئـران»، کـە خـۆم وەرمگێـڕاوە، ئـەوەی جـۆن شـتاین بێـک، بـەڵام نازانـم کـێ بـردی و کەوتـە کوێـوە، جۆن شـتاین بێک بـەلای منـەوە یەکێکە لـە نووسـەرە هـەرە گـەورەکان.

**ڕامـان:** ئـەو نووسـەرە، کـە نووسـەرێکی گەورەیـە، نۆبڵـی وەرگـرت، ڕۆمانێکـی زۆر جوانـی بـە نـاوی «هیشـووەکانی تووڕەیـی- عناقیـد الغضـب» هەیـە، بـەڵام لـە شـەڕی ئەمریـکا و ڤێتنـام ئیشـێکی زۆر قـۆڕی کـرد، کاتـێ بـۆ لێدانـی ڤێتنـام پشـتگیری لـە ئەمریـکا کـرد.

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، نـەک هـەر ئـەوە، گوتـی دەچـم دەبـم بـە سـەرباز، کوڕەکەشـم دەبـەم.

**ڕامـان:** بەڕاسـتی ئـەوە هەڵوێسـتێکی نامرۆڤانـە بـوو، لەکەیەکـە بەناوچەوانییـەوە، شـوورەیی بـوو.

**نـەوزاد مەجیـد:** بـەوە تۆزێـک خـۆی شـکاند، شـانۆگەرییەکانی یۆجیـن ئۆنێـل، دەتوانـم بڵێـم ئـەو لایەنـە لـە جـۆن شـتاین بێـک زۆر گرنگتـرە، لـە بەغـدا دیمەنێکـم لـە «ئارەزووییـەک لەژێـر داری

دەردار- رغبة تحت شجرة الدردار» پێشکەش کرد، ئەوەش دەقێکی بەهێزە.

**رامان:** بیرمە ئەو شانۆگەرییە یەکەم جار لە بەغدا نمایش کرا.

**نەوزاد مەجید:** یەکێکی دیکە لەو گرنگتر، «القرد کثیف الشعر» بوو.

**رامان:** مەیموونێکی تووکن (غۆرێللا)، کە بە عەرەبی و بە کوردی پێشکەش کراوە.

**نەوزاد مەجید:** مەیموونێکی تووکن (غۆرێللا)، ئەویش باسی چینی کرێکارانە.

**رامان:** شەماڵ عومەر، بۆ تیپی ئەزموونگەری لە سلێمانی غۆرێللای نمایش کرد.

**نەوزاد مەجید:** نازانم، من ئەوەم زۆر بەلاوە گرنگ بوو، چونکە کە سەیری وشەکانی و دەقەکەی دەکەی، شتی زۆر سەیری لەبارەی چینی هەژار و چینی ئەریستۆکراتییە گەورەکان تێدایە، یەکێک لە دیمەنەکانی کرێکارێکە هەموو لەشی تووکە، کچە دەوڵەمەندەکان کە دەیبینن لێی دەترسن، دەڵێن ئەو مەیموونە تووکنەمان لێ دوور خەنەوە! یەکێک لە قسەکانی، کاتێ بە شەقامەکانی نیویۆرکدا دەگەڕێ و سەیری جلوبەرگ دەکا، فەروویەک دەبینێ، لێی نووسراوە پێنج هەزار دۆلار، فەروویەک پێنج هەزار دۆلار، ئەم بە دە ساڵ، پێنج هەزار دۆلاری وەرنەدەگرت، سەیری ئەو جیاوازییە چینایەتییە، هی وا هەیە بە ئاسانی دەیکڕێت، ئێمەش بە یەک دۆلار و دوو دۆلار ئیش دەکەین.

**رامان:** ئەوانەی دەقی شانۆییان لەناو کورددا نووسیوە، کەس هەیە سەرنجی تۆی ڕاکێشابێ؟

**نەوزاد مەجید:** یەکەم دەق کە دیم، فەتاح کاوە بەناوی (سێبەری دڕک) نووسیبووی، ئەحمەد دەنگ گەورە و ئەوان ئیشیان تێدا کرد، ئەوە تۆزێک باش بوو، ئیتر دەقی کوردیمان نییە.

**رامان:** یەک دوو کەس هەن، بەلامەوە گرنگن، نازانم بۆ لە نووسینی دەقی شانۆیی سارد بوونەوە، یەکێکیان سمکۆ ناکام بوو، ئەوەی «خولە چەخماخە» و «ڕەجەب و پیاوخۆران» و ئەوانەی نووسی، ئەگەر بەردەوام بوایە و دەقی شانۆیی بنووسیایە، یەکێک لە نووسەرە گەورەکانی ئەو بوارە دەبوو، چونکە بە تەواوی لە ڕوحی کۆمەڵگەی کوردەواری تێگەییبوو.

**نەوزاد مەجید:** ڕاستە، کارەکان جوان بوون.

**رامان:** ئەو جوانی دەنووسی، ئەحمەد سالاریش هەندێک دەقی جوانی هەیە، هەندێکی هەر خۆی دەری هێناون.

**نەوزاد مەجید:** خۆی، یان ئەرسەلان دەرویش دەریان دەهێنێ.

**رامان:** بەڵام زۆربەی دەقەکان، بۆ کارکردن، خۆی دەیاننووسێ.

**نەوزاد مەجید:** خۆی دەیاننووسێ، ئەو ڕۆژە گوتی سی و هەشت دەقم هەیە، بەڵام مەرج نییە دەقەکان هەموویان ئاستیان بەرز بێت، کورت و درێژیشی تێدایە.

**رامان:** من خۆم نمایشی زۆر لە دەقەکانیم دیوە، هەیانە بەدڵم نین، بەڵام چەند دانەیەکی باشی هەیە.

**رامان:** ئەی ئارسەر میلەر؟

**نەوزاد مەجید:** ئیشەکانی زۆر عەجایبن، شتی جوانی هەیە.

**رامان:** بۆ نموونە شانۆنامەی «دیمەنێکی پردەکە- منظر من الجسر»، کارێکی جوانی ئەوە.

**نەوزاد مەجید:** یەکێکیان «پشیلەیەک لەسەر پارچە تەنەکەیەکی گەرم- قطة علی سطح من الصفیح الساخن»، ئەوەش کارێکی جوانە، وابزانم بوو بە مێردی مارلین مۆرۆ، تەنانەت لە مردنی مارلین مۆرۆدا دەستی تاوان بۆ ئارسەر میللەر

درێژ کرا، ئارسەر جوولەکەیەکی ئەمریکییە. لەگەڵ زۆربەی نووسەرەکان سەروساختم هەبوو، بەتایبەت لەگەڵ بەرهەمە کۆنەکان، ڕۆمانە گەورەکانی دیکەشم زۆر خوێندووەتەوە، بەشێکیانم لەبیرە، بەشێکیانم لەبیر نییە، یان خوێندوومنەوە.

**ڕامان:** دیارە لەگەڵ خوێندنەوەدا پشووت درێژ بووە؟

**نەوزاد مەجید:** کە لەسەر دەقێک، ڕۆمانێک دادەنیشتم، دەبوایە تەواوم بکردایە. ئەوەم باس دەکرد یەک دوو کەس لە خوێنەرەوەکان، یەکێکیان ناوی ئەنوەر تۆفیق حەسەن بوو، بە ئەنوەرە گۆج بەناوبانگ بوو، لەم دواییەدا بووبوو بە قورئانخوێن، کە چووم بۆ بەغدا و هاتمەوە، یەک دوو کتێبم هێنا، یەکێک لەوانە «چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی جیهان- صفحات من تاريخ العالم».

**ڕامان:** ئەوە کتێبەکەی جەواهیر لال نەهرۆ بوو.

**نەوزاد مەجید:** هاتمەوە گوتم ئەوانەم هێناوە، گوتی ئەوەیانم بدەرێ با بیخوێنمەوە، گوتم لە پاسەکە هەتا هاتوومەتەوە نزیکەی نیوەیم خوێندووەتەوە، با لێی نەپچڕێم، خۆم دەیخوێنمەوە، بۆ بەیانی هاتەوە پێم گوت تەواوم نەکردووە. گوتی چۆن تەواوت نەکردووە! واتە عەجایبی لێ هات کە تەواوی نەکەین، ئەوەندە ئەویش خوێنەرێکی باش بوو، ئەو کاتە خوێندنەوە زۆر خۆش بوو، داخەکەم گەنجی ئێستا گرنگی بە ئینتەرنێت و کۆمپیووتەر و ئایپاد دەدا، ئەودەم گرنگی بە کتێب دەدرا، ئەوە باسی شەستەکان دەکەم.

**ڕامان:** وایە، زۆر ڕاستە، منیش شایەدی بۆ زۆر خوێندنەوەی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان دەدەم.

**نەوزاد مەجید:** ئێمەش لە خوێندنەوە بێبەش نەبووین، ئەو ناوانەی دەیانناسین، هیچ نەبێ سوودمان لێ وەرگرتوون.. ئەی بۆ باسی برناردشۆ نەکەین، کە یەکێکە لەوانەی زۆر پێی سەرسامم، تۆ هەر لە خۆتەوە نووسەرێکت خۆش دەوێ، من برناردشۆم خۆش دەوێ، لە بەرانبەر یۆجین ئۆنێل و جۆن شتاین بێک و ئارسەر میلەر دەوەستێ، بگرە بەلای منەوە لەوان زیاتریشە، قسەکانی ئەویش کاریگەر بوون، دەقی شانۆنامەکانی چاکن، زمانێکی کۆمیدی و پڕ تەوسی هەیە، زیرەکیشە، یەکێک لەو قسانەی کە لەبیرم مابێت، ئاخر سەری تاس و ڕیشی زۆر بووە، پێی دەڵێن ئەوە بۆچی سەرت قژی پێوە نییە، ڕیشیشت هێشتووەتەوە! دەڵێت «زۆریی لە بەرهەمهێنان و خراپیی لە دابەش کردن- غزارة في الانتاج وسوء في التوزيع»، ڕاست دەکا، ڕیشی ئەوەندە گەورەیە، سەریشی یەک چڵە قژی پێوە نییە.

**ڕامان:** لەناو دەرهێنەرەکانی کورد، زیاتر کامیانت بەدڵە؟

**نەوزاد مەجید:** دەرهێنەرەکان هەر یەکەیان تامی خۆیان هەیە، دەتوانم بڵێم هەمووشیانم بەدڵە، ئەوەی ئیش بکات بەدڵمە، چونکە ئیش بکات خراپ بێ و باش بێت دەیبینی، یەکێک لەوانە (حسێن میسری)یە کە بەلامەوە باش بوو، با لێرە ئەم قسەیە بکەم، لەسەدا نەوەدی هونەرمەندان دژی بوون و خۆشیان نەدەویست، تەنانەت گاڵتەشیان پێ دەکرد.

**ڕامان:** کە بۆ خۆیان کاریان نەدەکرد، بۆچی گاڵتەیان پێ دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** گاڵتەیان پێ دەکرد لەبەر ئەوەی بەرهەمی زۆر بوو، گاڵتەکەیان هی بەغیلی بوو، ئەگینا حسێن میسری ئینسانێکی

دەسـتکورت و نەبـوو بـوو.

**ڕامان:** دیارە لەمێژە دەیناسی؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، ڕۆژێـک هات لێم پرسـی هەسـت دەکـەم سـپێنەی چـاوت زەردە، بۆچـی وایـە؟ گوتـی مـن لـە ژیانمـدا هـەر نـان و تۆکـم خـواردووە، زۆر قاورمـەی تۆکـم خـواردووە، قـەت ژەمێـک خواردنـی خۆشـم نەخـواردووە، بـەڵام لێـرە خـوا دەرگای لـێ کـردەوە و یارمەتییەکـی زۆر درا، ئەویـش زۆر بـە دڵسـۆزییەوە ئیشـی دەکرد.

**ڕامـان:** ئـاگادارم لەبـەر عیشـقی کارەکانـی، پـارەی بـەلاوە گرنـگ نەبـوو.

**نـەوزاد مەجیـد:** ئـەو ئیشـانەی ئـەو کردوونـی، بـە سـێ هـەزار، چـوار هـەزار، بـڕۆ ئەوپەڕەکـەی بـە پێنـج هـەزار دینـاری سویسـریی ئەوسـا کـراون، هیـچ کەسـێک بـە دە هـەزار و پـازدە هەزاریـش ئـەو ئیشـانەی بـۆ تـەواو نەدەکـرا، بـەڵام حسـێن میسـری ئیشـەکانی بـە پارەیەکـی کـەم تـەواو دەکـرد، هەمـووی بـە تێچوویەکی کەم و بەپوختـی جێبەجـێ دەکـرد، جێـی خۆیشـی کـردەوە، یـەک لـە دوای یـەک بەرهەمەکانـی پێشـکەش دەکـرد.

**ڕامان:** دەقەکانیشی هەمووی بەخۆی دەینووسین.

**نـەوزاد مەجیـد:** بـە ئامادەبوونـی مـن و کوڕێکـی دیکـە، مامـە جەبـاری پـێ دەڵێـن، جەبـار مەعـرووف، کـە لـە زۆربـەی ئیشـەکانی لەگەڵـی بـوو، بـۆ ئیشـی هونـەری و ڕێجیسـتەر و دابەشـکردنی دەقەکـە هـاوکاری بـوو، دیارە ئـەو کارە مـن فێـرم کـرد، ئـەوە بـە دانپێدانانـی خۆی، واتـە حسـێن میسـری لـە فیکـری خۆیـەوە، بـە دەم پیاسـەکردنەوە دەیگـوت و جەبـار مەعـرووف دەینووسـی.

**ڕامـان:** ئـەوەی بەلامـەوە گرنـگ بـوو، زنجیرەی بیرۆکەکانیەتـی کـە کـەم جـار ڕێکەوتـووە پچڕانـی تێدا بێ.

**نـەوزاد مەجیـد:** لـە یەکێـک لـە دیمەنەکانـدا دوایـی کـە دەڕواتـە دەرەوە، شـەش حـەوت دیمەنـی دیکـەی دەنووسـی، ئـەوەی هـەر لەبیـر بـوو کـە ئـەو چووەتـە دەرەوە و هاتووەتـەوە، یـان ئـەو شـتەی پـێ بـوو بـۆ ماڵـەوە، هـەودای بیرکردنـەوەی نەدەپچـڕا.

**ڕامـان:** ئـەوە بـۆ شـانۆنووس و ڕۆماننـووس زۆر گرنگـە، ئـەو دەیتوانـی بیرۆکەکانـی پێکـەوە بلکێنێتـەوە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، پێوەندییەکـی زۆر سـەیر لـە بیرکردنەوەیدا هەبـوو، ئـەوەش لـە ئیشـەکانیدا دیـارە، کـە لـە زۆربەیانـدا پێوەنـدی هەیـە، کەمێک کەموکـووڕی هەیـە، ئـەوە زۆر گرنـگ نییـە، چونکە ئـەوەی ئـەو کـردی، کـەس نەیدەکـرد و حەقـی خۆیشـیەتی بایەخیـان پـێ دابـێ، تەلەڤزیۆنی خاک چـی بـۆ کـردووە، بەفیـڕۆ نەڕۆیشـتووە، ئـەوەی ئـەو وەری گرتـووە کـە هیچـی وەرنەگرتـووە، ئـەو پارەیـە نەبوو کە ئـەو کوڕە وەری گرتـووە، یـەک لـە دوای یـەک ئـەو بەرهەمانـەی هەبـوو، یەکـەم کاری «خۆرنـەوازان»، دوای ئـەو «خۆرنەوازانـی دوو»، دواتـر «خـەمی چۆلەکـەکان» بـوو، ئـەوەی دیکەیـان، ئـەوەی کـە (تەهـا خەلیـل)ی تێدا بـوو.

**ڕامان:** ڕەشەی پۆلیس؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ «ڕەشـەی پۆلیس» بوو، کارەکانـی، کاری جـوان بـوون، مـن میوانـم هاتـووە گوتوویەتـی تەلەڤزیۆنتـان هەیـە تەمسـیلەکە ببینیـن، ئـاوا هاتـووە بـۆ لام، ئەمـە ئەگـەر لێکی بدەیتـەوە وەسـتانی دەوێ، لـە کاتـی پەخشـی دراماکانـی، هەسـتم دەکـرد شـەقامەکان جووڵەیـان تێدا کـەم دەبـووەوە، هەمـوو دەچوونـەوە ماڵـەوە سـەیریان دەکـرد، کـە ئـەوە یەکێکـە لـەو لایەنانەی

ئینسان دەبێ دانی پێدا بنێ، ئێستا ئەم هەموو تەمسیلە هەیە، کەس گوێی ناداتێ.

**ڕامان:** من بینەرێکی باشی کارە دراميیەکانی حسێن میسری بووم، یەک لەدوای یەک هەموویم بینیوە.

**نەوزاد مەجید:** دەبێ بینەری بی، یەکێک لە جوانییەکانی کارەکانی سەرنجڕاکێشانی بینەران بوو، لە دراماکانیدا سیحرێک هەبوو، هەر ئەوە هۆیەکە بۆ سەرکەوتنی، زمانەکەشی، زمانێکی سادە بوو.

**ڕامان:** بەڵێ، زمانێکی سادەی میللی بوو، خەڵکی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا و تێی دەگەیشتن و زوو دەچووە دڵیانەوە، بابەتەکانیشی هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵی کوردەواری بوون.

**نەوزاد مەجید:** زۆرینەی خەڵک حەزیان لێ دەکرد، لەناو زۆرینەی خەڵکدا نەمدیوە کەس گلەیی لێ بکات، بەڵام هونەرمەندان گلەییان لێی دەکرد، منیش هەمیشە داکۆکیم لێی کردووە، دەیانگوت ئەوەی بۆ ئەو لواوە، بۆ ئەوان نالوێ، ئەوەی بۆ ئەو دەکرێ، بۆ ئەوان ناکرێت، بەڵام ئەو بە ئازایەتی خۆی پێی دەگەیشت و دەیکرد، تۆش وەکوو ئەو ئازا بە، لەوانەیە بۆت بکرێت، ئەو پیاوە نەدەڕۆیشتە ماڵەوە، بەیانی سەعات هەشت دەهات، تا نیوەشەو نەدەڕۆیشتەوە، ژیانی کارەسات بوو، تا گەیشتە قۆناغێکی باشیش، زیاتر کارەسات بوو، وەکوو پێشتر پێم گوتی نانی شەوی نەبووە، لە ماڵی خاڵێکی بوو لە کانیسکان.

**ڕامان:** بەڵێ، لەلای (غەریب)ی خاڵی بوو، خاڵێم دەناسی، ژوورێکی سەربەخۆی دابوویێ کە دەرگاکەی لە لاکۆڵانێکی باریکی سەر شەقامی کانێسکان بوو.

**نەوزاد مەجید:** لەلای غەریب ئیشی دەکرد، کورسی چاک دەکردەوە، ژوورێکی هەبوو، دەتگوت ئێستا نا ئێستا دەڕووخێ، شوێنەکەی ئاوا بوو.

**ڕامان:** زۆر دەچوومە لای و ژوورەکەیم دیوە، سەربانەکەی گڵ بوو.

**نەوزاد مەجید:** دیارە تۆ سەربانەکەیت دیوە، دیوتە چەندە ئەستوور بوو؟

**ڕامان:** بەڵێ.

**نەوزاد مەجید:** من دەترسام، هەر دەرفەتێکی بوایە، خوێندنەوەیەکی باش دەیخوێندەوە، خوێنەر بوو، خوێنەرێکی باش بوو، کە پێ گەیشت و گەیشتە ئەوەی نانێکی هەبێ بیخوا، ئەوە بوو ژنی هێنا، جوانترین ڕێوڕەسمی ژنهێنانی پێک هێنا، ژنەکەی ناوی (چیمەن)ـە.

**ڕامان:** (چیمەن ئیسماعیل)ی هێنا، کە هونەرمەندێکی شێوەکارە.

**نەوزاد مەجید:** لە خێزانێکی دەوڵەمەندی شارەکەن، چیمەن ئیسماعیل پێشانگەیەک دەکاتەوە، هەر لە پێشانگەکە دەچێت ئەڵقەیەک دەکاتە پەنجەی و ئەویش ئەڵقەیەک دەکاتە پەنجەی ئەو، ئەمە هەموو ڕێوڕەسمی ژنهێنانەکەیەتی، ئەوە هەر خۆی لە خۆیدا شتێکە، ماوەیەک منداڵیان نەبوو، دوایی خودا کوڕێکی دایێ، عەرزەی وەرگرت و کردی بە خانوو، خەریک بوو بەرەو ژیانێکی خۆش بڕوا، جەڵتەیەک لێی دا و عەمری خوای کرد، ئەوە ناخۆشییەکە بوو.

**ڕامان:** بەداخەوە بۆ مەرگی حسێن میسری، کە هاوڕێیەکی ئازیز و زۆر نزیکم بوو، بەهرەمەندێک بوو لەکیسمان چوو.. تۆ پێشتر گۆڤاری (ڕامان) ت دیوە؟ ئەم گۆڤارەت خوێندووەتەوە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، خوێندوومەتەوە، گۆڤارێکی زۆریش باشە، بەڵام دەبێ ڕاستییەک بڵێم، لەبەر زۆریی بابەتەکانی، دەگەڕام چەند بابەتێکی شانۆیی تێدا بوو، ئەوانەم هەڵدەبژارد و دەخوێندنەوە، بۆ ئەوانی دیکە دەرفەتم نەدەبوو بیانخوێنمەوە.

**ڕامان:** کەواتە تۆ گۆڤاری ڕامان چۆن دەبینی؟

**نەوزاد مەجید:** من وەک یەکێک لە گۆڤارە چاکەکان دەیبینم، لە هەمووی گرنگتر بەردەوامییەکەیەتی، لەوەش گرنگتر، فرەبابەتییەکەیەتی. بابەتی زۆرە و قەبارەکەیشی گەورەیە، لە سەد لاپەڕە زیاترە.

**ڕامان:** ساڵانێکی زۆرە کردوومانە بە ١٦٠ لاپەڕە، واتە دە مەلزەمەیە، چونکە ڕۆشنبیریی گشتییە، دەقی شیعر و چیرۆک و شانۆنامە، چاوپێکەوتن، هەموو جۆرەکانی هونەر، فەلسەفە و هزر، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، وتار و ڕانانی کتێبی تێدایە، ئیتر هەر خوێنەرێک بایی خۆی بابەت لەناو (ڕامان) دا دەدۆزێتەوە، بیانخوێنێتەوە. بە درێژایی ساڵانی تەمەنی ڕامان، بایەخێکی تایبەتمان بە هونەری شانۆ دا، چ لە ڕێی گفتوگۆ لەگەڵ شانۆکاران، یان هەر جارەی مێزگردێک لەسەر تەوەرێکی گرنگی شانۆیی، یان هونەرمەندێک لەسەر شانۆی نووسیوە، بە تایبەتی هونەرمەندە ڕۆشنبیر و خاوەن ئەزموونەکان، ئەوانەی نووسەری باشن، ئەو بابەتانەمان بڵاو کردووەتەوە، واتە بەردەوام ئاوڕمان لە شانۆ داوەتەوە، بە هەر شێوەیەک بووبێ، شانۆ لە ڕامان دوور نەکەوتووەتەوە و ون نەبووە.

**نەوزاد مەجید:** نەک هەر ئەو گۆڤارە، لە گۆڤارە عەرەبییەکانیش پێش هەموو شتێک بۆ دەقەکان دەگەڕێم، بۆ نووسینە شانۆییەکان دەگەڕێم و دەیانخوێنمەوە، چونکە چەند ساڵێک لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بووم، ژیانم هەمووی هەر شانۆ بووە، حەزم لێی بووە، یەکسەر چاو لە لاپەڕەکان دەکەم و بۆی دەگەڕێم، پێش هەموو شتێک ئەوانە دەخوێنمەوە، ئەوجا دەگەڕێمەوە سەر خوێندنەوەی بابەتەکانی دی تا تەواویان دەکەم.

**ڕامان:** گۆڤاری کولتووریی جیددی هەر دەبێ وا بێت، دەبێ بابەتەکانی جۆراوجۆر بن، چونکە گۆڤارەکەی ئێمە تەنیا بۆ شانۆ تەرخان نییە، یان تەنیا بۆ شێوەکاری نییە، یان تەنیا گۆڤارێکی هونەری نییە، گۆڤارێکی ئەدەبی و هونەریی و ڕەخنەیی و فیکریی کۆکەرەوە و هەمەجۆرە، بۆیە بابەتی هەموو زەوق و میزاجەکانی تێدایە، هەیە حەزی لە چاوپێکەوتنەکەیە، بۆیە پێش هەموو بابەتەکان ئەوەیان دەخوێنێتەوە.

**نەوزاد مەجید:** سەرکەوتنی ئەو گۆڤارەی ئێوە ئەوەیە کە ساڵانێکی زۆرە هەر بەردەوامە و بە بەردەوامی ماوەتەوە.

**ڕامان:** بەڵێ، ئێستا ٢٦ ساڵە هەیە.

**نەوزاد مەجید:** بۆیە دەڵێم زەمەنێکی زۆرە هەیە، زۆر گۆڤاری دیکە هەبووە پێنج ساڵ، شەش ساڵ، ئەوپەڕەکەی دە ساڵ بەردەوام بووە.

**ڕامان:** بەڵێ، ڕاستە، ئێستا ئێمە تەمەندرێژترین گۆڤاری کوردین.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، بۆیە دەڵێم زەمەنێکی زۆرە.

**ڕامان:** ئەوە نزیکی پێنج سەعاتە قسەمان تۆمارم کردووە، ئەوەندەی فریا کەوتین، زۆربەی وێستگە گرنگەکانی ژیانی تۆمان بەسەر کردەوە، پێم خۆشە ئەگەر شتێکی ترت مابێ قسەی لەبارەوە بکەین، یان دواپەیامت، دواقسەت چییە بیکە، بۆ ئەوەی کۆتایی بە هەڤپەیڤینەکە بێنین.

**نەوزاد مەجید:** من پەیامم زۆرە، زیاتر پەیامەکانم ئاراستەی هونەرمەندان دەکەم، هونەرمەندانی ئەم ڕۆژگارە، کە خۆیشم دەگرێتەوە، پێیان دەڵێم زیاتر گرنگی بە هونەرەکە، نەک گرنگی بە دەسکەوت و پارە بدەن، چونکە ئەوەندەی

**مـن ئـاگام لێـی بـێ، زۆر لـه هونەرمەنـدان لـه هەولێـر و لـه سلێمانی و لـه شـارەکانی تریش کـه دەیانـەوێ ئیشـێکی هونـەری بکـەن، پێش ئـەوەی هونەرەکەیـان لەبەرچـاو بێـت، پارەکـەی خۆیـان لەبەرچـاوە، بۆیـه دەبـێ هونەرمەنـد لەپێنـاوی سەرخسـتنی ئیشـه هونەرییەکـەی، قوربانـی بـه پارەکـەی خـۆی بـدات.**

**ڕامـان:** **قسـەکەت تـەواوە، تـا خەرجیـی باشـتری تێدا بکـرێ، جوانتـر و ڕێکوپێکتـر دەبـێ.**

**نـەوزاد مەجیـد:** **ڕاسـتە، نەک پـارەی تەرخانکراو لـه ئەکتـەر، لـه دیکـۆر، لـه ڕووناکـی بگریتـەوە، چونکـه لەوسـەر شـتێکی کاڵوکـرچ دەردەچـێ، ئێسـتا مـن زۆربـەی ئیشـەکان وا دەبینـم، پـڕن لـه کەموکـووڕی و تـەواو نیـن، ئەگـەر ئـەو پارەیـەی وەری دەگـرن، بـه تـەواوی تێیـدا خەرجیـان بکردایـە، کارەکەیـان تـەواو دەبـوو، لـەو بڕوایـەدام ئـەوەش وا نابـێ، قـەی نـاکا هەلومـەرج وای لـێ کـردوون، بـەڵام نابـێ هونـەر بکـرێ بـه قوربانـی هەلومـەرج، هونـەر هـەر هونـەرە و دەبـێ بـەردەوام بێـت.**

**ڕامان:** **لە کۆتاییدا زۆر سپاست دەکەم.**

**نـەوزاد مەجیـد:** **منیـش سپاسـی تـۆ دەکـەم، چـی دیکـەم هەبێ و چیـم بەبیـر بێتـەوە بۆتـی دەنێـرم، ئـەو ناوانـەش کـە گوتـت هەمـووی لـە کاغەزێکـدا دەنووسـم و سـاغیان دەکەمـەوە و بۆتیـان دەنێـرم، یـان لـە دەرفەتێکـدا دەتدەمـێ.**

**ڕامان:** **دەستت خۆش بێت، زۆر سپاس.**

**نـەوزاد مەجیـد:** **هەمـوو ئیمـڕۆت لەگـەڵ منـدا بـردە سـەر، لـە ئیـش و کار بوویـت، هـەر سـەرکەوتوو بیـت، وەک چـۆن سـەرکەوتوویت.**

# ئەدەبی ئەلیکترۆنی
# چەمک و خەسڵەتەکانی و کاریگەریی
# لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی

**د. سالار تاوگۆزی**
**(زانکۆی سەڵاحەددین- کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە)**

## بەرکوڵ

ئـەدەب بەدرێژایـی مێـژوو بـە دوو ڕێگـە خـۆی لەگـەڵ گۆڕانکارییەکانـی سـەردەمدا گونجانـدووە؛ لەڕێگـەی یەکەمـدا خـۆی نـوێ کردووەتـەوە. لـە ڕێگـەی دووەمیشـدا کەڵکـی لە پێشکەوتن و زانست و هونـەری سـەردەم وەرگرتـووە، وەک: (هونـەری شـێوەکاری، دەروونناسـی، کۆمەڵناسـی و بایۆلـۆژی و ... تـاد)، بـۆ نموونـە (ڕێبـازی مێـژووی ڕەخنـەی ئەدەبی) بـە تیـۆری پەرەسـەندن (نظریـة التطور - The theory of evolution)ی (چارلس داروین) لـە (زانسـتی بایۆلۆژیـدا) کاریگـەر بـووە، هەروەهـا ئـەدەب کاریگەربـووە بـە ئـەو شۆڕشـە گەورەیـەی لـە ئـەم دەیانـەی دواییـدا لەبـواری تەکنۆلۆژیـدا ڕووی داوە، لـە ئەنجامـی ئەوەشـدا ژانرێکـی تـازە و کاریگـەر لەسـەر ژمارەیەکـی زۆر وەرگـر پەیـدا بـووە کـە زیاتـر بـە (ئەدەبـی ئەلیکترۆنـی- Electronic literature) ناسـراوە، ئەمـەش لـەدوای ئـەوە ڕووی دا کـە (ئەلفیـن کیرنـان) لەسـاڵی (١٩٩٠ن)دا باسـی مردنـی ئەدەبـی کردبـوو، بـەڵام پرسـیارەکە لێـرەدا ئەوەیـە: ئـەی ئەدەبـی ئەلیکترۆنـی چییـە؟

پێـش وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە، ئـەوەت بەبیـر دەهێنمـەوە ڕەنگـە تـۆی بەکارهێنـەری تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، لـە تویتـەر، یـان فەیسـبووک، یـان یوتیـوب، یـان ماڵپەڕێـک، شـیعرێک، یـان چیرۆکێکـت خوێندبێتـەوە کـە هەندێـک جـار لـە پارچـە ڤیدیۆیەکدا بەشـێوەی دەنـگ و ڕەنـگ پێت گەیشـتووە، ئەمـە ئـەو ژانـرە ئەدەبییـە تازەیـە کـە پێـی دەگوترێـت ئەدەبـی ئەلیکترۆنـی، بـەڵام لەڕووی تیۆرییـەوە، ئـەم جـۆرە ئەدەبـە هێشـتا بەتەواوەتـی چەمـک و زاراوە و پێناسـە و خەسـڵەتەکانی ڕوون نەبوونەتـەوە (Rowland, 2021).

بـە مەبەسـتی داڕشـتنی بناغەیەکـی تیـۆری پتـەو بـۆ ئەدەبـی ئەلیکترۆنـی- بەزمانـی جیـاواز - چەنـدان توێژینـەوە و نووسـین و کـۆڕ و کۆنفرانـس کـراوە، وردە وردەش وا خەریکـە دێتـە نـاو وانەکانـی خوێندنـی زانکۆییشـەوە و بـووە بـە باسوخواسـی کەسـایەتی و ناوەنـدە ئەدەبییەکانـی جیهـان، چەنـد کۆمەڵـە و ڕێکخراوێکـی تایبـەت بـەو بـوارەش دروسـت بـوون، هەندێـک پێیانوایـە ئەدەبـی ئەلیکترۆنـی، ئەدەبـی ئاییندە و ئەدەبـی نـەوەی

ئەندرۆید و مۆبایلە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە ئەدەبی کاغەزیی کۆتایی پێ دێت، بەڵکوو هەردوو ئەدەبەکە پێکەوە هەڵدەکەن.

سەرەتای ئەدەبی ئەلیکترۆنی بۆ ساڵانی پەنجاکان لە ئەڵمانیا و فەڕەنسا و کەنەدا دەگەڕێتەوە، بەڵام زیاتر لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکاندا بەدەرکەوت و بەخێرایی تا ئەمڕۆ پێ بەپێ لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا، بەتایبەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر پەرەی سەند (البیاتي، ٢٠١٦)، ئەمەش وای کردووە وڵاتی چین ئەم ژانرە ئەدەبییە نوێیە بە مەبەستی بازرگانی و بڵاوکردنەوەی ئەدەبەکەی خۆی لەناوخۆی وڵات و سەرتاسەری جیهاندا بقۆزێتەوە، وەلێ بەشێوەیەک خۆی لە کاریگەرییە خراپەکانی بپارێزێت، چونکە هەموو داهێنانێکی تازە -بەتایبەتی لە جیهانی تەکنۆلۆژیدا- لەیەک کاتدا لایەنی باش و خراپیشی هەیە. بۆ لێکۆڵینەوە لەلایەنی باش و خراپی ئەدەبی ئەلیکترۆنی، وڵاتی چین ٦ کۆنفرانسی بەستووە، دوایین کۆنفرانس لە ٢٤ بۆ ٢٦ی ئاداری (٢٠٢٣) بە ئامانجی وەبەرهێنانی ئەدەبێکی کوالێتی بەرز لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ساز کرا (arabic.news.cn ,2023)، بەڵام سەرچاوەکان دەڵێن: چینییەکان زووتر و زیاتر لە گەلانی دیکە -لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە- هەستیان بە کاریگەریی ئەدەبی ئەلیکترۆنی کردووە و خۆیان پێوەی سەرقاڵ کردووە. بۆ زانینی ڕادەی کاریگەری ئەدەبی ئەلیکترۆنی لە سەردەمی ئێستاشدا، چینییەکان چەند ڕاپرسییەکیان کردووە، بۆ نموونە بەپێی ڕاپرسییەکی تۆڕی سۆتۆ (Sootoo.com)ی ئەو وڵاتە دەرکەوتووە، تەنیا لە چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥ز ژمارەی خوێنەرانی ئەدەبی ئەلیکترۆنی لەچین گەیشتووەتە (٣٥٠) ملیۆن کەس، ئەمەش بەرزبوونەوەیەکی خێرای خوێنەرانمان نیشان دەدات بەبەراورد بە خوێنەرانی ئەدەبی ئەلیکترۆنی لە ساڵی ٢٠١٢ز کە (٢٣٣) ملیۆن کەس بوون، هەروەها ڕاپرسییەکی دیکە دەری خستووە (٨٥٪)ی خوێنەران پێیان باشە ئەو کارە ئەدەبییانە بخوێننەوە کە بەشێوەی ئەلیکترۆنین، نەک ئەوانەی بە شێوەی کاغەزیی لە دووتوێی کتێبدا چاپ کراون. لەڕووی بازرگانیشەوە، لە ساڵی ٢٠١٥ز بازاڕی ئەدەبی ئەلیکترۆنی لە چین گەیشتووە بە ٧٠ ملیار (یوان) کە ناوی پارەی چینییە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٢ز بازاڕی ئەدەبی ئەلیکترۆنی (٢،٧) ملیار یوان بووە (chinatoday.com).

بەداخەوە، بە بەراورد بە ئەو گرنگیدانەی چینییەکان و ڕۆژئاواییەکان، ئێمەی کورد ئاوڕێکی سەرپێییانەشمان لە ئەدەبی ئەلیکترۆنی نەداوەتەوە و لەبارەیەوە نەماننووسیوە، بەڕای ئێمە ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە؛ **یەکەم،** نووسەران و خوێنەرانمان لەڕووی تیۆرییەوە زۆر ئاگاداری ئەدەبی ئەلیکترۆنی نین. **دووەم،** بەشێک لە وەرگرانی کورد لە سۆشیال میدیا زیاتر خەریکی ململانێی سیاسی و قسەی زبر و کۆمێنتی ناشیرین و سەیرکردنی ڤیدیۆی ناوەرۆک پووچن و بیر لە بەشداریکردن لە وەبەرهێنان، یان خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی ناکەنەوە، هەر ئەمەش بوو پاڵی بەمنەوە نا ئەم بابەتە بۆ ئەدەبی ئەلیکترۆنی تەرخان بکەم.

## چەمکی ئەدەبی ئەلیکترۆنی

ئەدەبی ئەلیکترۆنی، چەند زاراوەیەکی دیکەی وەک: (ئەدەبی کارلێککەریی، ئەدەبی دیجیتاڵی، ئەدەبی وێنە، ئەدەبی ڕۆبۆتی، ئەدەبی لۆگاریتمی، هایپەر تێکست، ئەدەبی بەرنامەڕێژکراو، ئەدەبی شاشەو...تاد)ی بۆ بەکار دێت، بەڵام زاراوەی ئەدەبی ئەلیکترۆنی زیاتر باو و بڵاوە (حمداوي، ٢٠١٦، ل ٩). هەندێک پێیانوایە ئەدەبی ئەلیکترۆنی دەکرێت وەک ژانرێکی ئەدەبی بەناوی (تەنکۆ-

ئەدەب)یــش بێتــە ناســاندن (باللودمــو، ٢٠١٦، ل ١٤٢)، چونکــە لەلایەکــەوە، لــە (هۆنــراوە، دەقــی شــانۆیی، چیــرۆک، ڕۆمــان)، یــان هــەر دەقێکــی ئەدەبــی پێــک دێــت، لەلایەکــی دیکــەوە ئــەم دەقــە لــە ڕێگــەی تەکنۆلۆژیــاوە بــە وەرگــر دەگات (البریکــي، ٢٠٠٦، ل ٧٣).

ئەدەبــی ئەلیکترۆنــی، بــە چەنــد شــێوەیەک پێناســە کــراوە، هێشــتاش تیۆریســتە ڕۆژئاوایــی و ڕۆژهەڵاتییــەکان لەســەر پێناســەیەکی ورد ڕێــک نەکەوتــوون، بــۆ نموونــە: (فیلیــپ بوتــز- Philippe Bootz) دەڵێــت: هەمــوو ئــەو فۆرمانــەی گێڕانــەوە و شــیعر کــە ئامێــری زانیــاری وەک ناوەندێــک بــەکار دەهێنــن، پێیــان دەگوترێــت ئەدەبــی ئەلیکترۆنــی، مەبەستیشــی لــە ئامێــری زانیــاری کۆمپیوتــەر و مۆبایــل و ئایپــاد و هــەر ئامێرێکــی دیکــەی گواســتنەوەی زانیــاری تەکنۆلــۆژی ســەردەمە، هەروەهــا (ڕێکخــراوی ئەدەبی ئەلیکترۆنیی جیهانــی) پێناســەیەکی بــۆ ئەدەبــی ئەلیکترۆنــی کــردووە کــە کــۆڕای کۆمەڵێــک لــە توێــژەران و نووســەرانی ئەدەبی ئەلیکترۆنــی لەســەرە و دەڵێــت: «ئەدەبی ئەلیکترۆنی ئــەو بەرهەمانەیــە کــە ســیفەتێکی ئەدەبــی گرنگیــان هەیــە و کەڵــک لــە توانایــی مرۆیــی و کۆنتێکســتەکانی کۆمپیوتــەر وەردەگــرن، ئیتــر بــە تــۆڕی ئینتەرنێتــەوە بەســترابێتنەوە، یــان نــا» (حسني، ل ٦)، ئەمــەش لــە پێناســەکەی (د. فاطمــە البریکي) دەچێــت کــە دەڵێــت: ئەدەبــی ئەلیکترۆنــی ئــەو ئەدەبەیــە لەســەر شاشــەی کۆمپیوتــەر پێشــکەش بــە خوێنــەر دەکرێــت، ئیتــر هیــچ جیاوازییــەک لــەوەدا نییــە کۆمپیووتەرەکــە بــە تــۆڕی ئینتەرنێتــەوە بەســترابێتەوە، یــان نــا» (٢٠٠٦، ل١٩)، هەروەهــا (د.عمــر زرفاوي)یــش دەبێژێــت: ئەدەبــی ئەلیکترۆنــی ئەدەبێکــە لەهەنــاوی تەکنۆلۆژیــادا ئەفرێنــراوە.

هەرچەنــدە پێناســەکانی ئەدەبــی ئەلیکترۆنــی جیــاوازن، بــەڵام بەشــێوەیەکی گشــتی کۆکــن لەســەر ئــەوەی ئەدەبێکــە بــە هەمــوو ئامــراز و ئامێرەکانیەوە بــە تەکنۆلۆژیــاوە بەســتراوەتەوە، واتــە ئەدەبــی ئەلیکترۆنــی تەنیــا لەڕێگــەی کۆمپیووتــەرەوە بــۆ وەرگــر ناگوازرێتــەوە، چونکــە پێــش پەیدابوونــی کۆمپیووتەریــش، چەنــد ناوەندێکــی تەکنۆلــۆژی دیکــەی وەک: (کاســێت، فیلــم، ســینەما و تەلەڤزیــۆن و...تــاد) هەبــوون کــە ئەدەبــی ئەلیکترۆنــی لەڕێگــەی ئەوانــەوە پەیامەکانــی خــۆی دەگواســتەوە (بــن حمیمیــد، ٢٠١٨، ل ٢٥، ٢٨)، بــەڵام کــە تەکنۆلۆژیا پێش کــەوت، پێوەندییەکــەی لەگــەڵ ئەدەبدا پتەوتــر و ئاڵۆزتــر بوو، بەشــێوەیەک ئەدەبــی ئەلیکترۆنــی لــە ســەردەمی ئێســتادا بــووە بــە ئەدەبێکــی تــەواو کۆمپیووتــەری و میدیایــی و ئەندازەیەکــی ڕۆبۆتــی و لۆگاریتمــی و بیــرکاری و لۆژیکــی ئاڵــۆزی هەیــە و لەســەر بنەمــای کۆمەڵێــک کاری وەک: (بەرنامــە، پــلان، ئەندازیــاری، سەرپەرشــتیکردن، وێنەگرتــن، جووڵانــدن و فیدبــاک و ... تــاد) دامــەزراوە (حمــداوي، ٢٠١٦، ل ٢٤) کــە هەموویــان بەشــداری لــە گەیاندنــی دەقــی ئەدەبــی بــە وەرگــر دەکــەن و کاریگــەری لەســەر فــۆرم و ناوەرۆکــی دەقەکــەش دەکــەن و ســەرنجی وەرگریــش بــۆ خۆیــان ڕادەکێشــن، ئەمــەش هەندێــک جــار وا دەکات لــە پرۆســەی هەڵســەنگاندن، یــان کاردانەوەی دەقــدا، وەرگــر فۆکەســی تــەواو نەخاتــە ســەر دەق، هــەر بۆیــە هەندێــک دەقــی خــراپ- کــە لــەڕووی تەکنۆلۆژییــەوە کاری باشــیان بــۆ کــراوە- زیاتــر ڕەواجیــان پەیــدا کــردووە، ئەمــەش وای کــردووە ئەدەبــی ئەلیکترۆنــی بەزیانــی ڕەخنــەی ئەدەبــی بشــکێتەوە، کــە دواتــر باســی دەکەیــن.

## خەسڵەتەکانی ئەدەبی ئەلیکترۆنی

ئەدەبــی ئەلیکترۆنــی بــە چەنــد خەســڵەتێک جیــا دەکرێتــەوە، یەکێــک لــە خەســڵەتەکانی ئەوەیــە پێوەنــدی ئەدەبــی تێیــدا گــۆڕاوە، بــۆ نموونــە پێوەنــدی ئەدەبــی لــە پێوەنــدی ســێ لایەنــەی (نووســەر) و (دەق) و (خوێنەر)ــەوە بــۆ پێوەنــدی

چـوار لایەنەیـەی (نووسـەر) و (هایپـەر دەق) و (کۆمپیووتـەر) و (وەرگـر) گـۆڕاوە (یقطیـن، ٢٠٠٥، ل ١١). لـە پێوەندییـە کۆنەکـەدا وشـەی (خوێنـەر) بـەکار دەهـات، بـەڵام ئێسـتا بـۆ (وەرگـر) گـۆڕاوە، چونکـە مـەرج نییـە ئـەوەی لەڕێگـەی کۆمپیووتـەرەوە دەقـی پـێ دەگات خوێنـەر بێت، دەقیش مـەرج نییـە هـەر بەنووسـراوی بـگات تـا پێویسـتی بـە وەرگـری خوێنـدەوار بێـت، بەڵکـوو هەندێـک دەق - کـە بەدەنـگ دەخوێنرێنـەوە - لەشـێوەی فایلـی دەنگـی، یـان پارچـە ڤیدیۆیەکـدا بـە وەرگرێـک دەگـەن کـە ڕەنگـە نەخوێنـدەوار بێت، هەروەهـا دەقیـش نـاوی بـۆ (هایپـەر دەق) گـۆڕاوە کـە مەرجـە لەڕێگـەی کۆمپیووتـەر، یـان مۆبایـل، یـان هـەر ئامێرێکـی تەکنۆلـۆژی دیکـەوە بـە وەرگـر بـگات. کەواتـە هایپـەر دەق، وەک جـاران تەنیـا لـە لـە دەقێکـی نووسـراو پێـک نایـەت، بەڵکـوو وێنـە و دەنگیشـی لەتەکدایـە و لەڕێگـەی ئامێرەکانـی وەک کۆمپیووتـەر و مۆبایـل، یـان هـەر ئامێرێکـی تەکنۆلـۆژی دیکـەوە بـە وەرگـر دەگات، وەرگریـش زۆر جـار وەک دەقـی چاپکـراو بەشـێوەی کاغەزیـی نایخوێنێتـەوە، بەڵکـوو بەشـێوەی ئەلیکترۆنـی پێـی دەگات و کارلێکـی لەتەکـدا دەکات و تێچـن (comment)ـی خۆیشـی لەسـەر دەنووسـێت، تێچنەکـەش بەخێرایی بەنووسـەر دەگات، بـەم شـێوەیە پێوەندییەکـی خێـرا و پتـەو لەنێـوان وەرگـر و نووسـەر و دەقـدا لەڕێگـەی ناوەندێکـی گواسـتنەوەی تەکنۆلۆژییـەوە دروسـت دەبێـت، بۆیـە نووسـەری ئەدەبـی ئەلیکترۆنـی، چەنـد مانگێـک چاوەڕێـی بڵاوبوونـەوەی بەرهەمەکـەی ناکات و وەرگرانیـش لـە ئـەو چاوەڕوانییـە بـە دوورن، ئـەم پێوەندییـە لـەزۆر بـاردا گەیشـتووە بـەوەی وەرگـر بەشـداری لـە بەرهەمهێنانـی دەقـدا بـکات، هەندێـک دەق هـەن بـە هاوکاریـی نێـوان نووسـەر و وەرگـران تـەواو دەکرێـن، سـەرەتا نووسـەر بەشـێک لـە چیرۆکەکـەی، یـان ڕۆمانەکـەی پۆسـت دەکات و ڕێگـە بـە وەرگـران دەدات لـە تێچنەکانیانـدا پێشـنیازی ڕەوتـی ڕووداوەکانـی بـۆ بکـەن، یـان قسـە لەسـەر یـەک بەیەکـی ڕەگەزەکانـی دەقەکـەی وەک: (شـوێن، کات، کارەکتـەر، دیالـۆگ و...تـاد) بکەن، نووسـەریش سـەرنجی خوێنـەران بەهەنـد وەردەگرێـت و دەیانخاتـە نـاو بەشـەکانی دەقەکەیـەوە و یـەک بەیەکـی ئـەو بەشـانەش پۆسـت دەکات تـا دەقەکـەی کۆتایـی دێت، لـەم پرۆسـەی نووسینەشـدا وەرگـر شانبەشـانی نووسـەر لـە چنینـی تانوپـۆی دەقـدا ئامادەیـی هەیـە و بەشـدارە.

یەکێکـی دیکـە لـە خەسـڵەتەکانی ئەدەبـی ئەلیکترۆنـی ئەوەیـە ناکەتواریـی (غیـر واقعـي) یـە، بـەو واتایـەی بوونـی هەیـە، بـەڵام بوونەکـەی (إفتراضي)یـە، نـەک مـاددی، هەروەهـا ئەدەبـی ئەلیکترۆنـی (ناهێڵیـی- لاخطي)یـە، بـەو واتایـەی لەسـەرەتاوە تـا کۆتایـی لەسـەر هێڵێکـی ڕێـک نـاڕوات و نووسـەر ناچـار نـاکات بـۆ ئـەوەی تێـی بگات، لـە ئـەو هێڵـە لانـەدات، چونکـە دەقەکـە لـە کۆمەڵە بەشـێکی بەیەکەوە نووسـێنراو بەشـێوەیەکی بیسـتراو، یـان بینـراو لەڕێگـەی کۆمپیوتـەرەوە پێـک دێـت، وەرگـر دەتوانێـت لەبەشـێکەوە بـۆ بەشـێکی دیکـە بـڕوات بەبـێ ئـەوەی پەیوەسـت بێـت بـە هێڵێکـی دیاریکـراوەوە کـە دەقەکـە بـۆی کێشـاوە.

هەروەهـا (بێسـنووریی) خەسـڵەتێکی دیکـەی دەقـی ئەدەبـی ئەلیکترۆنییـە کە وەک دەقی کاغەزیی سـەرەتا و کۆتاییەکـی زانـراو و سـنووورداری نییـە و ئەدەبێکـی (دینامیکی)شـە و وەک دەقـی کاغەزیـی لـەڕووی ڕەنـگ و فۆنتـەوە چەسـپاو نییـە و نووسـەر لەڕێگـەی بەرنامـەی تەکنۆلۆژییـەوە دەتوانێـت لەسـەر بنەمـای ئـەو ڕەخنانـەی ئاراسـتەی دەکرێـن، گۆڕانکاریـی بـکات و بـە ئاسـانی دەسـتکاری ناوەڕۆکـی دەقەکـەی بـکات.

ئەدەبـی ئەلیکترۆنـی بـەوە ناسـراوە ڕەهەنـدی وازیکاریـی (البعـد اللعبـي) تێدایـە، مەبەسـت لەمـە ئەوەیـە وەرگـر کاتێـک دەقێکـی ئەدەبـی ئەلیکترۆنی پـێ دەگات، لایەنـە تەکنۆلۆژییەکـەی وەک وێنـە و

ڤیدیـۆ و ڕەنـگ و دەنـگ و دیزاینەکـەی سـەرنجی ڕادەکێشـێت و چێــژ لــەوە دەبینێــت وازیـکاری، یــان یــاری بــە ڤیدیۆکــە بــکات و بەویســتی خــۆی بیجوولێنێـت، چونکـە زیاتـر چێـژ لـە ئـەو وازیکارییـە دەبینێت و زۆر چێژ و چەشـەی ئەدەبی لە دەقەکە ناکات، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیە پێکهاتـە وێنەییـەکان بەسـەر زمانـی دەقەکـەدا زاڵ بـوون. وازیکردنـی وەرگـر بـە دەق دەبێتـە هـۆی ئـەوەی دەقەکـەی بەتەواوەتـی پـێ نـەگات و تەنیا تەکـەز لەسـەر ئـەو بەشـانە بکات کە خـۆی دەیەوێـن، یان دەکەونـە بەرچـاوی، بۆیـە زۆرجـار تـەواوی دەقەکـە ناخوێنێتەوە و سـەرنجی دەچێتە سـەر بەشـێک، یان چەنـد پارچەیەکـی دەقەکـە، بۆیـە پارچەپارچەکـردن بەخەسـڵەتێکی ئەدەبی ئەلیکترۆنی دادەنرێـت (بن حمیمـد، ٢٠١٨، ل٣٣ - ٤٥)، ئەمانـە خەسـڵەتە دەستنیشـان کراوەکانـی ئەدەبـی ئەلیکترۆنیـن کـە نووسـین و لێکۆڵینـەوەکان لـەڕووی تیۆرییــەوە بۆیـان دیـاری کردوویـن، دەشـکرێت لـە داهاتـوودا خەسـڵەتی دیکـەی ئـەم ئەدەبە دەستنیشـان بکرێن، چونکـە هێشـتا لـەڕووی تیۆرییـەوە نەچەسـپاوە و لـە سـەر زەمینێکـی لەرزۆکدایـە.

## کاریگەریی ئەدەبی ئەلیکترۆنی لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی

ئەدەبـی ئەلیکترۆنـی کاریگەریـی خراپـی لەسـەر ئەدەبـی بـاڵا هەبـوو، چونکـە چەنـدان دەقـی ئاسـتنزمی بەهـۆی نەبوونـی چاودێریـی ڕەخنەییـەوە خسـتە بـازاڕەوە، بەخێرایـی لەسـەر حیسـابی ئەدەبی بـاڵا و ڕەسـەن ڕەواجـی بـۆ پەیدا کـردن و لـە پـڕ کۆمەڵـە شـاعیرێکی کـەم بەهـرەی بـە وەرگـر ناسـاند و وای کـرد بەنـاو دیوانـە شـیعرییەکانی ئـەو شـاعیرانە لـە ماوەیەکـی کورتـدا چەنـدان جـار چـاپ بکرێـت، بەجۆرێـک دیوانـی شـاعیرێکی بـاڵای کلاسـیکی لەمێـژووی ئەدەبدا کەمتـر لـە نیـو ئەوەنـدە چـاپ نەکـراوە.

نهێنـی بەهێزیـی ئەدەبـی ئەلیکترۆنیـش لـە خێرایی بڵاوکردنــەوە و ناســاندنی شــاعیر و ئەدیبانــدا، لــە پێوەندیـی پتـەوی ئـەم ئەدەبـە لەگـەڵ تەکنۆلۆژیا و ڕاگەیاندندایـە، ئەمەش دەکرێت وەک لایەنێکی باشـی ئەدەبـی ئەلیکترۆنـی دابنێیـن، چونکـە ئاسـانکاریی لــە پرۆســەی بڵاوکردنــەوەی دەق و دروســتکردنی پێوەندیـی لەگـەڵ وەرگـر و کورتکردنـەوەی کات و نزیککردنــەوەی مــەوداکان و ڕەخســاندنی بــوار بــۆ پێوەندیـی کولتووریـی نێـوان گـەلان و شارسـتانیەتە جیاوازەکانــدا دەکات (البریكــي، ٢٠٠٦، ل ٣٨)، بــەڵام ئــەم دەرفەتــی کرانــەوەی ئەدەبــە بــەڕووی وەرگــران و خێرایــی لــە بڵاوکردنــەوە کــە ئەدەبــی ئەلیکترۆنــی لــە ڕێگــەی تەکنۆلۆژیــا و میدیــاوە ڕەخسـاندی، زیانـی بـە ڕەخنـەی ئەدەبـی و ئەدەبـی هەندێـک لـە گەلانـی وەک کـورد و عـەرەب گەیاندووە و کوالیتــی دەقیشــی هێناوەتــە خــوارەوە، ئەمــەش ئـەو مەترسـییەیە کـە چینییـەکان زووتـر هەسـتیان پێـی کـرد و لێـی ترسـان، ئاخـر جـاران دەقێکـی ئەدەبـی بـۆ ئـەوەی چـاپ بکرێـت بـە چەنـد فیلتەردا تێدەپـەڕی، بـەڵام ئـەم فیلتەرانـە لە فـەزای مەجازی ئەلیکترۆنیــدا نەمــاون و دەقنــووس دەتوانێــت ڕاسـتەوخۆ دەقەکـەی بخاتـە نـاو فەزاکـەوە، لەوێـش هەمــوو خوێنــەران بەجیــاوازی ئاســتەکانیانەوە دەیخوێننــەوە، زەوقــی گشــتیش زیاتــر ئــەو دەقانــە پەســەند دەکات کــە ڕاگــوزەر و ســادە و ســاکار و جەماوەریـن، چونکـە دەقـی ئاسـت بـەرز وەرگـری دەسـتەبژێر (النخبة- Elite) نەبێـت، تێـی نـاگات و کۆمێنتـی بـۆ ناکات، ئەوانـەش ژمارەیـان لـە فـەزای مەجازیـدا کەمـە، بۆیـە- وەک ئاماژەمـان پـێ دا- چەنـدان بەنـاو شـاعیر و ڕۆماننووس و چیرۆکنـووس بەناوبانــگ بــوون کــە دەقــی ئاســتنزم بەرهــەم دەهێنــن، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا جەماوەرێکــی زۆریــان هەیــە، ئەمــەش بەشــێوەیەک لەخۆبایــی کـردوون، وەهـا دەزانـن ئەدەبـی بـاڵا ئـەو ئەدەبەیـە ئـەوان دەینووسـن، ئیـدی لـە ئـەوە گـەڕێ دەقـی

ئەلیکترۆنی ئەگەر دیزاینێکی جوانی بۆ کرابێت، یان بەدەنگێکی سەرنجڕاکێش خوێنرابێتەوە، یان دەقی خانمێکی شاعیر بێت، چەندان کۆمێنتی دووڕووانەی دوور لەڕاستی وەک: (دەستخۆش، نایابە، ئافەرین، زۆر جوانە...تاد)ی بۆ دێت، زۆر جار کۆمێنتچییە پیاهەڵدەرەکان هەر ناشزانن دەقەکە لە چ ئاستێکدایە و چ ناوەرۆکێکی هەیە، ئەمەش وای کردووە زۆر ئەدیبی جیددی لە گۆڕەپانی ئەدەبی بکشێنەوە، یان ناچاربن لەگەڵ شەپۆلەکەدا بڕۆن و دەقگەلێکی ئاستنزمی وەها بخەنە فەزای مەجازییەوە کە لە ئاست نزمی ئاستی وەرگرانی ڕەشۆکی سۆشیال میدیادا دایە، بۆیە لەسەر حیسابی کوالێتی دەقەکانیان دەکەونە ژێر کاریگەریی وەرگرەوە.

نووسەر و شاعیرێکی عەرەبی دەڵێت: «چیتر ناکرێت لەبارەی ئەم دیاردە خراپەوە بێدەنگ بین، پێویستە قسەیەک لەم بارەیەوە بکرێت کە دەرگای ئەوەمان بۆ بکاتەوە تا سنوورێک بۆ ئەم دیاردە و ڤایرۆسە خێرا بڵاوبووەکەی دابنێین» (البتیري، ٢٠١٥) بەڵام ڕاستییەکەی ئەم دیاردەیە زیاتر لەناو ئەو گەلانەدا بەرجەستەیە کە خوێندنەوە تێیاندا نەبووە بە کولتوور، لەناو گەلانی دیکەدا کۆمێنتی وەرگران بەقازانجی دەق و ڕەخنەی ئەدەبی دەشکێتەوە، لەوڵاتانی پێشکەوتوودا- کە خوێندنەوە تێیاندا کولتوورە- وەرگر بەشداری لە بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبیدا دەکات، ئەویش لەڕێگەی ئەو ئاسانکارییەی کە تەکنۆلۆژیا بۆی کردووە، سەرەتا نووسەر بەشێک لە ڕۆمانەکەی خۆی بڵاو دەکاتەوە، پاشان وەرگران کۆمێنتی بۆ دەنووسن، ئەویش لە ئەو بەشەی ڕۆمانەکەیدا کەڵکی لێ وەردەگرێت، پاشان بەشەکانی دیکە، یەک لەدوای یەک دەخاتە ڕوو، بەمەیش وەرگر تەنیا ئەرکە تەقلیدییەکەی خۆی جێبەجێ ناکات کە خوێندنەوەیە، بەڵکوو بەشداری لە وەبەرهێنانی دەقیشدا دەکات.

بەهەر حاڵ، ئەدەبی ئەلیکترۆنی وەک ژانرێکی ئەدەبی نوێی تێکەڵ بە ڕاگەیاندن و تەکنۆلۆژیا، لایەنی باش و خراپی هەیە، سوود و زیانی هەیە، دەکرێت نووسەر بە شێوەیەکی دروست بەکاری بهێنێت تا سوودی زیاتری پێ بگەیەنێت. هەندێک لەزیانەکانی ئەم ئەدەبە ڕێزنەگرتنە لە مافی ئەفرێنەرانی بەرهەمی ئەدەبی و پابەند نەبوونە بە ستانداردەکانی بڵاوکردنەوە و ئەگەری نەمان و سڕینەوەی دەقە ئەلیکترۆنییەکان، لەگەڵ نەبوونی پاداشت بۆ نووسەران و سەرپەرشتی نەکردنی بڵاوکردنەوەی دەقی ئەدەبی لەلایەن کەسانی شارەزاوە، وەلێ دەکرێت سنوور بۆ ئەم زیانانە دابنرێت، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی ماڵپەڕ و پەیج و بلۆگی تایبەتەوە، بەشێوەیەک لەلایەن کەسانی شارەزاوە سەرپەرشتی بکرێن تا ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی بەرهەمی بێ بەها بکرێت، هەروەها دەکرێت ستانداردێکی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی دابنرێت (مؤسسة بين الملل خوارزمی، ١٤٠١) کە ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی دەقی خراپ بکات، بەڵام نکوڵیش لەوە ناکەین کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی ئەدەبی ئەلیکترۆنی ئەستەمە.

لەئەنجامدا دەگەین بەوەی بمانەوێت و نەمانەوێت، ئەدەبی ئەلیکترۆنی وەک ژانرێکی ئەدەبی تازە و کاریگەر بووە بە واقیعێک و نکوڵی لێ ناکرێت و دەکرێت وەک دیارترین ژانری ئەدەبی سەردەم بیناسێنین کە کاریگەرییەکانی بەردەوام لەزیادبووندایە، وەلێ کۆتایی بە ئەدەبی کاغەزی ناهێنێت، بەڵکوو هاوکێشەکە پێچەوانە دەکاتەوە. جاران بەرهەمە ئەدەبییەکان چاپ دەکران، پاشان دەخرانە ناو فەزای ئەلیکترۆنییەوە، بەڵام ئێستا بەرهەمەکانی ئەدەبی ئەلیکترۆنی سەرەتا لە فەزای ئەلیکترۆنیدا بڵاو دەکرێنەوە، پاشان چاپ دەکرێن، هەندێک گۆڤار و بەرهەمیش هەن لەیەک کاتدا بەشێوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزیی

بەردەست دەبێت وەک (گۆڤاری ڕامان) کە ئەمە کارێکی باشە.

هەروەها ئەدەبی ئەلیکترۆنی، بۆ ئەوەی زاراوە و پێناسە و چەمکەکەی بەگشتی باشتر ڕوون بێتەوە، هێشتا پێویستی بە تیۆریزەکردنی زیاتر هەیە تا لەسەر ئەو بنەمایە ئەدەبەکە لە ئاستی پراکتیکیشدا کاری لەسەر بکرێت. ئەدەبی ئەلیکترۆنی لەیەک کاتدا بۆ ئەدەبی گەلان سوود و زیانی خۆی هەیە، بەڵام سوودەکانی بۆ ئەو گەلانەی کە خوێندنەوە تێیاندا کولتووره و خوێنەرەکانیان لە ئاستی بەرزدان و دەزانن بەرهەمی باش و خراپ لەیەکتر جیا بکەنەوە، زیاترە. زیانی ئەدەبی ئەلیکترۆنی بۆ ئەدەبی گەلانی موسڵمان بەگشتی، لەوانەیش گەلی عەرەب و کورد زیاترە، چونکە ئامارەکان دەریان خستووە ڕێژەی خوێندنەوە تێیاندا زۆر لەخوارەوەیە، خوێندنەوەکانیش زیاتر بۆ کتێبی ئایینی دەکرێن، نەک بەرهەمی ئەدەبی. لێرەوە پێشنیاز دەکەم نووسەر و توێژەرانی کورد و زانکۆکانی کوردستان زیاتر لەسەر ئەدەبی ئەلیکترۆنی کار بکەن و لەسەری بنووسن و کۆڕ و کۆنفرانسی بۆ بکەن، ئەگەر نا ئەم ئەدەبە لە ئایندەدا زیانی بۆ کولتووری نەتەوەیی کورد دەبێت.

### سەرچاوەو ژێدەرەکان:

- الأدب الإلكتروني في الصين، تاريخ التصفح (٢٠٢٤/١/٢٦):
http://www.chinatoday.com.cn/ctarabic/se/201609/01/content_726469.htm
- باللودمو، خديجة، الأدب الرقمي مفاهيم ونماذج أولية، كلية الآداب واللغات، مجلة علوم اللغة العربية وآدابها، جامعة الوادي:
http://dspace.univ-eloued.dz/handle/123456789/14058
- البريكي، فاطمة، مدخل إلى الأدب التفاعلي، المركز الثقافي العربي، المغرب.
- بن حميميد (٢٠١٨)، النظرية النقدية المعاصرة والأدب الرقمي كتاب الأدب الرقمي أسئلة ثقافية وتأملات مفاهيمية لزهور كرام أنموذجا، جامعة محمد بو ضياف بالمسلة، كلية الآداب واللغات، قسم اللغة العربية والأدب العربي.
- البتيري، علي (٢٠١٥) النقد الأدبي والأدب الإلكتروني، موقع (الجزيرة)، تاريخ التصفح (٢٧/١/٢٠٢٤):
https://www.aljazeera.net/culture/2015/8/30/%D8%A7%D9%84.
- بكين تستضيف المؤتمر الصيني السادس للأدب بلس عبر الإنترنت (٢٠٢٣)، تاريخ التصفح (٢٦/ ١/ ٢٠٢٤):
https://arabic.news.cn/20230320/b9f57cfdaef24004916d93b488e6600a/c.html
- البياتي، ياسين خضر(٢٠١٦)، الأدب الرقمي.. أدب المستقبل، تاريخ التصفح (٢٧/ ١/ ٢٠٢٤):
https://alarab.news/%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%AF%D8%A8-
- حمداوي، جميل (٢٠١٦)، الأدب الرقمي بين النظرية والتطبيق، المستوى النظري، الألوكة.
- يقطين، سعيد (٢٠٠٥) من النص إلى النص المترابط مدخل إلى جماليات الإبداع التفاعلي، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء.
- الحسني، ريهام، من الدادا إلى الجافا: الأدب الإلكتروني بين النشأة والتطور، تاريخ التصفح: (٢٠٢٣/٩/١٩):
https://www.academia.

# سەیفولقوزات و "باغی ئارەزوو"ی نەتەوەیی

**یوونس ڕەزایی**
**(بۆکان)**
**(٢- ٢)**

«ڕاستییەکەی سەردەمی مەشڕووتە لە بواری فەلسەفییەوە سەردەمی گۆڕانی ڕوانین و دنیابینییە، ئەویش بریتییە لە گۆڕینی فەلسەفە و بیری بیرمەندانی ئێرانی، لە ناکارامەیی و بێ ئیرادەیی و ژێر چەپۆکەییەوە بەرەو جۆرێک لە مرۆڤخوازی و ئۆمانیسم (هیومانیزم). تایبەتمەندی ئەو شێوە بیرکردنەوەیە بریتییە لە گرینگیدان بە ئیرادە و ویستی مرۆڤ، وەلانانی چارەنووسی ئەزەلی و ئەبەدی و سازکردنی چارەنووس بە دەست و مستی خۆت (موسوی٩٤:١٣٨٦) کۆی ئەو بابەتانە دەکرێ لە سەر شیعری شاعیرانی کوردی ئەو سەردەم قسەی لەسەر بکرێ و ئەو باسە بێتە ئاراوە کە کورد چۆن لەو دۆخەدا خۆی ناسییەوە و زمان و کولتوورەکەی پاراست و نەکەوتە بەر لێشاوی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەستەوە.

بۆ تەتەڵەکردنی ئەو باسانە لە سەر هێندێک لایەنی دیکەی شیعری سەیف و زەمینە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دەدوێم.

- درێژەی ئەو نووسینە بە گوتەیەکی «مامۆستا هێمن» دەڕازێنمەوە، کە لە بابەتی «وەڵامێکی دۆستانە»دا و لەسەر «مەلاساڵحی حەریق»ی نووسیوە: حەریق نەک هەر باشترین شاگردی نالی بووە، بەڵکوو قوتابخانەی نالی بردووەتە موکریان و شاگردی باشی لەو مەڵبەندەی کوردستان تێگەیاندوون، ئەدەب، سەید ڕەشید، عەلی بەگی حەیدەری و سەیفی قازی، کە خۆی خاوەنی قوتابخانەیەکی شیعرییە، هەموو شاگردی حەریق بوون. (هێمن٢٠١٤: ٥٣٢)

ئەگەر ئەو گوتەیەی مامۆستا هێمن وەک بنەمایەک وەربگرین، دەتوانین باسی ئەوە بکەین کە حەریق ئەگەر شێوازی نالی هێناوەتە موکریان و کەسانی وەک «ئەدەب» و «عەلی بەگی حەیدەری» و «سەیف»ی تێگەیاندووە، هەر ئەو شاعیرانە هەر کام بە تێگەیشتن لەو شێوازە خەریکی نووسین و بەرهەمهێنانی دەقی شیعری بوون. شیعری ئەدەب و عەلی بەگ لەو ڕێبازە لای نەداوە و وەک قوتابی لێهاتووی ئەو قوتابخانەیەی حەریق پێی ناساندوون کێشانە و پێوانەکانی ئەدەبییان ڕەچاو کردووە و لەو چوارچێوەیەدا شیعریان هۆنیوەتەوە.

(سەیفی قازی)ش لە بەشی یەکەمی ژیانیدا غەزەلی بەو شێوازە نووسیوە، بەڵام دواتر لەو

ڕێیە لادەدا و ڕچەیەکی دیکە دەگرێتەبەر، هەر بۆیە دەبێ بپرسین بۆچی مامۆستا هێمن ئەو لەو تاقمە مومتازە جودا دەکاتەوە و دەڵێ: «سەیفی قازی کە خۆی خاوەنی قوتابخانەیەکی شیعرییە». ئەو گوزارەیە پێویستی بە سەلماندنە و بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش وەک پێشتر باس کرا، ڕووی ئێمە لە دەقی شیعرەکانی (سەیف)ـە. وەکی لە دەقی شیعری خودی ئەو شاعیرانە و سەرچاوەکانی دیکەشەوە دەردەکەوێ، ئەوان کە بە گشتی موریدی شێخی بورهان بوون، ساڵێ مانگێک لە خانەقای شەرەفکەند خەریکی نوێژ و تاعەت و سەیر و سلووک بوون (ڕوحانی١٣٨٢: ٢٩٣)، لە سەرەتادا ئەو پۆلە شاعیرە هەڵکەوتەیە خزاونەتە ژێر چەترێکەوە، لە خانەقا یەکیان دیوە. هەم لێک تێگەییون و هەم دەقی یەکیان تاووتو کردووە و ئاگاداری هەست و کەشی شیعری یەکتر بوون، بەڵام دواتر چی ڕووی داوە کە یەکیان تاق دەکەوێتەوە و زمان و ڕێبازێکی دیکە بۆ دەربڕین دەگرێتە بەر.

ئەوەی پێویستی بە ئاماژەیە ئەوەیە کە سەرەتا سەرچاوەی ڕۆشنبیری و خوێندن و تێگەیاندنی ئەوانە هاوبەش بووە؛ ئەویش قوتابخانەکەی نالی بووە، ئەگەرچی هەرکام لەوانە بە وردی ئاگاداری شیعری کلاسیکی فارسیش بوون. بۆ وێنە ئەدەب ئاوا دەڵێ:

**ئەی ئەدەب هەرچەندە شیعرت کوردییە ئەمما بە من**
**شیعری تۆ سەبکی کەلامی شێخی شیرازی هەیە**
(ئەدەب١٣٨١: ٨٣)

دواتر هەر لە ناو ئەوانەدا سەیف بە هۆی ئەوەی پێوەندییەکانی لە ئاستێکی دیکەی کۆمەڵایەتیدا وەگەڕ دەخا و ڕوو لە وارێکی دیکە بۆ ژیان و بیرکردنەوە لە کۆمەڵگە دەکا، هەر بۆیە نیگا و ڕوانینی ئەو بۆ کۆمەڵگە و مرۆڤی کورد بە گشتی گۆڕانی بەسەردا دێ.

لە لایەکی دیکەوە پێگەیەک کە لە ناو ئەدیبانی



**سەیفولقوزات**

کوردی موکریاندا هەیبووە، بەشێکی ئەگەر هی زمانپاراوی و کوردیزانی و شاعیرێتی بووە، بەشێکیشی هی ئەو ڕۆڵە بووە کە لە کۆمەڵگەدا گێڕاویەتی، هەروەها ئەو لادانەی لە دەکارهێنانی زمان لە بواری شیعردا لێیان دیوە.

ئەگەر نموونەیەکی بچووک باس بکەم، دەکرێ ئاماژە بە نیشانەیەک بکەم کە مەلا مارف لە قەسیدەی «ڕوو لە سەیفولقوزاتی قازی»دا بە جێی هێشتووە. لەژێر سەردێڕی ئەو شیعرەدا نووسیویە (پیرەمێردی موکریانە). هەر ئەو شیعرەی کە تێیدا دەڵێ:

**گەرچی بەهرە و قسمەتم لەم شارە هەر دەرد و غەمە**
**باز بە قوربانی وجوودی تۆی دەکەم هەرچی هەمە**
...
**کێوی کەللەم وەک دەماوەندە لە خەم خاڵی نییە**
**یا بە تەم مەشغوولە یا مەشموولی هەور و ماتەمە**
...
**هیچ درۆ ناکەم جەنابی سەیف ئەگەر باوەڕ دەکەی**
**بەو خودایەی خالقی کورسی و عەرشی ئەعزەمە**
و...
(کۆکەیی١٣٩٤: ١١٦-١١٨)

لەسەر پێوەندی سەیف و مەلا مارف و بە گشتی شیعری مەلا مارف و پیرەمێرد و کاریگەرییەکانیان لە بەشەکانی دیکەدا زیاتر دەدوێم، بەڵام لێرەدا هەر ئەوەندە باس دەکەم، ئەگەر لەمەڕ پیرەمێردەوە دەنووسن «مێژووی ئەدەبی کوردی کە ئەم شیعرانەی پیرەمێرد دەبینێ ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە پیرەمێرد شۆڕشێکی خستە عالەمی ئەدەبی کوردییەوە؛ شۆڕشی هێنا ناو و ڕچەی شکاند بۆ ئەوەی کە شیعر بۆ جوانیی عیبارەت دانەنراوە، بەڵکوو شیعر دەرد و ئازار، یان خۆشی و ئیشی بازاڕ پێشان دەدا، دەبێ لە عیبارەتێکی سادەی وەهادا بێ کە ناو بازاڕیش لێی تێ بگا و ... (سەججادی ١٣٩٥:٤٥٤) جودا لەو کاریگەرییەی سەججادی باسی کردووە، پیرەمێرد لە باشووری کوردستان لە بواری کۆمەڵایەتیشدا ڕۆڵێکی کارای گێڕاوە. مەلا مارف و هاونەوەکانی چییان لە (سەیف)دا دیوە کە ئەو نازناوەیان بۆ داناوە و ئاوایان ناو هێناوە؟ لادان لە زمانی پێشوو و گۆڕینی ناوەرۆکی شیعر و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی و زۆر بابەتی دیکە هەن کە پێویستە باسیان بکرێ. گومان لەوەدا نییە سەیف وەک مەلا مارف ئاگاداری ڕەوتی نووسینی شاعیرانی باشوور بووە و ئەو باسە لێرەدا دادەکوژێنم و لەوە زیاتری لەسەر نادوێم، بەڵام ئاگاداری ڕەوت و ڕێبازێکی دیکەی سیاسی و ڕۆشنبیری لە ئێرانیش بووە کە زیاتر لەو بەشەی نووسینەکەدا حەول دەدرێ ئەو لایەنە بخرێتە بەرباس.

بە پێی ئەو بەڵگانەی «ئەنوەری سوڵتانی» و «حەسەنی قازی» لە دووتوێی کتێبی «ژیان و شیعری سەیفولقوزاتی قازی»دا خستوویانەتە ڕوو، سەیفولقوزات پێوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ «شێخ موحەممەدی خیابانی» هەبووە. شێخ موحەممەدی خیابانی وەکی سەرچاوە فارسییەکان باس دەکەن، دامەزرێنەر و سکرتێری حزبی دیموکراتی ئازەربایجان بووە، هەر وەها جێگری یەکەمی شێخ موحەممەدی خیابانی «تەقی ڕەفعەت» شاعیر و بیرمەند و زمانزانی ئەو کاتی ئێران بووە کە سەرنووسەر و دامەزرێنەری ڕۆژنامەی «تەڕەقی» بووە.

ڕەوتی سیاسیی ڕووسیا، بە تایبەت شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا سەرکەوتنی، بە دەستی «لینین» و هاوڕێیانی، بەردەوام کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر سەرهەڵدانی بیری شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخواز لە ئێراندا هەبووە و یەکێک لە کاریگەرییەکانی سەرهەڵدانی «حزبی دیموکراتی ئازەربایجان» بە ڕێبەرایەتیی شێخ موحەممەد خیابانی بوو... «ڕەفعەت» وەک دەبیر دووەمی حزب، بەردەوام شان بە شانی شێخ موحەممەد خیابانی حەولی داوە (لنگرودی ١٣٧٨:٥٢)

پاش ئەوەی ئەو بزووتنەوەیە لە تەورێز دەست پێ دەکا، دیارە زۆر دژبەر و دوژمنی بۆ قووت دەبێتەوە، بەڵام ئەندامان و لایەنگرانی ئەو ڕەوتە بە هۆی ئەوەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییان وەڕێ خستبوو، تەنانەت «دەستەی هاوبیری ئازەربایجان»یان دامەزراندبوو کە لە هەموو ناوچەکانی ئازەربایجان نوێنەرایەتی هەبووە و ... کەوتە بەر سەرنجی زۆریەک لە خاوەنڕایانی ئەو کات و دروشمی بەرابەری و ئازادیخوازنەی ئەو بزووتنەوەیە وای کرد بکەونە بیری گۆڕینی ناوی ئازەربایجان و ناو نیشانێکی دیکەشی بۆ دابنێن.

ساڵی ١٢٩٥... «حاجی سمایل ئاغای ئەمیر خزری» کە لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی دیموکراتی ئازەربایجان بوو، پێشنیار دەکا کە چون ئازەربایجان لە ڕێگای مەشرووتەدا زۆری حەول داوە و ئازادیی بۆ ئێران گەڕاندووەتەوە، دەبێ ناوی بنرێ «ئازادیستان»... ماوەیەک

دواتـر لـە پـازدەی جۆزەردانـی ١٢٩٥ دا گۆڤـاری «ئازادیسـتان» دامـەزرا کـە سەرنووسـەرەکەی هەمـان «تەقـی ڕەفعـەت» سەرنووسـەری «ڕۆژنامـەی تەجـەدود» بـوو کـە وەک ئۆرگانـی حزبـی دیموکراتـی ئازەربایجـان بـڵاو دەکرایـەوە. (هەمـان :٥٣-٥٤) ئەگـەر ئـەو بزووتنەوەیـە لایەنی سیاسـییەکەی خەریکی خستنە ڕووی بیری جیاواز لـە پانتایـی ئێرانـدا بـووە، ئـەوە کەسـانی وەک تەقی ڕەفعـەت و هاوبیرانـی لـە هـەر دوو بڵاڤۆکـی (تەجـەدود و ئازادیسـتان)دا خەریکـن ئەزموونـی نوێـی زمانـی و ئەدەبـی تاقـی دەکەنـەوە.

لـە خوێندنـەوەی هەڵوێسـت و نووسـینەکانی ڕەفعـەت دەردەکـەوێ کـە ئـەو ڕاشـکاوانە بـەو ئاکامـە گەیشـتووە دۆخـی تـازەی کۆمەڵایەتـی وڵات ئەگـەر پێویسـتی بـە گرتنەبـەری ڕێبـازی نوێـی سیاسـی هەیـە، هـەر ئـەو دۆخـە لـە بـواری ئەدەبیشـدا پێوسـتی بـە گۆڕانکارییـە و کەرەسـتە و نـاوەڕۆک و زمانـی پێشـوو ناتوانـێ هەڵگـری خـەم و دەربـڕی کەشـی تـازەی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی بـێ. کۆی ئەوانـە وای کردبـوو لـە چەنـد بـواردا جەماوەرێکـی زۆر ڕوو لـەو ڕەوتـە بکـەن.

«هـەر کـەس بـە تێگەیشـتنی خـۆی دەبـووە هاوڕێـی شـۆڕش، بـەڵام هەمـووان لـە شـتێکدا هاوهەڵوێسـت بـوون. ئـەوان لـە ڕەوتـی ڕاپەڕاندنـی کارەکانیانـدا، لـەوە گەیشـتبوون کـە ئەگـەر بڕیـارە خەڵـک لەگـەڵ خۆیـان بکەنـە هـاوڕێ و هـاوڕا، پێویسـتە بـە زمانـی خەڵـک بدوێـن. ئەوانـە لـەو بابەتـە گەیشـتبوون (رد العجـز الـی الصـدر) و وەدواکەوتنـی فەڕوخـی و عونسـووری و عەسـجودی ئیتـر سـەرنجڕاکێش نەمـاوە و بـە تایبـەت ناوەڕۆکـی شـیعرەکانیان پێوەنـدی بـە ژیانـی پـڕ لـە جووڵـە و گۆڕانکاریـی خەڵکـەوە نییە.» (هەمـان: ٣٧)

هـەر بـەو هۆیەیـە کە لـە زۆربەی سـەرچاوەکاندا باس لـە ڕووداوێکـی ئەدەبیش دەکرێ کـە هـاوکات لەگـەڵ ڕووداوە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان خەریکـە پەلوپـۆ دەهاوێژێتـە نـاو کـۆڕ و کۆبوونـەوە ئەدەبییـەکان و بـە هەر دوو باری ئەرێنی و نەرێنیدا قسـەی لەسـەر دەکرێ و هەڵدەسـەنگێنرێ، واتـە «ڕووداوێکـی سـەرەکی لـە دەرەوەی شـیعری فەرمـی (فارسـی)دا خەریکـی ڕوودان بـوو. تاقمێـک لـە ڕۆشـنبیرانی ناسـیاو لەگـەڵ زمانـی فەڕانسـەیی، تێکـڕای شـیعری فارسـییان خسـتبووە ژێر هێـرش و بۆمبارانیـان دەکرد. ڕێبـەر و پێشـەنگی ئـەو شۆڕشـگێڕانە، بیرمەنـدی گـەورە تەقـی ڕەفعـەت بـوو. (هەمـان: ٤٥) ئـەو، گۆڤـاری (ئازادیسـتان)ی دامەزرانـد. گۆڤـاری ئازادیسـتان خـۆی بـە لایەنگـری نوێبوونـەوەی ئەدەبـی ناسـاند ... (ئـەو گۆڤـارە) لـە باقـی گۆڤارەکانـی سـەردەمی خـۆی لەسـەرتر بـوو. ئەو گۆڤـارە سـێ ژمـارەی لـێ دەرچـوو.... (هەمـان:٥٤) دواتـر بـە هـۆی شـکانی هێزەکانـی شـێخ موحەممـەد خیابانـی بـە دەسـتی موخبیروسـەڵتەنەوە... ڕەفعـەت خـۆی شـاردەوە و لـە تەمەنـی ٣١ سـاڵیدا خـۆی دەکوژێ، یـان دەکوژرێ (هەمـان:٥٥)، بـەڵام ئـەوەی لـە سـەرچاوەکانەوە دەسـت دەکـەوێ ئەوەیـە کـە تەنانـەت نەیارەکانیشـیان بـە تێداچوونیـان دڵخـۆش نیـن و مەلیکوشـوعەرا کـە دژبـەری سیاسـی و ئەدەبیشـیانە و وەکـی دوکتـۆر داریـوش ڕەحمانیـان دەڵـێ: «مەلیکوشـوعەرای بەهـار» بـە چاوێکـی ڕەشـبینانەوە ڕوانیویەتـە بزووتنـەوەی جەنگـەڵ و ڕاپەڕینـی شـێخ موحەممـەدی خیابانـی ... و ئەوانـەی بـە بزووتنـەوەی ڕاکـردوو لـە ناوەنـد و جوداییخـواز دەزانـی (رحمانیـان ١٣٧٩:٧٦)، پـاش کوژرانیـان ئـاوا هەڵوێسـت دەگـرێ؛ پـاش کوژرانـی خیابانـی، بەهـار تەرجیـع بەنـدی «خوێنـی خیابانـی» دەنووسـێ و بـە تونـدی هێـرش دەکاتـە سـەر موشـیرودەولە و موخبیروسـەڵتەنە... وەک ئامـاژەی پـێ کرا بەهـار بـە پێچەوانـەی ڕچـە و ڕێبـازی هەمیشـەیی خـۆی، جڵـەوی خـۆی دایـە دەسـت لێشـاوی هەسـتەکانی و نووسـی:

**گر خون خیابانی مظلوم بجوشد**
**سرتاسر ایران کفن سرخ بپوشد**

(همایون کاتوزیان ١٣٩١: ١٣٢)

تـا ئێـره ئاوڕێکـی خێـرا لـه بزووتنەوەیەکـی نـوێ دراوەتـەوە، بـەڵام پرسـیار ئەوەیـە: ئایـا ئـەوە هیچ پێوەنـدی بـه شـیعر و ژیانـی (سـەیف) ـەوە هەیە؟

کۆی ئەو زانیارییانە بە چەند هۆ پێویستن.

**یەکـەم:** وەکـی باسـمان کـرد لـه مابەیـن شـێخ موحەممـەد خیابانـی و (سـەیفولقوزات)دا پێوەندییەکـی دۆسـتانه هەبـووە.

**دووەم:** سـەیف پشـتیوانی ڕەوتی حزبـی دیموکراتی ئازەربایجـان بووە.

**سێیەم:** سـەیف وەکـی چۆن ئـەوان کاریگەرییان لـه شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری ڕووسـیا وەرگرتبـوو لـه ژێـر کاریگەریـی ئـەو ڕەوتـەدا بـووە و وەک نموونـه دەتوانیـن ئامـاژە بـه شـیعری «ئـەوڕۆ حەسـەن پەیامـی دوعـا و سـڵاوییە» بکەیـن. کـه لـه بەشـەکانی دواتـری ئـەو نووسـینەدا، بـه تایبـەت ئـاوڕی لـێ دەدرێتـەوە.

**چـوارەم:** سـەیف ناسـیاویی لەگـەڵ تەقـی ڕەفعـەت دا هەبـووە.

(٣)

وەکـی پێشـتر بـاس کـرا ڕەفعـەت کۆنەخوازانـی ئـەو سـەردەم که لـه دەوری «گۆڤاری دانیشـکەدە» کـۆ بووبوونـەوە و یـەک لـەوان «مەلیکوشـوعەرای بەهـار» دەداتـه بـەر تیری ڕەخنـه و بـەردەوام لـه گۆڤـاری تەجـەدوددا شـتیان لەسـەر دەنووسـێ، دواتـر کـه دەبێتـه بەڕێوەبـەری ئازادیسـتان، ئـەو ڕەوتـه هـەر دەوامـەی هەیـە. وەکـی لەنگـردووی باسـی دەکا کۆنەپارێـزەکان لـه وەڵامدانـەوەی دەستەوەسـتان دەمێننـەوە. هـەر لەو سێ ژمارەیەی (ئازادیسـتان)دا بەرهەمـی سـەیفولقوزات چـاپ بـووە. دوو بەرهەمـی لـه دووتوێـی ئـەو کتێبـەدا بـاس کـراوە کـه «دوکتـۆر ڕەحیمـی سـەیفی قازی» کـوڕی سـەیف نووسـیوەتی و ئەنـوەری سـوڵتانی و حەسـەنی قـازی بەشـێکیان لـه دیوانـی (سـەیف) دا هێنـاوە، بـەڵام کـه لیسـتەی کـۆی بابەتەکانـی ژمارەکانـی (ئازادیسـتان)م دیـت، بـۆم دەرکـەوت کـه سـەیف لـه ژمـارە سـێیەوە پێوەنـدی پێـوە کـردوون و هـەر لـەو ژمارەیـەدا شـیعرێکی بـڵاو بووەتـەوە، بـەڵام ئامـاژە بـەوە کـراوە کـه شـیعری دیکەشـی نـاردووە.

بۆ ڕوونتربوونەوەی باسـەکە، کۆی ئەو بابەتانەی لـه ژمـارە ٣ی گۆڤـاری (ئازادیسـتان)دا چاپ بوون دێنینـه بـەر بـاس: ژمـارە ٣ی ئازادیسـتان لـه ١٢ی ئابـی سـاڵی ١٩٢٠دا چـاپ بـووە. بابەتەکانـی ئـەو ژمارەیـە بریتیـن لـە : نوێبوونـەوە لـه ئەدەبیاتـدا، نووسـینی تەقـی ڕەفعـەت، وتارێـک بـه نـاوی «ئەدەبیـات» لـه نووسـینی «ر. جەلیـل زادە»، پـەروەردەی نەتـەوە وەحشـییەکان؛ لـه نووسـینی ا. عەبدوڵـڵازادە، دنیـای ژنـان لـه نووسـینی هاشـم کەڵانتـەری، دەمەتەقەیـەک، لـه نووسـینی جـام جەمـی شـیرازی، بـەڵام بەشـی شـیعر ئـەو سـێ شـیعرەی تێدایـە؛ شـیعری «مـەداری شـانازی» خاتـوو «شەمسـی کەسـمایی» کـه بـەر لـه نیمـا پێشـەنگی نوێبوونـەوەی شـیعری فارسـی بـووە. شـیعری ...گیانبـازی ر، جەلیـل زادە و شـیعری «شۆڕشـی تەورێـز» بەرهەمـی «ئەبولحەسـەنی سـەیفولقوزات».

دوو ژمارەی پێش ئەوەش هەر شیعری شەمسـی کەسـمایی و تەقـی ڕەفعەتـی تێدایـە. لـه سـێ ژمـارەی ئـەو گۆڤـارەدا، لـه ژمـارە سـێدا شیعری سـەیف دانـراوە و شـیعری دیکەشـی لـەوێ بـووە کـه دیـارە دوای ئـەو ژمارەیـە ڕەفعـەت دەکـوژرێ و ئـەو شۆڕشـەش دادەمرکـێ. ئـەوەی بـۆ ئـەو باسـه گرینگـە، ئەوەیـە کـه «ڕەفعـەت لـەو گۆڤـارەدا (ئازادیسـتان) باسـی خـۆی لەسـەر پێویسـتی گۆڕانـکاری ئەدەبـی بـه ڕاشـکاوی درێـژە پـێ دا و چەنـدان شـیعری خـۆی و لایەنگرانـی نوێخـوازی و گۆڕانـکاری لـه شـیعریدا بـڵاو کـردەوە. ئـەو

شیعرانە بۆ وێنە شیعری شەمسی کەسماییان تێدایە کە یەکەم ژنە ئێرانییە کە شیعری سپی نووسیوە.( کریمی حکاک: ١٣٨٩: ٢٥٥) چۆن بۆ نووسەرانی فارس گرینگە کە یەکەم کەس کێ بووە لەو گۆڤارەدا باسی نوێکردنەوەی تێدا کراوە، بابەتی بڵاو بووبێتەوە، هەر بەو هۆیەش بۆ ئێمە گرینگە کە لەو گۆڤارە نوێخوازەدا کە بە پێی قسەی کەریمی حەکاک «ڕەفعەت شیعری خۆی و لایەنگرانی نوێخوازی و گۆڕانکاری شیعری لە گۆڤارەکەیدا بڵاو کردەوە.» یەک لەو شیعرانە بەرهەمی سەیف بووە.

ئەو شیعرەی سەیف موستەزادێکە بە زمانی فارسی لە سەر شۆڕشی تەورێز. ئەو شیعرە هەم کێش و قاڵبەکەی جیاوازە و هەم ناوەرۆکەکەی لەگەڵ شیعری گۆڕانخوازیی ئەوکاتی فارس تەبایە. دەقی شیعرەکە کە ئاوا دەست پێ دەکا:

**شد ساحت تبریز یکی طرفه بهشتی**
**از سعی تنی چند**
**اهلش شده یکسر همه افرشته سرشتی**
**از نطق تنی چند**

لە کتێبەکەی مامۆستایان سوڵتانی و (قازی)دا هاتووە. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە لەو شیعرەدا سەیف پشتگیریی گۆڕانکاری و نوێخوازی، یان تەجەدود دەکا. پشتیوانی ئازادیخوازییە و دژی زوڵمە و ...، واتە سەیف لەگەڵ ئەو ڕەوتە لە بزووتنەوەی گشتیی فکری لە ئێراندا هاوڕا و هاوڕێ بووە، کە بنەماکانی نەریتی بیرکردنەوەی ئەدەبی کردبووە ئامانج. ئەویش ڕوونترین ئامانجەکانیان بریتی بوون لە؛ سادەکردنەوەی زمان، یان دووان بە زمانێک بوو کە خەڵک تێی بگا، کەمترکردنەوەی جوانکارییە ئەدەبییەکان، ڕەنگدانەوەی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە دەقی شیعردا، ئازادیخوازی و بەرانبەریخوازی، پشتبەستن بە بیری چەپ و عەدالەتخواز کە لەو سەردەمدا بە گشتی بزووتنەوەی ڕادیکاڵ پشتگیریی لێ دەکرد و بیری لێی پاراو دەبوو.

- کۆی ئەوەی لەو ماوەی سەیف ڕەگەڵ ئەو ڕەوتە دەکەوێ زۆر دیاردەی دیکەی لە ژیانی خودی (سەیف)دا بە دوادا دێ. زمانی سەیف ئیتر ئەو زمانە نییە کە حەریق ئەو و «ئەدەب و عەلی بەگی حەیدەری و سەید ڕەشیدی تێگەیاندبوو»، بەڵکوو زمانێکی ساکارە کە دواتر لەو نامانەدا کە بە شیعر بۆ عەزیز خانی دەنووسێ، تا ئاستی زمانی ڕۆژانە دادەبەزن. دووەم ئەوەی کە شیعری سەیف لەو سەردەمەدا شیعرێکی خاوەن گوتاری تازەیە، شیعرێک کە خەریکە ئینسانی کورد لە سیمایەکی دیکەدا دەنوێنێ و مافەکانی دەستنیشان دەکا و تەنانەت بۆ دەستەبەرکردنیان ڕێگا پێشنیار دەکا، با ئەو ڕێگایە بە ئاکامیش نەگەیشتبێ و ئەو باغی ئارەزووەی ئەو دەیوست نەشهاتبێتە بەرهەم، بەڵام ڕێگای ئاوێتەکردنی بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی و تێکەڵ بوون بە ڕەوتی بەرابەریخوازی لە شیعری (سەیف)دا، لێرەوە زیاتر گەشە دەکا، هەرچەند سەرچاوەی دیکەش بۆ بزواندن و تێگەیشتنی سەیف لەو بوارەدا هەبوون و بە جودا باسی ئەوانیش دەکرێ.

لە سەرەتای بەشی یەکەمدا باسی تاک بەیتێکی «حاجی قادری کۆیی»م کرد، هەم لەو شیعرەدا و هەم لە زۆربەی شیعرەکانی دیکەیدا حاجی قادر هاواری کوردێتی، بەڵام با لێرەدا بۆ باسی جیاوازی لە بیری ئەو دوو شاعیرەدا، باسێکی «دوکتۆر ڕێبوار سیوەیلی» لە «کتێبی حاجی قادر» بخەمە ڕوو.

«کتێبی حاجی قادری کۆیی» ڕێبوار سیوەیلی، خوێندنەوەی فەلسەفیانەی ئەزموونی شیعری حاجی قادرە، بەڵام گرینگترین باسی سیوەیلی باسی شوێنە لە شیعری حاجی قادردا. سیوەیلی پێی وایە «هزرینی حاجی قادر بەر لەوەی

ناسیۆنالیستانە بێت لە فۆڕمێکی هوشیارانەی ئایدیۆلۆژیدا، هزرینێکە پێوەندی هەیە بە شوێنەوە، وەک ئەوەی ئەو لە قۆناخی سەرەتایی ژیانیدا بە شێوەیەکی نائاگایانە و لە ئەنجامی ئەزموونکردنی شوێنەوە، کە پاشان بە دەروونیی کردووە و بە جەستەیی کردووە، سەری هەڵداوە. ئەو پێش ئەوەی ناسیۆنالیستێکی نەتەوەساز بێت لە خەیاڵدا، بکەر و خودێکی شوێنناس و ئەزموونکەری شوێنە و هەموو ئەوەش کە ئەزموونی کردووە لە پێوەندی بە شوێنە جیاوازەکانەوە، دەبێتە ژێرخانی بیرۆکەی نەتەوەخوازییەکی تایبەت کە ڕەگەزی خاک (شوێن) بە هەموو ئەو هەستانەی بە مرۆڤیان دەبەخشێت تێیدا باڵا دەستە.

لە لایەکی ترەوە، هەرچەندە حاجی هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ یەکخستنی کورد و سازدانەوەی خەیاڵیانەی وەک نەتەوەیەک، لە ئاستی مێژوویی و زمان و یادەوەری و خاکی هاوبەش و کۆششێکی زۆر دەکات لە کەسایەتییە نیشتمانپەروەر و خەباتکاران و ئەدیبانی کورد لە گشت شوێنێک کە هەبوون، ڕەمزی هاوبەش دروست بکات کە ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا، ڕەخنە و هێرشێکی توندیش دەکاتە سەر نەتەوە و سیمبۆل و میللەتی خۆی و .... شکۆی دەهێنێتە خوارەوە و پرسیار لەسەر چییەتی و ئاگایی ئەو دروست دەکات و بە پەست و نەزان و بێ ئیدراک وەسفیان دەکات؟ ئەو هێرشە، هێرش نییە بۆ دەستە و تاقم و چین و توێژیکی تایبەت، هێرشێکی چینایەتی نییە، حاجی کردبێتییە سەر ئەو چین و توێژانەی لەگەڵیاندا ناکۆک بووە، بەڵکوو ڕووی لە هەموو کوردە:

**لەبەر حیزەبخۆیی و ناتەبایی**
**لە ژێری چیزی حیزان بووینە دۆشەک**
**هەتا وەک ئاگری بن کان لەگەڵ یەک**

**ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان بە پووشەک**
(سیوەیلی ۲۰۲۰: ۱۰-۲۱)

بە دوو شێوە دەکرێ لەسەر ئەو بابەتە هەڵوەستە بکرێ. ئەگەر ئەو بۆچوونە لەسەر حاجی و پێوەندی ئەو بە خاکەوە بە بنەما وەرگیرێ و پێمان وابێ حاجی ئەوەندەی پێوەندی بە خاکەوە و بە تایبەت کۆیەوە قایم بووە کە خۆشەویستیی ئەوی بۆ شوێن گەیاندووەتە ئاستێک بەردەوام باسی بکا و پەسنی بدا و ئەو جۆرە خۆشەویستییە نەک لە چوارچێوەیەکی ناسیۆنالیستیدا، بەڵکوو لە بازنەی نەتەوەخوازییەکی ساکاردا بخوێنرێتەوە، ئەو کات بە بەراورد لەگەڵ ئەو ڕوانگەی دا و بە خستنەڕووی ئاراستەی سەیف، بەو ئاکامە دەگەین، هەرچەند هەر دوو شاعیری بەرباسمان، واتە سەیف و حاجی لە شوێن و نیشتمان دواون و کێشەی ئەو مرۆڤانەیان خستووەتە بەرباس کە هاونەتەوەی ئەوانن، بەڵام سەیف، هەرچەند بەشی زۆری ژیانی لە دێ، واتە گوێگجەلی ژیاوە، کەچی ناوەرۆکی زۆربەی بابەتەکانی باسی شار و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی شارن کە دواتر لە باسی شیعرێک کە بۆ گۆڕانکارییەکانی سەرەتای سەدەی تازە و یەک لەوان لابردنی حیجاب نووسیویەتی، دەگەڕێینەوە سەر ئەو باسە.

لە لایەکی دیکەوە بابەتی دووەم کە لە کتێبی حاجی قادردا ئاماژەی پێ کراوە و بەو بۆنەیەوە حاجی لە چوارچێوەی بیری ناسیۆنالیستی دەخرێتە لاوە ئەوەیە؛ حاجی قادر ڕەخنەی توندی ڕووبەڕووی کورد بە گشتی کردووەتەوە و شکۆی خستوونەتە بەر پەلامار و ڕەخنەکەشی ڕووی لە چینێکی تایبەت نییە، بەڵکوو هەموو خەڵکی کورد دەگرێتەوە. لە نموونەیەکدا کە ڕێبوار سیوەیلی خستوویەتییە بەرباس ئەو بابەتە دەستنیشان کراوە.

لەو بوارەدا سەیف ئەگەر بە توندی (حاجی)ش نەبێ، لە ڕوانگەی ڕەخنەیەکی بنیادنەرانەوە کە خەسار دەستنیشان دەکا و ڕێگاچارەش پێشنیار دەکا، ئەو ئاراستە ڕەخنەییەی هەیە. ئەو بابەتە لە چەندان شیعردا و بە نموونە لە قەسیدەی بە ناوبانگی «کوردینە»دا دەبینرێ.

ئەگەر ڕوانینێکی دیکە سەبارەت بەو بۆچوونەی گۆڕین بخەینە بەرباس، ئەوە دەتوانین بە پرسیارێکەوە بابەتەکە بۆ باسێکی تەسەلتر ئامادە کەین.

چۆنە حاجی قادر و سەیف ئەو پێگە و قاڵبە دەربڕینەی کە هی گوتاری ئایینە، دەقۆزنەوە بۆ پێکانی مەبەستێکی نیشتمانی!؟ حاجی لە وەسفی خودادا ڕووبەڕوو لەگەڵ ئافرێنەری هەستی و ڕووگەی ئەدەبی عیرفانی و ... ئاوا پاساو بۆ ئەوە دێنێتەوە کە بۆ بە کوردی وەسفی خودای کردووە. بۆ ئەوەی «هیچ کەس نەڵێ» بە کوردی مەدحی باری نەکراوە، یان بۆ ئەوەی «هەموو کەس بزانێ» بە زمانی کوردیش کە زمانێکە لە نێو زمانەکانی دیکەی ناوچە و نێو ئوممەتی ئیسلامیدا، مەدحی باری کراوە، واتە ئەو شوناسێکی زمانی جیاواز زەق دەکاتەوە. هەر ئەو کارەی سەیف بە جیاوازییەکەوە لە بنەڕەتدا ئەو پانتاییە دەکاتە گۆڕینی گوتار و ڕەخنە لە بەرابەری لە جیهان و کەوتنەپەراوێزی میللەتێک لە ناو ئومەتێکدا و بانگی بەرابەری و ئازادیخوازی لێ دەدا.

ڕەخنەی هەردووکیشیان لە کورد ڕەخنەیەکە ەەر لە ناو ئەو گوتارەوە ئاراستەی ئەوانە دەکرێ کە هەڵگری گوتاری کوردانە و نەتەوەخوازین. هەردووکیان بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە بنەمایەکی هاوبەش بۆ پێک هاتنی «کوردینە» خەریکە هۆکارەکانی تەوەللابوون و لێکهەڵبڕان دەخەنە بەرباس و ئەو بیرە دەخەنە ڕوو کە ئەگەر کۆوەبوون بە دەوری یەکەوە نەبێ و حەول بۆ ئیتفاق نەدرێ ئەوە هەموو زەحمەتەکانتان «بە پووشەک»، یان وەکی سەیف دەڵێ ئەگەر ئەو ئاراستەیە نەگرنە بەر «ڕاتان دەدەن بە جارێ لە هەورازی بۆ نشێو».

بەڵام ئاراستەی سەیف دیارە بە هۆی ڕووداوەکانی بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئێرانی ئەو کات و بە تایبەت ئەو ڕووداوانەی لە تەورێز هاتنە ئارا و پێوەندی ڕاستەوخۆی سەیف بەو ڕووداوانەوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە بوونی سەیف وەک چالاکێکی سیاسی لە ئاستی هەموو وڵاتدا، وای کردووە ئەو بۆ ڕووداوە گرینگ و هەمەگیرەکانی دیکەش بێدەنگ نەبێ. هەر ئەو خاڵە لەسەر بەشێک لە شیعری (مەلا مارفی کۆکەیی)ش وەڕاست دەگەڕێ و پێویستە بە تەسەلی لەسەر ئەو بابەتەش باس و خواسێکی تایبەت بێتە ئارا.

**ئەنجام:**

سەیفولقوزات لە چوارچێوەیەکی ئەدەبی و لە ناو گوتارێکی ئایینییەوە دەستی بە نووسین کرد. دواتر هەر لەو بنکەیەوە وەرچەرخانێکی لە مەدحییەکەیدا بەدی هێنا. وەرچەرخانێک لە گوتاری ئایینییەوە بەرەو گوتاری نەتەوەیی لە چوارچێوەی شیعردا. سەرچاوەکانی ئەو وەرچەرخانە دوو بواری جودا دەگرنەوە. لەو بەشەی ئەو نووسینەدا ئەو لایەنەی سەرچاوەی بیری گۆڕانخوازیی ئەدەبی و سیاسیی سەیف باس کراوە کە پێوەندی بە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەو بەشە لە ئێرانەوە بووە کە سەیف بۆخۆی بە کردەوە ئەزموونی تێیاندا هەبووە و ناسیاوی لەگەڵ دامەزرێنەرانی هەبووە. گۆڤاری ئازادیستان کە وەک دەربڕی ڕا و بۆچوونی گۆڕانخوازەکانی ئەدەبی ئەو کاتی ئێران ناسراوە، پێگەیەک بووە بۆ (سەیف)یش ناسراوە و دەقی شیعری

**ئـەو وێـڕای دەقـی شـیعری تەقـی ڕەفعـەت و شەمسـی کەسمایی تێدا بڵاو بووەتـەوە، ئەوانەش هەردووکیـان لـە پێشـەنگانی نوێخـوازی ئەدەبـی ئێـران بـوون و وەکـی لەنگـردووی دەنووسـێ: «ڕەفعـەت یەکـەم شـاعیری نوێخـواز بـوو کـە یەکـەم بـەردی بناخـەی شـیعری نوێـی دانـا و ڕۆیشـت و لەبیـر چـووەوە. (لنگـردوی:٥٢) ئـەو کـەش و ئاڵوگۆڕانـە زمانێکـی جـودای ویسـتووە و سـەیف بـە زمانـی فارسـی، بـە کـردەوە لـە چەنـد شـیعریدا هاوڕێـی ئـەوان نووسـیویەتی و لـە کوردیشـدا بـە ئاوێتەکردنـی بیـری نەتەوەیـی و زمانـی سـاکار و هەڵبژاردنـی کێشـی جـوداواز ڕێگایەکـی تـازەی گرتووەتـە بـەر.**

**سەرچاوەکان:**

١ - ئـەدەب، میسـباحوددیوان (١٣٨١) دیوانـی مصبـاح الدیـوان، شـەرح و لێکدانـەوەی محەمـەد سـەعید نەججـاڕی «ئاسـۆ»، ارومیـە: انتشـارات صـلاح الدیـن ایوبی.

٢ - خاتمـی، احمـد و دیگـران (١٣٩٤) بررسـی ناسیونالیسـم ایرانـی و عـرب و بازتـاب آن در شـعر دوران مشـروطیت و نهضـت عـرب، کاوش نامه تطبیقی (مطالعات تطبیقی عربی- فارسی)، سـال پنجـم، شـماره ١٧.

٣ - رحمانیـان، داریـوش (١٣٧٩) چالـش جمهـوری و سـلطنت در ایـران، تهـران: نشـر مرکـز.

٤ - روحانـی، بابامـردوخ، (١٣٨٢)، تاریـخ مشـاهیر کـرد، جلـد دوم، تهـران: سـروش.

٥ - سـەیفولقوزات، ئەبولحەسـەن (٢٠٠٨)، ژیان و شـیعرە کوردییەکانـی سـەیفولقوزاتی قـازی، ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی و حەسـەنی قازی، سلێمانی: بنکـەی ژین.

٦ - سـیوەیلی، ڕێبـوار (٢٠٢٠)؛ کتێبـی حاجـی قـادری کۆیـی، خوێندنـەوەی فەلسـەفیانەی ئەزموونـی شـیعری، چاپـی دووەم، هەولێـر: بڵاوکـراوەی ڕێکخـراوی زەریـاب.

٧ - سـەجادی، عەلائەددین (١٣٩٥) مێژووی ئەدەبی کوردی، مێژوو، ئەدەب، زانیاری، سنە: انتشـارات کردسـتان.

٨ - کۆکەیی، مـەلا مـارف (١٣٩٤) دیوانـی مـەلا مارفـی کۆکەیـی، کۆکردنـەوە و شـرۆڤە ماپـەرە لاهیجانی، نووسـەر: مەهاباد.

٩ - کریمی حکاک، احمد، (١٣٨٩)، طلیعه تجدد در شـعر فارسـی، چـاپ دوم، تهران: انتشـارات مروارید.

١٠ - کرمـی، محمدحسـین و دیگـران، (١٣٨٧)، بررسـی تطبیقـی تحمیدیەهـای چهـار لیلـی و مجنـون (نظامـی، امیـر خسـرو، جامـی، مکتبـی)، نشـریه علمی پژوهشـی گوهـر گویـا، سـال دوم، شـماره ٧.

١١ - کۆیی، حاجی قادر (١٣٩٠) دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانـەوەی سـەردار حەمید میران و کەریـم موسـتەفا شارەزا، سنە: انتشـارات کردسـتان.

١٢ - لنگرودی، شـمس (١٣٧٨) تاریـخ تحلیلی شـعر نـو، جلد اول، تهران: نشـر مرکز.

١٣ - موسـوی، سـکینه (١٣٨٦) بنیـاد ناسیونالیسـم در شـعر مشـروطه، تهـران: مجلـه رودکـی، شـماره ١٨.

١٤ - هێمـن، (٢٠١٤)، سـەرجەم بەرهەمەکانـی مامۆسـتا هێمـن، چاپخانـەی هەولێـر.

١٥ - همراه، رضـا، (٢٠١٨ )، میرزا تقی خـان رفعت، مجلـه آزادیسـتان،

.(www.adfmk.com)

١٦ - همایـون کاتوزیـان، محمـد علـی(١٣٩١) ایران جامعـه کوتـاه مـدت و ٣ مقالـه دیگـر، ترجمه عبدالله کوثری، تهران: نشـر نـی.

# حەسیب قەرەداغی بە قەڵەمی خۆی ژیننامەکەی دەنووسێتەوە

ئا: ڕامان

**من کێم؟**

حەسیبی کوڕی شێخ عەلی شێخ عەبدولڕەحیم، لە بنەماڵەی مەردۆخییەکانی قەرەداخ، باوکم و باپیرم و باپیرە گەورەم و... تاد مەلا و زانای ئایینی بوون، لە دێی سۆڵەی ڕۆژهەڵاتی قەرەداخ هاتوومەتە دنیاوە، لەماڵێکی هەژار، لە ساڵی (١٣٥٣ک - ١٩٣١ز) سۆڵە، شێخ نشینی (تەریقەی قادری)یە.

باوکم مەلا و سەر ذاکر بووە، من لەو جیهانەدا، کە جیهانی دینداری و دەروێشی و خواپەرستی بوو لەلای باوکی خۆم و فەقێیانی ئەوێ فێری خوێندن کراوم، هەوەڵ کتێبی کوردی کە پێم وێژراوە ئەحمەدی و ئیمان ئیسلام بووە کە هەردووکیان هۆنراوەن (نظم).

باوکم لە شیعری شاعیرانی وەکوو سەعدی شیرازی و حافظ و کەلیمی هەمەدانی و نالی و شێخ ڕەزای تەڵەبانی زۆری لەبەر بوون، جگە لە شیعرە ئایینییەکانی عەرەبی وەکوو (قصیدەی بردیة) و (قصیدەی مرضیة) هەر لە منداڵییەوە بە شیعر گۆش کراوم و بە شیعر فێری وشەی عەرەبی و دینی ئیسلام و (صرف و نحو) کراوم، باوکم ئەیوت شیعری باش وەکوو ئایەتی قورئان ئەچەسپێتە دڵ، منیش کە هۆشم کردەوە ئەموت ئاخۆ قورئان شیعر نییە؟ کە لووتم بە ئایەتی (ولاهو بقول شاعر مجنون)دا تەقییەوە چاوم بوو بە چوارچێوە بۆ ئایەتی (والشعراء یتبعهم الغاوون، الم تر انهم فی کل واد یهیمون وانهم یقولون مالا یفعلون)، بۆیە گومانم لە قسەکەی باوکم پەیدا کرد ((شیعری باش وەکوو ئایەتی قورئانە ئەچەسپێتە دڵ))، هەتا نێردرامە قوتابخانە، یەکسەر لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی قبووڵ کرام، سەرلەنوێ لەگەڵ شیعردا دۆستایەتیم پەیدا کردەوە.

مامۆستایەکمان هەبوو زۆری حەز لە سرووده کوردییەکان ئەکرد، هەمووی بە ئاوازەوە پێ لەبەر ئەکردین و خۆیشی گەلێ جار شیعری قانع و زێوەر و (بێکەس)ی بۆ ئەخوێندینەوە، ئا لێرەوە شیعر وتن، یا بڵێین وشە هۆندنەوە بوو بە خولیام، ئەوەندەیان زانی، هۆنراوەیەکم لە ڕیزی بەیانییەکدا خوێندەوە، ((ئێمە، قوتابی

سۆڵەی موقەدەس ئازا و دلێرین باکمان نییە لە کەس)) مامۆستاکەمان قۆستییەوە و ئاوازی یەکێک لە سروودەکانی پێ بەخشی و بوو بە سروود بۆ قوتابیانی قوتابخانەکەمان، ئیتر لێرەوە هەنگاو هەنگاو خۆم کوتا بەرەو ژوور، هۆنراوەم بە کچە سادە و ساکارەکانی دێکەماندا هەڵئەداو گوێیان بۆ شل ئەکردم و جار جاریش بەنازەوە چەپۆکێ، یا مشتەکۆڵەیەکم ئاراستە ئەکرا.

(من و یار) ناوونیشانی هۆنراوەیەکە لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا وتوومە، ١٩٤٦.

**سەلاوێ بۆ تۆ بووکی نەوبەهار**
**ئەی نازک بەدەن باڵا وەک چنار**
**ئەی ماهـ جەبینی ئەبرۆ چون کەوان**
**ناز(د)اری بێ گەرد، سالاری زەمان**
هەتا دێت ئەڵێ..
**درۆیە نییە بەندیی بێ عەیب**
**انت برهان و ما فیک ریب**
**کەرەم کە ماچێ لەیلی نازەنین**
**فلا یضاع اجرا المحسنین.**

ڕەنگە ئەم وشە عەرەبییانە گومان بخاتە دڵتانەوە، نەخێر نابێ وابێت، چونکە من ئەو ساتەش وازم لە خوێندنی مزگەوت نەهێنا بوو، من ئەو ساتە کتێبی (کافیە)م ئەخوێند کە بریتییە لە پوختەی نەحو و صرفی عەرەبی و چەند کتێبێکی شەرعیشم تەواو کردبوو، باوکیشم قورئانی بە (تجوید)ـەوە لەگەڵم دەور دەکردەوە، گەلێ سوورەت و ئایاتی تایبەتیم لەبەر بوو.

هەر لەم دەوروبەرەدا بوو مامۆستایەک بۆ یەکەم جار نووسراوێکی پێچراوەی دا پێم وتی ئەوە بۆ خۆت بیخوێنەوە و مەیدە بە کەس، بردمە پەنایەکی مزگەوت و کردمەوە، دیم لە سەرەوەی یەکەم لاپەڕەی وا نووسرا بوو بە



**حەسیب قەرەداغی**

خەتێکی گەورە و سوور (ئازادی) باسی تەموین و دزەکانی دام و دەسگای ئەوکاتەی ئەکرد، کە چۆن لە دزی کردنی ئەو مستە جۆ و چنگە شەکرە و گەزواویلەی هەژاران خۆیان قەڵەو و پۆشتە ئەکەن. شیعرێکی تێدا بوو هەر یەکەم دێرم لەبەرە

**تۆ لێمی قبوڵ..**
**ئەو مامۆستایە ئێستە نەماوە**

ئەتوانم بڵێم ئەوە یەکەم شیعری سیاسی بوو کە دیم و نووسراوەکە (ڕۆژنامەکە) خولیایەکی کەی دامێ، هەژار، برسێتی، ڕووتی زۆر، شەڕ، ئاشتی، ئەم کەرەسە تازانە لە ئاستیاندا واقم وڕما، هەر لە دوای ئەم، هەمان مامۆستا ڕۆژێک کتێبێکی دامێ کە ناوی (گەلاوێژ) بوو، یەکسەر بۆ شیعر گەڕام تێیدا، بێبەش نەبووم، لە بیرم نایەت کام شیعر بوو ئەوەندە ئەزانم شیعری فائق زێوەر بوو، لێرەوە گیانێکی کە هات بە بەرما و شیعر شتێکی کە بوو کە لێی تێنەگەیشتبووم، هۆشیاری سیاسیم لە سنوورێکی تەسکدا مایەوە، کابرایەکی دەنگ خۆش هەبوو لە دێکەمان ناوی خەلیفە حەمەغریب بوو، دڵتەڕ، دەروێش، خولیا، دەنگ خۆش نیمچە خوێندەوار

ئاڵوگۆڕکەر، دیوانەکانی مستەفا بەگی کوردی و مسباحولدیوان و وەفایی و (سالم)ی هەبوون، زۆری شیعرەکانیانی لەبەر بوو، بە دەفەوە، بە ئاوازی خۆشی دەروێشانەوە دەیخوێندنەوە، ئەمانە کاریان تێکردم، منیش خووم دایە شیعرەکانی کوردی، مەولەوی، تاهیر بەگی جاف، قانع، زۆریان شەیدا بووم، بە ڕێ و جێی ئەواندا کەوتمە تاووتووکردنی وشە و هۆندنەوە لە ١٩٤٨/٥/٢٥دا.

**مژدە بێ نازدار مژدە بێ نازدار**

**مژدە بێ گوڵ جوانی نەوبەهار**

لە ١٩٤٩/٦/٢٥دا ئەڵێم:

**دە ئامادە ببە خامە وەکوو کۆر بێرەناو کایە**

**لقد تار هوى الحب وحان وصف ليلى ي**

**بە ئەشکی چاوی خوێنینم ئەتۆ سوورکە سەری نێشت**

**خصوص بۆ مەدحی ئەو یارەی نموونەی صنعتی خوایە**

**بە شیرینی خەتی سوورت بنووسە وەحیی دڵداری**

**لأنساني هواها اليوم دنيا وعقباي**

هەتا ئەڵێم:

**بەلەفظی خۆش و شیرین وتوویە بۆ مەمە و سینەی**

**فصدري من طباق الثبر تفاحان ثدياي**

**وتی کول بوو حەسیب خامەت تەواو بوو خوێنی ڕێژراوت**

**فكف عن وصفي اليوم، فاقبل ذات خداي**

*** لە گردی هۆش و ئەفکارم خەیاڵی شەو هەتا ڕۆژی**

**دەمم هێلانەیی تەیری وەی و ئامانە بۆ تۆ**

**لەبۆ دەفعی بەلا و دەردت وەیا چاوی حەسوودانت**

**سەرم بێ کولفەت و پارە سەری قوربانە بۆ تۆ**

هەتا ئەڵێم:

**زەمانێکە کە لێم دووری بەجارێ مات و بێ هۆشم**

**دڵ و جەرگم لەگەڵ سینە هەمووی بوریانە بۆ تۆ**

**قەسەم بەو پەرچەمی ڕەشتەو قەسەم بەو ڕوومەتی گەشتە**

**موحیبت وێڵ و داماوی کەژ و هەردانە بۆ تۆ**

هەتا ئەڵێم:

**دڵم خەزنەی موحەبەتتە دەماغم عەرشی هەیکەلتە**

**گلێنەی چاوی پڕ ئەشکم وەکوو دێوانە بۆ تۆ**

**تەیی سەحرایی کوبراو و وڵاتی چین و هیندستان**

**بە پێ گەر وەصڵی تۆی تیابێ لەلام ئاسانە بۆ تۆ**

**کە تۆ بۆ من حەرام بوویی فەقیری بوو بەهۆی گیانە**

**ببیت یاخود لە هەر لابیت حەسیب حەیرانە بۆ تۆ**

**بە تیری چاوەکەی لەیلی جگەر ئەمجارە بچراوە**

**بە پاچی عەشقەکەی شیرین قەڵای حب ئەمرۆ ڕووخاوە**

**حەسیب هێشتا بۆ تۆ نابێ وەکوو خەڵکی لەلای باوە**

**کە طاهر قوڕ بەسەر ماوە سەراپا غەرقی خوێناوە**

**ئەڵێن دووبارە کوژراوە طبیبی حاذقان بابێ**

**سەرم قوربانی ئەو گەنجەی کە ئاواتی بولوندی ئەو**

**عیبارەت بێ لەوەی هەردەم کە میللەت ویستی بێ گیان بێ**

هەتا...
هەزار پەیمان و کورسی بەرز هەزاران سەفتەیی کاغەز
بەرانبەر عەشقی میللی ئەو وەکوو پووشێکی بێ دان بێ
ئەگەر عیلم و هونەرمەندیی بکات قۆچان لەگەڵ ڕۆژا
لەگەڵ فەخرا قبووڵی کا، کە هاوڕێزی کەساسان بێ
کە هات و میللەتی بانگ کرد ئەبێ گشتمان وەها و وابین
مەبەستی ڕەهنمایی بێ نەوەک میللەت فریب دان بێ
کە ڕۆژی شۆڕشی میللی لە ئاسۆی ڕەنج و تێکۆشین
طلوعی کرد بەبێ سستی چەتەی سەر شاخ و هەردان بێ
هەتا...
بە کورتی هەیکەلی حوب و وەفا و ئیخلاص بێ بۆ میللەت
نەوەک چاوی لە کورسی بێ وەیا چاوی لە سامان بێ

موژدەبێ مایەی ئیمان و دینم
موژدە بێ داخی دڵی غەمگینم
موژدە بێ باڵا سەرووی ناو چەمەن
موژدە بێ خاوەرە شیرینی ئەرمەن
موژدە بێ باخی ژیان و ژینم
موژدە بێ لەعلی، لەعلی نوورینم
هەتا ئەڵێم:
مەرحەبا بکەی یا نەیکەی گیانە عاشقت بەخوا هەر پاسەوانە
تا ڕۆژێ ئەمرێ هەر چاوەڕوانی...
ویصاڵی تۆیە ڕەنگە بزانی

بۆ خوات پێ ئەڵێم ئازیزم نازدار
مەئیووسی مەکە (حەسیبی) غەمبار

لە ١٩٥٣/٤/٢٥دا ئەڵێم:
لە شاری عەشقی پڕ شۆرم دەمی گریانە بۆ تۆ
بە جارێ چاوگەکەی ئەشکم وەکوو سیروانە بۆ تۆ

لە ١٩٥٣/٥/١٠دا ئەڵێم:
تێ پەڕیم ئەمڕۆ بە نزدیک ماڵی لەیلی دەربەدەر
دیم کە (چۆڵە) خۆم لە قوڕنا هەر لە پێ تا تەوقی سەر

لە ١٩٥٢/١١/٢٠دا
پێنج خشتەکی لەسەر شیعری طاهر بەگ
لە دەوری هەیکەلی خەستەم دەبا دەنگی ئەمان با بێ
نەمانی دۆست و ئەحباب و ڕەفیقی هەم چونانە با بێ
لەگەڵ سۆزی نەی و قانوون لەگەڵ ناڵەی کەمان با بێ
لە دەوری پیری مەیخانە سەدای موتریبیان با بێ
لە تاریکی شەوی هیجران چرای دەفعی غەمان با بێ

لە ١٩٥١/١٢/٢دا
پێنج خشتەکی لەسەر شیعری (مەحوی)
لە دەردی من سەراسیمەن هەموو بێهۆش و هۆشیارێ
شەوی زاری من دیوە هەموو ئەشکەوت و بن دارێ

**بە حاڵی من نەبێ خوایە چ دێوانە و گرفتارێ**
**لەڕێی ئەو شۆخەدا خۆم کرد بە خاک پێی پیا نەنام جارێ**
**دەسا خاکی هەموو عالەم بەسەر خۆمدا نەکەم چ بکەم**

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە من لە ساڵی ١٩٥٠- ١٩٥١دا ناوەندیم تەواو کرد، دوای ئەوەی لە (دارالمعلیمنی ریفی) لە محاویل دەرکرام بەهۆی مانگرتنەکانی ساڵی ١٩٤٨وە، بەهۆی چەرمەسەری ئەوکات و ساتەوە نەمتوانی بخوێنم، چوومەوە دێیەکەی خۆمان، لەوێ دەرسم بە منداڵە شێخەکان دەوتەوە، جارێکی کە دنیای دەروێشی و خواپەرستی و کتێبە گەورەکانی شەرع و صرف و نەحو و فەلسەفەکانی غەزالی باوەڕەکانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی دایان گرتمەوە، بەڵام هۆشیاری سیاسیم لە گل نەکەوت.

لە ١٩٥٣/٣/٢٨دا ئەڵێم

**سەرم قوربانی گەنجێ بێ کە بۆ میللەت بە قوربان بێ**
**سەرم بۆ تیری بەدخوداهی وەتەن دایم بە قەڵغان بێ**

لە ١٩٥٣/١١/٢٠دا ئەڵێم:

**ئەی کرێکاری نەبەرد و کاکی جووتیاری هەژار**
**ئەی زەلیلانی چەپۆکی خوێنمژانی شەرمەسار**
**ئەی کەسانی دیل و بەندی زۆر و سوخرەی بێ شومار**
**ئەی ڕەفیقانی زەبوونی میری دەشت و حوکمی شار**
**ماوەیێکە بەشخوراوین سا بەس بێ کۆششێ**
**بۆ نەجات و بەختیاری ڕاپەڕینێ شۆڕشێ**

لە ١٩٥٣/١٠/١٢دا لە قۆپی قەرەداخ، لە کۆبوونەوەیێکی جووتیاراندا ئەڵێم:

**دە نامەردت نەکەن جووتیار برای بەدبەخت و بێچارە**
**لە ڕەنجی خۆت و خێزانت غەریب و دوور و ئاوارە**

هەتا ئەڵێم:

**وەکوو شێری نەبەرد هەڵسەو بناڵێنە و بنرکێنە**
**قەڵای میر و بەگ و ئاغا و مەزاری شێخ بڕووخێنە**

هەتا ئەڵێم:

**سیلاحی تیژت ئیمان بێ بە حەق و قیمەتی ئینسان**
**نەکەی لادەی لەڕێ هەرگیز نەدۆڕێنی حەق و ئیمان**

لە ١٩٥٥/١١/٢٥دا ئەڵێم

**با خەوی غەفڵەت بەس بێ ئەی گەلی مەردی عراق**
**ڕۆژی یەک بوونە دەخیلە، لابەرە کینە و نیفاق**
**اشرقت شمس النضال حان یوم الانطلاق**
**والی الثورة صفا یا جیوش الانعتاق**

هەتا ئەڵێم:

**دوژمنت چینێکە ئەمڕۆ چەند سەگێکن پاسەوان**
**خوێنی پاکی تۆی گەلاو کرد بارەها چڵپەی ئەوان**
**هب الی الثأر جریئا یوم تاتیک الأوان**
**والی الثورة صفا یا جیوش الانعتاق**

بەم چەشنە دەڵێم:

**ئەمڕۆ ڕۆژی هەوڵی سەختە، چوونە ناو کۆڕی خەبات**
**ڕۆژی خۆبەخت کردنە بۆ میللەت و بیر و وڵات**
**یوم نشدان الاسلام والوئام والحیاة**
**والی الثورة صفا یا جیوش الانعتاق**

*

من لە ساڵەکانی ١٩٥٠- ١٩٥٨ پێش شۆڕشی

چواردەی تەممووز، ئاوا لەگەڵ شیعردا مامەڵـەم ئەکرد، بەشی دڵی خۆم بەشی دڵی خەڵک، بەشی ئازاری خودی خۆم، بەشی ئازاری خەڵک، گۆرانیم دەوت بە شۆڕشی گەلی چین، بۆ کۆریا، بۆ ماوماو، بۆ پاڵەوانەکانی گەلی ئێران دوای ڕووخاندنی حکوومەتی دوکتۆر موصەدەق، بۆ ئاشتی، کە گۆرانی سەر زمانی گەلان بوو ئەو کاتە.

له ١٩٥٤/١/٥دا ئەڵێم:

**داڵە کەرخۆری سەری پیس وا لە برسا لەڕ بووە**
**باڵ شکست و لات و لاواز بێ پەڕوپۆ و گەڕ بووە**
**وا بەسەر لووتکەی ژیانێ تووشی بای سەرسەڕ بووە**
**گوێی بەشەر ئەمڕۆ بەجارێ بەدەنگی ئەو کەڕ بووە**
**کۆتری ئاشتی سەد ئەوەندەی تر بەناز و فەڕ بووە**
**ئەو گەلەی ئەوسا ئەترسا وا بە شێری نەڕ بووە**

شیعر لای من ئەو کاتە (کلام موزون مقفی منبعث عن العاطفة) بوو.

له شیعر زیاتر هیچم لەسەر شیعر نەخوێندبووەوە، تەنیا شیعری کوردی و چەند نامیلکەیەکی فارسی کە بە منداڵی خوێندبوومنەوە و ئەو دەق و شیعرە عەرەبییانەی کە لە قوتابخانەدا خوێندبوومن، نەمئەزانی شیعر فەلسەفەیە، شیعر ژیانە، شیعر جموجووڵ و تێکۆشانە، شیعر جوانی و دەربڕینە، شیعر خەندە و ئەسرینە، شیعر چەک و دارە، شیعر چقڵی چاوی زۆردارە، شیعر بۆ خەڵکە، بۆ دەوروبەرە، شیعر فرستاد و ڕابەرە، شیعر خۆی بۆ خۆی پاڵەوانێکی تێکۆشەر و جەنگاوەرە. بەجێهێشتنی لادێ و هاتنم بۆ شار و گەڕانم بە دوای ئیشدا بۆ ژیان و نزدیک بوونەوەم لە هێزە نیشتمانییەکان و وەدەستهێنانی دەرامەتێکی هەر چۆن باشە بۆ خوێندنەوە، لەساڵی ١٩٥٤ بەم لاوە زیاتر چاوی کردمەوە و زیاتر لە شیعری سیاسی نزیک کردمەوە، ئەمە حاڵ بوو هەتا ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، ئەو تینە کوتوپڕییەی کە ئەو شۆڕشە خستییە ناوەوە، ڕەوتی شیعری کێش کرد بە لای واقیعیەتی دەقاودەقەوە، شیعر بوو بە جووینەوەی شیعار و هاندانی خەڵک بۆ پشتگیری کردن لەو شۆڕشە و پڕوپاگەندە بۆ حیزبایەتی، لە دوای ئەوەی کە شۆڕشی ١٤ی تەمووز پێیدا چوو، کەوت بەم لا و (ئەو) لادا، هەتا بە تەواوی ڕۆچوو، منیش وەک خەڵکی دی تووشی گێرمە و کێشە بووم و کەوتمە دەست بەندیخانەکان، هەتا لە (سەلمان پاک) بارم لێ خست، بۆ ساڵێک و دوو مانگ لە شوباتی ١٩٦٤وە هەتا نیسانی ١٩٦٥ دنیایەکی نوێم لە ئەدەب و شیعر و سیاسەت بەرچاو کەوت، گوێم لە شیعری نوێ بوو، گوێم لە چیرۆکی نوێ بوو، شیعر ئەو هەناسەیە بوو کە شەیداکانی ئازادی و ئاشتی هەڵیان ئەکێشا، شیعر سیحری ژیان و خۆڕاگرتن بوو.

له بەندیخانەی سلێمانی بەهاری ١٩٦٣

ئەی دەنگ خۆش، لە١٩٦٣/٤/٢٠ هاتە دنیاوە

**سکاڵامە برای دەنگ خۆش لەلای تۆ**
**لەلای سۆز و چریکە و لای سەدای تۆ**
**بەرەو هەر کوێیە ئەڕوانم زەبەنگە**
**نەڕێ دیارە نە کاروانە نە دەنگە**

هەتا ئەڵێم:

**بەهار و باخی ئەمساڵم خەزانە**
**وەکوو بێژی لە ساڵ ساڵی نەمانە**
**نە گوڵ دیارە لەبەرچاوم نە چیمەن**
**نە لووتکەی شاخ نە ئاسۆیەک نە دیمەن**
**نە گوڵزارێک نە سەیرانگا و سەراوێک**
**نە شۆخێکی گەنم ڕەنگ و نە چاوێک**
**نە بۆنم کرد وەنەوشەی شین لە باخا**
**چنووریشم نەدی بڕوێت لە شاخا**
**نە لێوێکی تەڕ و ئاڵم مژیوە**
**نە پەلکی خاو لەسەرووی من لەریوە**
**ئەوەی خۆشی بدا خۆشی خەمینە**

**دەسی سەد مەینەتی ئەمڕۆی لە بینە**

لە ١٥/٤/١٩٦٤دا، یەکەم هۆنراوەم لە سەلمان (پاک) بەناوی لە ژوورێکی تاریکا هۆندەوە و لێرەوە ئەو خەتەی کە بە شۆڕشی ١٤ی تەمموز گرتبووم بۆ شیعر هۆندنەوە بەجێم هێشت. ئەم هۆنراوەیە، لە ساڵی ١٩٦٦دا، لە (ڕۆژنامەی برایی)دا بڵاوکراوەتەوە، بۆنەی تێکۆشانی گشتیی جیهانی بۆ ئازادکردنی بەندە سیاسییەکان.

**ڕۆیی لەگەڵ هەموو هەستم**
**بەشیشی دەرگای ڕەوە**
**شل بوو دەستم**
**ئاسمانی مۆڕ**
**بەفر و باران**
**بایشی ئەهات بە سۆڕە سۆڕ**
**کەلەبچەیان کردە دەستم**
**هەر ئەڕۆم و ڕائەوەستم**
**دیم هاتەوە، لە دوورەوە**
**بەڕوومەتێکی سوورەوە**
**تەڕوبڕ و گیان قوڕاوی**
**بە بازرەقە خۆی ئەهاوی**
**ڕوانی پیاما بێ دەنگ وەستا**
**هەرکە بینی من کەلەبچەم وا لە دەستا**
**شان بە شانم**
**بەرەو پاسە شکاوی شڕ**
**هەنگاومان نا وەک کاس و وڕ**
**با، توند ئەبوو**
**قوڕ و چڵپاو بە توێژاڵی**
**بەفری سپی وردە وردە هەرون ئەبوو**
**منیان ئاخنیە ناو پاسە**
**لام کردەوە**
**هەڵی کێشا یەک هەناسە**
**ملی کز کرد بەرەو دواوە**
**بە چاوی کاڵی فرمێسکین**

**هەر ئەڕۆیی و**
**ئاوڕێکی لێم ئەداوە**

لە ١٠/١٢/١٩٦٤ هۆنراوەی (ئەی ڕۆژ) لە (سەلمان)دا هاتە دنیاوە، یەکەم شیعری ڕەمزیم بوو لە ساڵی ١٩٦٧ لە (ڕۆژنامەی برایی)دا بڵاوکراوەتەوە.

**ئەی ڕۆژ شەوی تار پەنگی خواردەوە**
**ئاسۆی دەم کەلی ئەوە شاردەوە**
**پەنجەرەی لەسەر شاری سەد ئاوات**
**وا داخستووە کە وازی نەکات**
**وا باڵی ڕەشی خۆی داهێشتووە**
**توێ بە توێی ئەرزیش تامی چێشتووە**
**باخچەیە چیمەن بەپێی پێ پەستە**
**گوڵ سیس و ماتە گیانی بێ هەستە**
**سەرچاوەی ڕوونی پڕ لە موورووی چەو**
**یاری کشتوکاڵ ئاسک و گەلە و کەو**
**وەکوو فرمێسکی مەنگی بێ خوڕە**
**دەراوی گورگ و کەمتیاری دڕە**
**پەرچەمی داری بەژار داڕزان**
**گەڵای هەڵوەران بێ دەردی خەزان**
**لە کوندەبەبوو بەولاوە مەلێ**
**دیار نییە سۆزێ بخاتە پەلێ**
هەتا ئەڵێم..
**ئەی ڕۆژ ئەو شەوە تاڵ و گرانە**
**ئاشی تاریکەی هەر لە پێ و دانە**
**وا دڵۆپ دڵۆپ ئەستێرەی ئاسمان**
**ئەلێسێتەوە بەلایەک زمان**
هەتا ئەڵێم
**ناو چاوی مۆڕی هەر هەوری دێنێ**
**ئەی ڕۆژ بڕوات بێ خوێنێ ئەڕژێنێ**
..
**ئەی ڕۆژ ئەم شەوە درێژەی کێشا**
**جەستەی ژیانی سڕ کرد لە ئێشا**
**کام خەوی خۆشە، شەویە و هاڵە**

کام پێکی مزرە، ژاراوی تاڵە
ئەوەندەش داخی شەومان کرد بە شێو
کاسەی ئارامیش پڕ بوو هەتا لێو

***

سا لەسەر باڵی سیمرخی خەبات
هەڵ بێ لە ئاسۆی بڵندی وڵات

***

خونچەیەک وا شەو ئاوی ڕووی مژی
بیگەشێنەوە وەکوو گوڵ بژی
ئاڵای خەمگینی بە خوێن ڕەنگ کراو
بە خوڕەی قاقای پڕ کات دڵ و چاو
بیڕێژی بەسەر لێوی برینا
بە گوێی فریشتەی خەواڵووی ژینا
بیبووژێنەوە بە هار و جوانی
بزەی سەرلێو و خەندەی بەیانی
دڵدارانی تۆ لە سەیرانگەی ژین
دێنە ئاهەنگ و بەزم و هەڵپەڕین
سەد پێک هەڵ ئەدەن لەو چاوە کاڵە
شەویش بێ ئیتر هەر کەرنەڤاڵە

دوایی لە زیندان دەرهاتم، ١٩٦٥ بێ ئیش و کار، خاوەنی ماڵ و منداڵێکی بێ دەرەتان، شارێکی نیوە خاپوور، خەڵک و خوایە بێ بەزەیی و بێ دەروون، ڕووم کردە بەغدا، ئیشێکی هەر چۆنم دۆزییەوە، ماوەی (٣) ساڵ و نیو هۆی ژیانی خۆم و ماڵ و منداڵم بوو، ئەم ئێش و ئازارە، ئەو ناپەزێرییەی لە شارەکەی خۆما بەرەنگارم بوو، هۆنراوەی (هۆنەر ئەگری) هێنایە دنیاوە:

دەسا ڕێگەم بدەن خەڵکە لەگەڵ خۆما کەمێ بدوێم
وەکوو فرمێسکی چاوی خەم بەسەر دڵما کەمێ بڕژێم
کەمێ بروانمە ئەو ڕێگەی کە پێم تیاگرت و پیاهاتم
هەتا ئێستاش سەری نەی دا لە دەرگای شاری ئاواتم
بەهارێکی نەبوو ژینم بڵێم خۆشە بەهار وابێ
لەگەڵ بووکی هیوا، خۆزگەم نەدی جارێ بەزاوا بێ
بەرەو هەر چاوگەیەک چووبم لە تینوانا دەمێ تەڕ کەم
لەبەر شاڵاوی گورگ و سەگ نەشمتوانیوە ڕێ دەرکەم
شنەی سەرئاو و ناو باخێ نەبوو گیانم ببزوێنێ
چرۆی بەخت و هیوای جوانیم بە ئەسپایی بپشکوێنێ

***

بەیانی لێوێ نەی باران شنە و ئاونگ بەسەر لێو ما
بەسەر گیانی بوزڕکاو و بەسەر باڵای چڵ و چێو ما
دڵۆپێ مەی چییە نەمچێشت لە جامێکی تەڕ و ئاڵا
لەگەڵ یارێ لە گوڵزارێ، لە کوێستانێکی خاڵ خاڵا

***

لە ئاراما ئەوە سووتام کە ڕێی ئارام وەها دوورە
دەروونی ڕازی بێ نازم، تەنووری ئاگری سوورە
دەسا ئەی خەم، دەسا هاوڕێی شەو و ڕۆژ و هەموو ساتم
دەست ڕابگرە بۆ دەستم، زەبوونم ڕوویەڕووت هاتم
لە مەیخانەی شەوا بابێ، مەیی خەستی هەزار ساڵە
لە تاڵاوا وەهام گێژ کە نەزانم عومری خۆم تاڵە

هــەر لــەم كات و ســاتەدا بـۆ تەســەللای دڵــی خـۆم

ئەم هۆنراوانەم دەوت:

**دوو مەمەكەت ئەی كچەكەی نیم كەچ نیگا**
**ئەی پەیكەری خوای هونەری چواردە ڕێگا**
**دوو كۆتری سپی و جوان و باڵەفڕن**
**خڕ و خنجیلە و خوێن گەرم و سوخمە دڕن**

هەروەهــا چەنـد هۆنراوەیــەک لــەم مەبەســتانە، بــەڵام ئــەم ڕێبــازەم لــە دەســت لــێ شــتنەوە (یەئس)ــەوە پەیـدا نەبووبـوو، بەڵكـوو لـە چوونــەوەی ناخــی خۆمـدا هەڵدەقـوڵان، بۆیـە لـە ١٩٦٦/٧/١٤دا هۆنـراوەی (مەلـی نـاو داو) هاتـە دنیـاوە كـە سـاڵی ١٩٦٨ لە (ڕۆژنامـەی برایـی)دا بڵاوكرایــەوە.

**مەلی ناو داوی پەڕ و باڵ كراو**
**خۆی ڕابچوڕقاند سا بە هەزار حاڵ**
**بەرەو بەیانی ڕۆژ لێ هەڵكراو**
**لەگەڵ دەرچوونا دای لە شەقەی باڵ**

***

**پێش ئەوەی مەلی تینووی بەیانی**
**بگاتە ئاسۆ خستیانەوە خوار**
**جامی ئومێدی دەستی ژیانی**
**زۆرتر لە جاران پڕ كرا لە ژار**

***

**ڕەوڕەوەی مێژوو وا دێتە دواوە**
**لەسەر خەرمانی هیوا و كۆششا**
**بێز ئەكەیتەوە هێندە گڵاوە**
**تا، لووتی وا لە خوێنی شوڕشا**

لــە ســاڵی ١٩٦٦/٢/١٤دا شــاری كــپ، ٨/ ٤/ ١٩٦٨، ئــەم شــەقامە، ١٩٦٨/٢/٢٠ پێكــی ڕەش، ١٩٦٨/٩/٢٢، بــای بــەڕە كــۆن، ١٩٦٨/٦/٢

دێـو ڕەشـی لاڵ، ئـەم هۆنراوانـە هاتنـە دنیـاوە، هەمووشــیان بەبــێ لام و جیــم لــە (ڕۆژنامــەی برایــی)دا بڵاوكراونەتــەوە

لە دێو ڕەشی لاڵدا ئەڵێم:

**لە جەنگەڵی مەرگ و شەوا**
**بەسەر چاڵاوی بۆگەنا**
**دێو ڕەشی لاڵ**
**هەوری ڕەشی زووخاوی ڕق**
**بەرەو چیای بەهاری بیر**
**بەرەو ڕەزی خەیاڵی ژیر**
**ئەبا بە یاڵ.**

لە (پێكی ڕەش)دا ئەڵێم:

**هەڵ ئەچۆقین لە سەرمانا**
**پشت ئەبەستین لە برسانا**
**ڕا ئەچڵەكێین لە ترسانا**
**كەچی هەر لەو پێكە خەستە**
**كۆمەڵ ئەكەین دەستە دەستە**
**لەتر ئەبەین لە ڕۆیینا**
**بۆ دواوە دێین**
**تەكان ئەدەین**
**پێ بەسەری یەكا ئەنێین**
**تەپ و نمی شەوگاری ڕەش**
**ڕێگای لێ كردووین بە هەش**
**دەرگای ماڵمان لەسەر پشتە**
**دەرگای باخمان**
**دەرگای دڵمان**
**داومانەتە دەستی بتێ**
**هەڵماتی بێ بەر و پشتە**

لە (بای بەڕەكۆن)دا ئەڵێم:

**وات كرد بە باو**
**ئەیچڕێنی زنجیر و داو**
**خەریكی كل ئەكەیتە چاو**
**تا ئەو چاوەی بە ژیلەمۆ**
**بە كل چێوكی ئاگری سوور**

هەڵت کۆڵی
دەرت هێنا
ترس و بیم و بێ بڕواییت
هێناو لەناویا دات چێنا

لە (شاری کپ)دا ئەڵێم:
شاری نیوە خاپوور شەوە
تاریک نووتەک
خنکاوی ناو دەریای خەوە
خەوێ، نیوە مردنێکە
گیان لە ئاوات کردنێکە
***
عیسا هێشتا هەڵواسراوە
چاوی گەشتی
بەخۆڵی گۆڕستانەکان
پڕ کراوە
لەبەر پێیدا
پەڕەی ئینجیل سووتێنراوە
دەستی ڕاستی داهێنراوە
سنگ پڕ لە ڕاز و خەمی
ئەم دیوە و دیو کون کراوە
***
ئەو دزانەی وا شەبەیخوون
لە سۆزانی بێ باری بوون
دایان بەسەر شارا بەتاو
شاری دەرگا ئاواز کراو
هێشتا هەروان لەبەر دەرگا
لە ناو هەمان چەک و بەرگا

لە (ئەم شەقامە)دا ئەڵێم:
ئەم شەقامە
پڕ لە سامە
لە گشت لاوە
بەسەر گیانی ڕووناکیا
سێبەری سارد بۆی کشاوە
ئەم بەرەو بەر
لا دیواری سەد کەلاوەی تێ ترشاوە
***
لەسەر هەموو کۆڵانێکا
دێڵەشڕێ ڕەق وەستاوە
خۆی بەرداوە
لەش ئەفرۆشێ
بە هەر کەسێ
پێکێ ڕەشی پەشیمانی
لەسەر لێوی ئەو بنۆشێ

لەم هۆنراوانەدا هەموو دەروونناسێک ئەتوانێ خمڵی سات و ئازاری من بکات، ئەوەی ئاشکرایە لەم هۆنراوانەدا کە هەمووی ڕەمزین پەنام بردووە بۆ ئەفسانەی خۆماڵی و حکایەتە ئایینییەکانی ناو قورئان و لە ١٩٦٩/٧/١٤دا (چیرۆکی عیسا) لە دایک بوو. ساڵی ١٩٧١ لە (ڕۆژنامەی برایەتی)دا بڵاوکرایەوە.

دنیا شەو بوو
چاوی هیوا پڕ لە خەو بوو
هاوین گەرم و گڕە و تۆز بوو
کاروان زۆری لە گەرمانا
لە تینوانا
دوور لە هەوار
دوور لە جێگا
باری خستبووە لای ڕێگا.

هەر بستێ خاک کە سێبەری
پێغەمبەری
بەرکەوتبێ
لە هەر کوێیەک دەرکەوتبێ
کرا بە گۆمی خوێنی سوور
نزیک و دوور

له دامێنی گوڵگۆسادا
خوێن سەری کرد
سەر هەڵ پەڕی
دایک سنگ و یەخەی دڕی
دڵ خودای کزڕ و کەسیر
خوێنی بەربوو بە تانە و تیر
خوێنڕێژەکان
هەتا لووتیان لە خوێنا بوو
ساتێ ڕۆیین
هاتیشنەوە
قەتماغەی هەر نەبەستبوو
دەمی برین
چاوی مریەم
هەر فرمێسکی گەرمی ئەڕشت
لە پای داری چەپ و ڕاستا
گەرمە شین بوو
خەڵک خۆی ئەکوشت

ئا لەم سەردەمانەدا ڕوانگە پەیدا بوو، هەرچەندە من بە هیچ جۆرێک لەگەڵیان نەبووم، بەڵام ناوم تێکەڵاوی ناویان بوو، دوای هۆنراوەی (بەرد) کە خەریک بوو سەرم بخاتە ژێر بەرد، دوای ئەوەی لە (ڕۆژنامەی ژین)دا ١٩٧١/١/١٤دا بڵاو کرایەوە:

دێمە سەر ئەوەی بە بەرد
کاسەی سەرم بشکێنم
نەشتەر لەژێر زمانم
بدەم خوێنم بڕژێنم
لەعنەت بکەم لە هەوا
لە خۆڵ و ئاگر و ئاو
هەتاکوو ئەیرمێنم
بتێ هەزار و یەک ناو

لە ١٩٧١/١٠/٢٤دا (من و شیعرم) لە دایک بوو:

کە پەرداخی ئەکەم کوڵمت ئەڵێن ئاڵە گوڵ ژاڵە
بەرەو هەر کوێ پەلت ئەگرم هەموو ڕێچکەی قەل و داڵە

***

لە بازاڕی ژیانماندا درۆیەک نرخی سەد شیعرە
بە گوێرەی بادە پەرداخی دەمێ زەردە و دەمی ئاڵە

بەڵام بۆ نەگبەتی ئەدەبی کورد و ئەدەبدۆستانی کورد خەڵک کوێرانە هەموو بوون بە ڕوانگە، هەر لەبەر مۆدێل هەتا کار وای لێهات شیعرێک ئەگەر بە زەڕەبینیش سەروا و کێش و مەعنای تیا ڕەچاو بکرایە، ئەوە بە لووتە لایشەوە نەدەخوێنرانەوە، هەتا لە کۆنگرەی دووەمدا (بەستەی شاعیر)م پێشکەش کرد، تاقمی ڕوانگە ئەوەندە زاڵ بوون، هەر ماوەیان نەدامێ بیخوێنمەوە، کە بەلای هەموو مرۆڤێکی ئەدەبدۆستەوە پارچەیەکی نایاب بوو، ئیتر بەدوای ئەمانەدا (هەوەڵ مەزات) پەیدا بوو، (شێتی شاعیر) (ڕازی گۆزەی هەڵچوو)

وەک شێخ ڕەزا جنێو ئەدەم
دەس بەدەمی سەگا ئەکەم
بۆ قافیە و کێشی- امیر-
ڕائەکێشم ملی- حمیر-

بە دوای ئەمانەدا، لە حەفتاکاندا دەیان پارچە هۆنراوەم هاتنە دنیاوە، زۆربەیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، تەیمانی فرمێسک، هۆرە و بەستە، نوێژێکی قووڵ، هاتوچۆیەک، دارە گەورە، ئەی کوردستان، شاعیرەکان، ئەی نیشتمان، مەینەت و ئەنجام، قەڵای خوێناوی، صوبح پێ ناکەنێ، خۆشم ئەوێیت، خۆزگە، ئاگرەکان، دوو چیرۆک و سالۆمی و مەلۆتکەیەکی تازە، بارانی چاوەڕوانی و گەلێک هۆنراوەی دەروونی، ئا لێرەوە پرسیارێک ئەکەم، ئایا ئەوانەی کە لە شیعر

ئەگەن، کە هەستیان هەیە، کە ئینسافیان هەیە، کە قەڵەم لە دەستیاندا خۆی دەگرێ، بۆ لەبەرچی یەکێکیان هەر بۆ خێریش بێ نە بە چاک و نە بە خراپ ئەم ئەشکەنجە و ئازار و دەردەی منیان نەخستە بەر تیشکی ڕووناکی بیر و هۆشی خۆیان، نە بە کلاسیکی، نە بە ڕۆمانسی، نە بە واقیعی نە بە نە بە نە بە... هیچ ڕەنگ و ناوێک نەیاندام لە قەڵەم، لەبەر ئەوە بوو دیوانم نەبوو؟ لەبەر ئەوە بوو خاوەنی بیروڕای پێشکەوتنخوازانە بووم و دەستم لە بەرۆکی زمان و ئەدەبی میللەتەکەم بەرنەدا؟ لەبەر ئەوە بوو.... جگە لە مامۆستا شێرکۆ بێکەس؟

ئەوانەی دەق و دیراسە و بیبلۆگرافیا دەنووسن، منیان نەدەناسی؟ ها؟ شیعری منیان نەخوێندبووەوە؟ من ناڵێم پێشەوای شاعیرانم، بەڵام هەرگیز لە کاروان دوانەکەوتووم، هێشتا بەرووبوومدارم، بیانەوێ و نەیانەوێت دنیا دنیای کەوا بخۆر بێ و تاقم تاقم، یان دنیا دنیای لە جێگەی بازان کۆر کۆردوازان بێت، من خاوەنی مەلی ناو داوم، من خاوەنی سروودێک بۆ ڤێتنامم، من خاوەنی خەم و خەیاڵم، من خاوەنی (خۆشم ئەوێیت)م. من خاوەنی شێتی شاعیرم، من خاوەنی ئەو چیرۆکەم تا ئێستا دوایی نەهاتووە، من خاوەنی نەورۆزی ٧٦م، من خاوەنی بارانی چاوەڕوانیم، من خاوەنی جێم مەهێڵەم.

**سەرنج:**

(١) لە ژمارەی پێشوودا بابەتێکمان بە ناوی (بیمار.. بە دەستوخەتی خۆی) بڵاوکردەوە، لە بارەی ئەو بابەتەوە، لە داوێنەکەی هەندێ زانیاریمان نووسیبوو، ئەوەی خوارەوە وردەکارییەکەتی:

لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤ – ٢٠١٦ لە زانکۆی ڕاپەڕین – بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ، کچێکی کۆیی لە خوێندنی باڵا – ماستەری ئەدەب، وەرگیرا بوو، ناوی سەیدا باسم عەبدوڵڵا بوو، د. عوسمان دەشتی لە هەردوو کۆرسی خوێندن دەرسی پێ گوتووتەوە، دواتر لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون نامەیەکی زانستی– ئەکادیمی– بە ناوونیشانی (ئەزموونی ئەدەبیی عەبدولڕەزاق بیمار) ئامادە بکەن کە لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری – ڕەخنەییە، بۆیە پێوەندییان بە م. بیمارەوە کردووە، ئەویش خۆشحاڵی و ئامادەیی خۆی نیشان داوە، کە لەسەرخستنی پرۆژەکەدا هاوکار بێ. لە دواییدا لەسەر داخوازی ئەوان کە داوایان لێکردووە لیستێکیان بۆ ڕێک بخات سەبارەت بە بەرهەمەکانی، لە سەرەتای دەسپێکی نووسینەوە تا ئەو ڕۆژگارە لە وتار و لێکۆڵینەوە و شانۆنامە و ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی کتێب و شیعر و چی نووسیوە، ئەویش بەڵێنی پێ داون، بەڵێنەکەی خۆشی بردووەتە سەر، لیستێکی بە تەواوی نووسین و بەرهەمەکانی بە دەستوخەتی خۆی بۆ نووسیون و پێشکەشی کردوون، لە نووسینی نامەکەدا بەپێی پێویست سوود لەو لیستە وەرگیراوە.

(١) د. کامیل حەسەن بەسیر کە لە هەشتاکاندا بەرنامەیەکی ئەدەبی هەبوو، داوای لە شاعیران دەکرد ژیاننامەی خۆیانی بۆ بنووسن تا لە بەرنامەکەی سوودیان لێ وەربگرێ، ئەوانیش بەپیر داواکەیەوە چوون. کە د. گیان کامیل بەسیر بەشێک لە کتێبخانە و ئەرشیڤەکەی باوکیان پێشکەش بە کتێبخانەی زانکۆی کۆیە کردووە، د. عوسمان دەشتی ئەو ئەرشیڤەی پشکنیوە، دوو نامە و ئەو دوو دەستوخەتەی شاعیران: شێخ حەسیب قەرەداغی و جەمال شارباژێری لە ناویدا دەدۆزێتەوە کە ئەویش پێشکەشی گۆڤاری (ڕامان)ی کرد.

**(ڕامان)**

# محەمەد ئیقبال

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب)

١ – لەو قەڵەمڕەوەی بە جیهانی ئیسلام ناودەبرێ، بە عەرەب و نا عەرەبەوە هەڵکەوتێکی ڕاستەقینە (دوور نییە دیاردەش بێ) سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ کە ناکرێ هۆکار بێ، بەڵکوو پتر بەو لایەدا دەشکێتەوە کە ئەنجام بێ و لە هۆکار و کارکردەی دیار و ئاشکرای کاراوە کەوتبێتەوە:

ئاراستە و بزووتنەوە و ڕەوت و کۆمەڵەی ئیسلامی بەناو و ناوونیشانی جیاواز و میتودەی هەمە جۆرەوە، بەڵام لە ئەنجامدا دروشمێک، ئیتر ڕاستەقینە، یان ڕوخسارەکی بێ، کۆیان دەکاتەوە: دروشمی بریقەدار و سەرنجڕاکێشی چاکسازی و هەندێک جاریش لەژێر پەردەوە، یان بە ئاشکرابێ، دەنگۆی نوێکردنەوە و ژیاندنەوەیان لێ بەرگوێ دەکەوێ، ئەو فرەڕەنگییە و جیاوازی ئەو بزووتنەوە ئایینیانە چی دەگەیەنێ و چی پشت ڕاست دەکاتەوە؟! یەک ئایین، قورئانێک و حەدیس، کەچی سوننە و شیعە! هەر مەزهەبیش لە چەند ڕەوتێک پێکهاتووە سوننە: حەنەفی، شافیعی، حەنبولی، مالیکی، شیعە: جەعفەری دوازدە ئیمامی، زەیدی، ئیمامی! بە دەیان و بگرە پتریش بزووتنەوە و کۆمەڵە و ڕێکخراو و پارتی جۆراجۆر؟! ئەگەر لە یەکتریش نەچووبنە سەنگەرەوە، پێکەوە هەڵناکەن و دانوویان بە یەکەوە ناکولێ، ئەو ڕەوشەی هەڵکەوتی

ڕاستەقینەی لە ئارادا بوو ڕاستییەک پشت ڕاست دەکاتەوە کە لە دوو خاڵدا بەرجەستە بووە:

**یەک:** ڕەهەندی ئایینی و سیاسی لەناو جەرگە و لە قووڵایی و سروشتی ئایینەکە خۆیدا بە جۆرێک تێک گیراون، لە توانایی هیچ کەسێکدا نییە، ئیتر هەرچەندە خاوەنی توانایی و دەست ڕۆیشتوو بێ، چاوەڕوانی جیاکردنەوەیان بێ، بەبێ کێشە و بەبێ سەریەشە و سووک و ئاسانی!

**دوو:** ئایینەکە، ئەگەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا تایبەتمەندی زمانی عەرەبی (کە ئەوسا حەوت شێوەزار بوو) قورئان کردوونی بە یەک، لەگەڵ دابونەریت و خەسڵەت و سروشتی عەرەبی (بەدوو — عوربانی) وڵاتی نیمچە دوورگەی بیابان دوور لە شارستانیەتی پێوە دیار بووبێ، ئەوە دوای کۆچی دوایی پەیامبەری ئیسلام ساڵی (٦٣٢ز) هاتنە دەرەوەی ئایینەکە و بڵاوبوونەوەی لە وڵاتانی تری خاوەن ئایین و کولتوور، خۆی لەبەردەم دووڕیانێکدا دیوەتەوە:

**یەک:** یان ئەوەتا دەبێ ئەو کۆمەڵگە نوێیانە کە بە هەموو شتێک لەو جیاوازن (ئاینزا، زمان، کولتوور...) و بوون بە قەڵەمڕەوی ئیسلام بگۆڕێ بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا بگونجێ.

**دوو:** یان جۆرە گۆڕانێک بەسەر خۆیدا بهێنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگە و میللەتە جیاوازانەی کراون بە موسڵمان بێتەوە و بگونجێ.

- ئەگەر مرۆڤ سەرنجی سەرچاوە مێژووییەکان بدات کە لە سەردەمی عەبباسییەکانەوە بە ڕێکوپێکی ڕەوشەکەیان تۆمار کردووە، بۆی دەردەکەوێ کە ئایینە نوێیەکە هەردوو ڕێگاکەی گرتووەتەبەر، ئەگەرچی ئەو ئەنجامانەی لەو هەڵوێستە کەوتوونەتەوە بچووک و هەندێکیان، لە چوارچێوە گشتییەکەدا گۆڕانێکی ئەوتۆ



**محەمەد ئیقبال**

بەرچاو ناکەوێ!

٢- کۆششی چاکسازی (گۆڕین، نوێکردنەوە، جارێکی دیکە پەنابردن بۆ شرۆڤە و لێکدانەوەی تێکستەکان- تەفسیر) چەند هۆکارێکی هەمەجۆری هەبووە هەندێکیان لاوەکین و ئەوانی تر سەرەکین، بەڵام هەریەکە لەلای خۆیەوە بەپێی پرۆسە مێژووییەکە و هەلومەرجی ڕەوشی لە ئارادابوو، کەم تا زۆر ڕۆڵی خۆی گێڕاوە.

- بەپێی سەرچاوەکانی پەیامبەری ئیسلام پێش کۆچی دواییەکەی، وەسیەتی نەکردووە چی بکرێ و چی نەکرێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئایین و دنیا (١) (هەندێک سەرچاوە وا باس دەکەن کە پەیامبەری ئیسلام لە سەرەمەرگدا داوای قەڵەم و کاغەزی کردووە بۆ ئەوەی وەسیەتەکەی بنووسرێ، گوایە عومەری کوڕی خەتاب بەربەست بووە و نەیهێشتووە وەسیەتەکە بنووسرێتەوە!) هەر چۆنێک بێ موسڵمانەکان (زانا ئایینییەکان) ئەو کارەیان لە سەردەمی عەبباسییەکاندا گرتووەتە ئەستۆ

(ڕشتنی ڕەنگی نەزمی بنەماکانی ئایین – ئسوڵ- فیقهو و شەریعەت) (وشەی شەریعەتی ئیسلام لە ئەدەبیاتی ئەڵمانیدا بە قانوون نووسراوە). ئەم هەنگاوە دەکرێ بە سەرەتای گۆڕین و (ئەگەر بشێ ئەو وشەیە بۆ ئەو سەردەمە بگونجێ) بە دەستپێکی چاکسازی و نوێکردنەوە دابنرێ، ئەوی سەرنج ڕادەکێشێ ئەو دەستپێکە هەر لە سەرەتاوە جۆرە دەستپێشخەرییەکی تاکەکەسی بووە و تا ئەم سەردەمەش بە جۆرێک لە جۆرەکان هەروا ماوەتەوە.

- لە هەلومەرجی نوێی ڕەوشی ئایینەکەدا لە وڵاتانی شام و ئیسرائیلی ئێستا و دۆڵی نیل و میسۆپۆتامیا (عێراقی ئێستا) و ئێران، دەست کراوە بە دانانی بنەما بنەڕەتییەکانی ئەو کەرەستە و ئامرازانەی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و کومەڵگە، پێویستی کردووە، بە تایبەتی شەریعەت و فیقهو بنەماکانی (ئسوڵی) ئایین. ئەو هەوڵە لەلایەن زانایانی ئایینەوە بووە کە لە مزگەوت و حوجرەکانەوە پێگەیشتوون و خوێندوویانە، تەنیا هەر پەروەردەی ئایینیان هەبووە، لە قورئان و حەدیس بەو لاوە، سەرچاوەیەکی شارستانی مۆدێرنی ئەو سەردەمەیان لەبەردەستدا نەبووە، بۆیە تەنیا هەر ڕەهەندەکانی ئایینیان لەبەرچاو گرتووە و لایەنی سوود و قازانجی مرۆڤ و کۆمەڵگە و قانوونی گشتی تاڕادەیەک بایەخی پێویستیان پێ نەدراوە، ئەگەر مرۆڤ لەو سێ بابەتە وردبێتەوە، بە تایبەتی شەرع و فیقهو بنەماکانی ئایین، پتر لایەنی ئاکار بەهەند دانراوە و پشکی شێری بەرکەوتووە و لایەنی قانوونی خراوەتە دواوە، ئیتر ئەو سێ بابەتە وا ڕەنگیان ڕێژراوە کە تەنیا هەر پێوەندی مرۆڤ (بەندەکانی ڕەب) بە خوای داهێنەری مرۆڤ و گەردوون- جیهان- ڕێک دەخەن و چۆن لە دوارۆژدا بەندەکانی ڕەب لێیان دەپێچرێتەوە، ئەگەر سوودیش لە قانوون و دابونەریتی میللەت و وڵاتانی ئەو دەڤەرانە وەرگیرابێ کە بوون بە موسڵمان، ئەو وەرگیرانە بە جۆرێک بووە کە لەگەڵ بنەما بنەڕەتییەکانی ئایینەکە بگونجێ، نەک سوود و قازانج و بەرژەوەندی گشتی لەبەر چاو بگیرێ.

- هەر لە سەردەمی عەبباسیدا کە سەرخانی ئەو ئیسلامەی ئێستا ڕەنگی ڕێژراوە و خەتوخاڵی پێ دراوە، دوو هەنگاو هەڵگیراون، زەمینەی کۆنەپارێزی و سەلەفییەتیان خۆش کردووە و بوونەتە مایەی چەق بەستوویی کۆمەڵگە و کاروباری ئایینەکە خۆی:

**یەک:** بە کۆششی شافیعی پێوانە (قیاس) لابراوە و لە جێگایدا (ئیجتیهاد) دانراوە (٢)، ئەوە بوو دواتر غەزالی دەرگای ئەو تۆزە ئیجتیهادە نیوەچڵەشی داخستووە و ئەو بڕیارە لە فیقهی ئیسلامدا بووەتە مایەی چەق بەستوویی و دواکەوتن و بەربەست بوونی هەموو جۆرە بیرکردنەوە و بڕیارێکی ئازاد کە ئێستا ژیلەمۆیەکەی بە توانایی سووتێنەری هەر ماوەتەوە.

**دوو:** پەنا بردنە بەر کۆدەنگی (ئیجماع) جیاکردنەوەی سنووری شەریعەت لە فیقهەوە، گوایە شەریعەت بنەما گشتییەکانی ئایینی ئیسلامە و بنەما بنەڕەتییەکانی جێگیرن و دەرفەتی هیچ جۆرە گۆڕان و دەستکاری کردنێک نادەن، بەڵام بابەتی فیقهی لە کۆی بڕیار و (حوکمی) کردەوەیی پێکهاتووە لەسەر بنەمای شەریعەت دامەزراوە و ئیجتیهادییە و دەکرێ بگۆڕێن و بۆچوونەکان لە بارەیانەوە جیاوازبن، ئەو جۆرە بڕیار و دەستنیشان کردنانە کە داخستنی دەرگای بیری ئازادی لێ

کەوتووەتـەوە هـەر لـە سـەرەتاوە بەربەست بـووە لەبـەردەم ئاراسـتەی گەشـەکردن و پێشـکەوتنی کۆمەڵگـە و ئاسـتەنگ بـووە لەبـەردەم هزرمەندانـی پێشـکەوتنخواز کـە بتوانـن، ئـەو کێشـانەی سروشـتێکی بنەمـای بنەڕەتیـی ئایینیـان هەیـە (ئوسـوڵین)، بەپێی پێداویسـتییەکانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگـە بـە لایەکـدا بخـەن.

ئـەو گرفتانـە لـەوەوە سـەرچاوەیان گرتـووە کـە سـەلەفی و کۆنەپارێـزان (محافـەزەکاران) ئـەو بۆچوونـە چـەق بەسـتووەیان جێگیـر کـردووە کـە گوایـە شـەریعەتی ئاییـن هیـچ کاتێـک دەرفەتـی دەسـتکاری و گۆڕیـن نـادات، چونکـە گشـتگیرە و وەڵامـی تێکڕای پرسـەکانی داوەتـەوە!! ئـەو بڕیـارە لـە خۆیدا وورووژێنەری کێشـەکانە، چونکە شـەریعەتی ئیسلامی نەچووەتـە نـاو وردەکارییەکانـەوە، بەڵکوو لـە بنەمـای گشـتی هەمەکـی پێکهاتـووە، ئەمـەش دەبێتـە مایـەی ئـەوەی چەنـد جـۆرە لێکدانـەوە و شرۆڤەکردنێکی (تەفسیر)ی جیاوازی بۆ بکرێ کە بەپێی ڕەوش و هەلومەرجی لـە ئارادا بـوو، گۆڕاو و نوێی پەیدابوون، گۆڕانیـان بەسـەردا بکرێ، ئەمەش بـە دڵـی کۆنەپارێـزان نییـە.

لـە لایەکـی تـرەوە، ئەو ڕەوشـە وای لـە هزرمەندانی ئـازاد و ڕۆشـنبیران کـردووە، دوای لێکداپچڕانـی خەلافەتـی عوسـمانی کـە لـە گۆڕینـی شـەریعەتی کلاسیکی بۆ مـاوە و حوکمەکانی فیقهی بێ ئومێد ببـن و هـەوڵ بـدەن لـە جێگەیانـدا بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو کەلەبەرانـە، پەنـا بـۆ قانـوون و ڕێسـا و نەزمـی ڕۆژئـاوا ببـەن بـە جۆرێـک لـە بـژار کردنەوەکـە لەگـەڵ هەلومەرجـی وڵاتەکانیانـدا بگونجـێ، بـە تایبەتـی دوای ئـەو گۆڕانـەی پـاش یەکەمیـن جەنگـی جیهـان و نەمانـی دەسـەڵاتی سـەڵتەنەت لـە ئەنکـەرە، کـە دەڤەرەکـە بـە خۆیـەوەی دیـوە و بووەتـە هەڵکەوتێکـی ڕاسـتەقینەی لـە ئارادابوو.

- هزرمەنـد و شـایەر و فەیلەسـووف و ڕۆشـنبیری هیندسـتانی محەمـەد ئیقبـال (١٨٧٨ – ١٩٣٨ز) ڕابەرێکـە لـەو ڕابەرانـەی هـەر لـە سـەرەتای لاوێتییـەوە هەسـتی بـەو دۆخـە چـەق بەسـتووەی شـەریعەت کـردووە و کۆشـاوە بـە سـوود وەرگرتـن لـە کولتـووری ئەورووپـا، جۆرە چاکسازییەک بکات! لـە لایەکـی تـرەوە دوای ئـەوەی ناپلیـۆن میسـری ڕزگار کـردووە، کاربەدەسـتانی قاهیـرە سـوودیان لـە قانوونی فەڕەنسا (٣) وەرگرتـووە و لـە جیاتـی بنەماکانـی شـەریعەت کاریـان پـێ کـردووە.

٣- ئیقبـال لـە شـارێکی دەڤـەری پێنجئابـی هیندسـتان لـە دایـک بـووە، لـە شـارەکەی خـۆی دواتـر لـە لاهـوور خوێندوویەتـی، سـاڵی ١٩٠٥ چـووە بـۆ بەریتانیـا لـەوێ قانوونـی خوێنـدووە، ئەوجـا چـووە بـۆ ئەڵمانیـا لـە زانکـۆی میونیـخ دوکتـۆرای لـە فەلسـەفە بـە دەسـت هێنـاوە، دوای گەڕانـەوەی بـۆ وڵاتەکـەی چەنـد سـاڵێک وەک پارێـزەر (ئەوقاتـی) چالاک و دەسـت بەکاربـووە. بیروبۆچـوون و جیهاندیدەکـەی کـە پتـر سروشـتی ئایینیـان پێـوە دیـارە، بـە هەڵبەسـت دەربڕیـوە و چەنـد دیوانـە هەڵبەسـتێکی چـاپ و بـڵاو کردووەتـەوە.

لەنێوان هەردوو ساڵی ١٩٢٨ – ١٩٢٩ز لە شـاری مـدراس وەک وانەبێـژ کاری کردووە و وانەکانـی لـە دووتوێـی کتێبێکدا چاپ و بڵاوکراونەتـەوە و جـۆرە ناوبانگێکـی بـۆ دەسـتەبەر بـووە. لـەو نووسـینەیدا داوای هۆشـیاربوونەوەی موسـڵمانانی هیندسـتان و بـە ئاگابوونیانـی کـردووە کـە جارێکـی تـر لـە ڕوانگـەی زیندوویی مۆدێرن و سـەردەمەوە سـەرنجی ئایینەکەیـان بـدەن و سـوود لـە کولتـووری هـەردوو سـەدەی نۆزدە و بیسـتی ئەورووپـا وەربگـرن (٤).

- محەمـەد ئیقبـال ئەگەرچـی بـە شـیعر گوتـن بەهرەمەنـد بـووە و زۆربـەی هەڵبەسـتەکانی

سروشتێکی ئایینییان هەیە و وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی ناوچەکە و ئەوروپا، بەڵام هەڵوێستی لەبار و ئارێی بەرانبەر فەلسەفە هەبووە و داوای کردووە کە بایەخی پێ بدرێ و بخوێنرێ، بۆ کێشەکانی ئایین و ژین و سوودی لێ وەربگیرێ، ئەو هەڵوێستەش لەلای هزرمەندە موسڵمانەکان بەدەگمەن بیستراوە و هاتووەتە بەرچاو.

بەلای ئەو هزرمەندە ئیسلامییەوە، ئایین ڕەهەندی گیانی و لایەنی ژیری و ئاکاری هەیە، تەنیا هزر، یان هەست و سۆز و کاری ڕووت و پەتی نییە، بەڵکوو نموونەیەکی بەرزی بەرجەستەکردنی مرۆڤی تەواوەتی و کامڵە.

ئەو وای بۆچووە کە قورئان لەلای خۆیەوە هانی زانست و بیرکردنەوە و وردبوونەوەی داوە لە ژیانی موسڵماناندا، زانایانی کەلامی کردووە بە بەڵگەی دروستی ئەو هەڵوێستەی قورئان کە ئەو وەک نموونە هێناویەتییەوە، زانایانی کەلام ڕابەرانی ئایینی بوون و بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ڕێکارە ئایینییەکانیان و بۆ داکۆکی کردن لە باوەڕ و (عەقیدەیان) و هێنانەوەی بەڵگەی پشت قایم بە لۆجیک، پەنایان بردووەتە بەر فەلسەفە و کولتووری یۆنان، ئەگەر موعتەزیلە و ئیبن ڕوشدی ئەندەلووسی، لە پشت بەستن بە ژیر و پشت کردنە تاقیکردنەوەی زیندووی ژیان لە کایەی ئایین و زانیندا زیادەڕۆییان کردبێ، ئەوە غەزالی بەهۆی گومانە فەلسەفەییە ڕەهایەکەیەوە کە هیچی تێدا نەهێشتووەتەوە، باری سەرشانی باوەڕ و بنیادی ئایینەکەی سەخت و تەمومژاوی کردووە و لافی ئەوەی لێ داوە بە بەزاندنی سنووری بڕوا و عەقیدە، هزری سنووردار لە تواناییدا نییە پەی بەرێ بەهێزی دەسەڵاتی بێ سنوور و لە ڕادەبەدەر و بیناسێ.(٥)

٤ – هزرمەندی هیندستانی وەک هەموو چاکسازێک هەستی بەو کێشەیەی شەریعەتی ئیسلامی سەردەمی خۆی کردووە، لەوەش دڵنیا بووە کە وەحی ڕەببانی کە قورئانی هێناوە، باسی پرۆژەیەکی نەکردووە کە وردەکاری بگرێتە خۆی و دەستووری بەڕێوەبردنی دەوڵەت بێت و بگونجێ، زانایانی ئایینی ئەو سەردەمە و دواتریش میتودییانە بیریان لە بنیادی ڕشتنی ڕەنگی دەوڵەت نەکردووەتەوە، ئەو شەریعەتەش کە پێوەندی نێوان ڕەب و مرۆڤ، نێوان مرۆڤ و مرۆڤ ڕێک دەخات، لایەنی دەستوور و قانوونی بەهەند وەرنەگرتووە! دوور نییە هەست بەوە کرابێ کە پێداویستییەکانی ئایین لە دەوڵەت و سروشتێکی گشتی هەمەکیان هەیە و لێرەوە دامەزراندنی دەوڵەت لە سایە و سێبەری هەژموونی ئایینێکی تۆتالیتێری سەرتاپاگیر، گرژیی و کێشەی سەخت لە نێوان ئەو پێداویستی و داواکارییە گشتییە– هەمەکییانەی ئایین و هەڵکەوتی مێژوویی (٦) لە ئارادا بوودا دروست دەکات و چارەسەرکردنیان ئەستەم دەبێ.

– خوا بە ڕێگای سرووش (وەحی) یەکجار لە قورئاندا بۆ هەتا هەتایی شەریعەتی ناردووە و هەرگیزاو هەرگیز دەرفەتی گۆڕان و دەسکاری کردنی ئەو شەریعەتە یەکجارەکییە ڕەبانییە نادرێ و نەدراوە. بەپێی باوەڕ (عەقیدەی تەوحید)ی یەکڕەنگی دەبێ لە جیهانی ئیسلامدا تەنیا هەر یەک دەوڵەت و لە سەردەمی دیاریکراودا یەک خەلیفە هەبێ! ئەو دەوڵەتە دامەزراوێکی ئایینی تیۆکراتی (ڕەببانییە) و هێز و دەسەڵات تەنیا هەر هی ڕەبانییە. بەپێی ئەو باوەڕە– ئەگەرچی هەرگیزاو هەرگیز پەیڕەو نەکراوە– بنەمای ئەو دەوڵەتە دەبێ

یەکسـانی بێـت و خەڵـک گشـتی بـە خەلیفـە خۆشیەوە لـە بـەردەم توانایـی و (قودرەتـی) ڕەب و شـەریعەتەکەیدا یەکسـانن.

بـۆ یەکـەم جـار لـە سـەردەمی بەنـی ئوممەیـە و دواتـر عەباسـییەکان کۆششـی دامەزراندنـی ئـەو دەوڵەتـە کـراوە و وەک لەنـاوی خەلیفەکانـدا دەردەکـەوێ خۆیـان بـۆ نوێنـەری ڕەببانـی و لەسـەر زەوی داناوە! لەلایەکی دیکـەوە دەبـوو!! مەبەسـتی سـەرەکی و دوا ئامانجی باڵای ئـەو دەوڵەتـە ئایینییە تەنیا هـەر (قـودرەت و قـەزای) ڕەببانـی بێـت. لـەو ڕەوشـەدا میللـەت (هاووڵاتـی) لـە بەرانبـەر ئـەو قـودرەت و قەزایـەدا کە پشکی شـێریان بەرکەوتووە، خراوەتـە پەراوێـزەوە و بـە هیـچ جۆرێـک جیـاوازی ئاییـن و سیاسـەت (دەوڵـەت) بـە بیـردا نەهاتـووە و بیـری لـێ نەکراوەتـەوە، بـە پێچەوانـەی ئایینـی مەسیحییەوە کـە هـەر لـە سـەرەتاوە ئـەو دوو کایـە و دەڤـەرەی لـە یەکتـری جیاکردووەتـەوە بـەوەی کـە عیسـای مریـەم (یەسـووعی مەسـیح) بـە ئاشـکرا گوتوویەتـی: موڵـک و ماڵـی قەیسـەر بـدرێ بـە قەیسـەر و هـی ڕەب بـدرێ بـەڕەب (٧)

ئـەو بابەتـە کێشـە لەسـەرە هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنـی دەوڵەتـی ئایینـی لـە ئارادا بـووە و تـا ئەم سـەردەمەش گەرموگـوڕی و جەنجاڵئامێزی خۆی لـە دەسـت نـەداوە و گشـت هزرمەنـد و زاناکانـی ئایینـی بـە مەزهـەب و ئاراسـتە جیاوازییەکانیانـەوە ئـەو کێشـەیان لەبەرچـاو بـووە و هەسـتیان پـێ کـردووە.

٥- هزرمەنـدی هیندسـتانی دوای تاووتووکردنـی پێوەنـدی نێـوان کاروبـاری ئاییـن و دامەزراوەیـی دەوڵـەت، لایەکی لـە بابەتـی لاهـووت و ڕەبانییـەت کردووەتـەوە. پشـت ڕاسـتکردنەوەی بـوون و نابوونـی ئـەو هێـزە دەسـەڵات بـێ سـنوور و بـێ وێنەیـە سـەرنجی ڕاکێشـاوە، بەمـەش جارێکـی تـر چووەتـەوە کایـەی فەلسـەفەی ئاییـن.

وەک پسـپۆڕێکی فەلسـەفە کـە لـە بەریتانیـا و ئەڵمانیـا (زانکـۆی میونیـخ) دوکتـۆرای فەلسـەفەی خوێنـدووە لـە هـەر چـوار بەڵگـە سـەرەکییەکەی ساغ کردنـەوەی بوونی ڕەب، ئاگادار و شـارەزابووە:

**یەک:** بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی.

**دوو:** بەڵگەی کۆسمۆلۆجی.

**سێ:** بەڵگەی بزووتنەوە — هۆکار و ئەنجام.

**چوار:** بەڵگەی نەزم و ڕێکوپێکی.

دوای ئەوەی لێیان ورد بووەتەوە، دەستبەرداری ژیـر و لۆجیـک بـووە، پاشەکشـەی کـردووە و گەڕاوەتـەوە بـۆ سـەر هەسـت و سـۆزی بـاوەڕ و (عەقیـدە و ئیمـان) و هـەر چواریـان ڕەت کراونەتـەوە بـەو پەڵـپ و بیانـووەی گوایـە:

ئـەو بەڵگانـە هەوڵـی بوونـی بوونەوەرێک دەدەن کـە بـێ سـنوور و بـێ کۆتاییـە، کەچـی لـە خۆیـدا کۆتاییـە، بەمـەش کەلەبەرێـک دەخەنـە نێـوان هـەردوو کایـەی بـوون و هـزرەوە. بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو کەلەبـەرە، ئیقبـال پەنـای بردووەتـە بـەر دەقـی ئایینـی بـۆ ئـەوەی سـاغی بکاتـەوە کـە ڕەب بوونـەوەری یەکـەم و دواییـە، سـەرەتا و کۆتایـی نییـە (٨)، هەمیشـە هەبـووە و هـەر هەبوو دەبـێ و گۆڕانـی بـۆ نییـە! ئەگەرچـی ئەمـە هیـچ خەسـڵەت و سروشـتێکی بەڵگەی ژیر و فەلسـەفەی تێـدا بـەدی ناکـرێ و بوونـی هیـچ بوونەوەرێکـی پشـت ڕاسـت نەکردووەتـەوە، بەڵکـوو ئـەوەی ئـەو ڕابـەرە هیندسـتانییە کردوویەتـی لـە پشـت ڕاسـت کردنـەوەی هەسـت و ئـارەزوو و بـاوەڕی خـۆی بـەو لاوە هیـچ شـتێکی دیکـە نەبـووە.

- نموونـەی فـرە نەتەوەیـی و ئاییـن و ئایینـزای هیندسـتان کـە ئـەو لەوێـدا ژیـاوە، بـەو تەفرەیـەی بـردووە گوایـە دەکـرێ لـە وڵاتـان و جیهانـی موسڵمانانیشـدا ئـەو تاقیکردنەوەیـە جێبەجـێ بکـرێ.

لە هیندستان سیاسەت- عەلمانییەت- دەسەڵاتدارە و وڵاتەکە بەڕێوە دەبات، نەک ئایین. ئەگەر تاقیکردنەوەی جیابوونەوەی پاکستانی موسڵمان و بەنگلادیشی بە چاوی خۆی دیتبایە، ئەو بۆچوونەی هەبیووە لە مێشکیدا کاڵ دەبووەوە. ئایین لەوەتی مەزهەبی جیاوازی لێ کەوتووەتەوە، هیچی تر مایەی یەکگرتن نەماوە، بەڵگەی ڕاستی ئەم قسەیە: ئەو وڵاتانەی شیعەن و ئەوانەی سوننەن ئەگەر شیروتیر لە یەکتری نەسوونەوە و لە یەکتری لە سەنگەردا نەبن، بیر لە هاوکاری نەک یەکگرتنی ناکەنەوە. باوەڕ، هەستی نەتەوەیی، ئایین لەم سەردەمەدا هیچی تر هۆکاری یەکگرتوویی نەماون، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەڵمانیا یەک نەتەوە و یەک زمانن، کەچی چەندان دەڤەری سەربەخۆ لە ئارادان کە بەڕێوەبەرایەتی جیایان هەیە. ڕاستە لە ئەمریکا نەتەوەیەکی دیاریکراو پێک نەهاتووە، بەڵام یەک دەوڵەت، یەک سنوور، یەک زمان (ئینگلیزی) کۆی کردوونەتەوە، بەڵام چەند هەرێمێکی جیاوازیان لێ پێک هاتووە.

هیچ کەسێک ناکرێ شەڕی دەستەویەخەی کاتۆلیک و پرۆتستانتی ئینگلیز (بەریتانیای مەزنی) نەبیستبێ!! یەک میللەت، یەک زمان، کەچی دوو مەزهەبی لە یەکتر جیاواز لە چوارچێوەی یەک ئاییندا (عیسایی) لە یەکتری کردوون بە نایار و لە یەکتری چوونەتە سەنگەرەوە.

ئیتر بۆچوونی سیاسی پشت ئەستوور بە ئایینی ئیقبال، سنووری سۆز و ئەندێشەی یۆتۆپی نابەزێنێ، یەکگرتن لەسەر بنەمای ئایین و دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینی، خەونێکە کەسانێک هیوا و ئاواتی بۆ دەخوازن، فەرموو تەماشای وڵاتانی عەرەب بکە، شیعەکانی لێ بەرە دەرەوە، بۆیە بەیەکەوە هەڵناکەن؟! بۆ ئایینەکە کە هی خۆیان بووە و بەسەریاندا نەسەپێنراوە، هیچ ڕۆڵێک ناگێڕێ.

ئیقبال وەک شاعیرێک چەند قسەیەکی کردووە کە ڕوخساری پەندیان هەیە:

- ئەگەر مرۆڤ بەباشی خۆی ناسی، دەتوانێ لە زیانەوە سوود بەدەست بهێنێ.

- ئەگەر بمانەوێ سەرکەوتووبین لە ژیاندا، دەبێ بە جۆرێک قورئان بخوێنینەوە وەک ئەوەی بۆ ئێمە هاتبێ!

- مرۆڤی ئازاد ئەوەیە کە بە دڵسۆزییەوە بەندە و کۆیلایەتی خۆی بۆ خوا بسەلمێنێ (عەبدی خوا بێ)!

- ئایین لە گەوهەردا لە ئەزموون و تاقیکردنەوە بەو لاوە نییە.

- مرۆڤی لاواز و دەستەپاچە، قەزا و قەدەری خوا دەکاتە بیانوو.

بە لای (ئیقبال)ەوە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکان بەوە دەبێ کە کاروباری ئایین بەپێی گیانی سەردەم و بە سوود وەگرتن لە کولتووری مۆدێرن نوێ بکرێتەوە و ببووژێنرێتەوە، باوەڕبوونی بێ چەند و چۆن و بێ ڕەخنە کردن، کەلەپوور و کولتوور شتێکی ئەوتۆی لێ شین نابێتەوە.

لە کتێبی نوێکردنەوەی هزری ئایینی لە ئیسلامدا کە ناوبانگی جیهانی بۆ دەستەبەر بووە، لەو بەرهەمەدا نووسەر دوای ئەوەی سەرنجی لێک هەڵپچڕانی خەلافەتی عوسمانی دەدات و لە ئەنجامدا هەست و سۆز و بزووتنەوەی نەتەوەیی لەنێو میللەتانی ئیسلامدا سەری هەڵداوە و جیابوونەتەوە و پچڕانی لێ کەوتووەتەوە، ڕۆژئاوا هەوڵی داوە سوود لەو دۆخە وەربگرێ و چەند وڵاتێکی جیهانی موسڵمانانی داگیرکردووە و کۆشاوە کولتوورە گیانییەکەیان چەواشە بکات و بیشێوێنێ، پەنا دەباتە بەر کاروباری ئایین و فەلسەفەکەی خۆی کە ڕاستە ڕێگەی بە فەلسەفەی باوەڕ (ئیمان)

و قورئـان داوه. فەلسـەفەی بـاوەڕە گوایـە چاکتریـن ڕێگـەی ڕووبەڕووبوونـەوەی کێشـەکانی ژیانـی ڕۆژانـە و فەلسـەفەی قورئانـە، چونکـە سـەرچاوە و ئیلهـام لـەو کتێبـەی موسـڵمانانەوە وەردەگـرێ.

– ئیقبـال لـە کاتـی تاووتووکردنـی کێشـەکانی جیهانـی ئیسـلام، وای بـۆ چـووە کـە ڕابـەر و زانایانـی ئاییـن، دانەرانـی شـەریعەت و ئوسـوڵی ئایینەکـە بـە تەواوەتـی سـەرکەوتوو نەبـوون لـەوەی بـە ڕاستیودروسـتی پێوەنـدی نێـوان هەتـا هەتایـی (ئەبـەدی) و نەگـۆڕ و ڕەهەنـدی مێژوویـی گـۆڕاو هەڵبسـەنگێنن، یەکەمیـان نەگـۆڕە و دووەمیـان ناجێگیـرە و سروشـتی گـۆڕان و کات و سـەردەمی پێـوە دیـارە. ئـەو کێشـەیەی لـەو هەڵسـەنگاندنەدا دەڵەمەیـی کەوتووەتـەوە: زانـا ئایینییـەکان بنەمـای ڕێژەییـان کـردووە بـە بنەمـای ڕەهـا و مێژووییـان کـردووە بـە هـەرە کۆنـی نەگـۆڕاو (ئەزەلـی)، ئەمـەش لـە خۆیـدا سـەرچاوەی سـەرەکی کێشـەی دواکەوتوویـی و چـەق بەسـتنەکەیە.

ئیقبـال چەنـد دیوانـە شـیعرێکی بـە هـەردوو زمانـی فارسـی و ئـۆردی لـە پـاش بەجـێ مـاوە.

بیروبۆچـوون و ڕەخنـە و جیهاندیـدی ئیقبـال لـە چوارچێـوەی حـەز و هەسـت و سـۆز و خواسـتدا گیریـان خـواردووە و لـە تـۆز تەکانـدن بـەو لاوە بریـان نەکـردووە، لێرەدا هەڵبەسـتەکەی شـوکری فەزلـی نەمـر کـە بـۆ شـێخ مەحمـوودی حەفیـدی نووسـیوە، دێتـەوە یـاد: کـە کار لـەکار تـرازاو لێـژ بـووەوە بـە دوعـا و نـزا و پاڕانـەوە چارەسـەر ناکـرێ، بەڵکوو کار و کـردار و (عەمەلـی) دەوێ.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

١ – فريتس شتيبات: الاسلام شريكا، ترجمة: د. عبدالغفار مكاوي، عالم المعرفة ٣٠٢، نيسان ٢٠٠٤، ص١٤٩.

٢ – ن. ج. كولسون: في تأريخ التشريع الاسلامي، ترجمة: د. محمد أحمد سراج، مراجعة، د. حسن محمود الشافعي، بيروت ١٩٩٢، ص١٢.

٣ – ن. ج. كولسون: المصدر نفسه، ص٢٠٤ وفي اماكن آخرى.

٤ – الدكتور ماجد فخري: تأريخ الفلسفة الاسلامية، بيروت، ٢٠٠٤، ص٤٧٨ وفي اماكن متعددە.

٥ – فريتس شتيپان: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٧.

٦ – فريتس شتيپان: سەرچاوەکە خۆی، ل١٦٣.

٧ – ئینجیل بە ئەڵمانی: مەتتا (٢٢: ٢١)، بە عەرەبی لە ئینجیلدا بەو جۆرە نووسراوە: (اعطوا اذا مالقيصر لقيصر وما للرب للرب))، ئەمەش بە ئاشکرا ئاماژەیە بە دوو جیهانی لە یەکتری جیاواز، دنیا و ئایین.

٨ – الدكتور ماجد فخري: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٩ – ٤٨٠.

# خوێندنەوەی دەروونشیکارانەی چیرۆکی (کتوپڕێک ئا)

سۆران محەمەدی
(تورکیا)

یەکێـک لـە تەکنیکەکانـی چیرۆکـی مۆدێـرن، چوونـە نـاو زەیـن و دەروونـی کەسـایەتییەکانە، واتـە زۆر جـار بـۆ گێڕانـەوەی چیـرۆک و ڕۆمـان لـە ناوئاخنـی مـژی و شـێوە ئاخافتنـی دەروونیـی کەڵـک وەردەگیـرێ، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی خوێندنـەوەی دەروونناسـانەی بـۆ گونجـاو بێـت.

ئـەوەی کـە خوێندنـەوەی چیرۆکـی (کتوپڕێـک ئـا) نووسـینی فریـا یوونسـی لـە دیکـەی چیرۆکـە مودێرنـەکان جـودا دەکاتـەوە، یەکـەم، شـێوەی هەژەنـد و نامـۆی گێڕانەوەیـە کـە ئەگـەر ڕێـی هەبـێ دەکرێ بەبـێ وەسـتان و بـە یـەک هەناسـە بیخوێنیتـەوە، دووەم ناوەرۆکـی چیرۆکـە کـە چەنـدان شـرۆڤەی جیـاواز هەڵدەگـرێ.

## (خوێندنەوەی یەکەم)
## شێوەی گێڕانەوەی چیرۆک:

یەکەم ڕستەی چیرۆک ئاوا دەست پێ دەکات:

«وتـم کاکـە ئەڵـێ دوێشـەو فێـری ماشـینت ئەکا وتـی مەڵـێ کاکـە دەی بڵـێ کا زمانـم نەدەهاتـەوە گۆ وتـم دادە کاکـە ئەڵـێ دوێشـەو ئەچیـن فێـری ماشـینت بـکا جـا ئەهێڵـێ منیـش سـوار ببـم ئەزانـی ئەهێڵـێ منیـش بهێڵـم ماشـینەکە بمبـا فێـرم بـکات...»

لـە یەکـەم ڕسـتەدا خوێنـەر وا هەسـت دەکات لەگـەڵ منداڵـێ بچـووک کـە تـازە زمانـی گرتـووە ڕووبـەڕوو بووەتـەوە، بـەڵام نووسـەر ئیزنـی مانەوە لـەو هەسـتە هەڵـە بـە خوێنـەر نـادات و یەکسـەر

لە دوای ڕستەی یەکەمدا ئاوا هاتووە:

«بە خۆیەوە هەڵگڵۆفیم تاڵ بووم مەڵاشوم پڕ بوو لە تاڵی و هینە لەوانە بوو بمخنکێنم وتم دادە ئەوە بیری چیم ئەخەیتەوە پەنجەکانی ئەو نیوە شەوەت لە بیرە ماوە لەسەر ئەو سێبەرە نەگبەتەکەی سەر دیواری حەوشەکە هەڵقرا...».

کەواتە هەر لە سەرەتای چیرۆکەوە بۆمان دەرئەکەوێ، بگێڕەوە کەسێکی تەمەن گەورە و بە عەقڵ منداڵە، واتە دەکرێ چەشنە (جێماوەیەکی زەینی) بێت. دیارە لە ئەدەبی جیهانیدا نموونەی وامان هەن وەک کەسایەتی «بنجی» لە هەرا و تووڕەیی فۆکنەر، یان «ئایدین» لە ڕۆمانی سیمفۆنیای مردووەکانی عەباس مەعرووفی، بەڵام لە چیرۆکی کوردیدا ئەوەی کە بگێڕەوە کەسێکی دەروونژاکاو بێت و بێتە ئاخافتن و دیالۆگی ببێت نموونەی کەمن، بەڵام لە چیرۆکی (کتوپڕێک ئا)دا نووسەر شانی داوەتە بەر ئەم کارە دژوارە و سەرکەوتوویش بووە. «کات» نەک بە شێوەی کرۆنۆلۆژیک، بەڵکوو بە پێی وەبیر هاتنەوە/ تەداعی/ کەسایەتی پاش و پێش دەکات. ئەوەی جێی سەرنجە بەکارنەهێنانی هیچ خاڵ و ئاماژەیەکی ڕێزمانییە، هەموو وشە و ڕستەکانی چیرۆک بە بێ وەستان بە شوێن یەکدا هاتوون و هیچ نیشانەیەکی ڕێزمانی؛ ڕووداوەکان، خەونەکان، تەنانەت وتووێژەکان جودا ناکاتەوە. دەڵێی یەکسەر لە ناوئاخنی زەینی کەسایەتییەوە ڕژاونەتە سەر پەڕەی کاغەز.

لە چیرۆکی ریالیزدا هەوڵ دەدرا ڕووداوەکان دیسانەوە بگێڕدرێنەوە. بە شێوەیەک کە بگێڕەوەی هەمووشتزان هەموو شتێکی سەبارەت بە کەسایەتی ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ بە خوێنەر دەگوتەوە، لە «ڕووداوەکانی ڕابوردووەوە» هەتا



فریا یوونسی

«هەست و دەروونی کەسایەتییەکان» کە بە ڕاشکاوی باسیان نەدەکرد، بەڵام لە سەدەی بیستەم و چیرۆکی مودێرندا هەوڵ دەدرێ ڕووداوەکان «نیشان» بدرێن، واتە بگێڕەوە لە جیاتی دزە کردنە نێو دنیای دەروونیی کەسایەتییەکان و بەدەستهێنانی زانیاری تەواو سەبارەت بە زەینی کەسەکان، ڕەوت و گفتی کەسایەتی و ڕووداوەکان بە شێوەیەکی شانۆیی بە خوێنەر نیشان دەدات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بگێڕەوەی هەمووشتزانی نییە کە وەک ڕاڤەکار بە کۆبەندیی ڕووداوکان و کەسایەتییەکانی چیرۆک خەریک بێت، بەڵکوو خودی خوێنەرە کە دەبێ سەرەداوەکانی چیرۆک بدۆزێتەوە و کرداری کەسایەتی بە بێ ڕاڤەی بگێڕەوە بۆ خۆی ئاشکرا بکات (حوسەین پایەندە، ١٣٩٥). هەڵبەت نیشاندانی ڕووداوەکان لە زمانی کەسایەتی دەروونژاکاوەوە، خوێنەر تووشی دژواریی تێگەیشتنی ناوەرۆک ئەکات.

- زۆرجار کەسایەتی بگێڕەوە (پاشگری جێناوی) لێ ئەشێوێ:

«منیش ئەهێڵم بترسم». «ناهێڵم بوێرم». «وتاندی». «دەمکەواند». «بیکەوێنم». «وتانی ئەزانی هەڵدێم». «ئەمئەزانیبوو...».

ڕوحبەخشینێکی داهێنەرانە بە شتەکان و ئامرازەکان، هەست بەخشین بە ئەندامەکانی جەستە کە دەکرێ بڵێین هەستی خودی کەسایەتی بگێڕەوەیە کە لەو ئەندامانەدا وێنا کراوە:

«ئەڵێ وەحەسێ من جۆلانێ ئەکەم ئەڵێم ناو دەرپێکانی توورە ئەبن دائەخزێنە ژێر قاچە شێتەکانی و قاچە شێتەکانی هار دەبن فرێی ئەدەن بە سەر لووتما لووتم هەڵدەستێ و دڵم پڕ دەکاتەوە لە هین...». «ویستی بچمە سەر کەفەڵی و جۆلانێ بکەم وتم نایەم دەنگت خزممانە...». « لووتم نەیدەوێرا بتەزێ دەنگی لەوانە بوو لێم توورە بێت قاچم ئاگای لە دەنگی ئاشنای بوو وتی هەڵێم ئیتر قاچم هەڵات و منیش شوێنی کەوتم...». «نەردە بێ دەسەڵاتەکانی پەنجێرەی ژوورەکەیانەوە...». «سەری چەقاندبووە نێو پەشمی بێ شەرەفی سینگی کابرا...». «من هەر هەڵئەهاتم لەو سیخە بێ شەرەفە ئەترسام کە لە نێو دەستیەوە هەڕەشەی ئەکرد...».

– کەڵک وەرگرتن لە تەکنیکی بانگ هێشتن (تەداعی) وەک یەکێک لە تەکنیکەکانی چیرۆکی دەروونشیکاریانە:

«بەو حەموو شەوەی گلێنەکانمەوە هەر ئاگام لە ئەستێرەیە ئەبارێتە ناو کونی کۆنی مەستەراحەکە دایە ئەیوت کە ئەستێرە باری زوو مورادێکت بڵێ حاسڵ ئەبێ ئەڵێم خوایە پۆشتەم ئەکەیتەوە و پۆشتە نابمەوە...»

هیچ کام لە کەسایەتییەکان ناویان نییە و جیاوازیی کەسایەتییەکان لە ڕووی ڕۆڵێک کە نووسەر بۆی دابین کردوون دەرئەکەوێ، کەسایەتییە سەرەکییەکان ئەمانەن: بگێڕەوە/ دادە/ دایکە / کاکە / کابرا/ ژنە چڵمنەکە و.. ئەوەی جێی سەرنجە نەبوونی ڕۆڵی چالاکانەی کەسایەتی باوکی بگێڕەوەیە، کە ئەوەش بۆ قۆناغی گەشەی کەسایەتی بگێڕەوە دەگەڕێتەوە، کە لە قۆناغی ڤاڵیک (کۆ ئەندامی میزکردن)دا ماوەتەوە، هەر ئەو قۆناغەی کە بە وتەی فرۆید ئەگەر وزەی چێژ لەوێ سەقامگیر بمێنێتەوە تووشی گرێی ئۆدیپ دەبێت، واتە قۆناغێک کە منداڵی کوڕ لە دایکی نزیک دەبێتەوە و ڕکابەری لەگەڵ باوکی دەکات.

– کەڵک وەرگرتن لە زمانی شیعر، وەک زمانی شیزۆفێرنیک؛

«گوێم لە دەنگی پەنجێرەکان گرتبوو گوێم لە کپ بوونەوەی شیشەکان و ئاگام لە هەناسەی مێرووڵەیەک بە نێو نەخی قاڵییەکەوە ببوو».

«وتی ئەها ئیتر کەس لێرە نییە کەس لێرە نەماوە شەوەکەی سەرچاوم لادا کاکە بە دیار تلویزوێنە کرێوەکەوە ڕووت خەوتبوو تلویزوێنەکە چ کرێوەیەک بوو چ بەفرێکی تیا ئەباری ویستم هەڵێم کەچی بەفرەکە چاومی دزی شتێک دەجووڵا لەوێ نزیک ئەکەوتەوە و دوور ئەکەوتەوە دەرئەکەوت و بزر دەبوو لە خۆوە وەمزانی سێبەری گوناحی دادەیە و سەرمایەکم ببوو بۆ گریان ئەگەڕام بۆ گەرمایەک نزیک پێستم ئەگەڕابووم».

## (خوێندنەوەی دووەم)؛
## خوێندنەوەی چیرۆک بە شێوازی لاکانی:

ڕەهەندی خەیاڵین؛

کەسایەتی سەرەکی چیرۆک وێنای «ڕەهەندی خەیاڵی» لاکانییە. لە چیرۆکدا کردەوەی کەسایەتی بگێڕەوە دەیەوێ قۆناغەکانی گەشەی کۆرپە بۆ منداڵ لە ڕەهەندی خەیاڵەوە بۆ «ڕەهەندی هێما» نیشان بدات، بەڵام بۆ هۆی کێشەی زەینی بگێڕەوە ناتوانێ بە تەواوی بگاتە «ڕەهەندی هێما» و ئاستی بەرزتر. ڕەهەندی خەیاڵی لە دوای شەش مانگی ژیانەوە دەست

پێ دەکات، کۆرپە بە شێنەیی بۆی دەردەکەوێ کە سەقامگیرییەکەی پێوەندی بە چاودێری دایکەوەیە. لە ڕەهەندی خەیاڵیدا منداڵ هێشتا ڕێسای زمان نازانێ و ناتوانێ قسە بکات و لەبەر ئەوەی ناتوانێ جیهانی دەوروبەری لە ڕووی زمانەوە وەسف بکات، تێگەیشتنەکانی زیاتر لە سەر ئیماژ پچرپچڕ و خەیاڵییە (هۆمێر،١٣٨٨)، واتە لەسەر ئەو ئیماژانەی کە هەڵقوڵاوی خەیاڵاتی منداڵانەن و بەس لە چوارچێوەی هەمان خەیاڵە ساویلکە و نابالغانە (پێنەگەیشتووانە) دەکرێ فام بکرێن. هەبوون لە ڕەهەندی خەیاڵی هاوواتایە لەگەڵ ژیانی وێنەی زەینی (ئیماژی)، واتە وێنەی خەیاڵینی یەکبوونی لەگەڵ دایکی (ئۆبژە) هەستێکی پڕ لە خۆشی بە سووژە (واتە منداڵ) دەبەخشێت. بە پێی قسەی لاکان، منداڵ لە ڕەهەندی خەیاڵیدا، سەرەتا هەوڵ ئەدات جەستەی خۆی بناسێت. لەبەر ئەوەی تێکڕای ئەو واتایانەی کە لە زەینیدا بیچم دەگرن لە وەرگرتنی هەستەکانییەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆیە «جەستە» یەکەم جیهانێکە کە منداڵ ئەیدۆزێتەوە و شی دەکاتەوە. تێگەیشتنی ئەو لە بەشەکانی جەستەی لە ڕووی ئەو وەرگرتنانەوەیە کە لە ئەندامەکانی لەشیەوە بۆ زەینی دەگوێزرێتەوە (هۆمێر،١٣٨٨).

«دەنگی ئارەقەی پشتی دەبینم...». «دەسەڵاتی دەکم نەمابوو...». «کاکە قیت و قنجە و خریکە گوێ لە لەشی بێتاقەتی ئەودیو درگای دادە دەگرێ...». « سەرمایەکم ببوو بۆ گریان ئەگەڕام بۆ گەرمایەک نزیک پێستم ئەگەڕابووم زبر بوومەوە پێستم ئەببووە سماتە...». «وتم کاکە فێری ماشینت کردین هیچی نەوت وتی زوو کە درگاکە بکەرەوە هەرچی گیانمە ئێشە هیچم نەوت وتم دەی خۆ ماشینەکە نایەشێ بۆ کوێ ئەیبەیتە ژوورەوە ماشینەکە هیچی نەوت پێش کاکە ئەمدیو دەروازەکە کەوت...». «پانتۆڵەکەشم بە خۆی دەزانی و دەکەوتە پرمەپرمی پێکەنین پێم وام لێ هاتبوو کراسەکەشم ئاگای لە هاسکە هاسکی حەمووممان بوو دەپاڕایەوە نەیکەین...».

هەروا کە لەو نموونە دەقانە دەرئەکەوێ کەسایەتی زیاتر لە ڕەهەندی خەیاڵیدا ماوەتەوە و هەموو تێگەیشتنەکانی لە جیهانی دەوروبەر، لە ڕووی ئەندامەکانی لەشییەوە پێناسە دەکرێ و پتەو نابێتەوە. ڕەهەندی خەیاڵی هەرێمێکە کە تێیدا «خود» هیچ ناوەندێکی نییە و لە جوداکردنەوەی نێوان خود و ئۆبژەکانی دنیای دەوروبەری بێ دەسەڵاتە، واتە هێشتا لە تێپەڕاندنی قۆناغی پێش زمانیدایە.

## قۆناغی ئاوێنەیی

ئەو چەند بەشییە و کەرت کەرت بوونە بە وتەی لاکان لە چوونە ناو قۆناغی ئاوێنەدا کۆتایی پێ دێت و منداڵ جەستەی خۆی بە چەشنێکی یەکپارچە و سەربەخۆ دەناسێت. بە ڕای لاکان ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاوێنە لە سێ هەنگاودا ڕوو دەدات: هەنگاوی یەکەم منداڵ لە ناسینەوەی خۆی لە ئاوێنەدا عاجز دەبێ و وێنەی لەگەڵ دایکی بە هەڵە دەگرێ. لە هەنگاوی دووەمدا منداڵ دەزانێ کە ئەو وێنەی لە ئاوێنەدایە تەنیا ڕەسمێکە نەک مرۆڤێکی ڕاستەقینە. لە هەنگاوی دواییدا وا دەزانێ کە ئەوە وێنەی خۆیەتی کە لە ئاوێنەکەدا دەرکەوتووە (ئەوێنز،١٣٨٧).

«لە پیلکانەکانەوە خلۆر بوومە نێو یەکیان دیسان پڕ بە ئاوێنەکە بووم وتم خۆسکە ئەمتوانی پۆشتە ببمەوە...». «چاوم چ پڕ ئەبوویێتەوە لە خۆم پشت درگای ئاودەستەکە خۆمێکی تر ئەلەرزێت بۆ دۆخینی پانتۆڵەکەی ئەگەڕێم بۆ دۆخینی پانتۆڵەکەم ئەگەڕێت...».

«ئەویش تەماشام ئەکا منیش تەماشام ئەکەم خۆمی نێو درگاکە لا دەکاتەوە من نا ئەو کزوڵەیەک دەکا ئەڵێی گوێ لە دەرەوە ئەگرێت من هەر بۆن ئەکەم سینگم تاڵ نییە خەوم لێ ناخات چاوم ئەڕنمەوە لە مووەکانی و دەینێرمە نێو ئاوێنەکە...».

هەڵبەت دەرەنجام و دەسکەوتی جەستەی سەربەخۆی منداڵ، لە وەهمێک زیاتر نییە و ناتوانێ بێ دایک بگەڕێ و برسییەتی بشکێنێ، ئەم هاوشوناسییە حوکمی دالێکی بێ مەدلوول دەدات و مەیلی دایک بە تانوپۆی سووژەدا/ کە لە ڕەهەندی خەیاڵیدا جێی گرتووە/ ڕۆدەچێ، لەبەر ئەوەی هێشتا دایک چاوگی هەموو ئاسوودەییەکانە.

چەن کەرت بوونی ئەندامانی لەش (واتە ئەوەی کە جەستەی یەکپارچە نییە)، گەورەترین مەترسیی منداڵە هەتا پێش ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئاوێنەدا. بەم پێیە هەوڵ دەدات تا بە سازدانی واقعێکی خەیاڵی (زاڵ بوون بەسەر جەستەی خۆیدا وەک ئەوەی کە گەورەساڵان بەسەر لەشی خۆیاندا هەیانە) بەسەر دڵەڕاوکێی خۆیدا زاڵ بێت. (نەبوون) داهاتی جیاوازیی نێوان وێنەی خۆویست و پچڕانی چەند لەتبوونی ئەزموونی منداڵە، هەرچەند منداڵ هەوڵ دەدات نکوڵی لە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دایکی بکا، بەڵام دیسان درێژەدان بە ژیان، پەیوەندە بە چاودێریکردنی دایکییەوە (ئەوێنز،١٣٨٧).

«ئێرە خۆ ئاوێنە نییە وا ناتوانم لەرەیەک بتوانم لەرەیەک وەخۆ خەم و ناتوانم لەگەڵ دڵقی ئاوێنەکە بە مەییوی بهارێمە خوار ورد ببمە نێو کونی کۆنی مەستەراح گوێم لە دڵقی ئاوێنەکە بێ بتوێتەوە و ڕمبوکوت لە ئاوێنەکە هەڵدەستێ...». «کاکە ئاوێنەکەی هاڕاند بە سەر و چاوما و ئەو دادەمەی لێ هەڵتەقاندم کە لە بنکی ئاوێنەکەوە هاتبوو ڕێک لە لای ناوکمەوە دەرکەوتبوو...». «لە کوتێک ئاوێنەی شکاوا گیری خواردبوو دەگریا دادە...».

## ئۆبژەی ئەوی دی بچووک(a)

واتە ئەو وێنەی کە منداڵ (لە خودی مەیلە و پێگەیشتن) دەیبینێ و لەگەڵیدا هاوتاسازی دەکات. یاکۆبسن لە تیۆری خۆیدا لە سەر زمان ئاڵۆزی، دەستنیشانی دەکات کە کۆڵەکەی مەجاز دێتە سەر دراوسێ بوون و بنەمای خوازەش دێتە سەر وێکچوویی. سۆسێر پێی وایە زنجیرەی گوتار لەسەر دوو هێڵی هاونشینی و جێنشینییە. لاکان دراوسێ بوون بە تایبەتمەندی مەجازی مورسەل و جێگۆڕکێ (جابجایی) دەزانێ و وێکچوویی بە پێناسەی خوازە و کەڵەکەبوون (ادغام). لە مەجازی مورسەلدا پاژێک دێتە جێی هەموو شتەکە و لە ڕێگەی جێگۆڕکێ، دەبێتە نوێنەری خودی شتەکە. وەک باڵ کە هێمای کۆترە و دەتوانێ هەڵفڕین وێنا بکات، یان تاج کە دەتوانێ پادشا و دەسەڵات بنوێنێت. لە خوازەدا ناو، یان ئاوەڵناوی شتێک لەگەڵ شتێکی دیکە جێگۆڕکێ دەکا. مەبەست لە بەکارهێنانی خوازە ئەوەیە کە بڵێین؛ ئەم دوو شتە لەگەڵ یەکدی جیاوازن، بەڵام تایبەتمەندییەکی دیاریکراو لە هەردووکیاندا هەیە، وەک لە شیعری کلاسیکدا مانگ ڕوخساری یار دەخاتە بەر چاو. لاکان بە هاوتاکردنی جیاوازیی ئاماژە پێکراوی یاکۆبسن لە نێوان خوازە و مەجازدا، بۆی دەرکەوت کە نەست (خودی نابەئاگا) پێکهاتەیەکی وەک پێکهاتەی زمانی هەیە. لاکان لای وابوو کە نەست بە گوێرەی ڕێسای خوازە و مەجاز کار دەکا (مەوەلەلی،١٣٨٣).

## تایبەتمەندی مەجازی مورسەل و جێگۆڕکێ لە چیرۆکدا

کردەوەی دایک و دادە زۆرجار جێگۆڕکێ دەکەن؛ واتە هەندێک جار کەسایەتی بگێڕەوە کردەوەی دایک و دادەی لێ تێک دەچێ و بە جێی یەکتریان دادەنێ. ئەم هۆکارە لەسەر هێڵی هاونشینی دەبنە هۆی ئەوەی لە جیاتی وشەی دایک، دادە بە کار بێنێ.

«دایە درزێکی خێوەتەکەی پێ حاڵی کردم...». «ئەچووبووم دەم درزەکە کە سەرم سوورمابێ دادە بۆ لەوێیە...». «دادە دایکم دیار نییە نەمتوانی بڵێم شەوێک لە حۆو خێوەتانە ئەبینی دەنگێکم بینی لە دایە چووبوو ئیتر نایبینمەوە...». «ئەبوو بڵێم ئەڵێن ساڵی خەوێک و دوو خەوە ئەویش ئەبێ دادەم خەوم پێوە ببینێ ئەڵێن جار و بار دایەشم دەبوو وتبێتم خەو ئەبینم...». «کتوپڕێک ئا بووە بە من و خێرا بزنە ڕێیەکم لە نێو قامیشەڵانەکە ئەبینیوە و پیا هەڵگەڕاوم جا گەیشتوومەوە سەر شانی خۆم و بوومەتەوە بە دادەم خێرا جا لەسەر شانم هەڵفڕیوم دادەم...». «دەبوو ئەوتبێتم ئاخر خەوەکانی من ئەڵێن داگیر کراون داگیر چییە وتی قەینا هی ئەو کابراش هەر وایە داگیر شتێکی وەکوو دادەتە وەکوو دایەت پێش ئەو شەوەی خێوەتەکە...».

هەر لەسەر ئەو بنەمای دراوسێ بوونە هەندێک جار دەبینین جیاوازی دایک و دادە لە سینگیاندا دەرئەکەوێ، سینەی دایک تامی شێی بنکی کتری دەدات و تامی سینەی دادە تاڵ و خۆشە و خوا داینەوە بۆ خەو:

«چۆن سینەی دادەم خوا داینەوە بۆ خەو...». «بە قەد سینەی دایەش زل نییە». « سینەی دایە نییە کە تامی شێی بنکی شەوانەی ئەدا و بۆنی شیری کترییە کۆنی لێ ئەهات...». «وەیی سینەی دادەم تاڵە تاڵ خۆشە مەڵاشووم ئەخورێنێ ئەڵێم دادە تاڵ چ خۆشە...». «سینگی تۆم دروست ئەکرد کە خەوێکم لێ بکەوێنێت...». «وتم دادە خوا داینەوە بۆنی شیری لێ بێ شیری لێ بێ وتبووم چەمە شیرەکانی دادە حەموو بەچکەکانی شاری تێر کردبوو...».

وشەی کاکە زۆر جار بە پێی کردەوەی کەسایەتی «کاکە»، جێناوی پێ دەدرێت و لەگەڵ شتێکی دیکە دەگۆڕدرێ، واتە وشەی کاکە دەبێتە هێمایەک بۆ ڕەگەزی نێر:

«کاکە — کازاوای دایکم — کا شووی دادە — کاقوززەڵقۆرتی نێو شۆرتەکەم»

## گێڕانەوەی کارەسات

ئامانجی سەرەکی ڕەخنەی لاکانی شیکردنەوەی پچڕانەکانی زمانی بگێڕەوەیە. ئاماژەکانی دووپات کراوی بگێڕەوە بە ڕای لاکان جێگەی سەرنجە، لەبەر ئەوەی نەست بە سازدانی پێوانە و هێمای دووپات کراوەوە، مانا دیاری دەکا.

بگێڕەوە بە هێمای چەندان جار دووپاتەی (تەرمە بۆگەنەی ئەو دیو خێوەتەکە)، (لەشی بە تێزاب کراوی ژنێک) و (کابرای ساحێب سیخ و ساج و تەوراس) دەیەوێ کارەساتێک بگێڕێتەوە، هەر جار بگێڕەوە یەکێک لە کەسایەتییەکانی دایک، یان دادە، یان ژنە چڵمەکە دەخاتە پاڵ کابرا تۆسنەکە و دیسان ڕووداوەکە دەخولقێنێ. هەر وا کە لە سەرەوە باس کرا لەبەر جێگۆڕکێی بەردەوامی کەسایەتی دایک و دادە دیاری ناکرێت ئەوەی کوژراوە کێیە بەڵام ئەوەی ماوەتەوە:

«ئەو تیزابە نامەردە تا کوێی تواندووەتەوە تا چەنێکی کردووە بە چڵمەکە دەرپێکانی براون حەتتا جا من کارم چییە ئەوەندە نەبێ نێو لینگە دڵقاوییەکەیم پێ گوناح بوو وەک مۆم توابووەوە سەر عەرزەکەی ئەو خوارەوە...».

«ئیتر خۆم شوێن دایە کەوتبووم دایە درزێکی خێوەتەکەی پێ حاڵی کردم کە بە فڕکە هەڕای ئەکردبوو منیش ئەچووبوومە دەم درزەکە کە سەرم سوڕمابێ دادە بۆ لەوێیە ئەوە چی ببوو لەگەڵ کابرای قوڕمساغی ساجەکە وێستابوو...». «ئەرێ ئەو شەوە لێرە بووم درزی خێوەتەکەم بیر هاتەوە کابرای ساحەب ساجەکە ژنە چڵمەکەی ڕووت کردبووەوە و لە بەری دەپاڕایەوە نازام لە چی خەلاسی کردبێ کەچی ژنە بە گوێی نەدەکرد و هەر کەفەڵی دەخوراند خێرا خێرا کەفەڵی دەخوراند و کابرا پێی دەوت ئەرێ وەڵڵا بەم تەوراسە سەریم هەڵکەند...».

بگێڕەوە لە شوێنێکدا کۆد و هێمایەک زەق دەکاتەوە کە بەو پێیە دەکرێ کابرا تۆسنەکە و باوک بە یەک کەس بزانین کە بە پێی تەکنیکی جێگۆڕکێ گۆڕپویەتی و دیسان کەسایەتی دایە و دادە پێکەوە لە لای ئەون و ژنەکەش هەر لەو شوێنەدایە:

«خەوەکانی من ئەڵێن داگیر کراون داگیر چییە وتی قەینا هی ئەو کابراش هەر وایە داگیر شتێکی وەکوو دادەتە وەکوو دایەت پێش ئەو شەوەی خێوەتەکە ئەویستم بڵێم کام شەو نەموت ئەموت جا چووزانێ ئەو دەنگە خزمم بوو وتی ژنێک بوو ئەوەندە گرتبووی هەرچی ساڵە ئەمانهێنێتەوە ئەم شارە کۆنە کاولە جا هەر تەواویشی ناکا وتی باوکم گیری کردبوو بە دەستییەوە و ئەیوت ئاخری ئەیکوژم و وتی چەنای چەند ساڵە ئەزانی وتم چووزانم بوتڵێک تێزابی میراتی لەگەڵ خۆی دەگێڕێ...».

## وێکچوویی وەک پێناسەی خوازە و کەڵەکەبوون

هەر وا کە پێشتر باسمان کرد کەسایەتی بگێڕەوە لە قۆناغی ڤالۆسی (ئۆدیپی)دا ماوەتەوە، ئەم هۆکارە دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو کردەوە و خەونەکانی کەسایەتی لەسەر کێشەی زایەندی (جنسی) بگەڕێ، گرێی ئۆدیپ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ناخی کەسایەتیدا هەیە، خەونی قەدەغە کراوەی تێکەڵ بوونی لەگەڵ دایکی بە پێی جێگۆڕکێ بە دادە دەگۆڕدرێت و وا پیشان دەدات لەگەڵ دادەی دەستی تێکەڵ کردووە.

«وتی پاییز باشە ئەو ژنە چڵمە بچێتە خەونی هەر کەسێکەوە ئیتر خەونەکانی هی خۆی نامێنێت کارێک دەکا جگە لەو خەونەی کە پێتەوە ئەبینێ خەوی تر نەبینێ...».

لە سەر بنەمای تێکەڵبوون، چەندان جار خوازەی نوێ دێنە ناو چیرۆکەوە و کەسایەتی بەو کردەوە نوێیەوە بە کاریان دەهێنێت.

– گۆڕینی کردەوەی وشەی ڕیش وکوو هێمای ئەندامی نێر:

«وتم ئۆخەی ئەم خەندەقە چەنێک گۆشتە چ ڕیش بە پیاو شل ئەکاتەوە...». «دادە خێرا خۆی لە ڕیشم دەرکێشا...». «ڕیشی مەلعوونم کەوتە بۆگەنیوی خەندەقەکەی خوارەوەی کافری چەور کرد...». «ڕیشم چەقیبووە تەختانی سینەیەوە ئاگام لێبوو سینەی لە ڕیشم ساندەوە وتم قەینا با وەبزانێت ئاگام لێ نییە...».

– گۆڕینی کردەوەی وشەی قاچ وەک هێمای ئەندامی نێر:

«وتی سەگە بە سێ قاچەوە ئەڵێی دواکەوتووی...».

«وتی سەگە هەر سێ قاچەکەت تێڵان...».

– گۆڕینی کردەوەی وشەی تەوراس وەک هێمای ئەندامی نێر:

«دادە ئەو کابرایە تەوراسەکەی زۆر غەدداره لاچۆ کەچی نەموێرابوو تەوراسەکەی نەیهێشتبوو بوێرم ئەودیو درزەکە کەوم...». «کابراش دەستی ناردبووە نێو سەری دادەم و ئەیوتبوو

بەڵایەکە و هاتووە کچم تەوراسەکەشی لە حاندی کەفەڵیدا گرتبوو...». «تەوراسە سەریم هەڵکەند و دیسان بیری دەکەوتەوە و دەپاڕایەوە لێی تەوراسەکەی لە بەر درزەکەدا گرت...».

- زۆرجار دێوەزمە دەبێتە خوازەیەک بۆ کردەوەی حەزی زایەندی (جنسی)، لە هەندێ شوێندا دەبێتە مەجازی مورسەل و بە پێی هاونشینی لەگەڵ هەر ئەو حەزی زایەندییە، هێمای منداڵ، یان خودی کەسایەتی بگێڕەوە وەک منداڵێک دەچوێنێت.

«ئەدرێم بە نەرما ئەدرێم بە بەچکەیەکی دێوەزمەدا کە حەمووی سێ چوار سەعاتە گووراوە لە ژێر سینەی دادەوە کەچی نازانم بۆ هەر ژێر نابێتەوە...». «لە هەر کەس بپرسم جوابم ناداتەوە ئەڵێ لە کێ ببوویتە دێوەزمە خۆ ناکرێ بێ ئەوەی کەسێکی لێ بێ دێوەزمە بیت ئەڵێم هەر ببوومە دێوەزمە و خێسەیەک لە لێوم دەکات...». «کتوپڕ لەشی گوناحی دەعباکە ئەبێتە چ هەڵمێک دێوەزمەکە بە پەنجێرەکەدا لێی هەڵدەچێ...». «ئەیوتبوو وست نقەت لێوە نەیا مەمکی توند بوو دیارە مژدی ئەکرد بە بەچکە دێوەزمەوە مەمکی بۆنی مژدی لێ هەڵئەستابوو...». «نقەم لێوە نایا باسی دێوەزمەکەش ناکەم ناڵێم چۆن سکی دادەی پڕ کرد و بەتاڵی کردەوە...». «دێوەزمە نەگبەتەکە شوێن زمانم کەوتووە دیانی لە دیانم تیژ کردووە کە بمپچڕێنێ...».

## کۆبەندی باسەکان

وەک لە سەرەوە ئامارەی پێ کرا؛ دەتوانین ببینین چەندان خوازە و مەجازی نوێ لە چیرۆکدا بەکارهاتووە. بە گشتی شێوەی گفتی بگێڕەوە، ئاشکراکەری شپرێوییە لە گەشەی دەروونی سووژەدا. سووژە نەیتوانیوە بە دەروونی کردنی سیستمی نیشانەیی/کە لە زماندا ڕەنگ بداتەوە/، لە ڕەهەندی خەیاڵەوە بەرەو ڕەهەندی هێما تێپەڕێ. زۆربوونی وێنەکان وەک ترس لە مەرگ، دایک، کاکە، کابرا تۆسنەکە... نیشانەن بۆ جێماوەبوونی بگێڕەوە لە ترسی قۆناغی ڕەهەندی خەیاڵی.

هەوڵی بگێڕەوە بۆ گەڕانەوە بۆ لای دایک (دادە؟) بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە ترسەکانی، هەوڵێکە کە بە هاڕاندنی ئاوێنە بەسەروچاویدا کۆتایی پێ دێت. لەبەر ئەوەی لە جیهانی پێوەندیی کۆمەڵایەتیدا سیستمی نیشانەیی زمانە کە هەڵسوکەوتەکان دابین دەکات، نەک خواستە سەرلێشێواوەکانی ڕەهەندی خەیاڵی.../.


**سەرچاوەکان:**

* ماری گلاکز (٢٠٠٩). نەریکار، وەرگێڕان: تەیفووری، مەنسوور. شەوقی، ئیبراهیم، سلێمانی.

* یوونسی. فریا (١٣٧٩). کتوپریک ئا. چیرۆک.

* اونز، دیلن (١٣٨٧). فرهنگ مقدماتی اصطلاحات روانکاوی لکانی، مترجمان: پارسا، مهدی. رفیع، مهدی، تهران: انتشارات گام نو.

* پاینده، حسین (١٣٩٥)، معکوس کردن رابطەها: خلاقیت پسامدرن در آزاده خانم و نویسندەاش.. مقالە. اینترنت

* موللی، کرامت (١٣٨٣). مبانی روان کاوی فروید ـ لکان، تهران: نشر نی

* هومر، شون (١٣٨٨). ژاک لەکان، مترجمان: طاهائی، سید محمد ابراهیم. جعفری، محمد علی، تهران: انتشارات ققنوس.

# «مەسەلەی ویژدان» لە دەلاقەیەکی نوێوە

بەختیار حەمەسوور
(سلێمانی)

١


بە شێوەیەکی بەربڵاو دەتوانین ئەدەبی گێڕانەوە (ڕۆمان، نۆڤلێت، چیرۆکی درێژ و کورت) بەسەر دوو پۆلدا دابەش بکەین: پۆلێکیان لە ئەنجامی کاریگەرییەکانی سەردەمەوە دەنووسرێن و ڕووداو و کەسایەتیی زەمەنەکەی خۆیان دەکەن بە تێمای سەرەکی گێڕانەوە، لە بەرانبەردا، دەتوانین پۆلی دووەم وەها باس بکەین، کە دوورونزیک پێوەندی بە ڕووداو و کەسایەتییەکانی ئەو زەمەنەوە نییە کە تێیدا دەنووسرێت، بەڵکوو لە ڕێی خەیاڵ و فەنتازیای تایبەتی نووسەرەکەیەوە، تێمایەکی جیا و نوێخوڵقاو دەسازێنێت و پەرەی پێ دەدات، بێ ئەوەی گرنگی هیچ کام لەو دوو پۆلە کەم و کورت بکەینەوە، دەتوانین بڵێین لە هەردوو پۆلەکەدا دەقی جیددی و گرنگ بەرهەم هاتووە و دێت، ئەوە تەنیا توانایی و دەسەڵاتی نووسەرە بڕیاری باش و خراپی هەرکام لەو پۆلانە دەدات.

٢

«مەسەلەی ویژدان، یان: چۆن بووم بە خانەدان»ـی (ئەحمەدموختار جاف)ی شاعیر، یان بەپێی دەستنووسە بنەڕەتییەکە «مەسئەلەی ویجدان»[١]، یەکێکە لە چیرۆکە دەستپێک و سەرەتا کۆنەکانی ئەدەبیاتی کوردیمان، ئەگەرچی بەشێک لە گرنگیی ئەم دەقە بە هۆکاری درەنگ بڵاوکردنەوەی، فەوتاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، لە پاڵ چەند دەقی کەم و بچکۆلەی تردا،

دەبێت بە سەرەتا و بناغەی مێژووی ئەدەبیاتی گێڕانەوەی کوردی.

ئەم چیرۆکە لە ساڵانی (١٩٢٧ - ١٩٢٨)دا نووسراوە و لە ساڵی (١٩٧٠)دا لە لایەن «د. ئیحسان فوئاد»ـەوە، بڵاو کراوەتەوە. ئاشکرایە ئەحمەد موختارجاف یەکێکە لە شاعیرە شێوەکلاسیکەکانی کورد، لە بنەماڵەیەکی ناسراو و خانەدان، لە هەڵەبجە؛ لە باوکەوە وەسمان پاشا و لە دایکیشەوە عادیلەخانم لەدایک بووە. لە بارەی ژیان و شیعرەکانییەوە، گەلێک بابەت و لێکۆڵینەوە نووسراون، زۆر لایەنی نهێنی و داهێنەرانەی کارەکانی تاوتوو و کەشف کراوە، بەڵام ئەوەی بە لێڵی و نەزانراوی ماوەتەوە، هۆکاری کوشتنەکەیەتی، چەند بۆچوون و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە، بەڵام هەر مەتەڵە و هەڵ نەهێنراوە، تا نوێترین چاپی کۆبەرهەمەکەی، کە فەرهاد شاکەلی لە پێشەکییە زانستی و چڕوپڕەکەیدا، لە ڕێی چەند سەرچاوە و وردبوونەوەوە، ڕووی ڕاستیی ئەم مەسەلەیەی هەڵ ماڵیوە و «حامیدبەگی کوڕی مەجیدبەگی کوڕی وەسمان پاشای جاف»، بە بکوژی ئەحمەد موختار دادەنێت، حامیدبەگ کە دەکاتە برازای ئەحمەد موختار و بە تەمەن دە ساڵ لە ئەحمەدی مامی گەورەتر بووە، کارەکەی لە گوزەری دوو چەکدارەوە جێبەجێ کردووە بە ناوەکانی «ف.ن.» و «س.ح»، کە ڕاستەوخۆ پاش کوشتنی ئەحمەد موختار لەگەڵ حامیدبەگ بۆ بەغداد هەڵاتوون و دواتریش لەگەڵی گەڕاونەتەوە بۆ هەڵەبجە. دوای هاتنەوەی، حامیدبەگ دەبێت بە قایمقام، پاشان ئەندامی پارلەمانی عێراقیش، واتە هەمان پلە و پۆستی ئیداری و سیاسی ئەحمەد موختار. باسەکەی شاکەلی بە زۆر وردەکاری و زانیاری تر لە بارەی عەشیرەتی جاف و حامیدبەگ و هاوڵەکانییەوە دەوڵەمەندە، بەمەیش بەشێکی زۆر لەو ناڕوونی و لێڵییە ئەدەبی و مێژووییەی لەسەر کوشتنی ئەحمەد موختار دروست بووە، ڕوون دەبێتەوە.[٢]



**ئەحمەدموختار جاف**

## ٣

«مەسەلەی ویژدان» بەسەرهاتی ویژدانی بیمار و پڕ ئازار و ئەشکەنجەی ئینسانێکی سادەدڵە بە ناوی زۆراب ئەفەندی، ویژدانێک کە بەبەر چاوی خۆیەوە لەدەست دەچێت، ئەویش لە لایەن کۆمەڵگەیەکەوە کە بێویژدانی تێیدا سەروەرە و برەوی هەیە. زۆراب ئەفەندی لە خێزانێکی هەژاری بێ دایکوباوک گەورە بووە، نیمچەخوێنەوارە، مووچەخۆرێکی بچووکە، هیچ بیروڕایەکی تایبەتی نییە - وەک ئەوەی یەکێک بێت لە ڕیزی درێژی کارمەندەکانی ئەدەبی پیترسبوورگی سەدەی هەژدە، کە نووسەرانێکی وەک دەستۆیڤسکی، گوگۆڵ، تورگنێڤ، چیخۆڤ و... بەرجەستەیان کردوونەتەوە-، بە چارەنووسی خۆی ڕازییە، بەڵام کۆمەڵگە دنەی دەدات، دەبێت کار بکات، پارەی زیاتر و زیاتر پاشەکەوت بکات، بۆ ژیانێکی باشتر- تۆ بخوێنەوە: پیستر!- دەچێتە دووی کار، سەرەتا لای مەلا و مەلاژنێک، ئەم دووە لەسەر دزی و فزی دەژین، دەفتەری حسابوکتابیان پڕە لە غەلوغەش، لە قەرزی زیادی، لە ساختەکاری و... زۆراب لەمە ئاگاداریان دەکاتەوە، پێیدا هەڵدەشاخێن و... لەوێ دەڕوات [دەردەکرێت]،

ئەمە سەرەتای کەوتنی ویژدانە، سەرەتا سڕ و دواتر خۆشەی دەکات. زۆراب تێوە دەگلێ، دێتە شار (سلێمانی). شار وەک زەلکاوێکی گەورە لە خۆیدا قووتی دەدات، تا بینەقاقا. هەر لەو سەرایەدا کۆمەڵی عەرزوحاڵچییەکان دەبینێت، ئەمیش بە حیساب کوێرەخەتێکی هەیە و خوێنەوارە، بڕیار دەدات دەست بکاتە عەرزوحاڵنووسین، چەند تەبەق کاغەز و دوو سێ ئووچ و هەندێک مرەکەب دەکڕێ و لە سووچێکی دەروازەی سەرادا، دەبێت بە عەرزوحاڵنووس.

یەکێک لە دیمەنە ورد و شاعیرانەکانی ئەم چیرۆکە، ماجەرا و هێنان و بردنی ڕەئیسی مەحکەمە و زۆراب ئەفەندییە؛ ئەویش لەو کاتەدا زۆراب بە هۆی دەعواچییەکەوە، کە عەرزوحاڵی بۆ نووسیوە، بانگ دەکرێتە مەحکەمە، ڕئیسی مەحکەمە بە هۆی خەتی ناشیرین و شقلیوپقلی، حوکمی زیندانی زۆراب ئەفەندی دەدات، پاش کەمێک دەمولووت کوتانەوە، زۆراب نووسراوی حوکمەکەی دەخوێنێتەوە، دەبینێت دەستخەتی ڕەئیسی مەحکەمە، زۆر لە دەسخەتی خۆی ناشیرینتر و ناڕێکترە، چما هەر خوێنەواری هەبێت! ـ بیرخەرەوەی هەمان دەستەواژەی سەدەکانی ناوەڕاستی فەڕەنسە: خۆ پاشا ڕووتە! ـ زۆراب ئەفەندی بەم ئاوایە و بە هەناسەساردییەوە دەڵێت: «خودا قودرەت قابیلی تۆیە، یەکێ لەسەر خەتناشیرینی محاکەمە دەکرێت یەکێک لەبەر خەتناشیرینی، مەسعوود بووە و بەختیارە!»[٣] کۆتایی ئەم محاکەمە، بەرتیلە، چونکوو حوکم بەپێی قانوونی عەشایەرە نەک قانوونی نووسراو! زۆراب ئەفەندی پارە دەدات، نەک هەر ئازاد، بەڵکوو دوو دانە لە عەرزوحاڵنووسەکانی سەرایشی بۆ دەر دەکەن! «بەرتیلم دا تا کارێکی وا و فەرمانێکی ئەوتۆ دەربکرێت، هەر من بتوانم عەرزوحاڵ بنووسم.»[٤] لێرەشدا نیگای ڕەخنەگرانەی ئەحمەدموختار جاف بەگوڕ و بەکارانە، پەردە لەسەر دزێوی و داڕزاوی دەسەڵاتی سەردەمەکەی هەڵدەداتەوە.

٤

«مەسەلەی ویژدان» لە پۆلی ئەو چیرۆکانەیە کە لە هەناوی زەمەنەکەیانەوە دەڕسکێن، ڕەخنەی زەمەنەکەی خۆیان دەکەن، بێ ئەوەی بچووکترین ڕووداوی چەپەڵ و هاواری بێدادی تێپەڕ بکەن. ئەم دەقە لە خانەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەدا جێ دەگرێ، واقیعی مەوجوود بە وردیی شەنوکەو دەکات، هەریەک لەو ڕووداوانەی ئەم دەقە نیشانگریان دەکات، ڕووداوی سەردەمەکەی خۆیانن، واتە سالانی پاش یەکەمین جەنگی جیهانی و دروستبوونی یەکەمین حکوومەتی میللی کوردستان، هاوکات سەردەمێکی پڕ ئاشووب و دەڵاندنی گەندەڵی. لێرەدا، لەبەر ڕۆشنایی یەکێک لەو «ئیعلان»انەی لە ژمارە: ٤٥، ١٩٢٥/١٠/٢٢ی ڕۆژنامەی «ژیانەوە»دا بڵاو کراوەتەوە، دەیسەلمێنین کە چیرۆکی «مەسەلەی ویژدان» چەند بە ئاگاییەوە پەرژاوەتە سەر ڕووداوەکانی سەردەمەکەی و چۆن وزەی ڕەخنەگرانەی ئاراستە کردووە؛ دەستخەتی لێڵ و ناخۆشی عەرزوحاڵنووسەکان یەکێک بووە لە گرفتەکانی ئەو سەردەمە، لەم میانەدا، داوای هەق و مافی چەند دەعواچی خوراو و پشتگوێ خراوە، دیارە لەمەیشدا مەبەست هەبووە، بەهەرحاڵ، لە ڕێی ئەم «ئیعلان»ەوە، تێ دەگەین کە گرفتەکە لەوە گەورەترە کە تەنیا کەسێک، یان چەند کەسێک تووشی ئەم دۆخە هاتبن، بەڵکوو ئەم گرفتە (گرفتی دەستخەت ناخۆشی)، هێندە تەشەنە و پەلی کوتاوە، کە کارێک بکات ڕاستەوخۆ «داوەری مونفەریدی سلێمانی» لێی بێتە دەنگ. لێرەدا، ئەو بڕیارە وەک خۆی دەنووسمەوە و خوێنەر دەتوانێت لەگەڵ هەمان ئەو ڕووداوەی نێو چیرۆکی «مەسەلەی وێژدان»دا پێکی بگرێ و ئاست و ڕەنگدانەوەی ئیعلانە فەرمییەکە لە چیرۆکەکەدا ببینێتەوە، وشیاریی ڕەخنەگرانەی (ئەحمەدموختار جاف)یش لە مەسەلەیەکی لەو جۆرە، درک بکات، هەروەها دەتوانێت سەرەتای کەشی پێچاوپێچ و وەڕزکەری ئیداری و هاوکات کافکایی، لێوە تەماشا

بـکات.

جێـی ئامـاژە بۆکردنـە: مامۆسـتا کەمـال ڕەئـووف محەمـەد ئـەم ئاگادارینامـە (جاڕنامـە)ی لـە کتێبـی ئەدەبـی نامەنووسـینی کوردیـدا، بـە مەبەسـتی وردبوونـەوەی لێکۆڵـەران و خوێنـەواران نوانـدووە. [٥]

[داوەری مونفەریدی سلێمانی- عەرزوحاڵنووسەکان

سلێمانی

-/١٠/١٩٢٥

ئیعلان

لـەو ڕۆژەوە کـە لـە سـلێمانیدا مەحکەمـە تەشـەککولی کـردووە، چەنـد ئیسـتیدعایەک تەقدیـم مەحکەمـە کـراوە، لەبـەر ئەمـەی موافیقـی قانـوون نەنووسـرا بـوو، مەجبـووری قوبووڵنەکردنـی ئـەو ئیسـتیدعایانە بـوون.

ئەمەیـش مووجیبـی زەرەری سـاحێب دەعوایـە کـە بـێ فائیـدە پـارەی پـووڵ و کرێـی عەرزوحاڵچییـان لەکیـس دەچێـت.

لەبـەر ئەمـە بـۆ موحافـەزەی حوقووقـی ئەهالیـی، ئیعلانـی ئـەو کەسـانە دەکەیـن کـە عەرزوحـاڵ دەنووسـێ، لەمەوپـاش هـەر کەسـێک موراجەعەتیـان پـێ بـکات، لازمـە حەقیقەتـی دەعواکەیـان تـێ بگـەن، ئەمجـا بینووسـن و ئەگـەر نەیانتوانـی تێـی بگـەن، بـۆ تێگەیشـتنی تەسـویری ئـەو دەعوایـە، موراجەعـەت بـە قەڵەمـی مەحکەمـە بکـەن و لـە پـاش ئـەوە عەرزوحـاڵ بنووسـن، وە ئیـلا مەحکەمـە پـارەی پـووڵ و کرێـی ئـەو ئیسـتیدعایە کـە موافیقی قانـوون نەبـێ و مەحکەمـە قوبووڵـی نـەکا، لێـی تەزمیـن و تەسـلیم بـە سـاحێبی دەکات. لەگـەڵ ئەمەیـش هـەر لـە دەعـوای سـوڵحدا مەحکەمـە دەتوانـێ بـێ ئیسـتیدعا دەعـوا قوبـووڵ بـکا، بـە ئـەو شـەرتە ساحێب دەعوا بـە قەڵەمـی مەحکەمـە موراجەعـەت و دەعواکـەی زەبـت بـکات.

عەرزوحاڵچییـەکان ئەگـەر بـۆ مەحکەمـە لـە ئیستیدعانووسـینی ئوسـووڵیدا ئیسـڕار بکـەن، لـە عەرزوحاڵچیەتـی مەنـع دەکرێـت!

حاکمی مونفەریدی لیوای سلێمانی][٦]

**پەراوێزەکان:**

١- کۆبەرهەمی ئەحمەدموختار جاف، ئامادەکردن و پێداچوونـەوەی: کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)، ئینتیشاراتی کوردستان، چاپی یەکەم، ٢٠١٩.

٢- فەرهـاد شـاکەلی (پێشـەکی)، کۆبەرهەمـی ئەحمەدموختـار جـاف.

٣- مەسـەلەی ویـژدان، ئەحمەدموختـار بەگـی جاف، پێشـەکی و لێکۆڵینـەوە: د. ئیحسـان فوئـاد، بەڕێوەبەرێتیـی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی سـلێمانی، چاپـی دووەم، ٢٠٠٦.

٤- هەمان سەرچاوەی سێیەم.

٥- ئەدەبـی نامەنووسـینی کـوردی، لێکۆڵینـەوە و وردبوونـەوە و کۆکردنـەوەی: کەمـال ڕەئـووف محەمـەد، جزمـی ٣، دەزگای ئـاراس، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠٠٤.

٦- ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژمارە (٤٥)، (٢٢ی تشرینی یەکـەم ١٩٢٥)، لـە کتێبـی: ژیانـەوە و شـوێنی لـە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا (١٩٢٤- ١٩٢٦)، عەبدوڵـڵا زەنگەنـە، پێشـەکی و پێداچوونـەوەی: د. کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی موکریانـی، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠٠٠.

# حاجی ژنی باغڵووجە، یان کانیاوی شیفا

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابوردووی خۆمان و وڵاتەکەمان بدەینەوە، ئەوە بۆمان دەردەکەوێ شێرەژن و سەرەژنی زۆر دڵسۆز و فیداکار و ماندوویی نەناس لە کۆمەڵگەکەماندا هەبوون و هەن. ئەگەر بە چاوێکی ئەمەکدارانەوە لە دەوروبەری خۆمان بڕوانین، ئەو فریشتە ڕەزاسووک و دلۆڤانانە دەبینین و زۆر کەسی تریش لە لاپەڕەی بیرەوەرییەکانماندا یادی سەوز و پیرۆزیان تۆمار کراوە.

من لە بیروەریی خۆمدا زۆرم لەو ژنە زانا و ئازا و لەخۆبردووانە دیوە و ناو و یادیانم ئاوێتەی ڕۆح و هەستم کردووە، بەڵام یەکێک لەو دایکە فیداکار و دڵسۆزانە هێندە بەلامەوە گەورە و پیرۆزە بە پێویستم زانی سڵاو لە ڕۆحی بەرز و پیرۆزی بکەم و قەڵەمەکەم کڕنۆش بۆ گیانی پاکی بەرێ، ئەویش حاجی ژنە نەزاکەتی باغڵووجە خێزانی دڵسۆز و وەفاداری حاجی سەوزەیە. ئەو ژنە زانا و دەستسووک و دەستڕەنگینە بە حاجی ژنی باغڵووجە بە ناوبانگ بوو. حاجی ژن، شکستەبەندێکی کارامە و لێزان و پسپۆڕێکی بێ وێنە بوو. ئەو شێرەژنە هەموو ماوەی تەمەنی و هەتا ئەو کاتەی هێز لە دەست و مەچەکیدا بوو بۆ خزمەت کردن بە خەڵک نەسرەوت و سەدان کەسی لە مەرگ ڕزگار کرد. ئەو ژنە

ڕۆحسووک و ڕەزاسووکە، ڕۆژ نەبوو کەسانی دەست و لاق و پشت و پەراسوو شکاو نەهێنن بۆ لای و ساتێک حەسانەوەی نەبوو. شەو و ڕۆژ ماڵەکەیان لە مجرۆ و کەلەلا جمەی دەهات و پەنا و داڵدە و جێگە هانای لێقەوماوان بوو. بنەماڵەیەکی دڵاوا و نانخۆش و سفرە بڵاو بوون. حاجی ژن بێ ئەوەی چاوی لە هەقدەست و دەستخۆشانە بێ، لە ڕێی خودادا و بۆ خزمەت کردن بە خەڵک هەوڵی دەدا و شلوێ بوون و نێوچاوان گرژی و ماندووبوونی نەدەزانی و هیچ ڕۆژێک لە ژیانیدا ڕۆژی پشوودان نەبوو.

هیچ شتێکی لە خەڵک وەرنەدەگرت، مەگەر ئەو کەسانەی چاک دەبوونەوە خۆیان گەزێک خام و جاو، یان تەلاشەدار و بەن و هێلکەیان ببردایە کە ئەوانەشی بۆ کاروباری شکستەبەندییەکەی پێویست بوو. بیرەوەرییەکم لەو دایکە دڵسۆز دەست و دڵ پاکە هەیە کە جێی خۆیەتی باسی بکەم.

هاوینی ساڵی ١٣٥٦ (١٩٧٧ز) بەرغەلەوان بووم. هەشت ساڵم تەمەن بوو. دار هەرمێیەکی ماڵی ئەحمەد سۆفی ڕەحیم هەبوو لە قەراغ ڕێگاکە و نێوان مەزرای ئێمە و ئەوان هەڵکەوتبوو. دوو لقی دارەکە داهاتبوونەوە و دەستم پێیان دەگەیشت. فێر بووبووم خۆم پێوە هەڵدەواسی و لاقم بە دارەکەدا هەڵدەگێڕا و سەرەو بن خۆم هەڵدەگێڕاوە. جۆرێک ژیمناستیک بوو بۆ خۆم دۆزیبوومەوە و هەتا هیلاک دەبووم هەموو ڕۆژێ ئەوە کارم بوو. بەرغەل دەلەوەڕان و منیش خەریکی خۆهەڵگێڕانەوە بووم. ڕۆژێک نازانم بۆ دەستم گیری کرد و نەمتوانی لاقم لە بەینی دوو لقەکە و دەستی خۆمەوە ئاوەژوو بکەمەوە و بە سەرەوە کەوتمە خوارێ. هێزم دا سەر دەستی ڕاستەم هەستمەوە، لە خوار



**حاجی ژنی باغڵووجە**

هەنیشکمەوە دەستم نووشتاوە و چریکە و ژانێک لە قۆڵ و هەنیشکم گەڕا و بەرچاوم تاریک بوو، ژانەکەشی ئێستاش دوای چل و سێ ساڵ هەستی پێ دەکەم و لە بیرم نەچۆتەوە. بە دەستی چەپەم دەستە ڕاستە شکاوەکەم گرت و چووم بۆ لای باوەگەورەم، لە سەرەوە خەریکی ئاوداشتن بوو. گوتم باوە حاجی، دەستم شکا. بە مێزەرەکەی بۆی لە ملم قایم کرد و بەرغەلمان لێخوڕی بەرەو ئاوایی. سۆفی ساڵە لە گەردیگلان شکستەبەند بوو. چووین بۆ ماڵی ئەوان. سۆفی ساڵە چاوی لە دەستم کرد و گوتی: «ئەوە کاری من نییە. لە دوو جێوە شکاوە و هەنیشکیشی لە جێ چووە. بیبەن بۆ لای حاجی ژنی باغڵووجە».

ماڵی سۆفی ساڵەش جێگە داڵدەی لێقەوماوان بوو، خۆی شکستەبەند بوو و خات گوڵچینی خێزانیشی مامان بوو، هەموو منداڵانی سەروو تەمەنی من و خوار منیش لە سەر دەستی ئەو لە دایک بوون، ساڵی ١٣٩٣ (٢٠١٤ز) کۆچی دوایی کرد، ڕۆحی شاد بێ. بەڕاستی ئەویش ژنێکی کارامە و لێزان و تێگەیشتوو بوو؛ نیوەشەو

لـه نێـو دێ و گوندەکانـی دەوروبـەرەوە دەهاتـن بـە دوایدا و لـە خـەوی شـیرینیان هەڵدەسـتاند و بەبێ ئـەوەی شـلوێ بـێ، دەسـتەوبەجێ لەگەڵیـان دەچوو.

لەگـەڵ باوەگـەورەم بـە پێیـان بـەرەو باغڵووجـە وەڕێ کەوتیـن. نێـوان گەردیـگلان و باغڵووجـە بـە پێیـان سـەعاتە ڕێیـەک دەبـێ. گەیشـتینە باغڵووجـە و چووینـە خزمەت حاجـی ژنە نەزاکەت. کـە دیتـم دڵـم پێـی ڕوون بۆوە و هەسـتم دەکرد ئـەو دەسـتە کـز و باریـک و ناسـکانەی ئێشـم پـێ ناگەیەنـن. دەتگـوت دەسـتی دایەگـەورەم لـێ کراوەتەوە و لە ئەو پێوەند کراوە. ڕەگە (دەمار)ـە شینە ئەسـتوورەکانی و پێستە تەنکە پیرانەکـەی هـەر لە بەرچاومـە. قۆڵـم هەڵکـرد و لـە بەردەمـی دانیشـتم. لـە گڵێنەیەکـی پەلـدا ئـاوی گەرمیـان هێنـا. دەسـتی بـە نەرمـی بـۆ داشـتم، هـەر لـە پەسـتا نـاوی خـودا و پێغەمبـەری دێنـا و بـە دەسـتێکی ئـاوی پێـدا دەکـرد و بـە دەسـتەکەی دیکـەی دایدەماڵـی. گوتـی: «ئـا ئـەوە چییـە لـە بـەر ئـەو پەنجەرەیـە؟» منیـش چـاوم لـە پەنجەرەکـە کـرد و هۆشـم چـوو بـۆ ئـەوێ، بـەڵام هیچـی لـێ نەبـوو. لـە پڕێکـدا تەکانێکـی لـە دەسـتم دا، هێنـدەم ئێـش پێگەیشـت هەسـتم کـرد هەمـوو گیانـم کەوتـە سـەر ئارەقـە و چـاوم هیـچ کوێـی نـەدی. کوتوپـڕ بـوو بـە شـەو، هـەر خێـراش ڕووناکـی هاتـەوە.

وەک ئـەوەی لـە شـەوێکی تاریکـدا و لـە ژوورێکدا چـرا هەڵکـەی و بیکوژێنییـەوە. ژانەکـەی یەکجـار زۆر بـوو، زۆر لـە کاتـی شـکانەکەی زیاتـر بـوو. حاجـی ژن فەرمـووی ئـەوە شـوکر هەنیشـکی چووەوە جێ. دەسـتی لێ هەڵگـرت و گوتـی ئـەو ئـاوە برێـژن. ژنێـک هـات پێموابـوو بووکـی بـوو، ئاوەکـەی بـرد لـە حەوشـە ڕشـتی. کچێکـی جحێـڵ لەسـەر مجۆعمەیـەک حـەوت هەشـت گرکـەی هێنـا. قەتـم گرکـەی ئـاوا گـەورە و جـوان نەدیبـوو. باسـی گرکـەی باغڵووجەیـان دەکـرد و بەناوبانـگ بـوو، بـەڵام ئـاوا بـە چـاوی خـۆم نەمدیبـوو. لـە خۆشـیی گرکـە لـە بیـرم چـۆوە دەسـتم شـکاوە. مجۆعمەکەیـان هێنا پێشـێ، دەسـتم بـرد گرکەیەک هەڵگـرم بیدەم بـە باوەحاجیـم بـۆم پـاک بـکات. چریکـە لـە دەسـتم هەسـتا و نەمتوانـی بیجووڵێنم. ژانەکەشـی ئەوەنـدە زۆر بـوو، فرمێسـک بـە چاومدا هاتـە خـوارێ و لـە ڕووم هەڵنەهـات بگریـم. ئـەو گرکـەی ویسـتم هەڵیگـرم بـاوە حاجیـم ئـەوە نـا، یەکـی دیکـەی هەڵگـرت و پاکـی کـرد، ئەوەنـدە بەتـام بـوو قەتـم گرکـەی وا نەخواردبـوو. دوای خواردنـی گرکـە حاجـی ژن گوتـی: ئاوەکـە گـەرم بـوو؟ ئەگـەر حـازرە بیهێنـن!

هەسـتام و چوومـە بەردەمـی حاجـی ژن، لـەو کاتـەدا سـێ نەفـەر کابرایەکـی قەڵەویـان لەسـەر نێردیوانێـک دانابـوو و لێفەیـان تێوەرپێچابـوو، هێنایانـە ژوورێ. کابـرا نازانـم خەڵکـی چ دێیـەک بـوو. گوتیـان لـە سـەر دیـوار بەربۆتـەوە، هـاواری ڕان و سـنگ و شـانی دەکـرد. حاجـی ژن چـوو بـۆ لای و گوتـی: ڕانـی شـکاوە. دەسـتی لـە پەراسـووەکانی دا، گوتـی: پەراسووشـی شـکاوە. شانیشـی دەبـێ لـە جـێ چووبـێ، بۆیـە ناتوانـێ دەسـتی بجووڵێنـێ.

کاتێـک ئـەو کابرایـەم دی، ئەوەنـدەم پـێ گونـاح بـوو، ژانـی دەسـتی خۆمـم لـە بیـر چـۆوە. کابرایـان لـە سـەر نێردیوانەکـە داگـرت و لـەولاوە ڕایانکێشـا، هـەر لـە پەسـتا هـاواری دەکـرد و دەیناڵاند. حاجـی ژن هـات بۆ لام و لە سـەر گڵێنە ئـاوە گەرمەکـە نـەرم نـەرم دەسـتی بـۆ داماڵیـم و قرچەقـرچ پەسـقانەکانی دەخسـتەوە جێـی خـۆی. باوەگـەورەم لـە دواوە هـەردوو شـانی توند

گرتبـووم و نەیدەهێشـت بجووڵێمـەوە. ژانەکـەی هێنـدە زۆر بـوو لەوانـە بـوو دڵـم بێخـود بـێ. دەستم ڕاست بۆوە و حاجی ژن گوتی: قامکت بجووڵێنـە! قامکـم جووڵانـدەوە و گوتـی: مسـتت بقوچێنـە! مستم قوچاند و کردمـەوە. گوتـی: زۆر چاکە. سێ چوار تەڵاشـە دار و بەنێکی سـپییان بـۆ هێنـا. دەستیشـم دەتگـوت فوودانەیـە فـووی تـێ دەکـەن، جـار لەگـەڵ جـار دەماسـی. تەڵاشـە دارەکانـی لـە سـەرەوە و بنـەوە لەسـەر دەسـتم دانـا و بـە بەنەکـە تونـد بەسـتی، ئیتـر ئێشـی نەمـا. هەسـتم کـرد دەسـتم چـاک بۆتـەوە. گوتـم: بـۆ دەسـتم ئـاوا ماسـیوە!؟ حاجـی ژن گوتـی: هیـچ نییـە، ئـەوە نیشـانەی ئەوەیـە چۆتـەوە جـێ.

ئێمـە هەسـتاین و خوداحافیزیمـان کـرد و حاجـی ژن فەرمـووی: دە ڕۆژی تـر وەرنـەوە. گەیشـتینە بـەردەرگا و پیاوێـک کچێکـی جحێڵـی بـە سـواری گوێدرێـژ هێنابـوو، گوتـی لاقـی شـکاوە.

دوای دە ڕۆژ لەگـەڵ باوەگـەورەم چووینـەوە بـۆ ماڵـی حاجـی سـەوزە. حاجـی ژن کوڕێکـی لـە بەردەسـتدا بـوو، لـە مـن گەورەتـر بـوو. ئەویشـیان لـە قـارەوا گـەورەوە هێنابـوو، دەسـتی شـکابوو. دەسـتی کوڕەی هەڵبەسـتەوە و گڵێنـە ئاوەکەیـان ڕشـت و پڕیـان کـردەوە لـە ئـاوی گـەرم. نـۆرەی مـن بـوو. چوومـە بەردەمـی دانیشـتم. تەڵاشـە دارەکانی لـە دەسـتم کـردەوە و بـە ئـاوە گەرمەکـە بـە نەرمـی دەسـتی بـۆ داماڵیـم، پاشـان گوتـی: هەڵیگـرە ببیـە لـە حەوشـە بیرێـژە! هاتـم دەسـتی دەمـێ نەموێـرا، زۆر قـورس بـوو. جگـە لـە ئاوەکـەی، گڵێنەکـە چـوار کیلـۆ قورسـتر دیـار بـوو. حاجـی ژن گوتـی: مەترسـە، دەسـتت چـاک بۆتـەوە، هەڵیگـرە! دەسـتم دایـە، بـردم لـە حەوشـە ئاوەکـەم ڕشـت و هاتمـەوە ژوورێ. گوتـی: زۆر باشـی گرتۆتـەوە، مەبارەکـە.

حاجـی ژن ڕۆژی ١٦ی پووشـپەڕی ١٣٦٧ی هەتـاوی (١٩٨٨ز) ڕۆحـی پەپوولەئاسـای بـەرەو دیـاری هەرمـان باڵـی لێـک دا و خـۆری ژیانـی ئـاوا بـوو.

ئێستا بیری لێ دەکەمـەوە ئەو ژنـە (واتە حاجی ژن) ژنێکی چەنـدە ڕۆح سـووک و بـە تـەواوی مانـا ئینسـان بـوو. شـەو و ڕۆژ خەریکـی خزمـەت بـە خەڵـک و هەڵبەسـتنەوەی پەسـقانی شـکاوی دەسـت و لاق و ئەندامـی خەڵـک بـوو. حاجـی ژن جگـە لـە شکستەبەندی لـە بـواری پزیشـکی و گیادەرمانیشـدا زۆر پسـپۆڕبوو. مەڵحەمـی بـۆ هەمـوو جـۆرە بریـن و کـوان و تیراوێیـەک هەبـوو. لـە هەمـوو شـار و دێهاتەکانـی ناوچـەوە دەهاتـن بـۆ لای و بەبـێ ئـەوەی شـلوێ بـێ و بـە ئاسـتەم نێوچـاوی تێـک بنـێ، بەوپـەڕی میهرەبانـی و سـنگ فراوانییـەوە، بەبـێ ئـەوەی قرانێـک لـە هیـچ کـەس وەرگـرێ، بـۆی هەڵدەبەسـتنەوە. بەڕاسـتی ئـەو فریشـتەی نەجاتـە کـە گیانـی سـەدان کەسـی لـە مـەرگ نەجـات داوە، پێموایـە جێـی خۆیەتـی ئـەو دایکـە پیـرۆز و مـەزن و دڵپاکـە گەورەترین نەخۆشخانەی بـە نـاوەوە بکـەن و پەیکـەرەی بـۆ دروسـت بکـرێ و وەک هێمـای گەورەیـی و خزمەتگـوزاری و ماندوویـی نەناسـی، هەمـوو سـاڵێک یـادی لـێ بکرێتـەوە، بـۆ ئـەوەی دوکتۆرەکانیـش دەرسـی ڕەوشـت و گەورەیـی و مرۆڤدۆسـتی لـەو شـێرەژنەوە فێـر بـن و بـەو بـاوەڕە بگـەن کـە مـرۆڤ بـۆ خزمەتکـردن بـە یەکتـر خـودا ئافراندوویەتـی.

# شینگێڕی لە ئەدەبی کوردیدا

## «شیعر بە نموونە»

لەتیف فاتیح فەرەج
(کەرکووک)

شینگێڕی، یان کۆستکاری و شیوەن بەشێکی گرنگی ئەدەبی کوردی، بە تایبەت شیعر پێک دەهێنێت، ئەمە وەنەبێت لە چیرۆکیشدا نەبێت، بۆ نموونە لە چیرۆکی کوردیدا (گورگانە شەوێ) کەی چیرۆکنووس محەمەدنووری تۆفیق جۆرێکە لە شینگێڕی بۆ سۆران و گۆرانی پوورە گوڵە، پوورە گوڵە، یان گوڵە سووتاو ژنێکی (بێکەس) ی دانیشتووی گەڕەکی بێکەسی چەمچەماڵ بوو، هەردوو کوڕەکەی بوونە پێشمەرگە و هەردووکیشیان لە شەڕی جیادا شەهید بوون، گورگانە شەوێ باسی دۆخی پوورە گوڵە و هەواڵی مەرگی کوڕەکانی دەکات، چیرۆکێکی ڕاستی هونەریی جوانە، دەکرێت لە بواری شینگێڕی لە چیرۆکی کوردیدا قسەی لە سەر بکرێت.

من لەم نووسینەدا تەنیا لە سەر شیعر دەوەستم، بابەتەکەش بە کورتی باس دەکەم، بە ئومێدی ئەوەی ئەگەر توانیم لە ئایندەدا هەموو شیعری شینگێڕی کوردی و خوێندنەوە لە بارەیانەوە لە کتێبێکدا کۆبکەینەوە، چونکە ڕاستییەکەی ئەگەر سەرجەمیان کۆبکەینەوە کتێبێکی گەورە دەردەچێت، بیرمان نەچێت دوو چامەکەی نالی و (سالم)یش دەچنە خانەی شینگێڕی بۆ نیشتمان.

لە دیوانە کوردییەکاندا شیعری شیوەن و شینگێڕی بە ڕادەیەکی زۆر هەیە، من تەنیا بە چاوپێداخشانێکی کەمی سێ دیوانی شیعری «مەولەوی تاوەگۆزی، قانیع، هێمن موکریانی» دەقگەلی زۆرم لەو بارەیەوە بەرچاو کەوت، بە ڕادەیەک ئەگەر بڵێین زۆربەی دیوانی مەولەوی دەچێتە ئەو خانەیەوە نابێتە درۆ، لە دیوانی (مەولەوی)دا حەڤدە شیعر و لە دیوانی قانیعی شاعیری چەوساوەکاندا دوازدە شیعر و لە دیوانی (هێمن)دا پێنج شیعرم وەک شیعری

شینگێڕی دەستنیشان کرد، هەڵبەت یەکێک لە شیعرەکانی هێمن هەڵگری هەمان ناوی شینگێڕییە، واتە لەم سێ دیوانەدا ٣٤ شیعری شینگێڕی هەیە کە باوەڕ دەکەم زیاتریش بن.

شینگێڕی بریتییە لە لاواندنەوە، یان سۆزرێژی بۆ لە دەستچوونی ئازیزێ، یان کارەسات و ڕووداوێک، بۆ نموونە کەوتنی کۆماری مهاباد، تاوانی ئەنفال، کوشتوبڕی دەرسیم، تادوایی.

(گۆران)ی شاعیر شینی بێکەس دەگێڕێ و دەڵێت:

**ئەی فریشتەی شیعری جوان**
**کۆستی کەوتووی هەردووکمان**
**بۆ ئەم جارە بێ کەسە**
**کە وتمان بێکەس بەسە**

دواتر دەڵێت:

**پەری شیعری شۆخ و شەنگ**
**تۆ دڵتەنگ و من دڵتەنگ**
**با سکاڵا بۆ یەکتر**
**لەگەڵ ئاخی ساردوسڕ**
**دوور و درێژ هەڵڕێژین**
**مەیتی بێکەس ئەنێژین**
**ئاشنای تۆ بوو هاوڕێی من**
**لێی داگیر کردین مردن**

شیعرەکە ئەوەندە جوانە مرۆڤ لە بەردەمیدا سەراسیمە دەبێت:

**ئەنووسم دێڕ دێڕ بەن بەن**
**بۆ بێکەس شیعری شیوەن**

(گۆران)ی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی جوانترین شیعری شینگێڕی هەیە، نموونەی بەردەنووسێک، یان بۆ هیوای کوڕم کە یەکێکە لە دەقە جوانەکانی نێو دنیای شیعری کوردی.

هەژاری شاعیر دوای مردنی مەلا مستەفای بارزانی شیوەنێکی کاریگەری بۆ دەکات و بە شێوەیەک پێیدا هەڵدەڵێت دەچێتە خانەی ئەفسانەوە:

**من دەزانم تۆ نامری**
**تۆ لە مردن بە هێزتری**

هەژار نایەوێت بڕوا بەو مردنە بکات و دەڵێت مردن لە هەقی تۆ نایەت، ئەو شیعرەم بە دەنگی خۆی لە کاسێتی تایبەتی ناشتنی (مەلا مستەفای بارزانی)دا لابوو کە هەر یەک لە ئیدریس بارزانی و مەسعوود بارزانی، یان شێخ عیزەددینی حوسەینی، بۆ جەماوەرەکە قسە دەکەن، هەژاریش بە دەنگی خۆی ئەو شیعرە دەخوێنێتەوە، بە داخەوە لە ناوەندی هەشتاکان کە ویستم بڕۆم لە قەڵادزێوە پێوەندی بە پێشمەرگەی دۆستی باوکمەوە بکەم کە ئەودەم حسک بوون، لە یەکێ لە خاڵەکانی پشکنین ئەو کاسێتە و یەک دوو نامەم لە دەشبوڵی ئەو لاندرۆڤەرەدا بیر چوو کە لە ڕانیەوە بردمی بۆ قەڵادزێ.

هەژار دەڵێت:

**بارزانی پاڵەوانی کورد**
**هیوای پیر و جەوانی کورد**
**خەبەریان پێدام تۆ مردووی**
**بە دیمەن لە بەر چاو ون بووی**
**من دەزانم تۆ نامری**
**تۆ لە مردن بە هێز تری**

«تێبینییەکی کورت: ئەگەر هەڵەیەک لە شیعرەکەی هەژاردا هەبێت، هۆیەکەی ئەوەیە کە نەگەڕاومەتەوە بۆ دیوانەکە و لەبەرم بووە»

مەولەوی چەندان شیعری زۆر بەرزی بۆ عەنبەر خاتوونی هاوسەری نووسیوە، ئەو دەڵێت:

**ئەی ڕۆشنی چەم تاکەی تەشریف بەر**
**لێڵاوی سادەی هوناوەی هون کەر**
**پەی چێش قیبلەکەم عەزم سەفەر کەرد**
**سێڵاو و دووریش ڕیشەیی هەستیم بەرد**

لە شیعرێکی تردا هەر بۆ ئەو دەڵێت:

**ئیمشەو هەم دیسان دەروون پڕ خەمەن**
**ئەساسەی ماتەم جەلامان جەمەن**
**نەتاو و دووری دڵ بێقەرارەن**
**بینایی دیدەم جە خەفەت تارەن**

تا:

**یاخوا مەردەنێ بۆ وەمیهمانم**
**ئیتر نەوینوون دووری یارانم**
**بەڵکم خەڵاسیم نەدەس دووریم بۆ**
**بەو زووخ زامان نەشوون وەگڵکۆ**

هەر بۆ عەنبەر خاتوون دەڵێت:

**هەر ماهێ نەو بۆ حاڵم پەشێوەن**

**چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆی پێوەن**
**نە شەو ڕاحەتم نەڕۆ دڵشادم**
**شەو زوڵف و ڕۆ ڕووت مەوزۆ ئەو یادم**

ڕاستییەکەی مەولەوی کورد یەکێکە لەو شاعیرە دەگمەنانەی دنیا کە جوانترین قەسیدە و چامەی بۆ عەنبەر خاتوونی هاوسەری نووسیوە، نزار قەبانی شاعیر زۆر دواتر شینی بەلقیسی بەو جۆرە دەربڕیوە.

قانیع لە شیعری شیوەنی نیشتماندا دەڵێت:

**کەس نەڵێ لافاوی ئاوە، ئاوی سووری شیوە سوور**
**خوێنی ئاڵی بەندی جەرگە شیوەنی بابان ئەکا**

بۆ شێخ مەحموودی نەمر دەڵێت:

**کەس نەڵێ ئەم بێشە چۆڵە ئەم زەعیمە مردووە**
**قارەمانی بێچووە شێری کوردستانە نووستووە**

هەروەها دەڵێت:

**پەیکەری ژینت سەراسەر شۆڕشە و کوردایەتی**
**تاکە سەرمەشقی ژیانی گەرچی کۆچت کردووە**

(قانیع)یش بەم جۆرە شینی بێکەس دەگێڕێ:

**دیسان هەوری خەم وەک جاری جاران**
**خەم ئەبارێنێ لە باتی باران**
**ناڵە و چەخماخە و برووسکەی لە دوور**
**هانی و ڕژانی لەسەر شارەزوور**
**دای لە بنچینەی زانینی کوردان**
**قوڕی دا بە چاو دەستەی هام فەردان**
**قەڵەمی لە دەست فایەق خستە خوار**
**لە دنیا دەرچوو بێکەسی هەژار**

هێمن موکریانی شاعیر شینی گۆران دەگێڕێت و دەڵێت:

**هەر لە بۆتانەوە هەتا سۆران**
**هەموو سۆرانی شینە بۆ گۆران**
**هەر لە کوێستانەوە تا گەرمێن**
**بە خەمان دادڕاوە تا دامێن**
**لە جزیرە هەتاکو بەحری ڕەش**
**نییە کیژێ سەری نەنابێ لە هەش**
**لە دیار بەکرەوە هەتا ورمێ**
**سەر بەقوڕ مل بە کوێنە نێر و مێ**
**هەر لە کەرکووکەوە هەتاکو سنە**
**شین و ڕۆ ڕۆ و فوغانی پیاو و ژنە**

ئەو زۆر شوێنی دیکەی سەراسەری کوردستان دەڵێت:

**هەر لە هەولێرەوە هەتا پاوە**
**نەتەوەی کورد پەشێوە تاساوە**
**جا چلۆن دڵ بەخەم نەبین نەگرین**
**جا چلۆن کۆڕی شینی بۆ نەگرین**

تا دەڵێت:

**هەستی پاک، مێشکی تازە، بیری نوێ**
**شیعری پڕ سۆز، قسەی بە تام و خوێ**
**دڵتەڕ و خۆش خەیاڵ و ناسک بین**
**بە هونەر شارەزا و وشە ڕەنگین**
**پێم پەری شیعر و مۆسیقا تۆران**
**بۆیە بردیانەوە سەرێ «گۆران»**
**یا خودای جوانی تووڕە بوو لێمان**
**ئەو چرایەی ڕەوا نەدی پێمان**

لە شیعری ڕۆژگاری ڕەشدا دەڵێت:

**لە سەقز و لە بۆکان- شین و شەپۆڕە و گریان**
**تێکۆشەر لە دار دران- قارەمان لە ناو بران**
**لە چوار چرای مهاباد — لە کانگای بیری ئازاد**
**دەستی ڕەشی ئیستیبداد — چەقاندی داری بێداد**
**لە کاتی نیوە شەوا — لە جەنگەی شیرین خەوا**
**کرا کاری ناڕەوا — لە دار درا پێشەوا**

موفتی پێنجوێنی بۆ زەوی لەرزەکەی پێنجوێن بەم جۆرە شیوەن دەکات:

**نەک هەر من تەنیا پڕ داخ و دەردم**
**نەک من هەر تەنیا هەناسە سەردم**
**عیراق بە جارێ بە شار و دێوە**
**ماتەم باری تۆن بە نێر و مێوە**
**منیش بە قەدەر گشت ئەنحای عیراق**
**وا لەسەر شانم ماتەم و مەراق**
**پێنجوێن بە بێ تۆ نزیکە مەرگم**
**لوبنان شکێن بووی داخت بە جەرگم**

هەڵبەت ئەمە پوختە و سەرەتایەکە بۆ قسە کردن لە سەر شینگێڕی لە ئەدەبی کوردیدا، ئەمەش بۆ ئەوەیە بەشە جیاجیاکانی وەک پێداهەڵدان، شینگێڕی، بڕوا و خوداناسی، جوانبینی و ژن، نیشتمانخوازی و خەبات لە ئەدەبی کوردیدا، بە تایبەت لە دیوانی شیعری شاعیرانی کورددا بایەخیان پێ بدرێت و جیا بکرێنەوە.

# زمانی شانۆ

له عەرەبییەوە: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
(زانکۆی سەڵاحەددین- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی)

**پێشەکی**

باسکردنی زمانی شانۆ، واتای نوێبوونەوە لە ڕوانگەی بۆچوون و هزرەکان دەگەیەنێت، زمان قاڵبێکی متبوو و پەیکەرێکی مردوو نییە، بەڵکوو ڕەوشێکی دینامیکی هەیە و گوزارشت لە بەردەوامی و هەمیشەیی دەکات، ئەم زمانە توانایی و وزەی ڕۆشنبیریی گشتی گەلان پێک دەهێنێت، وزەی هزری گەلانە، هەروەها وزەی هۆشیاری و درککردنە لەلای ئەو گەلانە، لەبەر ئەوە ناوونیشانی زمانی شانۆ چەندان دەرگا دەخەنە سەرپشت و ئەنجام خودی ناوونیشانەکە دابەش دەبێتە سەر چەند دابەشبوونێکی زمانەوانی، کە هەموویان لەژێر ئەم ناوونیشانەدا جێیان دەبێتەوە (زمانی شانۆ).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە زمانە گوزارشت لە حاڵەتی نوێبوونەوەی بەردەوام دەکات، نەک لە دووبارەبوونەوە، لەسەر ئەم بنەمایە دەڵێین زمان فرەیە، لایەنی جوانناسییەکەشی لە زانینی چۆنیەتی دابەشبوونییەوە دەست دەکەوێت، کە ئایا چۆن ئاماژە و واتاکانی زمان تێ بگەین، متبوون بە مردوو هەژمار ناکرێت، چونکە متبوون گوزارشت لە زمانێک دەکات، هەروەک وتراوە بێدەنگبوون لە قسەکردن ڕەوانترە، لەم دەستپێکەوە وەک پێکهاتەیەکی نەرم لەگەڵ زماندا مامەڵە دەکەین، کە توندی و ڕەقی ڕەت دەکاتەوە و ڕێی دروستبوون و بەرهەمهێنانی خۆش دەکات، کەواتە زمانی شانۆ بە زمانێکی هۆکارئامێز هەژمار دەکرێت؟

ئەم پرسیارە لە پێشبڕکێی نێوان زمانی پەتی و ڕەمەکی و لەنێوان زمانە ڕەمەکییە خۆجێیەکانیشدا چڕ دەبێتەوە، هەروەها لەو ڕوانگەیەشەیەوە چڕبوونی خۆی لەناو توێژەکانی کۆمەڵگە بەپێی توانست دەبینێت، زمانی هۆکارئامێز گەیەنەرترە لەوانی دی، چونکە زیاتر لێیان تێ دەگەین و خێراتر بڵاودەبێتەوە، ئەم زمانە لەناو خەڵکی ئاسایی و گشتیدا پرسیارێکی دیکە ئاراستە دەکات، ئایا ئامانج لە زمانی پەتی هەر بڵاوبوونەوە نییە؟ لێرەدا باس لەو زمانە پەتییە، یان ئەو زمانی سێیەمە دەکەین، کە لە نێوان سەرجەم گەلاندا لە چەمکە گشتییەکەی زمان نزیک بێت.

## زمان/ لەڕووی زمانەوانییەوە

لە کۆمەڵە دەنگێک پێک دێت، کە هەر نەتەوەیەک بۆ پێویستییەکانی خۆیان گوزارشتی پێ دەکەن، هەروەها (لغی) و (لغات- زمانەکان) ـە و دەشوترێت: گوێم لە زمانەکانیان بووە، واتە جیاوازی قسەکانیانم گوێ لێ بووە، هەروەها زمان: هەموو ئامرازەکانی ئاڵوگۆڕکردنی سۆز و هزر و بیرەکان دەگەیەنێت، وەک هێما و دەنگ و واژە و زمانی جەستە: ئاماژەی جەستە و گوزارشتەکانی ڕوخسار کە لە پێوەندی زارەکی ناخواستییەوە دروست دەبن. هێماکانی زمانی یاوەر: واتە دەربڕینە نادەنگییەکان، کە لەگەڵ پرۆسەکانی ئاخاوتندا یاوەرن و هەندێک واتایان پێ دەبەخشن و گوزارشت لە هەڵچوونە جۆراوجۆرەکان دەکەن، وەک ئاوازی دەنگ و یەکانگیرییەکەی و هەڵوەستە و خەندە و هێز و ئاهـ و ئاخەکان.....تاد.

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی فەرهەنگییەوە بڕوانینە واتای زمان، بۆمان دەردەکەوێت، کە چەند واتایەکی هەیە و تەنیا دەنگ و واژەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو پەل بۆ زمانی دی دەکێشێت، وەک زمانی هێما و زمانی دەنگ و ئاواز/ تیشک و حاڵەتەکانی درککردن و هەڵچوون (کە هۆشەکی و سۆزدارین).

زمان واتای درککردن و سۆزداری لە چوارچێوەی هزردا دەگەیەنێت و وا لە مێشک دەکات لە ئاخاوتن، یان لە زمانی فرەدا قووڵ بێتەوە، هەندێک جاریش لە چوارچێوەی دڵدا پێک دێت کە حاڵەتی سۆزداری فرەیە، جاری واش هەیە بە هەڕەمەکی دەردەچێت، تا گوزارشت لە سۆزە مرۆییەکان بکات کە لە هەڵوێستێکی دیاری کراوەوە دروست دەبن، هەروەها زمان شێوازێکی ئاوازیانە وەردەگرێت، لێرەدا ئاماژە بۆ زمانی موزیک و ڕیتم دەکەین، هێماش ئاماژە بە دەنگی تیشکئامێز دەکات، تیشکەکان بە ڕەنگە فرەکانیانەوە و بە بەخشینی ڕووناکی و کزبوو، ئەوەی ڕووناکییەکانیان چەند مانایەک دەبەخشن و چەند زمانێک پێک دەهێنن کە هێمائامێزن و ئاماژە بۆ بیرکردنەوە دەکەن، لەم حاڵەتەدا جووڵەکە وەک زمانێکی هاریکار دروست دەبێت، بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و شرۆڤەکردن، لێرەدا دەبینین جەستە چەند زمانێک لەخۆدەگرێت.

## گرنگی زمان/ زمان و ڕوونکردنەوە

زمان ئامرازێکی پێوەندییە- هۆکارئامێزە، کە ڕوونکردنەوە پێشکەش دەکات، ڕوونکردنەوەش شرۆڤە و واژیکردنە، خودای مەزن ئاماژەی بەم واتایە داوە، کە دەفەرموێت: ((وما ارسلنا من رسول الا بلسان قومه، ليبين لهم))، ئەم ئایەتە قورئانییە باس لەوە دەکات، کە مەبەست لەم پەیامە تێگەیاندن و بانگەشەکردنی خەڵکە بۆ حەق و ڕاستی، بانگەشەکردنی خەڵکیش بۆ حەق، تەنیا بە زمانێکی ڕوون و ئاشکرا دەبێت، کە هەموو خەڵک لێی تێ بگەن، فەرموودەکەی پێغەمبەریش (د.خ)، کە دەفەرموێت ((ان من البيان لسحرا))، واتە (ئاخاوتنی ڕوون و ئاشکرا سیحراوییە)، کە تێیدا جەخت دەکاتەوە سەر وتەی وابەستەگی زمانەوانی لەنێوان قسەکەر و گوێگر، لە شانۆشدا وا پێ دەچێت ئاخاوتنی ڕوون فرە بێت و تەنیا ئاخاوتنی زمانەوانی نەگرێتەوە، بەڵکوو ڕێگەکانی وابەستەگی لەلای جاحز (١٥٩- ٢٥٥ ک) فرەن، لەوانە زمان، واتە (واژە)، پاشان (هێما)، پاشان (گرێ)، پاشان (هێڵ)، پاشان (حاڵ).....دەگەیەنێت، پێش ئەوەش (جاحز) ڕوونبێژی بەوە پێناسەکردووە، کە ((ناوێکە هەموو شتێک دەگرێتەوە کە دەمامک لەسەر مانا لابەرێت))، واتە هەموو ڕوونبێژییەکە کە بیسەر بەرەو واتاکە پەلکێش بکات، هەموو ڕەگەزەکانی بەڵگەکانیش لەم پرۆسەیەدا وەک یەکن، هەر شتێک ماناکەت

بۆ ڕوون بکاتـەوە و تێـت بگەیەنێـت، ئـەوە لـەم شـوێنەدا بـە (ڕوونبێـژی) هەژمـار دەکرێـت.

ڕێگەکانـی وابەسـتەگی لـەلای (جاحـز) چەنـدە زۆر و فـرە بـن، بـەڵام (زمـان) پلـە و پێگـەی یەکەمـی لـەو ڕیزبەندییـەی نێوان قسـەکەر و گوێگر هەیـە، ئەمـەش گرنگییەکـی مـەزن بـە زمانـی درکێنـراو دەبەخشـێت، بەتایبەتـی لە نمایشـکردنی شـانۆکەدا، کەسـی گوێگـر/ وەرگـر لـە حاڵەتـی ڕووبەڕووبوونەوەیـە لەگـەڵ ئاخێوەر(نێـرەر)ی پەیامەکـە لـە بەکارهێنانی زمانەکـە وەک بەشـێکی گرنگـی نمایشـکردنی شـانۆکە. زمـان ئامـرازی پێوەنـدی یەکـەم و سـەرەکییە کـە چەنـدان دەنـگ و ڕەنـگ و هـزر و بیـر لەخۆدەگرێت و گوزارشـت لە حاڵەتـی جەسـتەیی مـرۆڤ دەکات لـە حاڵەتەکانـی سـۆزداری و هـزری جۆراوجـۆردا، وەک (تووڕەیـی) و (خەفەتبـاری) و (خۆشـی) و (گفتوگۆکـردن).

زمانەوانـی سویسـری (فردینـان دی سۆسـێر) (١٨٥٧ - ١٩١٣) بـاس لـە هێمـای زمانـی کـردووە، هێمـای زمانـی لـە دووانەیـی (هێمـا) و (هێمابۆکـراو) پێـک دێـت، یـان لـە وێنـەی دەنگی، یـان مـاددی و وێنـای مێشـکی نامـاددی پێـک دێت، هەروەهـا فەیلەسووفی ئەمەریکی (پێـرس) (چارلـس سـاندرز) (١٨٣٩ - ١٩١٤) ئامـاژەی بـەوە کـردووە، کـە پێوەنـدی زمانـی تەنیا (هێمـا و هێمابۆکـراو) ناگرێتـەوە، بەڵکـوو پـەل بـۆ پێوەنـدی لەگـەڵ سـەرچاوەی گشـتی، یـان جیهانی دەرەکـی دەکێشـێت، بـەم شـێوەیە دەبینیـن کـە پێوەندییەکـی وێکچوویـی وەک وێنـەی فۆتۆگرافـی کەسـێک لـە نێوانیانـدا دروسـت بـووە، هەروەهـا ئاماژەیـەک هەیـە، کـە ئامـاژە بـە مانایـەک دەکات وەک (باوێشـک) کـە ئامـاژە بـۆ خـەو دەکات، بـە هەمـان شـێوە (سـیمبۆل- ڕەمـز) ئامـاژە بـە مانایـەک دەکات، وا پـێ دەچێـت ڕەنـگ وەک سـیمبۆلێکی سرووشـبەخش ئامـاژە بـۆ شـتێک دەکات، وەک ڕەنگـی (سـوور)، لەوانەشـە واتـای تووڕەیـی بگەیەنێـت لـە حاڵەتـی سووربوونـەوەی دەم و چـاو، یـان ئامـاژە بـە حاڵەتـی دی بـکات.

پێکهاتەییەکانـی ڕووس، زمانـی ئەدەبـی و زمانـی هونـەری و زمانـی ڕۆژانەیـان لەپێنـاو بنەماڕێژکردنـی ئەدەبییوونـی دەق لەیەکتـر جوداکردووەتـەوە، چونکە هونـەر ئامرازێکە بـۆ چوونـە نـاو جەوهـەر و کرۆکـی هونەرییوونـی بابەتـەکان، خـودی بابەتەکانیـش هیـچ گرنگییەکیـان نییـە، هەروەهـا (فیکتـۆر یوریسـۆڤیچ شکلۆڤسـکی ١٨٩٣- ١٩٨٤) ئامـاژەی پـێ دەکات کە نووسـەر و ئەدیبێکـی ڕووسـییە لەمیانـەی باسـکردنی هونـەر ((تـا وامـان لـێ بـکات هەسـت بـە شـتەکان بکەیـن، تـا بـەرد ڕەق بکات و مەبەستەکەشـی ئەوەیە بچێتـە نـاو ئـەو سـیحرەی لـە کرۆکیدایـە، وەک چـۆن هەسـتی پـێ دەکەیـن، نـەک بـەو شـێوەیەی کـە لـە واقیعەکـەدا هەیـە)). پێکهاتەییـەکان ڕووس ئامـاژە بـە داڕنینـی ماڵیبوون(الالفـة) دەکـەن لـە شـتەکان، بـۆ ئـەوەی نامـۆ نمایـان بێـت، ئەمـەش وای لـە (برێخـت) کـرد، کـە ئاراسـتەی بـەرەو نامۆیـی ببـات، ئەزموونـی شـانۆیی لـەلای ئـەو لـەو کۆمەڵـە هێمایـە پێـک دێـت کـە لـە چوارچێـوەی نوێدا بەکاردەهێنرێت، تـا ئـەو / ماڵیبوونـە- الألفة / نەهێڵێـت، کـە بینـەر لەکاتـی بینینـی هەڵوێسـتە شـانۆییەکەدا لەسـەری ڕاهاتـووە، لـەم ڕوانگەیـەوە دەبینیـن قوتابخانـەی (پـراگ)ی زمانەوانـی کـە لـە سـاڵی (١٩٢٦)دا دامـەزراوە، تیۆرێکـی تایبەتـی لـە زمانـدا پەیڕەوکـردووە کـە ئەمەیـە ((سیسـتمێکە لـە ئامـرازی دەربڕیـن پێـک دێـت و ئەرکـی خـۆی لـە هاندانـی تێگەیشـتنی ئاڵوگۆڕکـراو جێبەجـێ دەکات، کاری زمانەوانـان ئەوەیـە لـە ئەرکـی کردەیـی ڕووداوی درکاندنـی هەسـت پێکـراو بکۆڵێتـەوە، ئایا چ شـتێک دەگەیەنرێـت؟ چـۆن دەگەیەنرێـت و بـۆ کـوێ دەگەیەنرێـت و لـە چ بۆنەیەکدا دەگەیەنرێت؟ زمـان بـە خـۆی ڕاسـتەقینەیەکی واقیعـە و تـەرز و شـێوازەکەی لەژێـر کۆنترۆڵـی پێوەنـدی دەرەکـی نازمانەوانیـدا، وەک ناوەنـدی کۆمەڵایەتـی و ئـەو

وەرگـرەی پێوەندییەکـەی بـۆ ئاراسـتە دەبێـت و ئـەو بابەتـەی پێوەندییەکـە دەیگرێتـەوە، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە زمـان ڕۆشـنبیری و زمانـی بەرهەمـە ئەدەبییـەکان جیابکرێنـەوە و بـە هەمـان شـێوەش زمانـی وتـارە زانسـتی و وتـاری ڕۆژنامەڤانی لەیەکتـر جودابکرێنـەوە و زمانـی شـەقام و زمانـی فەرمیـش لەیەکتـر جودابکرێتـەوە... تـاد، زمـان دوو جـۆر لـە ڕەنگدانـەوەی کەسـێتی مرۆیـی لەخـۆ دەگرێـت، ڕەنگدانـەوەی مێشـکی و ڕەنگدانـەوەی سـۆزداری.. زمانـی نووسـراو و درکێنـراو هەردووکیـان وەک یـەک نیـن و هەریەکـە لـەو دوو زمانـە تایبەتمەنـدی خۆیـان هەیـە)). ئـەم وتەیـەی دوماهـی قوتابخانـەی پـراگ جەخـت لەسـەر فرەیـی زمـان دەکاتـەوە، دەقـی ئەدەبـی زمانـی خـۆی هەیـە، دەرهێنـەر و نمایشـی شانۆییش زمانـی خۆیـان هەیـە، لێرەدا ئێمـە بەرانبەر بـە شـیکاری دەقئامێـز و زمانەوانـی دەرهێنەریـن. ڕەخنەگـری پۆڵەنـدی (ڕۆمـان ئینـگاردن) (١٨٩٣ - ١٩٧٠) دەقـی درامـی بنەڕەتـی ڕوون کردووەتـەوە کـە گفتوگۆیەکـی درکێنـراوە لەسـەر تەختـەی شـانۆ کـە بینـەر و وەرگـر بـۆی دەڕوانێـت و لـە دەقـی یارمەتیـدەری جودادەکاتـەوە، کـە لـە ئامـۆژگاری شـانۆیی نەدرکێنـراو پێـک دێـت، درامـا لای ئـەم ڕەخنەگـرە ڕووداوەکان بەشـێوەیەکی مـاددی و نیگایـی پێشـکەش دەکرێـن کـە بەهـۆی دەربڕینـی واژەیـی درکێنـراو و ئامـرازی نیگاییـەوە بەیەکـەوە دەخرێنـەڕوو، ئەمـەش فرەیـی زمانـی شـانۆیی دەسـەلمێنێت، مەبەسـتیش لـەم وابەسـتەگییە لەگـەڵ وەرگر بـە چەنـد شـێوە و شـێوازێکی درکاو و نادرکاو دەگرێتـەوە.

## زمانی دەرهێنان/ ڕوانگەی دەرهێنان/ زمانی دەرهێنەر

کاتێـک دەرهێنەرێـک مامەڵـە لەگـەڵ دەقێکـی شـانۆیی ئەدەبیـدا دەکات، ئـەوە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بـەدوای درامابوونـی دەقـدا دەگەڕێـت، گوشـاریش دەخاتـە سـەر هێمـا دراماییـەکان و پۆلێنیـان دەکات و تێبینـی و ڕێنمایـی دەربـارەی سروشـتی دەقـی شـانۆیی دادەنێت، کـە پشـت بـەو دەقـە دەبەسـتێت و بـۆ نمایشـی شـانۆیی دەگۆڕڕێت و بـە بەشـداری چەنـد تەکنیـک و هونەرێکـی شـانۆیی لەلایـەن وەرگـرەوە دەبینرێـت، لەبـەر ئـەوە دەقـی دەرهێنەرەکـە جیـاوازی لەگـەڵ دەقـی نووسـەرەکەدا هەیـە، کەواتـە نووسـینی دەقـی شـانۆیی لەڕێگـەی وێنـای دەرهێنانـەوە دەرەنجامـی دووەم بەرهـەم دەهێنێـت، کـە لەگـەڵ سروشـتی بەرهەمـی نووسـەرەکە دژیـەک دەبێتـەوە، ئەویـش لەبـەر ئـەوەی گوتارێکـی شـانۆیی لەخۆدەگرێـت، بـەڵام ئەمـە واتـای ئـەوە نییـە دەقـی نووسـەرەکە فەرامۆش بکرێـت و لاببرێـت، دارشـتنی زمانـی نمایشـکردنی شـانۆکە لەلایـەن دەرهێنەرەکـەوە کـە تەنیـا پشـت بـە دەقـی نووسـەرەکە دەگونجێنێـت، بەجۆرێـک دەرهێنـەر واز لـە چەنـد هێمایـەک دەهێنێـت، چونکـە دەقـی شـانۆیی هەمـووی ناکرێتـە نوانـدن، مەگـەر چەنـد دەقێکـی دیاریکـراو نەبێـت، کـە لـە ڕوانگەیەکـی دەرهێنەرانـەوە دادەڕێژێـت و لەگـەڵ ئـەم دەقـەدا بگونجێـت، وەک دەقـە مێژووییـەکان، بـەڵام دەرهێنەرەکـە ناتوانێـت ڕوانگەیەکـی دیکـەی نـوێ لـە دەقـە شـانۆییەکەدا پەیڕەوبـکات، مەگـەر لـە بەشـە تەکنیکییـە بچووکەکانـدا نەبێـت لـە نمایشـەکەدا وەک (سـینۆگرافیا) بەگشـتی، ئـەم (سـینۆگرافیا) یـە دیسـانەوە لـە چەنـد زمانێـک پێـک دێـت کـە بەشـداری لـە نمایشـی شـانۆکەدا دەکـەن لەگـەڵ ڕوانگـە هونەرییەکـە، تـا نمایشـی دەرهێنانەکـە ڕێکوپێکتـر بێـت.

دەقـی دەرهێنەرەکـە هەرچـی چۆنێـک بێـت، پێویسـتە درک بـەوە بکەیـن کـە لـە دەقـی نووسـەرەکەیەوە سـەرچاوەی گرتـووە، چونکـە ئـەو دەقـە دەقـی یەکەمـە و هەمـوو هێمـا و مانـا و ڕێنماییـەکان و ڕوانگـەکان لەخۆدەگرێـت، هەمـوو ئەمانـەش دەبنـە یارمەتیدەرێـک بـۆ دەرهێنەرەکـە،

تـا بتوانێـت دەقێکـی دەرهێنەرانـەی لـێ پێـک بهێنێـت، لەبـەر ئـەوە خوێندنـەوەی دەقی شـانۆیی لەلایـەن دەرهێنەرەکـەوە دەبێتـە یارمەتیدەرێـک بـۆی بـۆ تێگەیشـتن لـە دەقەکـە بەتەواوەتـی، خوێندنـەوە وەک (سـەعد ئـەردش) ئامـاژەی بـۆ دەکات: ((کردنـەوەی کـۆدی دەقـە نووسـراوەکە، یـان کۆپیکراوەکـە، یـان خوێنراوەکەیـە لـەڕووی زمانەوانـی و جوانناسـی و هزرییـەوە)).

## زمانی ئەکتەر

ئەکتـەری، حاڵەتـی کۆتایی نمایشـکردنی شـانۆیە، کە لەسـەر دەقێکـی شـانۆیی ئەدەبـی یـان دەقێکـی ئەدەبی، یـان نووسـینێکی درامـی بنیادنـراوە، لێرەدا دەبینیـن ئەکتـەر بەرانبـەر بـە دوو خوێندنـەوە دەوەسـتێت، خوێندنـەوەی یەکـەم پێویسـتە بیـکات، کە هیچی لـە خوێندنەوەکـەی دووەم کەمتـر نییـە، کـە خوێندنـەوەی دەقـی نووسـەرەکەیە، تـا کـۆدە مەعریفـی و درامییەکـەی بکرێتـەوە و بابەتەکـە بەگشـتی ڕوون ببێتـەوە و چۆنیەتـی گونجانـی بابەتەکە لەگـەڵ تێڕوانیـن و جەسـتەی ئەکتەرەکـەش دەربکەوێـت، خوێندنـەوەی دووەم بـۆ ڕێنماییەکانـی دەرهێنەرەکەیـە کـە لەسـەر دەقـە شـانۆییەکە وەک دەقێکـی یاریـدەدەر دایـان دەنێت، لێرەدا ئەکتەرەکە خـۆی بەرانبـەر بـە دەقێکـی دیکـە دەبینێتـەوە کـە هونەریتـر و تەکنیکیتـرە کە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بـۆ سـەرەتای جێبەجێکردنەکـە دانـراوە، لـەم دوو خوێندنەوەیـەدا زمانـی ئەکتەرەکـە دروسـت دەبێـت، کە وا دەردەکەوێت زمانـی بـەرەو ڕووبەڕووبوونەوەیـە لەگـەڵ وەرگرەکـە، بـەڵام زمانێـک لەگـەڵ تەکنیکـی نمایشـی شـانۆیی تەبایـە و لەگـەڵ وێنـای مێشـکی ئەکتەرەکـە دەشـگونجێت، ڕەنگدانەوەشـی لەسـەر جەسـتەی ئەکتەرەکـە زمانێکـی جەسـتەیی پێـک دەهێنێـت، بـەم شـێوەیە ئەکتـەر دەتوانێـت شـارەزای سروشـتی دەقـە درامییەکـە ببێـت، واتـە شـارەزای دەقـی نووسـەرەکە دەبێـت بـە هەمـوو پێکهاتـە و بابەتـە هەمەجۆرەکانـی کۆمەڵایەتـی و هونـەری و فەلسـەفی و ڕوانگـە و هـزر و بیـر و چۆنیەتـی مامەڵەکـردن لەگەڵیانـدا، ئەویـش بەگوێـرەی ڕێنماییەکانـی دەرهێنەرەکـە، تـا لەسـەر تەختـەی شـانۆکە ببێتـە جووڵـە و زمانەکـە بـە زمانێکـی دی کـە زمانـی ئەکتەرەکەیـە جێبەجـێ ببێت، وابەسـتەیی بـوون لـەم حاڵەتـەدا بەهـۆی ئەکتەرەکـەوە جیـاوازی لەگـەڵ وابەسـتەیی زمانەوانـی هەیـە وەک دەقـی نووسـەرەکە، لێـرەدا ئـەو دەقـە ئامادەیـی نابێـت و دەقـی دەرهێنەرەکـەش بـە هەمـان شـێوە ئامادەیـی نییـە.

لێـرەدا وەرگـر تەنیا ئەکتەرەکـە دەبینێت، ئەویش بـە چەنـد شـێوەیەک، شـێوەیەکی واژەیـی (زمـان) و (گفتوگـۆ) و شـێوەی بینیـن- نیگایـی بـۆ جەسـتەی ئەکتـەر و جووڵەکـەی، لەبـەر ئـەوە لێـرەدا ئەکتـەر بەرانبـەر بـە دوو زمـان دەوەسـتێت: زمانـی بینیـن، کـە لـە جەسـتە و بەرجەسـتەبوونەکانی پێـک دێـت، بەگوێرەی دەقەکە و بۆچوونـی دەرهێنـان کە لەگەڵ ئەکتەرەکـە ئاوێتەبـووە، لێـرەدا شـێوەیەکی بیسـتنی دیکـە لـە ئارادایـە کـە زمانـە شـانۆییەکەیە، بـەڵام پێویسـتە ئەکتـەر لـە زمانـی شـانۆدا بەکارهێنانـی زمانەکـە بەرجەسـتە بـکات و گوزارشـتە واژەییـەکان بەگوێـرەی هەڵوێسـتەکان و بەگوێـرەی سروشـتی دەقـە درامییەکـە بەکاربهێنێـت، بـۆ نموونە گوزارشـت لـە حاڵەتێکـی سـۆزداری بـکات کـە جیـاوازی لەگـەڵ حاڵەتێکـی دی هەیـە، وەک گوزارشـتکردن لـە دیمەنێکـی مێژوویـی، یـان باسـکردنی ئـەو دیمەنـە، مەسـەلەیەکی دیکـەش پەیوەنـدی بـە ئـەدای ئەکتەرەکـەوە هەیـە لەڕێگـەی دەربڕینـەوە، کـە گرنگییەکـی لـە ڕادەبـەدەری هەیـە، بەتایبەتـی وەرگرەکـە بـەوردی ئـاگای لـە ئەکتەرەکـە دەبێـت کـە چـاو و گوێـی دەکاتـەوە، تـا نمایشـە شـانۆییەکە ببینێـت، ئیتـر لێـرەدا ڕوانگەیەکـی شـرۆڤەیی مـەزن دروسـت دەکات کـە لـە هونـەر و لـەو تەکنیکـە دروسـت دەبێـت و لـە بەرانبەریـدا لەسـەر تەختـەی

شانۆكە ڕوودەدەن، ئەدای دەربڕینەكە لە پرۆسەی وابەستەییدا گرنگە، چەندان نمایشی شانۆیی لاوازی ئەكتەرەكە لە دەنگ و هێزی دەربڕین شكستی پێ دێنێت، كە پەرتەوازەییەك لە نێوان ئەكتەر و نمایشە شانۆییەكە و وەرگرەكە بەشێوەیەكی گشتی دروست دەكات. وا پێ دەچێت گرنگیدان بە دەنگ و ڕوونی دەنگەكە مەسەلەیەكی دێرین بێت كە بۆ سەردەمی یۆنانییەكان دەگەڕێتەوە، (خۆریجۆس) كە سەرپەرشتی تیمی شانۆیی بوو و تێچووەكانیشی لەئەستۆدەگرت، خواردنەوەی بۆ ئەكتەرەكان پێشكەش دەكرد، تا لە دەربڕیندا دەنگیان بەهێز بێت.

ئەو وتەیەی جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، كە دەقی شانۆیی دەقێكی تەواو نییە و مەبەست لێی ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ ئەوانی دی كە بەشداری لە بەرهەمهێنانی دەقەكە بكەن، بە بەشداری ئەوانی دی پرۆسەی بەرهەمهێنان شێوەی تەواوەتی خۆی وەردەگرێت، ئەم پرۆسەیە بە دەرهێنەر و ئەكتەر و تەكنیكە شانۆییەكانەوە دەست پێ دەكات، ئەمەش ئامادەییبوونی چەند زمانێكی نمایشی شانۆیی دەسەلمێنێت، سەبارەت بە زمانی ئەكتەرەكە و گوزارشتەكانی لەسەر تەختەی شانۆ، دەبینین شێوازی ئاخاوتن بە دەربڕینەكان، بینەرەكە بۆ شرۆڤەكردنی پاڵ دەنێن، ئەویش لە ڕوانگەی ئەو سروشتەی ئەكتەرەكە لەمیانەی گفتوگۆ لەگەڵ ئەكتەرەكەی دیكەدا بەكاری دەهێنێت، لێرەدا دەبینین ئەكتەرەكە تەنیا پشت بە دەربڕین و شێوەی وتنەكەی لەسەر شانۆدا نابەستێت، بەڵكوو جووڵەیەكیشی لەگەڵدا بەكاردەهێنێت، چونكە واژە و شێوازی دەربڕینەكە لە جووڵەكردن پێك دێت، بۆ نموونە ئەگەر گفتوگۆ لەنێوان دوو كەسدا بەم دەربڕینە ڕووبدات: چۆنیت؟ ئەوە لەمیانەی هێزی دەنگەوە واتایەكی دی بەگوێرەی سروشتی گفتوگۆكە دەبەخشێت، كە

ئایا دەربڕینێكە بۆ سووكایەتیكردن؟ یان بۆ پرسیار؟ یان بۆ گوزارشتكردنە لە هەڵوێستێكی نیگەرانی، یان شادی؟ هەموو ئەم وێنایانە وەرگر لە یەكێكیان تێ دەگات، لەبەر ئەوە دەبینین ((شێوەی درامایی دەربڕین، ئازادییەك بە بینەر دەبەخشێت، تا بە خۆی بڕیار لە جۆری دەقە شاراوەكە بدات كە لە پشت دەقە دیارەكەوە دەوەستێت و لە هەمان دەقی كەسیدا دایدەنێت، كە قسەكەی بۆ ئاراستە دەكرێت)). شێوازی دەربڕینی ئاخاوتنەكان بە ئاوێتەكردنیان لەگەڵ دەقەكەدا زمانێكی واژەییە كە هەڵوێستە درامییەكە پێویستی پێیەتی و لەگەڵ وەرگرەكەدا وابەستەی هەیە و لەوانەشە هەر پێوەندی بە وەرگرەكە و دراماكەشەوە هەبێت، لێرەدا باسكردنی شانۆ بەشێوەیەكی تایبەت، دووبارە ((بارودۆخە مرۆیی و پێوەندییە مرۆییەكان دروست دەكاتەوە)).

ئەمەش مانای وایە هەڵوێستی درامی وابەستەیی زیاترە لەگەڵ وەرگرەكە، بە بەراورد لەگەڵ هەڵوێستە گوزارشتكارییەكانی دی كە پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت وەك ڕۆمان، نووسینی گێڕانەوەیی ڕەهەندێكی وابەستەیی لەنێوان خوێنەر و زمانی نووسراودا هەیە، كەچی كاریگەری كەمترە لەو پێوەندییەی لە نێوان خەڵكدا هەیە، دراما خەسڵەتی كاریگەری خێراتر و بەهێزتر لەخۆدەگرێت، ئەویش لەمیانەی گەیاندنی پەیامەكان بە وەرگرێكی ئامادەوە.

## زمانی شانۆی بازرگانی

بەشێوەیەكی گشتی زمانی شانۆی بازرگانی جیاوازی لەگەڵ زمانی شانۆی دیكە هەیە، مەبەستی سەرەكی ئەم جۆرە شانۆیە قازانجە، لەم شانۆیەدا ڕاهێنانی خێرا دەكرێت، بۆ ئەوەی شانۆكە زوو نمایش بكرێت، (پیتەر برۆك) لە كتێبی (ڕووبەری بەتاڵ)دا باس

لە شانۆی بازرگانی دەکات و بە (شانۆی کوشندە) وەسفی دەکات، واتە (شانۆی خراپ)، ئەم خێراییەش لە بەرهەمهێنانی شانۆدا وەک (برۆک) ئاماژەی پێ دەکات دەبێتە هۆی لەدەستدانی (زیندوویی لە داهێنانی نوێ))، ئەم نوێیەش دەبێتە ناوێک بۆ شانۆکە، هەروەک لە بۆچوونەکەی (برۆک)دا دەردەکەوێت، تا ببێتە شانۆیەک و جیاوازی لەگەڵ شانۆی کوشندەدا هەبێت کە بە شانۆیەکی (بەد- خراپ) ناوی دەبات، لەوەش زیاتر پێویستە پشت بە کۆمەڵە هەوادارێکی ڕەخنە ببەستێت کە دەرەنجام دەبێتە هۆی گەورەکردنەوەی ڕۆڵی ئەو شانۆ کوشندەیە، مەبەستیش لەم پرۆسەیە قازانجە. ئامادەکردنی خێرای نمایشی شانۆیی کاریگەری دەکاتە سەر حاڵەتی دەربڕین لای ئەکتەرەکە و دووبارەکردنەوەش ئەکتەر و بینەر بێزار دەکات، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەدای زمانەوانی ئەکتەرەکە دەبێت و دەرەنجام وابەستەیی کەم دەکاتەوە.

## لەخۆوەوتن (ئیرتجالی) و زمانی شانۆیی

لەوانەیە مەسەلەکە بەشێوەیەکی جودا بخرێتەڕوو، کاتێک باس لە لەخۆوەوتن وەک نمایشێکی زمانەوانی دەکەین کە پشت بە فرەجۆری زمانەوانی ببەستێت، ئەوجا چ بە واژە، یان بە جووڵە بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە بزانرێت لەخۆوەوتن پشت بە کارێکی شانۆیی ئەوتۆ دەبەستێت کە پێشوەخت ڕێککەوتنی لەسەرکرابێت، چونکە پرۆسەکە بە شێوازێکی هەڕەمەکی بەڕێوە ناچێت و لەخۆوەوتن لەم چوارچێوەیەدا دەخولێتەوە کە دەکرێ بڵێین ئەم زمانە شانۆییە لەخۆوەوتنە لە چوارچێوەی میللی بووندا جێی دەبێتەوە، کە شانۆیەکە جەماوەری هەیە، ئەمەش مانای ئەوە نییە تەنیا پشت بە زمانی زارەکی لەم جۆرە شانۆیەدا ببەسترێت، بەڵکوو زمانی پەتیشی تێدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام سروشتی لەخۆوەوتن ئەوەیە کە نمایشەکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی دەگوێزرێتەوە کە لەگەڵ زمانی/ میللی/ و / زارەکیدا/ دەگونجێت، ئەوجا لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بێت، ئەم جۆرە شانۆیە نمایشەکەی لە سروشتی ڕووداو و وێنەگرتن و زمان و ئەداکردنەوە گۆڕانی بەسەردا دێت، ((لەخۆوەوتنی شانۆیی لەڕووی مێژووییەوە لە سەردەمی کۆمەڵایەتی هاتووە، چونکە گوزارشتکردنە لە وزەی کۆمەڵ و ناکرێت بە کات و ساتێکی دیاریکراوەوە ببەسترێتەوە، تەنانەت لەخۆوەوتن بەوە دانرا کە بنچێکە بۆ داستانە میللییەکان و شێوە دراماتیکییەکان و سەرچاوەیەکە بۆ کۆمیدیای گریکی و ڕۆمانی و شێوازێکی جێگیریشە بۆ کۆمیدیا (دی لارتی) ئیتاڵی بەشێوەیەکی تایبەت)).

ئەم هێمایەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە لەخۆوەوتن بەشێوەیەکی دینامیکی بۆ وابەستەیی لەگەڵ وەرگر هەوڵ دەدات، وا پێشبینی دەکرێت بە زمانێکی ڕوون و واژی بێت، ئەمەش مانای ئەوە نییە زمانی پەتی بە زمانی لەخۆوەوتن هەژمار نەکرێت، لە کاتێکدا ڕاستە کە نووسەر دەقێکی لەخۆوەوتن بە زمانی پەتی بنووسێت، بەتایبەت لەلایەن دەوڵەتەوە چاودێری چالاکی شانۆیی دەکرێت کە لەوانەیە زمانە پەتییەکە بۆ زمانی ڕەمەکی بگۆڕێت، ئەویش لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەکتەرەکە نەیتوانی لەگەڵ زمانە پەتییەکەدا بەردەوام بێت، لێرەدا ئاستەنگێکیش هەیە کە چێژی وەرگر کەمتر دەکاتەوە و ((تایبەتمەندیەتی کۆمەڵایەتی لە دیاردەی لەخۆوەوتن وا دەخوازێت توانایی ڕەخنە و گاڵتەجاڕی و توانایی پێکەنینی وەرگر لەئارادا هەبێت)). لە کۆمەڵگەیەکدا پێویستە بۆ زمانی ڕەمەکی، یان لاساییکردنەوە بگەڕێینەوە، لەخۆوەوتنی ((شانۆیی شێوەیەکی گاڵتەجاڕیی

میللی لەخۆووەتنەوەیە کە پێشەنگانی شانۆی عەرەبی لە لبنان و میسر ناسیویانە، ئەویش ئەوەیە نمایشی شانۆیی تەنیا پشت بە دەقی نووسراو نابەستێت، بەڵکوو پشت بە رێککەوتنێکی پێشوەخت دەبەستێت لە نێوان ئەکتەرەکان دەربارەی بیرۆکەی ئەو چیرۆکەی نواندنی بۆ دەکرێت، ئەویش پاش ئەوەی یەکێک لە ئەکتەرەکان بەگوێرەی رێککەوتنێک سیناریۆیەکی کورت پێشکەش دەکات، کە رۆڵی هەریەکێکیان دەستنیشان دەکات و جووڵەی گشتی ئەکتەرەکان دیاری دەکات کە پێویستە پێوەی پابەند بن)).

لێرەدا دەبینین لەخۆووەتنەوە تەنیا رەهەندە میللییەکە دەگرێتەوە، کە گومان دەبرێت شانۆی لەخۆووەتن تەنیا بۆ رەشۆکی خەڵکییە، لەوانەیە ئەمە تارادەیەک راست بێت، بەڵام ئامانج لە لەخۆووەتن ئەوەیە شانۆکە پێشکەش بە توێژێکی فراوانی جەماوەر بکرێت، چونکە جەماوەر ئامانجی شانۆیە، بەبێ جەماوەر نمایشی شانۆیی نابێت، توخمی وەڵامدانەوەی جەماوەر ئامانجی کاری شانۆیە، ئەم توخمە واتە ((توخمی وەڵامدانەوەی دینامیکی وا دەکات کە گاڵتەجاڕیی میللی لەخۆووەتن لەرووی هونەرییەوە پێک بێت، ئەویش لە چوارچێوەی پرۆسەی بەرجەستەبوونی کۆمەڵایەتی گۆڕین)).

لەبەر ئەوە شانۆی لەخۆووەتن لەوانەیە لە نێوان زمانی پەتی و زمانی رەمەکی هاموشۆ بکات، بەڵام من لەو باوەڕەدام زمانی رەمەکی توانایی زیاترە بۆ ئەوەی بچێتە دڵ و دەروونی وەرگرەوە، مەبەست و ئامانجی نمایشی شانۆییش ئەوەیە کە بچێتە دڵ و هەناوی وەرگر و وابەستەییەک لە نێوان ئەکتەر و وەرگرەکە دروست بکات. یەکێک لە خەسڵەتەکانی لەخۆووەتنی شانۆیی ئەوەیە کە توانایی هەیە زمانێکی هاوبەش لەنێوان ئەکتەر و وەرگردا دابهێنێت، ئەویش لەمیانەی گفتوگۆیەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەکتەر و جەماوەردا کە لە خودی خۆیدا جێی مەبەست بێت، لەبەر ئەوە دەتوانین دەقی نووسراو لە شانۆی لەخۆووەتنەوەدا بە دەقێکی کۆمەڵ هەژمار بکەین.

دەقی لەخۆووەتن لە شانۆدا دەیەوێ هەژموونی دەقی نووسراو کەمتر بکاتەوە، ئەمەش مەسەلەیەکە جێی باسوخواسە و یەکلاکەرەوە نییە، هونەری نەمر تۆمار دەکرێت و بەهۆی چەندان ئامراز دەنووسرێت و شانۆش بە یەکێک لەو هونەرە نەمرانە هەژمار دەکریت کە کۆمەڵگە دەگۆڕن و شانبەشانی گۆڕانەکانین، لەبەر ئەوە باسکردن دەربارەی دەقی نووسراو و هەژموونی ئەم دەقە سەنگی کاری داهێنەرانە کەمتر دەکاتەوە، هەر کاتێک شانۆ پشت بە دەقی نووسراو ببەستێت، مانای ئەوەیە چەند جارێک دەشێت لەسەر شانۆدا بنوێنرێت، ئەمەش دووبارەبوونەوەیەکە بۆ دروستبوون و پێکهاتنی دەقی داهێنەرانە و نوێبوونەوە و خوێندنەوەیان، بەشێوەک لەگەڵ سروشتی گۆڕانی شوێن و کات و باری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریدا بە گشتی بگونجێت.

## زمانی شانۆیی و وەرگر

پاش ئەوەی نمایشی شانۆیی چەند دەقێکی بۆ دەستەبەر دەبێت، وەک دەقی نووسەر و دەقی دەرهێنەر و دەقی ئەکتەرەکە، لێرەدا دەقێکی نوێ لەو کۆمەڵە دەقانەوە سەرهەڵدەدات، تا دەقێکی تایبەت بە خۆی کە دەقی وەرگرەکەیە، دابتاشێت، وا پێدەچێت دەقی وەرگرەکە دەقێکی نازمانی بێت و بە هۆکاری دیکەوە دروست بووبێت، ئەم هۆکارانەش لە هۆکاری بیستن و نیگایی- بینیندا بەرجەستە دەبن، ئەم هۆکارانەش لە رووی ماددییەوە درکیان پێ دەکرێت، لێرەدا هۆکار و ئامرازی دیکەش هەن کە لە مێشکدا دروست دەبن، کە ئامرازی

درککردن و مەعریفین، وەک ئەنجامێکیش بۆ بینینی ئامرازی ماددی لەگەڵ ئامرازەکانی درکاندن و مەعریفی لە مێشکی وەرگر ئاوێتە دەبن.

لە ئەنجامی ئەم ئاوێتەبوونەشەوە دەقیکی شانۆیی تایبەت بە وەرگرمان دەست دەکەوێت و وەرگرەکانیش فرەن، پاش ئەوەش ئەم دەقە ناوێکی بۆ دروست دەبێت بەوردی بەو شێوەیەی لە مێشکی وەرگرەکەدایە لەمیانەی بینینی نمایشە شانۆییەکەدا، دەشێت ئەم بۆچوونەش لەگەڵ بۆچوونەکانی وەرگرەکە تەبا بێت، یان دژبەیەک بێت، ئەویش لەمیانەی پرۆسەیەکی مێشکیدا کە لەگەڵ بۆچوونە شانۆییەکەدا بگونجێت، یان نەگونجێت، کەواتە دەقی وەرگرەکە لە خوێندنەوەی ئاسۆیی نمایشە شانۆییەکەوە هەڵدەقوڵێت، هەروەک دەرهێنەری فەرەنسی (ئیشارد دومارسی) لە کتێبی (بنەماکانی سۆسیۆلۆژیای شانۆ)دا دەڵێت: ((ئەم خوێندنەوەیە حاڵەتێکی کۆنی وەرگرتنە و پشت بە چاوەڕوانیکردنی کۆتاییەکی ئاسوودە دەبەستێت کە بە ڕۆچوونێکی بەهێزی ڕووداوەکەوە بەستراوەتەوە، لەم حاڵەتەدا ڕەخنەگر بەشێوەیەکی بنەڕەتی گرنگی بە چیرۆکەکە دەدات و زنجیرەی شاراوەکان و کۆتاییەکەی ئاراستەیەکی پاکژی هەیە)).

خوێندنەوەی ئاسۆیی، کە (دومارس) باسی لێوەدەکات، حاڵەتێکی ئاوێتەییە وەک ئەنجامێک بۆ ئەو شتەی وەرگر لەسەری پەروەردە بووە، یان بە گوێرەی ئەو تەرزە کۆمەڵگەیەی سۆزداری بۆ هەیە، هەروەک بڵێی لێرەدا وەرگر بەدوای حاڵەتی سۆزداریی نمایشە شانۆییەکەدا دەگەڕێت و لەگەڵ سروشتی مرۆیی خۆیدا دەگونجێت کە لە تەرزە ڕۆشنبیرییە کۆمەڵگەییەکەیەوە وەری گرتووە.

### دەقی ڕەخنەگر / زمانی ڕەخنەگر

باسکردنی دەقی وەرگر پەلمان بۆ باسکردنی دەقی ڕەخنەگرەکە دەکێشێت، دەقی ڕەخنەگرەکەش زمانەوانیی نووسراو، یان زارەکییە، کە گریمانە دەکرێت نووسراو و تۆمارکراو بیت، بەتایبەت کەسی ڕەخنەگر لە بوارەکانی زمان پسپۆڕە، یان لە شانۆ و توێژینەوەی ئەدەبی و داهێنانکاریدا پسپۆڕە، هەروەها پێویستە ئەو دەقە نووسراو بێت، تا ئەو شتانەی تێیدا دەوترێن، لەو مۆرکە دووربخرێنەوە کە لەوانەیە وەرگری ئاسایی لەگەڵیاندا هاوبەش بێت، لەوانەشە ڕۆژنامەوانێکی ڕەخنەگریش لەگەڵیدا هاوبەش بێت، ئەمەش زۆرجار نمایشی شانۆیی دەشێوێنێت، بەڵام ڕەخنەگر وا گریمانە دەکرێت کە زرنگ و هۆشیار بێت و سەرتاپای نمایشە شانۆییەکە بەشێوەیەکی بنیادنەر و بابەتییانە بخاتە ژێر توێکاری و لێکۆڵینەوەی خۆیەوە، چونکە ئامانج لە ڕەخنەی شانۆیی بەرهەمهێنان و خوێندنەوەی وابەستەییانەیە لەگەڵ وەرگرێکی دیکەدا، لەبەر ئەوە ئەم خوێندنەوەیە و دەقی ڕەخنەگرەکە وتەکەی (دومارسی) لەسەر جێبەجێ دەبێت، کە خوێندنەوەیەکیستوونییە، ئەمیش خوێندنەوەیەکی زرنگانە و ڕەخنەگرانەیە، لەم حاڵەتەدا وەرگر لەناو چیرۆکەکەدا بە سەهوودا ناچێت، بەڵکوو وەک تێبینیکاری لێ دێت کە پرسیار دەربارەی توخمە واتاییەکان ئاراستە دەکات، کە لە نمایشەکەدا دەردەکەون. ڕەخنەگر هەرچەندە وابەستەی مەعریفیی کۆمەڵایەتی هەبێت، کە لەم ڕوانگەیەوە ڕەخنەکەی تاڕادەیەک دەستنیشان دەکریت، کەچی ئامرازەکانی ڕەخنەگرتنی بەدەستەوەیە لە ڕووی ئاراستەکردنی پرسیار دەربارەی بنیادی نمایشە شانۆییەکە لەسەر ئاستی هونەری و ئاستی تەکنیکی، ئەو وەرگرێکی پسپۆڕە و پێوەندی بە خوێندنەوە ئاسۆییەکەوە نییە، کە (دومارسی) ئاماژەی پێ داوە.

## شانۆی فرە زمان / ڕۆحی زمان لە شانۆدا

مادام ئەم قسەیە ڕاستە، ئەوە ئاماژەیەک بە چۆنیەتی دەرکەوتنی ئەم فرەجۆرییەی زمانەکان دەدات، ئەم دەرکەوتنەش بەرانبەر بە وەرگرێکی ئەوتۆ دەردەکەوێت تەماشای شانۆیەکی زیندوو دەکات کە لەپێشیدا نمایش دەکرێت. دەرهێنەری ئینگلیزی (ئیدوارد گۆردون گرەیک) بەشێوەیەکی دی ئاماژەی بە شانۆ کردووە، کاتێک دەڵێت: ((هونەری شانۆ لەو گەمەیەی ئەکتەرەکەدا بەرجەستە نابێت و لە دەقی شانۆکە و لە دەرهێنانەکەی و لەو سەمایەشی بەرجەستە نابێت، بەڵکوو لەو توخمانەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێکی دەهێنن: هێما کە ڕۆح و گیانی هونەری نواندنە، وشەکان جەستەی دەقی شانۆین، هێڵ و ڕەنگەکان بوونی ڕاستەقینەی دیکۆر و ڕیتمەکان پێک دەهێنن، کە ڕۆحی سەمان... ڕۆژێکیش دێت شانۆکان دەقی شانۆییان دەست ناکەوێت و ناچار کاری دی دادەهێنرێن کە لە هونەری شانۆوە سەرچاوەیان گرتبێت)). وەک هەڵوەستەیەک بۆ شیکردنەوەی ئەم وتەیە، بۆمان دەردەکەوێت، کە شانۆ لە تێکڕای ئەم زمانانەوە دروست دەبێت، ئایا چۆن ئەکتەر دەتوانێت زمانەکەی خۆی لەمیانەی جووڵەیەکی سروشئامێز دروست بکات کە بۆ وەرگرەکە بگوێزرێتەوە؟

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەکتەرەکە وەک بلێی کەسایەتییەکە دەپۆشێت و لەبەری دەکات و دەزانێت چی بکات و جووڵە و چالاکییەک بەرجەستە بکات کە لەگەڵ بابەتە شانۆییەکەدا دەگونجێت، بەبێ هەڕەمەکیبوونی جووڵەکە، کە ئاماژە بە حاڵەتێکی بەدەر لە نمایشە شانۆییەکە دەکات، ئەو وشەیەی ئەکتەرەکە بەرجەستەی دەکات، گوزارشت لە توانابییەکەی دەکات لە گواستنەوەی ئەو وتەیە لەمیانەی دەنگ و ئەداکردن و هێزی گوزارشتکردن و خواستی کاریگەری و گوزارشتکردن لە هەڵوێستەکە لە نمایشی شانۆییدا دەکات، ئەویش بە ئاماژەکردن بۆ ئەو ڕەنگانەی لەگەڵ نمایشەکەدا ئاوێتەن، نەک تەنیا دیکۆرێک بێت و تەختەی شانۆکەی پێ برازێنرێتەوە، ڕیتمە موزیکییەکەش لەگەڵ جووڵەکەدایە و گوزارشت لە ڕوانگەی دەربڕینی دیمەنەکە لە تێکڕای نمایشە شانۆییەکە دەکات کە ئامانجی خودی نمایشەکەیە، لەم گوزارشتەی وتەکەی (گرەیک) دەربارەی دەقی شانۆیی ئاماژەیەک بۆ دەرکەوتنی شانۆکە هەیە لەمیانەی پێکهاتەکانی خۆی و ئەو زمانانەی پێکی دەهێنن کە وەک ئایکۆنێکی تەواو دەردەکەوێت.

دەربارەی ئەم نمایشە شانۆییە (گرەیک) دەڵێت: ((شانۆی داهاتوو دەبێتە شانۆیەکی بۆچوونەکان، نەک شانۆیەک لە سرووت و وتەکان... شانۆیەک تێیدا بیستنمان لە بینین زیاتر بێت، شانۆیەکی سادە لە ڕێگەی هەستەوە هەموو کەس لێی تێ بگات، کە پڕ جمە و جووڵە بێت، جووڵەیەک لە واقیعدا سیمبۆلی ژیان بێت)).

### لە نێوان دەق و نمایشدا

ئەو بەستەرەی دەقی شانۆیی بە نمایشی شانۆیی دەبەستێتەوە و جودا ناکرێتەوە، هەردووکیان جمکن و بەبێ یەکتری ژیان بەسەر نابەن، لەوەش زیاتر، توخمێکی دیکەش هەیە لەم وابەستەییەدا لەگەڵیاندا بەشدارە کە وەرگرەکەیە، بەڵام لێرەدا وەرگرەکە دوای نمایشە شانۆییەکە دەکەوێت کە دروستبوونی دەسەلمێنێت، چونکە بە بینینی وەرگرەکە نمایشەکە لەدایک دەبێت.

(خاتوو ئان ئۆبرسفیلد)ی فەڕەنسی دەربارەی شانۆ دەڵێت: ((هونەری جیاوازییەکانە، هونەرێکە تایبەتمەندییەکانی خۆی دەهۆنێتەوە و توخمەکانی پێکی دەهێنن و جیاوازییان پێ دەبەخشێت کە خودی چاوگە هەمەچەشنەکانین،

شانۆ دەقێکی ئەدەبی ئەوتۆیە کە لەڕووی دراميیەوە توخمی خەیاڵی تێدا کرۆکئامێز و جەوهەرییە کە نمایش و بینینە و خەسڵەتە بنەڕەتییەکەی لە هەنووکەیی بوونیدا بەرجەستە دەبێت، چونکە بە (ئێستا- لێرەدا) پەیوەستە، کە ئەکتەر و جەماوەرەکە ئامادەن، بەم مانایە دەقی درامایی هەمیشە بە داخراوی و چەسپاوی دەمێنێت، چونکە لە دەقێکی نووسراودا هەیە و دەخوێنرێتەوە، بە پێچەوانەی نمایشی کراوە کە بە هەنووکەیی و ڕاگوزەر وەسفی دەکات کە دوو کەڕەت دووبارە نابێتەوە، چونکە لە کاتی گێڕانەوەدا سیستمێک لە پێوەندییە لەیەکئالاوەکان لەگەڵ پێوەندییە زمانەوانییەکان بەرهەم دەهێنێت کە بۆ گفتوگۆ پێکهاتوون، مەرجی واژەیی خەیاڵی بەو گوتارانە دەبەخشێت کە کەسەکانی شانۆکە دەیانڵێن، ئیتر لەم حاڵەتەدا سەخت و دژوار دەبێت کە وا بزانین نمایشێکە بەبێ دەق لە حاڵەتی نەبوونی ئاخاوتنێکی نەدرکێنراو)).

(ئان ئۆبرسفیڵد) جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێوەندییەکی لێکئالاو لەنێوان دەقی شانۆیی و نمایشی شانۆییدا هەیە و جەخت لەوەش دەکاتەوە کە نمایشی شانۆیی بە هەمان کار و هەمان شێواز دووبارە نابێتەوە، بەڵام دەقە شانۆییەکە هەر دەمێنێت، بۆ ئەوەی دووبارە بخوێنرێتەوە.

لەمیانەی خوێندنەوەی دووەمدا نمایشێکی شانۆیی نوێ و جودا بەرهەم دێت، چونکە نمایشی شانۆیی پێوەندی بە ئامادەبوونێکی هەنووکەییەوە هەیە، ئەم هەنووکەییەش نمایشی شانۆیی دروست دەکات کە جارێکی دی پێوەندی بە وەرگرەکەوە دەبێت، وەرگری نمایشی شانۆیی پێش ساڵێک بۆ نموونە جیاوازی لەگەڵ نمایشەکەی پاش ساڵێکی دیکە دەبێت، بێگومان وەرگرەکە لە ڕوانگەی نمایشە شانۆییەکەوە جیاوازی دەبێت، نمایشی شانۆیی ئێستا و جاران جیاوازیان هەیە، باسکردنی یەک دەقی شانۆیی ڕوونە کە بۆ چەند نمایشێک بۆ دەقە شانۆییەکە پێشکەش بکرێت، ئەم نمایشانە لە ئان و ساتی پێشکەشکردنیاندا لەدایک دەبن و هەنووکەیین، لەمیانەی وتەکەی (ئۆبرسفیڵد) دا تێبینی دەکەین باس لە سێ خەسڵەتی سەرەکی دەکات کە شانۆ پێک دەهێنن کە ئەمانەن: دەق و نمایش و وەرگر، کە هیچیان بەبێ ئەوانی دی بوونیان نابێت، دەقی شانۆیی لەوانەیە بۆ خوێندنەوە بنووسرێت، بەڵام ئەم ڕوانگەیەی نییە، بەڵکوو پێویستی بە نمایشی شانۆیی هەیە و نمایشی شانۆییش پڕ بەپێست نابێت بە ئامادەیی وەرگرەکە نەبێت و پێویستی بە ئامادەبوونی ئەو هەیە.

### گفتوگۆ لە نمایشی شانۆییدا/ ئەکتەر و وەرگرەکە

گفتوگۆ لەنێوان ئەکتەر و وەرگر، هەرچەندە بە چەند زمانێک ئەنجام بدرێت، کەچی ئامادەیی واژەیی خۆیان لەمیانەی وێنەی مێشکی وەرگرەکە دەسەلمێنن، ئەکتەر نێرەرە، وەرگریش پێشوازیکارە و پەخشکار هێماکان دەنێرێت و پێشوازیکاریش وەریان دەگێڕێت، لەبەر ئەوە گفتوگۆکردن لەنێوان وەرگرەکانەوە دوای کۆتایی هێنانی نمایشەکە بە گفتوگۆی مێشکی ناودەبرێت کە بۆ واژەکان دەگۆڕرێت، ئەو هێمایانەی ئەکتەرەکان ئەنجامیان دەدەن، هەرچەندە ناوازەش بێت لە وێنەی مێشکی پێک دێن کە وەرگر دەیانکاتە وێنەی واژەیی و هەوڵ دەدات بۆ زانینی ڕادەی گونجان، یان درککردنی بە نمایشە شانۆییەکە.

لەم پرۆسەیەوە گفتوگۆ لەنێوان وەرگرەکان دروست دەبێت کە گفتوگۆیەکی زمانەوانییە، لێرەوە درک بەوە دەکەین کە نمایشی شانۆیی

بەشێوەیەکی گشتی، هەرچەندە پشت بە دەنگ و وێنە و مۆزیک و ڕووناکی و سینۆگرافیا دەبەستێت، کەچی گفتوگۆیەکی واژەییانە و زمانەوانیانەیە.

باسکردنی گفتوگۆی شانۆیی بۆ (بۆلۆفۆنی) پەلمان دەکێشێت بۆ بوونی نمایشی شانۆیی کە فرەدەنگە، بەتایبەتی نمایشی شانۆیی گفتوگۆ لەنێوان چەند ئەکتەرێکدا بەڕێوە دەچێت، ئەو ئەکتەرانە گفتوگۆی خۆیان ئاراستەی وەرگرەکە دەکەن کە گفتوگۆیەکی فرەیە، زۆریش زیادەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین نمایشی شانۆیی مۆنۆدرامی نمایشێکی گفتوگۆیانەیە، مەبەستیش لەم (مەنەلۆگە) گفتوگۆیەکی یەکلایەنەی ئەکتەرەکەیە (گفتوگۆی خود)، ئەویش بەو مانایەی گفتوگۆ لەکاتی نمایشکردندا وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، گفتوگۆیەکە ئاراستەی وەرگرەکە دەکرێت، لەسەر ئەم بنەمایە نمایشی مۆنۆدرامی نمایشێکی گفتوگۆییە، بەڵام بە دەنگێکی کەمتر، فرەیی ئەم گفتوگۆییەش پاش لێبوونەوە لە نمایشەکە، لەسەر ئاستی وەرگری ئاسایی و وەرگری زانا و شارەزا دەکرێتەوە.

### کۆتایی

چەند زمانێک بۆ دەق و نمایشی شانۆیی هەن، دەقی مۆنۆدراما زمانێکی هەیە کە جیاوازی لەگەڵ دەقی گفتوگۆکردندا هەیە کە دووبارە و مەنەلۆگ و گوزارشتی دەروونی زۆری تێدایە، هەروەها زمانی دەقی گفتوگۆش هەیە کە چەند ئەکتەرێک کاری لەسەر دەکەن، لەڕووی ئەم بابەتەوە زمانی دەقی شانۆیی لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دی دەگۆڕێت، دەقی مێژوویی چەند وشەیەکی زمانەوانی خۆی هەیە و جیاوازی لەگەڵ زمانی دەقە مشتومڕییەکە و زمانی دی منداڵیش هەیە، هەموو ئەم زمانانە ڕەنگدانەوەیان بەسەر نمایشە شانۆییەکەدا هەیە، وەک زمانێکی نمایشکردنی شانۆیی، لەڕووی سروشتی نمایشە شانۆییەکەشەوە زمانی شانۆیی کۆمیدی و زمانی شانۆیی تایبەت بە منداڵیش هەیە.

لەڕووی دووانەیی زمانی بەکارهێنراویشەوە دوو زمان هەیە: زمانێکی پەتی و زمانێکی زارەکی خۆجێیی، زمانی زارەکی زمانێکی هێماییە، ئەگەر ئەم گوزارشتە ڕاست بێت، مەبەست لەم زمانە ئەوەیە کە زمانێکی کۆدکراوە، لەوانەیە وەک کاردانەوەیەک بۆ چەوسانەوە و ستەمکردن پەیدابووبێت، دەربارەی توێژێکی خەڵکی ئەنجام دراوە، لەڕێگەی کەسێکی نامۆوە حوکمڕانی کرابێت، لەم حاڵەتەدا دەبێتە زمانێک بۆ سووکایەتیکردن کە ئاراستەی توێژێک دەکرێت و توێژێکی دیکەش گۆشەگیر دەکرێت، زمانی شانۆیی لەگەڵ دۆخی ئێستادا دەگونجێت، یان بۆ هەر سەردەمێک بە گوێرەی بارودۆخی ئەو سەردەمە دەگونجێنرێت.

**لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە و وەرگێڕراوە:**
منصور عمايرة، اللغة المسرحية، مجلة الحوار المتمدن، عدد ٤٤٣١، ٢٢/ ٤/ ٢٠١٤.

### پەراوێز و سەرچاوەکان

**پەراوێزەکان**

١- المعجم الوسيط، مادة لغة.
٢- قاموس المعاني/ موقع الكتروني.www.almaanv.com
٣- سورة ابراهيم الآية ٤.
٤ - الجاحظ، أبو عثمان عمرو بن بحر، البيان و التبيين، ج ١، تحقيق عبدالسلام هارون، مكتبة الخانجي، ط٧، القاهرة، ١٩٩٨.
٥ - هەمان سەرچاوە.
٦- عبدالحميد ابراهيم شيحة، الاتجاه السيميوطيقي في قراءة النص المسرحي، علامات في النقد، السعودية، ١٩٩٩.
٧ - هەمان سەرچاوە.
٨- هەمان سەرچاوە.

٩ – هەمان سەرچاوە.
١٠ – نوال ابراهيم، دينامية التلقي لدى المخرج و الممثل، عالم الفكر، الكويت، ١٩٩٦.
١١ – بن دهيبة بن نكاع، النص المسرحي المخرج والقراءة الخلاقة، كتابات معاصرة، لبنان، بيروت، ٢٠١٠.
١٢ – منصور عمايرة، الممثل الذات و الأداء والمعرفة، مجلة كواليس، الامارات العربية المتحدة، ٢٠١٣.
١٣– محمد صقر خفاجة، دراسات في المسرحية اليونانية، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.
١٤– مارتن ايسلن، تشريح الدراما، دار الشروق، ط١، عمان، ١٩٨٧.
١٥– هەمان سەرچاوە.
١٦– بيتر بروک، المساحة الفارغة، ترجمة فاروق عبدالقادر، مركز الشارقة للابداع الفكري، الشارقة.
١٧– هەمان سەرچاوە.
١٨– ابراهيم عبدالله غلوم، المسرح والتغير الاجتماعي في الخليج العربي، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٨٦.
١٩– هەمان سەرچاوە.
٢٠– هەمان سەرچاوە.
٢١– هەمان سەرچاوە.
٢٢– منصور عمايرة، المسرح و الوسائط، موقع الحوار المتمدن، www.ahewar.orq
٢٣– احمد حبيبي، النقد المسرحي، الملتقى الجزائري للمسرح المحترف، ٢٠١١.
٢٤ – هەمان سەرچاوە.
٢٥ – سعد أردش، المخرج، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٧٩.
٢٦– هەمان سەرچاوە.
٢٧– عبدالرحمن بن زيدان، التجريب في النقد والدراما، منشورات الزمن، مطبعة النجاح الجديدة، الدار البيضاء، ٢٠٠١.

### سەرچاوەکان

١- ابراهيم عبدالله غلوم، المسرح و التغير الاجتماعي في الخليج العربي، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٨٦.
٢- احمد حبيبي، النقد المسرحي، الملتقى الجزائري للمسرح المحترف، ٢٠١١.
٣- بن دهيبة بن نكاع، النص المسرحي المخرج و القراءة الخلاقة، كتابات معاصرة، لبنان، بيروت، ٢٠١٠.
٤- بيتر بروک، المساحة الفارغة، ترجمة فاروق عبدالقادر، مركز الشارقة للابداع الفكري، الشارقة.
٥- الجاحظ، أبو عثمان عمرو بن بحر، البيان و التبيين، ج ١، تحقيق عبدالسلام هارون، مكتبة الخانجي، ط٧، القاهرة، ١٩٩٨.
٦- سعد أردش، المخرج، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٧٩.
٧- سورة ابراهيم الآية ٤.
٨- عبدالحميد ابراهيم شيحة، الاتجاه السيميوطيقي في قراءة النص المسرحي، علامات في النقد، السعودية، ١٩٩٩.
٩- عبدالرحمن بن زيدان، التجريب في النقد والدراما، منشورات الزمن، مطبعة النجاح الجديدة، الدار البيضاء، ٢٠٠١.
١٠- قاموس المعاني/ موقع الكتروني.www.almaanv.com
١١- مارتن ايسلن، تشريح الدراما، دار الشروق، ط١، عمان، ١٩٨٧.
١٢- محمد صقر خفاجة، دراسات في المسرحية اليونانية، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.
١٣- المعجم الوسيط، مادة لغة.
١٤- منصور عمايرة، المسرح والوسائط، موقع الحوار المتمدن، www.ahewar.orq
١٥- منصور عمايرة، الممثل الذات والأداء والمعرفة، مجلة كواليس، الامارات العربية المتحدة، ٢٠١٣.
١٦- نوال ابراهيم، دينامية التلقي لدى المخرج والممثل، عالم الفكر، الكويت، ١٩٩٦.

# یەکەم پەرستگە لە مێژووی جیهانی مرۆڤایەتیدا

## (خاکی یەزدان Gottesland) لە کوردستان بووە

تامیر تەیب جاف

(گرێ ناڤۆکێ) و (گرێ مرازا)، ئەو دوو ناوەن کە لە پێش زمانگۆڕکێی سیاسیدا، کورد ئەم گردەی پێیانەوە ناسیوە؛ (گرێ ناڤۆکێ) گرینگییەکی گەلەک تایبەتی هەیە و لە سنوورەکانی سیاسی و ئایینی و ڕووناکبیریی مرۆڤ، لە سەردەمانی پێشتر و لەم سەردەمەشدا، ڕەتی داوە و هەر بەم جۆرەش، لە پێشەوە دەمێنێتەوە.

زانای شوێنەوارناس دوکتۆر کلاوس شمیت، لە پەیمانگەی شوێنەواری ئەڵمانیا، یەکەم زانا بووە کە ئەم شوێنەی دۆزییەوە و دەستی بە هەڵدانەوەی گڵەکەی کردووە و لە وەڵامی ئەو پرسیارەی (سەبارەت بە ناسنامەی ئەوانەی کە گرێ مرازانیان قیت کردووەتەوە) — شمیت جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم دانیشتووانەی ئێستا لەو دەڤەرەدا نیشتەجێنە، هەر ئەوانەن نەوەی ئەو کەسانەن کە خۆیان (گۆبەکلی تەپەیان - Göbekli Tepe) دروست کردووە و گڵەکەیان هەڵداوەتەوە. (گۆبەکلی تەپە) ناوە تورککراوەکەیە کە دەسەڵاتدارانی تورک لەبری ناوە ڕەسەنە کوردییەکە بەکاری دەهێنن!

کلاوس شمیت ئەو شوێنەوارناسە بوو کە یەکەم جار جێیەکەی دۆزییەوە و دەستی بە هەڵکۆڵینی کرد، بەو هۆیەشەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی دەڤەرەکە تووشی گەلێک بەربەستی سەخت هات؛

چونکە گەرەکیان بوو کارەکەی بوەستێنن؛ بەڵام ئەم دوکتۆرە لە دڵسۆزی بۆ پیشەکەی خۆی، نەکەوت و دەستبەرداری ئەرکەکەی نەبوو، تا بنجوبنەوانی شوێنەوارەکەی هەڵدایەوە و ئاشکرای کرد، پاشان کە دەربارەی دیرۆکی خاکەکە پرسیاریان لێی کرد: «کام ڕەگەز و کامە نەتەوە لێرەدا ژیاون و کێ بوون ئەوانەی ئەم گردەی گۆبەکلییان قیت کردووەتەوە؟» دوکتۆر شمیت جەختی کردەوە و گوتی «ئەوانەی ئێستا لەم ناوەدا دەژین، هەر ئەوان بوون گرێ مرازانیان دروست کرد و گڵەکەیان لێرەدا، قەرۆتە کردووە.»

گرێ مرازا، شوێنەوارێکی ناوازەیە، سەبارەت بەو شیتەڵکارییانەی کە لە ڕێی (DNA - دیئۆکسیریبۆنیوکلییک) بۆ ئەو کەللـــــــەسەرانە کران کە لە گرێ مرازا دۆزرانەوە، توێژەر و مێژوونووس فێردیناند هێنەربیچلەر دەنووسێت: «ئەم شیتەڵکارییە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو کەللـــــــەسەرانە هی باوانی هەمان ئەو کەسانەن کە ئەمڕۆ لەم دەڤەرەدا دەژین، کورد لێرە ژیاوە و ئێرە کوردستانە، ئەمانەی ئەمڕۆ لێرەدا دەژین نەوەی ئەو باوانەیانن کە لە سەرەتا دیارەکانی چەرخی بەردینەوە لێرەدا ژیاون.». نووسینی ئەو زانایە ئەوە دەسەلمێنێت کە لە چەرخی بەردینەوە، کورد بەشێکی سەرەکی دانیشتووانی ئەو دەڤەرە بوونە.

ئەو ئەستوونانەی کە لە شێوەی ئامێری بیوری دوو دەو (T) یان وەک دیرۆکناسانی ڕۆژاوا باسیان کردووە دەڵێن وەک پیتی (T) لە زمانی لاتینیدا، دروست کراون، لە ساڵی ٢٠٠٣دا، لە (گرێ ناڤۆکێ) دۆزراونەتەوە و گرینگی مێژوویی پتری بە (گرێ مرازا) داوە و ڕوونی کردووەتەوە کە ئەمەیان لەسەر ئاستی هەموو



**گرێ مرازا**

جیهاندا، دێرینترین پەرستگەیە و مێژووەکەی لە (١١٠٠٠) یازدە هەزار ساڵ کۆنترە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە شارستانیی کوردە و لە ئاییندەشدا، نیشانی هەمووانی دەدات کە بۆ دیداری دیرۆکی کوردان سەر لەو دەڤەرە دەدەن کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر داتاشراون و تا بڵێیت جوانن.

جڤاکێکی زۆری فرە نەتەوەی ئەو ناوچانە، هەزاران ساڵە ڕێزێکی تایبەتی لە (گرێ مرازا) دەگرن و بە هۆی ناوبانگی پیرۆزیشیەوەیە کە ئەم ناوەی وەرگرتووە؛ چونکە ئەو دەڤەرە پێوەندی قووڵی بە باوەڕی مرۆڤەوە هەبووە، ئەو پێوەندییەش بۆ سەردەمانێکی دووری پێش ئەرکی توێژینەوە شوێنەوارییەکان، هەر هەبووە. پاشینەی ئایین و باوەڕەکان کاری لە ڕێزی ئەم شوێنە نەبووە و هەموویان بە ئەوپەڕ پایەی بڵندەوە سەیری ئەو گردەیان کردووە و بە پیرۆزیان داناوە و نزایان بەسەریدا کردووە و بۆ هەزاران ساڵ مرازیان لێی خواستووە.

ناوودەنگی زۆری ئەو دەڤەرە، هۆی سەرەکی ناسینی ئەم پەرستگەیە بووە و لە سەردەمانی پێش زایینی ئەو ناوچەیە و گەلەک پێش هەڵکەندنی ئەو گردە بە دەستی دیرۆکناسان،

هەر بە شوێنێکی پیرۆز ناسراوە، بەمەش پێوەندییەکی ڕوحیی گەورەی لە ناو خەڵکی ئەم ناوەدا هەبووە و پێش هەڵکۆڵینیشی هەر بە شوێنێکی مێژوویی پیرۆز ناسرابوو؛ کۆنترین پەرستگەی سەر ڕووی زەوی لێرەیە و لەسەر چەند کۆڵەگەیەک دامەزراوە کە بەرزی هەر یەکێکیان (٣) مەترە و لەسەر بەردەکانیش هێمای هیرۆگلیفی تایبەت بە پێوەندی کردن بە خواوەندەوە هەیە، وێنەی پیرۆز لە سەر ئەو ئەستوونانە کێشراون کە زۆر لە نووسینە هیرۆگلیفییەکانی میسری کۆنترن (١).

ئەو شوێنە، لە ئاستی جیهاندا، بە جێگەیەکی «لە ئاسا بە دەر extraordinary» ناسراوە.

ڕەنگە ئەم پەیکەرەی لە خوارەوە نیشان دراوە، کۆنترین پەیکەری داتاشراو بێت کە لە شوێنەوارێکی دیرۆکی دۆزرابێتەوە و پێدەچێت



کە خوداوەندی پیت و بەرەکەت بێت؛ چونکە تووڕێکی بە دەستەوەیە، کە ئەمەش لە دێرزەمانەوە، بە هێمای پیت و فرەهات دەناسرا و وێنەی تیر و کێردی تێدا داتاشراوە، یەکەم پیتی نووسینی لاتینی (A) وەک خۆی لەو پەیکەرانەدا، دیار دەدەن و هەرسێکیان هێمای دەسەڵاتی باڵای (خودا) بوون.

ڕەنگە ئەم تەلارەی لە خوارەوەی ئەم نووسینەدا دیارە، کۆنترین ماڵ بێت کە مرۆڤی کورد لە دێرزەماندا دروستی کردبێت تا خانەوادەکەی تێیدا بژێت و خۆی و خێزانەکانی تێدا بپارێزێت، بۆیەش تەواوی جیۆگرافیای



سیاسی کۆنی کوردستان (باکووری میزۆپۆتامیا) بە لانکەی شارستانیەتی مرۆڤ دەناسرێت.

لەسەر ئەو بەردانەی کە لە شێوەی تیپی (T) لاتینی دروست کراون، سەیری وێنەکەی لای چەپ بکەن، دەبینین هێمای ئاژەڵ و زیندەوەری وەک مار و دووپشک و شتی دیکەشی لە سەر دروست کراون. ئەو شوێنەوارانە ئەوە دەسەلمێنن کە ١١ هەزار ساڵ پێش ئەمڕۆ، مرۆڤی کورد لە خاکی کوردستانی خۆیدا ژیاوە و پێوەندییەکی ڕێک و خاس، لە نێوان ئەندامانیدا هەبووە و پەیڕەو کراوە، ئەو نووسینە هیرۆگلیفییەی لەو ئاوەدانییەدا هەیە ئەمە نیشانی هەمووان دەدات.



- ئەم نەخشەیەی لای ڕاستە، ئەوە هێلکاریی تۆڕی شوێنەوارەکەیە.




– ئەم وێنەیەی لە لای چەپدا دیارە، بنمیچی کۆڵەگە بەردینەکان و ئەو وێنانەی سەریان نیشان دەدەن.



– ئەم پەیکەرە درێژەی لە خوارەوەدا دیار کراوە، هی بزنمژێکە لە سەر دیوارێک داتاشراوە و ڕووی لە بنمیچی ژێری دیواری ژوورێیە.



ئەم مێژووە چۆن دۆزراوەتەوە — لە پاییزێکی ساڵانی ١٩٩٠ـەکاندا بوو کاتێک کە مەحموود کلیج (ئەم دووا ناوەش تورکێنراوە) جووتیارێکی گوندی (خەرابە ڕەشک) زەوییەکەی دەکێڵا کە هەوجاڕی لە بەردێکی گەورەی بن عاردی گیربوو، لە پێشدا مەحموود ویستی بەردەکە بشکێنێت و زەوییەکەی بە ئاسانی بکێڵێت و وەردی بکات، تا بۆ ساڵی پاشتر تۆوی بکات، بەڵام بەردەکەی بۆ نەشکا، ناچار خاکەکەی پتر هەڵکۆڵی، تا بتوانێت بەردەکە لەو شوێنەدا هەڵبکێشێت، ئەوجا چاوی بەو بەردە تاشراوە کەوت کە لەناو زەوییەکەیدا شتر بووبوو؛ بەردەکە لە شێوەی (تەور) بیورێکی دوودەودا بوو. گردە دێرینەکە لە ئاقاری گوندی (خەرابە ڕەشک) بوو و لەو دەڤەرانەی ئێمەش ناوی خەرابە هەیە، وەک گوندی (خەرابەدراو). جگە لەم ناوە، گردەکە بە (گرێ مرادا) و (گرێ ناڤۆک)یش دەناسرێت. دەوڵەت ئەو ناوەشی گۆڕیوە و بووەتە (گۆبەلی تەپە)، واتە (گردی ناوکدار).

ئەم نیگارانەی خوارەوە، لە سەر دیوارەکانی ئەو گوندە کێشراون، زەینی وێنە کێشراوەکانیان بدە:




هەڵبەت هەموو ئەو کەسانەی بایەخ بە دیرۆک دەدەن، دەزانن کە گۆبەلی تەپە (گردی ناوەڕاست) کۆنترین پەرستگەی بەردە، کە مرۆڤ لە دێرزەماندا بناغەکەی داکوتاوە و لە چەندان پەیکەری بەرد پێکهاتووە کە بە

شێوەیەکی بازنەیی، لەسەر زنجیرە چیاکانی خۆرهەڵاتی کوردستان و لە دووری ١٣ کیلۆمەتر لە شاری روهاوە دوور، دروست کراون. ئەو پەرستگەیە لە شوێنی بەهەشتی عەدن (جنة عدن) دوور نییە.

لە میانی ئەو دە هەزار ساڵەی کە تێپەڕیون، نهێنییەکانی ئەو پەرستگەیە هەر لە ژێر خۆڵی گردێکی دەستکرد شاردرابوونەوە. ئەو گردە لە شێوەی زگی ئافرەتێکی دووگیاندایە، ڕووبەرەکەی نزیکەی ٣٠٠ X ٢٠٠ مەتر دەبێت. لەوان سەردەمانی کە (گرا مرادا) دروست کراوە، هێشتا بە چاکی پەروەردەکردنی ئاژەڵ و چاندن و دروێنە نەزانرابوو، دانیشتووانەکەی هەر بە دەشتاییەکانی باشووری خۆرئاوای ئاسیادا هاتن و چوونیان کردووە. ئەو ڕاوچی و دانەوێڵەگرە کۆنانە تەنیا خەمی مانەوەی خۆیانیان لەبەردا بووە، گەورەترین خەمیان ئەوە بووە کە تا ئێوارەی ئەو ڕۆژ و لە ئێوارەشیان تا بەیانی ڕۆژی پاشتر، بژین. هەموو خەمیان مانەوەی خۆیان بووە، بەڵام ئەوەی کە دیار نییە و نەزانراوە ئەوەیە — کێن ئەو کوردانەی کە گرا مرادیان قیت کردووەتەوە؟ بۆ ئەو سەنگەرانەیان لێ داوە؟ پاشان گەرەکمانە بزانین بۆ دانیشتوانی ئەو دەڤەرە کە خۆیان بناغەی پەرستگەکەی خۆیانیان هەڵبەستووە و بەرزیان کردووەتەوە، بۆچی ڕووخاندیان و بنگڵیان کرد؟ چاوەڕێی دیرۆکنووسی کوردی لێزانین؛ تا دوا وەڵامی هەمووان بدەنەوە.

**پەراوێز:**

(1) PREHISTORIC SITE OF GIRE NAVOKE (“Gobekli Tepe”) (saradistribution.com).

**سەرچاوەکان:**


(1) https://www.saradistribution.com/prehistoric_site.htm; Monday, 22/1/2022.

(2) https://www.saradistribution.com/oldesttempleofworld.htm; Monday, 22/1/2022.

(3) https://www.saradistribution.com/oldesttempleofworld%20-%20concrete.htm, Monday, 22/1/2022.

(4) https://www.saradistribution.com/historicalruins.htm; Monday, 22/1/2022.

(5) https://www.saradistribution.com/mabed.htm; Monday, 22/1/2022.

(6) https://www.saradistribution.com/tempel.htm; Monday, 22/1/2022.

# شەکسپیر لە نمایشەکانی (ئینگمار بێرگمان)دا

د. فازڵ جاف

(٢- ٢)

توێژەران و ڕەخنەگرانی شانۆ بەگشتی، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە هاملێت مەزنترین شاکاری شەکسپیرە و باشترین شانۆنامەیە لە سەرتاسەری مێژووی شانۆدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاملێت پاش قۆناغی شانۆی ئێلیزابێسی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ نمایش نەکرا. ئەوەی دیسانەوە گیانی خستەوە بەر ئەم شاکارە، ئەکتەری بەریتانی سێر هێنری ئیرڤینگ بوو کە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی هەژدەمدا لە شاری لەندەن، بە فۆرم و شێوازێکی جیاواز نمایشی کرد، شانۆنامەکە بایەخ و بەهای ئەدەبی و هونەری تا دێ زیاتر برەو دەسێنێ. نمایشەکەی ئیرڤینگ، پاش قۆناغی ئێلیزابێسی، جارێکی تر، سەرنجی ئەکتەران و دواتر دەرهێنەرانی بۆ مەزنێتی ئەم شاکارە ڕاکێشا، بە ئەندازەیەک کە پاشتر زۆربەی کەڵە ڕێژیسۆرانی شانۆی مۆدێرن ئاواتیان بەوە خواستووە شانۆنامەی هاملێت بخەنە سەر شانۆ.

بۆ ڕێژیسۆری ڕووسی ڤسیڤۆلۆد میرهولد دەرهێنانی شانۆنامەی هاملێت هەر لە تەمەنی گەنجێتییەوە خەون و خولیای بووە، بەڵام میرهولد کوژرا پێش ئەوەی خەونەکەی بهێنێتە دی، ئەو زیاتر لە جارێک گوتوویەتی: لەسەر کێڵی گۆڕەکەم بنووسن: لێرەدا ئەو دەرهێنەرە نێژراوە کە بەختی ئەوەی نەبووە شانۆنامەی هاملێت بۆ شانۆ دەربهێنێ، بەڵام میرهولد گوللەباران کرا، پاشان لەگەڵ سەدان کەسی بێتاوان لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا نێژرا. میرهولد چەند جارێک باسی لە دیدگای خۆی بۆ کارەکتەری هاملێت کردووە، باسی لەوەش دەکرد کە چۆن لەگەڵ پابلۆ پیکاسۆ لە سەر نەخشەی سینۆگرافیای نمایشەکە ڕێک کەوتوون.

لە لای خۆیەوە پیتەر بروک لە ساڵی ١٩٦٥ لە شانۆی شاهانەی شەکسپیردا بە شێوازێکی بوێرانە و مۆدێرن کاری دەرهێنانی بۆ هاملێت کردووە، ئەوە بوو ڕەخنەگران بە نمایشێکی ڕێچکەشکێنی جیاواز لە هەموو نمایشە ئاساییەکانی (وێست ئێند)ی لەندەن لە قەڵەمیان دا. کاتێک بروک لە ساڵی ٢٠٠٠دا تەمەنی گەیشتە حەفتا و پێنج ساڵ، بڕیاری دا بۆ دووەم جار بە دیدێکی گەنجانەی پڕ لە تین

و جۆشوخرۆشـەوە، دووبـارە هاملێـت پێشـکەش بـکات، ئەوەبـوو ڕێچکەیەکـی سـادە و دینامیکـی گرتـە بـەر، ڕێچکەیـەک کـە پشـتی بـە شـانۆواندن (تمسـرح) و شـێوازگەرایی و مەرجەکـی دەبەسـت کـە لـە نمایشـەکانی (هاملێـت)دا بـەو شـێوەیە بـەدی نەکرابـوو، دیـارە ئەمـە هـەر ئـەو شـێوازەیە کـە مییرهولـد دەیویسـت لـە نمایشـی (هاملێـت)دا پیـادەی بـکا.

بەشـبەحاڵی خەونـی ئینگمـار بێرگمـان-یـش بـە نمایشـکردنی هاملێـت، نووسـەری سـوێدی بێرتیـل پاڵمکڤیسـت پێـی وایە بێرگمـان هـەر لـە سـەردەمی زانکـۆوە خولیـای دەرهێنانـی هاملێتـی لـە سـەردا بـووە، ئەوەبـوو لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٨٦دا خەونەکـەی بـەدی هێنـا.

نمایشـەکە لـە هۆڵـی گـەورەی شـانۆی شـاهانە لە سـتۆکهۆڵم بەڕێوەچـوو و مـاوەی سـێ کاتژمێـر و نیـوی خایانـد، لـە ناوەڕاسـتی نمایشـەکەدا پشـوویەکی بیسـت خولـەک هەبـوو.

بێرگمـان بـەر لـە هەمـوو شـتێک کاری لەسـەر وەرگێڕانێکـی نـوێ کـرد، کـە لەلایـەن (بریـت هالکڤیسـت)ی وەرگێڕ، بە هاوکاری خودی بێرگمان جێبەجـێ کـرا. بێرگمـان داوای لـە هالکڤیسـت کردبـوو کـە «بـا وەرگێڕانەکـە بـە زمانێکـی ڕوون و سـادە بـێ» وەک لـە چاوپێکەوتنێکـدا کـە لـە ڕۆژنامـەی «سڤێنسـکا داگبـۆلاد» لـە ١٢ی کانوونـی دووەمـی ١٩٨٦دا بڵاوکرایـەوە.

بـەڵام بێرگمان هەندێک گۆڕانـکاری لـە دەقەکـەدا کـرد، لـە هەموویـان بەرچاوتـر، لابردنی چەنـد دێڕێک لـە دیالۆگەکانی پۆلۆنیـس بـوو، ئـەو دیالۆگانـەی کە بـاس لـە فێڵبـازی خـۆی و ڕادەی دەستوەردانەکانی لـە کاروباری کەسـانی دیکەدا دەکا. وا نەبێ لابردنی چەنـد دیالۆگێکـی شـانۆنامەکە، تەنیـا دیمەنەکـەی پۆلۆنیوسـی گرتبێتـەوە، بگـرە زۆربـەی دیمەنەکانـی شـانۆنامەکەی لەخۆگرتبـوو، وەک دیمەنەکانـی ڕۆزنکرانتـز و گیلدەرسـترن کاتێـک کلاودیـۆس و گێرتـۆرد پرسـیاریان لـێ دەکـەن، کـە لـە ویتنبێرگـدا چـی بەسـەر هاملێـت هاتـووە، نـەک هـەر ئەوەنـدە، تەنانـەت هەندێـک کارەکتەریـش لابرابـوون، لەوانـە: کارەکتـەری ڕیناڵـدۆ، خزمەتـکاری پۆلۆنیـۆس، کـە دەینێرێـت بـۆ فەڕەنسـا بـۆ ئـەوەی سیخوڕی بەسـەر (لایرتێـس)دا بـکات.

مەبەسـتی بێرگمـان لـە لابردنـی ئـەم دیمەنانـە، بۆ ئـەوە بـووە زۆرتـر تیشـک بخاتـە سـەر لایەنەکانـی پەیوەسـت بـە ڕەهەنـدی سیاسـی دەقەکـە و بەهێزکردنـی جەوهـەری ململانێـی مـرۆڤ لـە پێنـاوی دەسـەڵاتدا.

دیارتریـن گۆڕانـکاری جێگۆڕکێـی مۆنۆلۆگـە بەناوبانگەکـەی هاملێـت « هەبـم، یـان نەبـم، To be or not to be» دەردەکـەوێ کـە گوێزراوەتەوە بـۆ ئـەو دیمەنـەی کـە هاملێـت تێیـدا ڕێنمایـی بـە ئەکتـەرەکان دەدا. وا دیـارە مەبەسـتی بێرگمـان لـەم دیمەنـەدا ئەوەیـە کـە مۆنۆلۆگەکـەی هاملێت ببێـت بـە بەشـێک لـە نمایشـەکەی هاملێـت و ئەکتەرەکانـی کـە لـە پێـش شـا و شـاژن نمایشـی دەکـەن.

بێرگمـان لـە دیمەنەکانـی گێرتـرود و ئۆفیلیـادا بایەخـی تـەواو بـە ئاماژە سێکسـییەکان دەدا، بۆ نموونـە دەرکەوتنـی شـاژن (گێرتـرود) بـە جلـی سـوورەوە، کـە ئاماژەیـە بـە ئـارەزووی سێکسـی لـەلای دایکـی هاملێـت، یـان دەرکەوتنـی ئۆفیلیـا بە کراسـێکی شـینی کاڵ و پێڵاوی پاژنە بەرزەوە.

لـەو دیمەنـەدا کـە هاملێـت پێـی دەڵـێ: بـڕۆ بـۆ دەیـر. ئۆفیلیـا بـە پاژنـە بەرزەکەیـەوە، بـە لێـوی سـووری تۆخـەوە، وەک ئافرەتێکـی لەشـفرۆش هەنـگاوی قـورس دەنـێ و دەڕوا.

بێرگمـان لـە ڕادەبـەدەر، بـە بـەراورد لەگـەڵ

نمایشـەکانی دیکـەی هاملێـت، تیشـکی خسـتبووە سـەر کارەکتـەری «ئۆفیلیا»، کـە تێیدا پێگەیەکی بەرچاوتـری داگیرکردبـوو. ئۆفیلیا لە ژمارەیەکی زۆری دیمەنەکانـدا دەردەکەوێت، تەنانـەت لەو دیمەنانەشـدا کە لـە دەقەکـەی شەکسـپیردا دەرناکـەوێ. بێرگمـان دەیویسـت ئۆفیلیـا وەک چاودێرێکـی ڕووداوەکان و شـایەتحاڵی ڕێڕەوەکەیـان دەربکـەوێ. بوونـی ئـەو بـەو شـێوەیە، چیرۆکەکـەی هاملێـت وەک خـەون، یان مۆتەکەیـەک پێشـان دەدا، ئەمـەش ڕەنگدانەوەی بـاری ناسـەقامگیریی دەروونـی کارەکتـەری ئـەو کچـە دەخاتـە ڕوو. دەرهێنـەر تەنانـەت لـە دیمەنـی ناشـتنەکەی پۆفیلیـا لـە گۆڕسـتان وای لـێ دەکات کـە خـۆی لـەوێ ئامـادە بـێ و تەماشـای ناشـتنەکەی خـۆی بـکا، ئەمـەش کاریگەرییەکـی قووڵـی لەسـەر بینـەران بەجـێ هێشـت.

سەرنجڕاکێشـترین و بەهێزترین دیمەنی نمایشـەکە، دیمەنـی کۆتایـی بـوو، کـە تێیـدا فۆرتینبـراس بینەرانـی بـە دەرکەوتنـی وەک کارەکتـەری جەنگی ئەسـتێرەکان سەرسـام کـرد، ئـەم دیمەنـە گەڵـێ لێکدانـەوەی قـووڵ هەڵدەگـرێ، ئـەوە خـۆی لـە خۆیـدا ئاماژەیـە بـۆ ئـەو شـەڕ و کارەسـاتانەی کـە مرۆڤایەتـی ڕەنگـە لـە داهاتـوودا گیرۆدەیـان بـێ.

فـەزای سـینۆگرافی نمایشـەکە، کـە نەخشـەکەی لەلایـەن (یۆران ڤاسبێرگ)ـەوە کێشـراوە، فەزایەکە خاڵییـە لـە وردەکاری دیکۆراتـی و مۆبیلیاتـەوە، هەمـوو شـوێنەکە بـە سـێ پـەردەی پـان و بەریـن دەورە دراوە، پـەردەکان بـە نەخشـی سـورمەچن نەخشـێنرابوون و یـەک لـە دوای یـەک، بـە پێـی گۆڕینـی دیمەنـەکان، بـۆ سـەرەوە هەڵدەکێشـران. ئەوجـا پـەردەی چـوارەم کـە پەردەیەکـی ڕەشـە، دەوری سـێ پەردەکـەی داوە، هەرچـی ئـەو وردەکارییانـەی کە لە نمایشـە باوەکانـی (هاملێت)دا ئاشـنایان بوویـن، لـەم نمایشـەدا بەتەواوی پشـتگوێ خرابـوون، لـە بەرانبـەردا ڕووناکـی ئەرکێکـی گرنگـی گێڕابـوو لـە پێناسـەکردنی شـوێنەکان و تیشـک خسـتنە سـەر دیمەنەکانـی نمایشـکردن.

بێرگمـان، هـەروەک لـە (شـا لیـر)دا باسـمان لێـوە کـرد، ڕەنگـی ڕەش و سـووری وەک دوو ڕەنگـی سـەرەکی بەکارهێنـا بـوو، هەندێـک ڕەنگـی دیکـەش لـە جلوبەرگـی کارەکتـەرە لاوەکییەکانـدا دەردەکەون.

بـە گشـتی ئـەو جلوبەرگانـەی کـە یـۆران ڤاسـبێرگ دیزاینـی کردبـوون، ڕەنگدانـەوەی سـەردەمێکی دیاریکـراو نەبـوون. بـۆ نموونـە هۆراسـیۆ چاکەتێکی ڕەشـی مۆدێرنـی لەبەردابـوو، لەگەڵ کڵاوێکی ڕەشـدا، لـە کاتێکـدا ڕۆزنکرانتـز و گیلدەرسـترن جلوبەرگـی چینـی سـەرەوەی سـەدەی هەژدەمیـان لەبـەردا بـوو. جلوبەرگـەکان بەگشـتی لـە سـەردەم و سـتایلە جیـاوازەکان هەڵبژێردرابـوون. هاملێـت بـە جلوبەرگـی ڕەشـی مۆدێـرن و قەمسـەڵەیەکی بریقـەدارەوە دەرکـەوت، کـە شـێوازی جـل لەبەرکردنـی بیرگمانـی دەهێنایـەوە یـادی ئـەو کەسـانەی کـە لـە سـەردەمی گەنجیـدا ئاشـنای بـوون، ئـەو سـەردەمەی کـە بـە پاڵتـۆ و چاویلکـەی ڕەشـەوە دەردەکـەوت.

هاملێـت لـەم نمایشـەدا وەک کەسـایەتییەکی پـڕ لـە وزە و سـۆز و هەڵچـوون دەردەکـەوت، کەمتـر دڵەڕاوکـێ و دوودڵـی، زیاتـر ویسـت و ئیـرادە و هەڵپـەی کارکردنـی پیشـان دەدا. ڕەخنەگـر ئینگمـار بیۆرکشـتاین کارەکتـەری هاملێتـی لـەم نمایشـەدا وەک «هاملێتێکـی خاڵـی لـە چەمکـە ڕۆمانسـییەکان» وەسـف کـرد. هاملێـت دوای گەڕانـەوەی لـە ئینگلتـەراوە، چەنـد لـە بـاری بیـر و زەینـەوە گۆڕابـوو، ئەوەنـدەش وەک گەنجێکـی خوێنـدەواری ڕەفتارتونـد و پـڕ لـە وزە دەردەکـەوت. ئـەم (هاملێت)ـە لـە ساڵانی ژیانیدا لـە ئینگلتـەرا گۆڕانکارییەکـی زۆری بـە سـەردا هاتـووە، لـە بـاری بیـر و زەینـەوە تـا دەگاتـەوە

باری فیزیکی و هەڵسوکەوتەوە، ئەم گۆڕانکارییە تەنانەت جلەکانیشی لەخۆگرتبوو، ئەوەبوو کراسە ڕەشەکەی، گۆڕدرابوو بە بلووزێکی ڕەش لەگەڵ چاویلکەی ڕەش، هەر ئەم ستایلە هاملێتەکەی بێرگمان لە هاملێتی ڕێژیسۆرەکانی تر جیا دەکاتەوە.

بۆ بێرگمان گۆڕانکارییەکانی هاملێت لە ئینگلتەرا بەردی بناغەی نمایشەکەن، گەڕانەوەی هاملێت لە ئینگلتەراوە بۆ دانیمارک وەک گەڕانەوەی بێرگمانە لە ژیانی دەربەدەری، لە ئەڵمانیاوە بۆ سوێد. ئەوەبوو هەردوو پڕ لە گوڕ و تین و وزە، لە هەمان کاتدا پێگەیشتووتر و زاناتر گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان.

وزە و دینامیکێتیی کەسایەتی هاملێت بەتایبەتی، ڕیتمی بەتینی نمایشەکە بە گشتی، بۆ بینەران و ڕەخنەگران جێگەی سەرسوڕمان بوو، دەرهێنەرێک کە تەمەنی لە سەرووی حەفتا ساڵە، چۆن دەتوانێ بەو جۆرە هاملێت لە ترۆپکی گەنجێتی و وزەدا بەرجەستە بکا.

ئەوەی دەرهێنانە شانۆییەکەی بێرگمان لە دەرهێنانی ڕێژیسۆرانی تر جیا دەکاتەوە دیدگای تاکەکەس خۆیەتی بۆ کارەکتەری هاملێت کە هەڵگری نیگەرانی و ئەندێشە و ئازارەکانی تافی گەنجێتی خۆیەتی، ئەم بۆچوونە لە زۆربەی فیلمەکانیشیدا ڕەنگیان داوەتەوە. لە ڕووی فیزیکیشەوە، (هاملێت)ـەکەی بێرگمان لە کارەکتەری باوی کلێشەئاسای هاملێت جیا دەکرایەوە. ئەکتەری سوێدی پیتەر ستۆرمێری کە ڕۆڵی (هاملێت)ی گێڕا، لە وێناکردنی هاملێت وەک گەنجێکی پێگەیشتوو و تووڕە سەرکەوتوو بوو.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ڕەخنەگران لە ئەمریکا بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بە سروشتی سۆزداریی کارەکتەری هاملێت هەبوو. بۆ نموونە، ڕەخنەگر کلایڤ بارنز پێیوابوو کە «هاملێت» لە دیدگای (بێرگمان)دا وەک کارەکتەری دەمارگیری سەدەی بیستەم بەرجەستە کراوە. ئەو پێی وابوو لە باشترین حاڵەتەکاندا ئەم کارەکتەرە پێویستی بە دانیشتنی چارەسەری دەروونی هەیە، لە خراپترین حاڵەتیشدا پێویستی بە پشکنینی جەستەیی هەیە، بەڵام دان بەوەدا دەنێ کە خودی نمایشەکە پڕ بووە لە دینامیکێتی و وزە.

دوای نمایشەکانی «هاملێت» لە لەندەن و نیویۆرک و ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لەلایەن بینەر و ڕەخنەگرانەوە لێی کرا، بێرگمان گوتی: «هاملێت» یەکێکە لە باشترین نمایشەکانی ژیانم، بەردەوامترین و بەهێزترین و چڕترینیانە، لە هەموو نمایشەکانم زۆرتر گوزارە لە تووڕەیی دەکا.

**سەرچاوە:**

Lek och Rasari: Henrik Sjögren
Ingmar Bergmans teater 1938-2000

# گۆرانی زەمبیلفرۆش و پێگەی جیاوازی ژنی کورد

**ئالا ڕەزایی**
**(بۆکان)**

دەقی گۆرانی «زەمبیلفرۆش»، کە لەلایەن هونەرمەندی کورد "شڤان پەروەر"ـەوە کوتراوە، وەک دەقێکی دەگمەن، تایبەتمەندی گەلێکی تێدایە کە لە دەقی ئۆپێرا نزیکی دەکاتەوە. وەک چۆن لە ئۆپێرادا کەسایەتییەکان پێکەوە شانۆیەک وێڕای ئاواز بەڕێوە دەبەن، لەو دەقەشدا هەر بەو جۆرە دوو کەسی بوێژی ناو دەق شانۆیەکی سەیر پێک دێنن کە بێجگە لەوەش، زۆر خاڵی گرینگی تێدایە و دەتوانێ زۆر شت سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردی و شێوەی بیر و باوەڕی خەڵکی کورد لە هەمبەر کەسایەتی ژن، جوانی، پاکی و دروستی و بنەماڵەی تێدایە.

ئەگەر لە چەمکی «ژن» ڕا دەست پێ بکەین، تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانین واتای فێمینیزمی ئێگزیستانسیال لەو گۆرانییەدا ببینین. سیمۆن دۆبوڤوار، فەیلەسووفی بە نێوبانگی چاخی بیستەم، لە کتێبی «ڕەگەزی دووەم»دا وا باس دەکا کە مرۆڤ لە واتای ئێگزیستانسیالدا ئازادە، بۆ خۆیەتی کە چارەنووسی خۆی هەڵدەبژێرێ و ڕوو لە گەشە دەکا و کەس چارەنووسی ئەو نانووسێ و بۆی نییە بۆی دیاری بکا کە ئەرکی ئەو لە کۆمەڵگەدا دەبێ چ بێ و نابێ چ بێ. بە سەرنجدان بەوەی کە ژنیش وەک پیاو ڕەگەزی مرۆڤە، دۆبوڤوار بەو ئامانجە دەگا کە ژنیش وەک پیاو، واتایەکی ڕوو لە گەشەی هەیە و ناتوانین بڵێین کە واتایەکی چەقبەستوو، یان داخراو و نەزۆکە.

لە پێوەندی لەگەڵ دەقی گۆرانی «زەمبیلفرۆش»دا ئێمە ڕێک ئەو شتە لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەبینین. دەتوانین لەو گۆرانییەدا ببینین کە ئێستریۆتایپی کۆنی ئەوەی کە «هەمیشە پیاو دەبێ ئەو کەسە بێت کە بەشی ئەکتیڤی پێوەندییەکی عاشقانە بێت و ژن تەنیا لایەنی مونفەعیلی (ورووژێنەری) پێوەندییەکە بێت» و نەتوانێ ئەو کەسە بێت بکەری ڕووداو، یان دەسپێکێکی ئاشقانە بێ، زۆر بە ئاسانی لەو گۆرانییەدا وەلا دەنرێت و ئێمە دەبینین کە کیژەکە بە بوێری بەبێ ئەوەی کە هەست بە شەرم بکا باسی هەست و بیروباوەڕ، تەنانەت جوانی ڕوخسار و لەشولاری ژنانەی خۆی دەکا، باسی ئەڤینداری خۆی بۆ کابرای زەمبیلفرۆش دەکا و ڕۆڵێکی ئەکتیڤی هەیە، تەنانەت چەند جاری لێ دووپات دەکاتەوە و کاتێکیش دەزانێ هەژماری جوانییەکانی بۆ هێنانەڕێی زەمبیلفرۆش، بەس

نییە، دەسەڵاتی ئابووری خۆی و توانایی عاتیفی خۆی (بدەم تە گولیێ حەریرە) وەکار دەخا و لە کۆتایی کۆپلەکاندا بەردەوام دووپات دەکاتەوە کە «ئەز ئەڤیندارم»، ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە هەوڵ دەدا ڕێز لە ئەوینەکەی بگیرێ، هەروەها خاڵێکی زۆر گرینگتری لەو گۆرانییەدا دەیبینی سەبارەت بە شێوەی باسکردنی خۆشەویستی لەلایەن ژنەکەوە، شتێکە بە نێوی (پلات تویست) بە زمانی ئینگلیسی (plot twist)ـە. بۆ وێنە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتیدا ژمارەیەکی زۆر چیرۆک دەبینین کە تەکووزی سیندرلایی لەو تێیاندا زاڵە.

بەو مانایە کە چ لە فۆلکلۆری ڕۆژئاواییدا ئێمە سیندرلایەک دەبینین کە بەهۆی ئەڤین و لە کۆتاییدا زەماوەند دەتوانێ بە بارودۆخی باشی کۆمەڵایەتی و ئابووری بگات و چ لە فۆلکلۆری ڕۆژهەڵاتی وەک «دەنکە هەنارە» کە چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردییە، هەمان شت دەتوانین ببینین کە ژن تەنیا بە زەماوەند دەتوانێ بە بارودۆخی باشی کۆمەڵایەتی و ئابووری بگات. کە وا بوو، ئەو شێوە فۆلکلۆرە کە تێیدا یەک واتا و ڕووداوگەلێکی وەکوو یەکتر دووپات دەبێتەوە، دەبێتە پلات (plot)، و ئەوەی کە ئێمە ببینین ئەو واتایە بە پێچەوانەی باو، ئاڵوگۆڕ دەبێت لە کارێکی هونەریدا دەبێتە «پلات تویست».

لە پێوەندی لەگەڵ ئەو گۆرانییەدا ئێمە دەتوانین ببینین کە پلاتی سیندرلا و ئەوەی کە هەمیشە پیاو دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی پلەی کۆمەڵایەتی و ئابووری ژنەکەی، تووشی ئاڵوگۆڕ دەبێت و ئێمە دەبینین کە خاتوونی نێو دەقی زەمبیلفرۆش شانازی بە پلەی ئابووری خۆی دەکا و وەک ئامرازێک بۆ ئامانجەکەی کە ئەڤینداربوون بە زەمبیلفرۆشە، بەکاری دێنێ، تەنانەت بانگەشەی ئەوەی هەیە کە دەتوانێ وەک ژنێک ژیانی پیاوێک بە ئەڤین و زەماوەند بگۆڕێت و پلەی سەرتری پێ ببەخشێت، نەک ئەوەی کە ببێتە ئەو سیندرلایەی کە پلەی سەرتری پێ دەبەخشرێ، بە واتایەکی تر، دەتوانین ژنێکی کورد لەو گۆرانییەدا ببینین کە بۆ خۆی بەهێزە، هەرچەند ئەو هێزە لەلایەن «میری»ی باوک، یان برایەوە بووبێ، ئەو بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێ کە لەو هێزە ڕەوایەوە هێز بە ئەڤینە هەژارەکەی ببەخشێ.

ئەمجار ئەگەر بێینە سەر هەڵسوکەوتی پیاوی زەمبیلفرۆش لەگەڵ خاتوونەکە، دەبینین کە پیاوی (زەمبیلفرۆش)یش وەک پیاوێکی کورد سەرەڕای ئەوەی کە جوانی و سۆز و شکۆی سامانی خاتوون باوەڕی پتەوی ئەو ناپچڕێنێ، خۆشەویستی خاتوونەکە وەرناگرێ، لەولاشەوە سووکایەتی بە خاتوونەکە و خواست و جوانییەکانی ناکا و زۆریش بە حورمەت و ڕێزەوە باسی جوانییەکانی دەکات و هەموو جارێ لە سەرەتای کۆپلەکاندا تەواو دەیلاوێنێتەوە: «خاتوونێ چاڤ زەیتوونێ، خاتوونێ گەردن بەمووریێ..»، تەنانەت ئەگەر وەریش نەگیرێ، ئەو بەشە لە دەقەکەش دەتوانێ نیشان بدا کە لە کولتووری کوردیدا سووکایەتی بە ئەڤینداری ژنان کارێکی نەشیاو بووە و ئەگەر کەسێک نەیەوێ ئەو پێشنیارە وەرگرێ، نابێ سووکایەتی بکا، دەبێ بە ڕێزەوە وەڵامی کیژی ئاشق بداتەوە.

هۆکاری زەمبیلفرۆش بۆ وەرنەگرتنی ئەڤینی خاتوون، لە سەرەتادا تۆبەکار بوونە، واتە ئەو بڕیارەی کە لەگەڵ خوداوەندی خۆی بەستوویەتی کە لە ئاکامدا بە کوتنی ڕستەی «تۆبەدارێ زەردەشتێ کالم» لۆمان دەردەکەوێ کە بڕوایەکی دێرینی کەونارایی هەیە و ئەویش ئایینی زەردەشتییە.

زەردەشت کە بیرمەندی دێرینی جوگرافیای کوردییە، سێ پێوەر بۆ مرۆڤی ڕزگاری ئەو

جیهانە دیاری دەکا: «بیری چاک، وتەی چاک، کردەوەی چاک».

زەردەشت لە فەرهەنگی کوردی و ئێرانیدا، تەنانەت جیهانیدا سەمبۆلی هزر و ڕەوشت و خووخدەی چاکە، بە جۆرێک کە هزری ئەو لەسەر کەسایەتییەکی وەک نیتشە، فەیلەسووفی بە ناوبانگی ئەڵمان شوێندانەر بووە، نیتشە لە کتێبی «ئاوەهای کوت زەردەشت» بڕوا و وتەی خۆی لە زمانی زەردەشتەوە بەیان دەکات. بەو جۆرە دەکرێ بوترێ زەردەشت و ئایینەکەی بۆ کەونارا پاوان ناکرێ و تا هەمیشە دەگوترێ و دەبیسترێ و شوێن دادەنێ، تەنانەت لە بەرزترین ئاستە فەلسەفییەکانی باودا و لە زەمەنەکانی دوور و نزیک.

لە دەقی زەمبیلفرۆشدا دەبینین کە دەروێشی تۆبەکار سەرەڕای ئەوەی ژنێکی جوان بە ئەڤینێکی بەتینەوە هاتووەتە سەر ڕێی، بەڵام ئەوە نابێتە هۆکاری ئەوەی کە وەک شێخی سەنعان کەسایەتی بڕوامەندی خۆی وەلا بنێ، سەرەڕای ئەوەی کە جوانییەکانی ستایش دەکا و پلەکەی وەک کچی میر و سەرتەخت بۆ دەسەلمێنێ، پەیمانی خۆی لەگەڵ هێزی ئاهوورایی ناپچڕێنێ و لای وایە دەبێ لە نێوان ئەو ئەوینە ڕازاوەیە و بڕوامەند بوون بە چاکی و پاکی، دووەمیان هەڵبژێرێ، تەنانەت کاتێ وا هەست دەکا کە خاتوون کۆتا نایە و هەروا سوورە لەسەر گرێبەستی پێوەندییەکی ئەڤیندارانە، ئەوجار زەمبیلفرۆش وەبیر ئەرکی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی خۆی دەکەوێتەوە و بە خاتوون دەڵێ کە ژن و منداڵی ڕووت و ڕەجاڵی هەیە و کابانێتی ئاوەها بنەماڵەیەکی چەتوون بۆ خاتوونێک کە لە بورجدا دەژی، شیاو نییە و ناگونجێ و تەراز نییە کە ئەوەش نیشاندەری ئاگاداربوون لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتی شوێندانانیان لە ژیانی هاوبەشیدایە.


زەمبیلفرۆش لە کۆتاییدا پەیمانە ئەهوورایییەکەی و ئەرکی بنەماڵەییەکەی هەڵدەبژێرێ، چون لە ئایینی زەردەشتدا کە تا سەدەگەلێکی دووروودرێژ لە چاندی کوردیدا یەکجار بەرین بووە، بنەماڵە ناوەندێکی پیرۆزە و ماڵێک منداڵی تێدا نەبا، ئاوری تێدا هەڵنەدەکرا و ژن و مێردی ئەو جۆرە ماڵانە بە «وەجاغ کوێر» لە قەڵەم دەدران، واتە وەجاغی ماڵێ، یان لە ئاوری پڕ شکۆی ئەهوورا کە منداڵە، بێ بەشە. بنەماڵە لە ئایینی زەردەشتدا پیرۆزە و پشتیوانی و کارکردن بۆ دابینکردنی بەشێک لە ئایینی زەمبیلفرۆش بووە؛ تەنانەت عەشقێکی نوێ و ڕازاوەش ناتوانێ ئەو ڕێز و پیرۆزییە لە ناو بەرێ، بۆیە زەمبیلفرۆشیش ئیماندارە بەو پاراستنە و لە ئاکامدا سەرەڕای ڕێزگرتن لە جوانی و پلەی کۆمەڵایەتی و هەستی خاتوون، بە نارەوایی دڵی ناشکێنێ و تەنیا هەوڵ دەدا کە هۆکارەکانی وەرنەگرتنی ئەو ئەوینەی بۆ ڕوون بکاتەوە، وێڕای ئەوەی کە دڵێکی لەلای خاتوونی چاو زەیتوونی گەردن بە مۆروو بووە، پەیمانی ئەهوورایی کوردانە ناشکێنێ و پێبەند دەمێنێتەوە بە ئەرک و باوەڕی ئایینی و کۆمەڵایەتی خۆی و ئەو ڕاستەقینەیەی کە بڕوای پێیەتی دەیپارێزێ، بەبێ سووکایەتی کردن بە کیژی ئاشق.


سەرچاوە:

- دەقی گۆرانی "زەمبیلفرۆش" بە گوتنی "شڤان پەروەر" و "گوڵستان پەروەر".
- بەحری، ئەحمەد، (١٤٠٢)، گەنجی سەر بەمۆر، (دەقی بەیتی زەمبیلفرۆش)، بڵاوگەی سەرای هێمن.
- سیمون دوبووار ( ١٤٠٠)جنس دوم، ترجمه: قاسم صنعوی، انتشارات طوس.

# خواندنەک بۆ کتێبا «قەناتێ کوردۆ»

د. عارف حیتۆ




کوردۆییـڤ، یـان پرۆفیسـۆر قەناتـێ کـوردۆ (١٩٠٩/٩/١٢ - ١٩٨٥/١٠/٣٠)، یەکـە ژ کەنکەنـە یێـن قادا زمـان و کەلتۆرێ کوردی، کـو خەباتـەکا مـەزن و بەرهەمـدار ل ئێکەتییا سـۆڤییەتا بـەرێ کرییە و کۆمەکا پسپۆر و ئەکادیمیستێن باشوورێ کوردستانێ ژی تێزێن خـوە یێـن دکتورایـێ ب سەرپەرشـتییا وی وەرگرتینـە. یـەک ژ وان قوتابـی یێـن سـەردەمەکێ ژیانـا خوەیـا وێژەیـی و خواندنـا خوەیا دکتورایـێ دگـەل کوردۆییڤـی بۆرانـدی جەمشـید حەیدەرییـە. وی کتێبـەک ب ناڤـێ پرۆفیسـۆر قەناتـێ کـوردۆ «کوردۆییـڤ» ل سـالا (٢٠٢٣)ێ چاپکرییـە.

ئـەڤ کتێبـە ژ کۆمـەکا گۆتـار و دوو ڤەکۆڵینێن زانستی ل سـەر ژیـان و بەرهـەم و خەباتـا قەناتـێ کـوردۆی پێـک دهێـت، هەروەسـا نامەیا تۆسنێ ڕەشید بـۆ سـەرۆکێ زانینگەهـا سـەلاحەددین و نامـا نڤیسـەری بـۆ ڕاگـرێ کۆلیـژا زمانـان ب خۆڤـە گرتینـە کـو تێـدا داخـوازا ئەنجامدانـا فیسـتەڤاڵەکێ ژبـۆ سەدسـاڵییا ژ دایکبوونـا قەناتـێ کـوردۆی ل سـالا (٢٠٠٩)ێ ل هەولێـرێ دکـەن، لـێ هەروەکو نڤیسـەر د پێشـگۆتنەکا کورتـدا ددەتـە خویاکـرن ئـەو فیسـتەڤاڵ نەهاتـە ئەنجامـدان، ئەڤجـا وی ژی هەمـوو گۆتارێـن خـوە یێـن بەلاڤکری دگـەل ڤەکۆلینەکـێ و ئـەو ڤەکۆلینـا ژبـۆ چالاکییا سـەد سـاڵییێ بەرهەڤکـری، دگـەل هنـدەک نامـە و ئـەو گۆتـارا نڤیسـەری ب ڕووسـی د یوبیـلا (٧٠) سـالییا ژ دایکبوونا وی ل سـالا (١٩٧٩)ێ خوانـدی و وەرگێڕانـا کتێبـا «سـەردەمی نـوێ- کوردۆییـڤ» کۆمکـرن و ب شـێوەیێ ل بـەر دەسـت، ل بیرەوەرییـا (١١٤) سـاڵییا ژ دایکبوونـا کوردۆییڤـی چـاپ و بەلاڤکـرن. ئـەڤ کتێبـا ل بـەر دەسـتێ خواندەڤانـێ هێـژا، ژیـان و خەبـات و چالاکـی و ڕۆلـێ کاریگـەرێ قەناتـێ کـوردۆی د بزاڤا کوردناسـیێ و زمـان و ئـەدەب و فولکلـۆرێ کوردیـدا پێشـچاڤ دکـەت، هەروەسـا لیسـتەکا دوور

و درێژا بەرهەمێن وی و ئەو کەسێن نامەیێن دکتورایێ ب سەرپەرشتییا وی وەرگرتین، ب خۆڤە دگریت.

ڤەکۆلینا یەکێ ب ناڤێ «ژیان و کەسایەتی پروفیسۆر قەناتێ کوردۆ» کو ل کۆڤارا زانکۆی سلێمانی/ بەشی (B) ژمارە (٢٤) ل چریا ئێکێ یا سالا ٢٠٠٨ێ هاتییە بەلاڤکرن. ئەڤ ڤەکۆلینە ژ دوو پشکان پێک دهێت؛ پشکا یەکێ ل سەر ژیان و چالاکی یێن وی یێن زانستییە، پشکا دوویێ ژی ل سەر کەسایەتییا وی یا کۆمەلایەتی و سیاسی و ڕەوشەنبیرییە. نڤیسەر ب تێروتەسەلی خوە دادهێلتە دناڤ هەموو گۆتارێن ل سەر ژیانا وی هاتینە نڤیسین و مینا ژ دایکبوونا پەهلەوانێن چیرۆکێن فۆلکلۆری، دەست ب دەستەسەرکرنا کەسەکێ ب ناڤێ عەگید ئاغا دکەت و دهێتە ڤەگوهاستن بۆ سیبیریا. پاشی کەسەکێ دی ب ناڤێ قەناتێ برۆیان دچیت و وی ڕزگار دکەت، ل ڕۆژا ڤەگەڕا عەگید ئاغای قەناتێ کوردۆ ژ دایک دبیت، لەوا ناڤێ وی ژی کرە قەنات. هەرچەندە هندەک نڤیسەر دبێژن ئەو ل سالا ١٩٠٧ێ ژ دایکبوویە، لێ د پڕانییا ژێدەرێن نڤیسی و بەردەستدا هاتییە خویاکرن کو ل سالا ١٩٠٩ێ ژدایکبوویە.

قەنات کلاشۆڤیج کوردۆییڤ ژ بنەمالەکا هەژار ل (١٩٠٩/٩/١٢) ل گوندێ سووسزا دەڤەرا قاقزمان ل هەرێما قارس ژ دایکبوویە. ل سالا ١٩١٨ێ، ژبەر ستەم و زۆرداریيا ترکان دڕەڤن، دچنە تەبلیسێ (گورجستان) و ل گوندێن کورەکەند پاشی کوربلاخ جهوار دبن. بۆ ماوێ دوو سالان بابێ وی کارێ حەمالیێ و ڕێنجبەریێ دکەت، لێ دەمێ دەستێ ترکان دگەهتە ڤان گوندان ژی، ئەو بەر ب چیایڤە دڕەڤن و ل دەڤەرا (ئاپاران) بنەجھ دبن. د ژیێ (١٢- ١٣) سالییێدا بابێ وی دچیتە بەر دلۆڤانییا خودێ و ئەو دبیتە بەرپرسیارێ ب خودانکرنا مالا خوە.

ل سالا ١٩٢١ێ کەسەکێ بورجوازێ ئەرمەن ب ناڤێ هاکۆپ گازاریان خواندنگەهەکێ ب ناڤێ (لازۆ) بۆ زارۆکێن هەژارێن کورد ڤەدکەت. دایکا وی ب مەرجەکی قەناتی ددانتە بەر خواندنێ ئەگەر ئەو ل سپێدەهییان بخوینیت و ل ئێڤارییان ژبۆ ژیارا مالێ کارێ حەمالی و بویاغچیاتیێ بکەت. هێشتا دوو سالڵ ب سەر مرنا بابێ ویڤە نەچووین دایکا وی شوو دکەت و دچیتە گوندێ (ئازامبوور) ل گورجستانێ، چونکو هەڤژینێ وێیێ نوو ل وی گوندی شڤانتییا ڕۆسان دکر. ل سالا ١٩٢٨ێ، ڕێکخراوا لاوێن کۆمۆنیست (کۆمسۆمۆل) ل گورجستانێ دهێتە ڤەکرن و پڕانییا قوتابی یێن خواندنگەها لازۆ دبنە ئەندامێن ڤێ ڕێکخراوێ. هەر د هەمان سالدا نوێنەرەکێ کومیتەیا ناڤەندییا پارتا کۆمۆنیستا ئەرمەنستانێ سەرەدانا تەبلیسێ دکەت ژبۆ ئەنجامدانا کۆمبوونەکێ ل گەل کوردان، ب هاریکاری و پێشنیارا عەرەبێ شەمۆ (شامیلۆڤ) کو ئەندامێ پارتا بەلشەفی بوو و ئاشنایی دگەل کوردۆییڤی هەبوو، بڕیار دان هەشت قوتابی یێن کورد ژ خواندنگەها لازۆ دەستنیشان بکەن، داکو ل فەکۆلێتییا کارکەران ل لینینگراد بخوینن، قەنات ژی یەک ژ وان هەر هەشت قوتابییان بوو.

پشتی خواندنگەها لازۆ (١٩٢١- ١٩٢٨) تەڤاڤ دکەت، بەر ب فەکۆلێتییا کارکەرانڤە دچیت و بۆ ماوێ چوار سالان لێ دخوینیت (١٩٢٨ - ١٩٣١). ب تەمامکرنا ڤێ فەکۆلێتیێ دهێنە بەرهەڤکرن کو ل زانینگەهێ بهێتە وەرگرتن. هەرچەندە پڕانییا هەڤالێن وی ڤەدگەڕنەڤە دەڤەرێن خوە، لێ ئەو پێشکێشی زانینگەهێ دکەت و ل کولیژا ڕۆژهەلاتناسییا زانینگەها لینینگراد دهێتە وەرگرتن (١٩٣١ - ١٩٣٦). لێ ل بیرەوەرییا نۆت سالییا وی (د. زارێ یوسوپۆڤا) دابوو خویاکرن کو ئەو ل کولیژا

دیرۆک و فەلسەفە، فەکۆلێتییا زمان و ئەدەبیات هاتبوو وەرگرتن. پشتی تەمامکرنا زانینگەهێ پێشکێشی خواندنێن بلند دکەت و هەتا سالا ١٩٣٩ێ، ژبۆ ب دەستڤەئینانا باوەرناما دکتۆرایێ دخوینیت (١٩٣٦- ١٩٣٩). ل گورەی فەرهەنگا بیبلوگرافییا ڕۆژهەلاتناسا سۆڤیەتێ، ل ١٩٤٠/٦/٢٠ێ، قەناتی بەرەڤانی ژ تێزا خوە یا دکتورایێ (دروستبوونی کرداری بارگران - ئالۆز و ئاوێتە لە زمانی کوردیدا) کرییە. پشتی ب دەستڤەئینانا باوەرناما دکتورایێ وەکو ڤەکۆلەرەکێ زانستی ل ئامۆژگەها ئەتنۆگرافییا ئەکادیمیا زانستی یا سۆڤیەتێ ل لینینگراد دهێتە دامەزراندن (١٩٤٠- ١٩٤١). لێ چونکو ل وی سەردەمی سۆڤیەت کەفتبوو دناڤ جەنگا جیهانییا دوویدا، ئەڤجا بۆ ماوێ شەش هەیڤان ل خواندنگەهەکا سەربازی خواند و پشکداری د خولێن ڕاهێنانا ل سەر چەکی و تۆپچییاتییێدا کربوو. پشتی تەڤاڤکرنا ڕاهێنانێ پلەیا ئەفسەر وەردگریت و بەرەف بەرۆکێن شەرێڤە دچیت (١٩٤٢)، دبیتە بەرپرسێ کارخانا چاککرنا تۆپێن لەشکەرێ دوو یێ بەرەیا پریبالتێک (دەڤەرێن دەریا بالتیک). ژ ئەگەرێ زیرەکی و ئازایەتییا وی، ل (١٩٤٥/٨/٨)ێ، مەدالیا ستێرا سۆر وەردگریت. پشتی جەنگ ب دۆماهی دهێت، ڤەدگەڕیتەڤە سەر کارێ خوە یێ ڤەکۆلەرێ زانستی ل فەکۆلێتییا ڕۆژهەلاتناسیێ ل زانینگەها لینینگراد. د هەمان دەمدا ژی، وەکو مامۆستایێ فێرکرنا زمانێ کوردی ل ئامۆژگەها ئەتنۆگرافی کار دکر (١٩٤٦- ١٩٥٠).

هەرچەندە د ژییێ (١٦- ١٨) سالییێدا، ئەو ئەندامەکێ چالاکێ ڕێکخراوا لاوێن کۆمۆنێست بوو، لێ هێشتا نەببوو ئەندامەکێ کارا یێ پارتا کۆمۆنیست، ل سالا ١٩٤٥ێ دچیتە دناڤ ڕێزێن پارتییا کۆمۆنیستدا و یەکسەر دکەنە سکرتێرێ ڕێکخراوا پارتا کۆمۆنیست ل ئامۆژگەها ڕۆژهەلاتناسیێ (١٩٤٥- ١٩٦٠). د ڤان دانانگەهێن ژین و ژیارا خوەدا هەردەم داکۆکی ل سەر کوردناسیێ دکر، دویڤچوونا زمان و ئەدەب و فولکلۆرێ کوردی دکر. هەژی گۆتنە کو هەتا سالا ١٩٥٩ێ، کوردناسی دناڤ ئامۆژگەها ڕۆهەلاتناسییێدا، پشکەک بوو ژ ئیراننناسیێ، لێ ب هەولێن وی یێن بەردەوام و برپارا سەرۆکێ ئامۆژگەهێ (یووسف ئەبگارۆڤێچ) پشکا کوردناسیێ ژ ئیراننناسیێ هاتە جوداکرن و ل (١٩٥٩/٣/١)ێ، وەکو پشکەکا سەربەخۆ کەفتە دناڤ هەیکەلێ ئامۆژگەهێدا. ل سالا ١٩٦٠ێ، دبیتە سەرۆکێ پشکا کوردناسیێ و هەتا داوی ڕۆژێن ژیانا خوە (١٩٨٥/١٠/٣٠) هەر سەرۆکێ وێ پشکێ بوو. د ڤێ ژیانا پڕ هەژاری و دەردەسەری و تەحەدا و مجدییا ل سەر گەهشتنا ئارمانجێ، پتر ژ سەد بەرهەمان ل سەر زمان، ئەدەب، فۆلکلۆر، دیرۆک و کوردولۆژیێ ب گشتی نفیسینە و بەلاڤکرینە. بۆ نموونە؛ «ڕیزمانی زمانی کوردی- کورمانجی (١٩٥٧)، فەرهەنگا کوردی- کورمانجی (١٩٦٠)، تێکستی فولکلۆری کوردی کورمانجی (١٩٧٦)، بەرانبەرکرنا ڕێزمانێن دیالێکتێن کوردی، کورمانجییا ژوور و ژێر (١٩٧٨)... هتد.

پشکا دوویێ ل سەر کەسایەتییا وییە کو ب درێژی ل سەر هەموو لایەنێن کەسایەتییا وی یا کۆمەلایەتی و ئەکادیمی و ڕەوشەنبیری ڕادوەستێت، مرۆڤەکێ دلپاقژ و سادە و دلسۆز و ڕاستگۆ مرۆڤدۆست بوو. کەسەکێ کوردپەروەر بوو، خەما هەموو پارچێن کوردستانێ دخوار و هەردەم قوتابی یێن خوە پالدان کو تێزێن خوە ل سەر ئەدەب و دیرۆکا کوردان بنڤیسن. هێشتا قوتابیێ زانینگەهێ بوو هەکو وانەیێن زمانێ کوردی ددانە قوتابی یێن فەکۆلێتییا کارکەران (١٩٣٤). کەسەک بوو هەردەم د پرۆسەیا خوە فێرکرنێدا بوو، خوە ژ خواندنا چ بابەتان نەددا پاش، لەوا ڕەوشەنبیرییەکا فرە ڕەهەند و هەمەجۆر هەبوو. وەکو بابەکی

سەرەدەری دگەل قوتابی یێن خوە دکر و ئەگەر یەکی خەمساری د ئەرکێن خوەدا کربا دا ژێ تووڕە بیت و بلەز هەلدچوو. پشکداری د هەمی ئاهەنگ و بیرەوەری یێن کورداندا دکر. هەرچەندە بنەجها وی ل لینینگراد بوو لێ وی سەرەدانا کوردێن هەرێمێن دی ژی دکر، هەم ژبۆ سەرەدان و هەم ژبۆ فێربوون و ب سەرهەلبوونا پێزانینێن نوو. ل سالا ١٩٣٤ێ، پشکداری د کۆنفرانسێ کوردناسییا سۆڤیەتێدا کر ل ئێریڤانێ. پاشی چەندین جاران سەرەدانا ئەرمەنستانێ، ئازەربێجانێ و گورجستانێ کرییە (١٩٣٤ – ١٩٥٤).

ڤەکۆلینا دوویێ ب ناڤێ «هەلسەنگاندنی دەستنووسی مێژووی کوردەلۆژیای زانای کورد قەناتێ کوردۆ» کو دەستنڤیسەکا قەناتێ کوردۆیە ل سەر کوردناسیێ ژ (٥٠٩) لاپەڕێن فولسکاپ (A4) پێک دهێت. ئەڤ دەستنڤیسە ژبۆ چاپکرنێ هاتبوو هنارتن بۆ موسکۆ، ل سالا ١٩٨٣ێ، قەناتی کۆپییەکا ڤێ دەستنڤیسێ کرە د دەستێ نڤیسەرێ ڤێ کتێبێدا داکو وەرگێڕیتە سەر زمانێ کوردی. بابەتێ دەستنڤیسێ ژ پازدە پشکان پێک دهێت و ل سەر دوو بەشان هاتینە دابەشکرن؛ بەشێ یەکێ (چوار پشکن) سەرەدەریێ دگەل کوردناسیێ دکەت هەتا شۆڕەشا ئوکتۆبەرێ. بەشێ دووێ (یازدە پشکن) بەحسی کوردناسییا پشتی شۆڕەشا ئوکتۆبەرێ دکەت. د ڤێ خواندنا کورتدا، دێ ئاماژە ب تایتلێ پشکێن دەستنڤیسێ دەین:

- پشکا یەکێ: سەرهەلدانا کوردۆلۆژیێ ل ڕووسیا ژ سەدێ نۆزدێ هەتا ڤەکۆلینێن کوردۆلۆژی یێن ئەرمەنی خاچاتۆر ئەبۆڤیان.
- پشکا دوویێ: کوردۆلۆژی ل ئەکادیمیا زانستی یا ئیمپراتۆرییا ڕووسیا: ئەلێکسەندەر ژاپا، پیتەر لێرخ...
- پشکا سێیێ: ڤەکۆلینا کوردۆلۆژیێ ژ دەرڤەی ئەکادیمییا زانستی یا ڕووسی.
- پشکا چوارێ: کوردۆلۆژی ل پیتەربۆرگ و لینینگراد: مار، ئوربیلی.....
- پشکا پێنجێ: کوردۆلۆژی پشتی شۆڕەشا ئوکتۆبەرێ هەتا دامەزراندنا پشکا کوردناسیێ ل ئامۆژگەها ڕۆژهەلاتناسیێ ل ئەکادیمیا زانستی ل سوڤیەتێ- لینینگراد.
- پشکا شەشێ: کار و بەرهەمێن زانایێن پشکا کوردناسیێ ل ئامۆژگەها لینینگراد.
- پشکا حەفتێ: ئەو کارێن ل سەر زمان و دیرۆک و ئەتنوگرافییا کوردی هاتینە کرن.
- پشکا هەشتێ: کوردۆلۆژی ل موسکۆ.
- پشکا نەهێ: کوردۆلۆژی ل ئێریڤانێ.
- پشکا دەهێ: دامەزراندنا پشکا کوردناسیێ ل ئامۆژگەها ڕۆژهەلاتناسیێ ل ئەرمەنستانێ.
- پشکا یازدێ: کوردۆلۆژی ل باکۆ (ئازەربێجان).
- پشکا دوازدێ: کوردۆلۆژی ل تەبلیسێ (گورجستان).
- پشکا سێزدێ: ساخڤەکرن و شرۆڤەکرنا پێزانینێن کسنە ڤۆن ل سەر کاردۆخییان....
- پشکا چواردێ: چاپکری یێن ژ دەرڤەی سۆڤیەتێ ل سەر کوردێن سۆڤیەتێ.
- پشکا پازدێ: ا- پرسا بەرهەڤکرنا کادرێن زانستی د بیاڤێ کوردۆلۆژییێدا. ب- لیستا ناڤێ تێزێن دکتورایێ د بیاڤێ کوردۆلۆژییێدا.

بابەتەکێ دییێ دناڤ پەروازێ ڤێ کتێبێدا، کتێبا «سەردەمی نوێی مێژووی کوردناسی» یا قەناتێ کوردۆ، د. جەمشید وەرگێڕایە و ژ ڕووسی بەرهەڤکرییە، ل سالا ١٩٨٨ێ، ل ڕۆژناما سەردەمێ نوێ/ ژمارە (٣٠) بەلاڤکرییە. ئەڤ کتێبە کۆمەکا بابەتێن هەمەجۆرێن ل سەر ڕێزمانا کوردی (١٩٥٧ – ١٩٧٨)، پێشەکییا فەرهەنگا کوردی- ڕووسی (١٩٦٠)، دیرۆکا لێکسێکۆگرافیا کوردی (١٩٦١)، ڤەکۆلینەکا خەست ل سەر فولکلۆر و ئەدەبێ کوردی-

تێکستی فولکلۆری کوردی کورمانجی (١٩٧٦) ب خۆڤە دگریت. هەروەسا ڤەکۆلینەکا تێروتەسەل ل سەر دیرۆکا کوردناسیێ ب هەموو چق و بابەتێن خوەڤە دکەت. کتێب ژ شازدە پشکان پێک دهێت و ل سەر دوو پشکان هاتییە دابەشکرن؛ پشکا ئێکێ ڤەکۆلینەکە ل سەر دیرۆکێ و دیرۆکا زمانی و ئەتنولۆژییا کوردی و جیوگرافییا کوردستانێ ل نیڤا دوویێ یا سەدێ نۆزدێ هەتا چارێکا یەکێیا سەدێ بیستێ. د بەشێ دوویدا بەحسی سەرهەلدان و پێشڤەچوونا کوردناسیێ ل لینینگراد، موسکۆ، ئێریڤان و باکۆ دکەت، هەر ژ پشتی شۆڕەشا ئوکتۆبەرێ و هەتا نهۆ.

دکتور جەمشید حەیدەری کو بەرهەڤکەر و نڤیسەرێ ڤێ کتێبا ل بەر دەستێ خواندەڤایێ هێژایە، ئەو ب خوە ژی یەک بوو ژ قوتابی یێن قەناتێ کوردۆ، ب درێژاهییا سالێن خواندنا خوە یا دکتۆرایێ سەرەدەری دگەل کرییە و ئاگاداری تەڤایا هوورهوورکێن ژیان و خەباتا وی بوویە. د ڤێ کتێبێدا هندەک لایەنێن ڤەشارتی و نەزانراو ژ ژیانا قەهرەمانەکێ قادا زمان و ئەدەبیات و کوردۆلۆژیێ ددەتە خویاکرن. ئەو ل گورەی سەربۆرا خوە یا دگەل کوردۆییڤی، ژیان و خەباتا وی ل سەر سێ قۆناغان دابەش دکەت:

١. قۆناغا یەکێ (١٩٢٨- ١٩٤١): قۆناغا فێربوون و لێگەریانێ:

د ڤێ قۆناغێدا ئەو ژ تەبلیسێ دچیتە لینینگراد و دەست ب پێڤاژۆیا خواندن و زانینێ دکەت. خواندنا ل ئامۆژگەها کارکەران (کو ئامۆژگەهەکە ژبۆ پێگەهاندنا کادرێن خوێندەوار و ڕەوشەنبیر)، هەروەسا دچیتە زانینگەهێ و پاشی باوەڕناما دکتۆرایێ ژی وەردگریت. د ڤێ قۆناغێدا پشکدارییا یەکەم کونفرانسێ کوردناسیێ دکەل ل ئێریڤانێ.

٢. قۆناغا دوویێ (١٩٤٥- ١٩٥٩): قۆناغا کوردناسیێ:

د ڤێ قۆناغێدا هەمی شیانێن خوە ژبۆ دانانا ڕێزمانا زمانێ کوردی تەرخانکرن و ل سالا ١٩٤٩ێ، کتێبەک ب ناڤێ «کورتەی ڕێزمانی کوردی» چاپکر. وانەیێن زمانێ کوردی ل کولیژا ڕۆژهەلاتناسیێ ل زانینگەها لینینگراد ددان (١٩٤٥- ١٩٥٣). هەروەسا دوو کتێبێن گرنگ ل سەر ڕێزمانا کوردی چاپکرن (١٩٥٦-١٩٥٧)، یا یەکێ بۆ قوتابخانەیێن ناڤنجی بوو، یا دوویێ ژی ڤەکۆلینەکا بەرفرەهە ل سەر هەمی لایەنێن ڕێزمانا کورمانجییا ژووری.

٣. قۆناغا سێیێ (١٩٦٠- ١٩٨٥): قۆناغا فێرکرن و بەرهەمدارییێ:

ل ڤێ قۆناغا ببوو سەرۆکێ پشکا کوردناسیێ و وەکو ماموستایەکی هاریکارییا لێگەڕێن ئەدەب و فۆلکلۆر و دیرۆکا کوردان دکر. دوو فەرهەنگ نڤیسین و کۆمەکا گۆتارێن ل سەر کوردۆلۆژیێ بەرهەڤکرن. هەروەسا دویفچوونا بزاڤێن کوردۆلۆژیێ ل ئەرمەنستانێ و ئازەربێجان و گورجستانێ ژی دکر. وەکو لێڤەگەڕەک و ژێدەرەکێ کوردۆلۆژیێ دهاتە دیتن.

ل داویێ دبێژین، هەرچەندە پرانییا بابەتێن کتێبێ ل سەردەمێن جوداجودا و ل جهێن جوداجودا هاتینە بەلاڤکرن، لێ کۆمکرنا وان دناڤ چوارچووڤێ کتێبەکێدا دێ بیتە ژێدەرەکێ گرنگ ل سەر بزاڤا کوردۆلۆژیێ ل کۆمارێن یەکەتییا سۆڤییەتییا بەرێ و پارچێن دی یێن کوردستانا مەزن. دبێژینە دکتۆر جەمشید حەیدەری دەستێن تە خۆش بن و کتێبا تە هەژی خواندنێ و تێهزرینێ و ل سەر ڕاوەستانێیە.




# (کچی دورگە بچکۆلەکە) خەیاڵی جوان و زمانی وێران

زیاد ڕەشاد قادر

(کچی دورگە بچکۆلەکە) ناوونیشانی ئەو ڕۆمانەیە کە (ئەمین محەمەد) بۆ مێردمنداڵان نووسیویەتی و لە دووتوێی کتێبێکی قەبارە مامناوەندی و لە چاپێکی ڕەنگاوڕەنگی (٧٤) لاپەڕەییدا، لە ساڵی (٢٠٢٢) لە سلێمانی بڵاو بووەتەوە. جگە لە وێنەکانی بەرگی پێشەوە و پشتەوەی، لە (٤٢) لاپەڕەی نێو کتێبەکەدا وێنەی وەرگیراو بە ناوەڕۆکی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە دانراون. نووسەر پێشتر چیرۆکی منداڵانەی نووسیوە و وەرگێڕاوە، هەروەها پێشی ئەوەش چەندان کتێبی شیعریی بۆ منداڵان چاپ و بڵاو کردووەتەوە، بەو واتەیەی نووسەر خاوەنی ئەزموونە لە نووسین بۆ منداڵان، بەڵام لە مەیدانی نووسینی ڕۆماندا، ڕۆمانی (کچی دورگە بچکۆلەکە) یەکەم ئەزموونی نووسینیەتی.

## ئەم ڕۆمانە باسی چی و کێ دەکات؟

پاڵەوانی سەرەکی ئەم ڕۆمانە کیژی دورگەیەکی بچکۆلەیە کە تەمەنی هەشت ساڵانە بە ناوی (لولو)، بەڵام لولو جودا لە هەر منداڵێکی ئاسایی، خەیاڵی زۆر و خەونی گەورەی هەیە، پرسیاری ئەوەی لەسەردایە ئاخۆ لە ئاسمان و لە نێو دەریادا چی دەگوزەرێ و بوونەوەری ئەو ناوە چۆن دەژین.

ڕۆمانەکە لە حەفت بەش پێک دێت، لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا، ڕۆژێک کچی دورگە بچکۆلەکە دەچێتە کەناری دەریا و سەرەتا لەگەڵ مراوییەک گەشتی نێو دەریا دەست پێ دەکات، پاشان بە ماسی و کیسەڵ و گیانداره ئاوییەکانی دیکە ئاشنا دەبێت، بڕیار وایە کە بەشداری یادی لەدایکبوونی کیسەڵ بکات و دیاریشی بۆ ببات. لە بەشی دووەمدا لەپڕ هەڵۆیەک دێت لولو دەڕفێنێت، سەرەتا لولو دەترسێت، پاشان کە دەچێتە تۆقی ئاسمانێ، لەگەڵ هەڵۆکە و هەردوو بێچووەکەی دەکەونە گفتوگۆ و بە یەکدی ئاشنا دەبن. دواتر هەڵۆکە لولو دەگەیەنێتەوە کەناری دەریا، تا بە ئاهەنگی یادی لەدایکبوونی کیسەڵ ڕابگات. لە بەشی سێیەمدا لولو لە ڕێگای ڕۆیشتن بۆ ئاهەنگەکە بە ئەسپی ئاوی، پەریی

دەریا، قرژاڵ، نەهەنگ، تیمساح و دۆلفین ئاشنا دەبێت. هەر لە ئاهەنگەکەدا کیسەڵ نهێنی کار پێکردنی ئەو گەوهەرە ئەفسووناوییەی هەیەتی، دەیدات بە لولو، تا لە کاتی تەنگانەدا فریای بکەوێت و یارمەتی بدات، هەروەها لولو لەگەڵ پەریی دەریا وادە دادەنێن پێکەوە گفتوگۆ بکەن.

لە بەشی چارەمدا لولو جگە لەوەی بەدەم ڕێگاوە کورتیلە گفتوگۆیەکی لەگەڵ کەروێشک دەبێت، هەروەها لەگەڵ پەریی دەریا یەکدی دەبینن، پەریی دەریا چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ باس دەکات، کە ئەویش پێشتر کچێکی خنجیلانەی هاوشێوەی ئەو بووە، بەڵام بەهۆی خراپەکارییەوە، بووەتە پەریی دەریا، ئەوجا گوێیان لەوە دەبێت کە هەشتپێ بوونەوەرانی دیکە لە مەترسییەک ئاگادار دەکاتەوە.

پاشان ئەوان و چەندان (ماسی)ش دەکەونە نێو تۆڕی چەند ڕاوچییەکەوە، بەڵام دواتر بەهۆی ئەم گەوهەرە ئەفسووناوییەی کە کیسەڵ پێی دابوو، لولو و هەر هەموویان ڕزگاریان دەبێت. لە بەشی پێنجەمدا قرش و (سەگی ئاوی)ش دێنە نێو ڕووداوەکان، لەم بەشەدا کەشوهەوا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لولو و پەریی دەریا دوای ئەوەی لە قوژبنێکی دەریادا گیر دەخۆن، پاشان بە زیرەکی خۆیان ڕێگای ڕزگاربوون دەدۆزنەوە، دواتر جگە لە دیتنی ماسی و سەردانی کیسەڵ، هەشتپێ ڕێگای گەڕانەوەی دۆخی پەریی دەریا بۆ کەسێکی ئاسایی، ئاشکرا دەکات و پێی وایە بەوە دەبێت، کە پەریی دەریا پێویستە پەلکەزێڕینە لە باوەش بگرێت و خۆشەویستی خۆی بۆ هەموو گەردوون دەرببڕێت.

لە بەشی شەشەمدا لولو دەچێتە لای بەچکە ئاسکەکان، هەروەها هێزی گەوهەرە ئەفسووناوییەکە بەکار دێنێت بۆ ڕزگارکردنی ماسی لە چنگی هەڵۆیەک. پەریی دەریاش بۆ گەیشتن بە پەلکەزێڕینە هەوڵ دەدات، بەڵام هەوڵەکەی بێ ئاکام دەبێت. بەشی حەفتەم کە دوا بەشی ڕۆمانەکەیە، لولو کەروێشکێک لە دەمی تیمساحێک دەردەهێنێت و ڕزگاری دەکات، خواردن دەداتە چەند زەڕنەقووتەیەک. پەریی دەریاش زۆر لە پەلکەزێڕینە نێزیک دەبێتەوە، بەڵام پێی ناگات، لە دواچرکەدا لولو دێ بە هانایەوە و هێزی گەوهەرە ئەفسووناوییەکە بەکار دێنێ، ئەوجا پەریی دەریا دەبێتەوە بە کیژە قشتۆکەکەی جاران، کە لە بنجدا ناوی (لی لی) بووە، ئیدی لولو و لی لی پێکەوە لە هەوڵی ئەوەدا دەبن ئاسوودەیی بۆ ژیان بگەڕێننەوە و کەس ئازاری ئەوی دی نەدات.

## وەسف و خەیاڵ و ناو لە ڕۆمانەکەدا

بەشێوەیەکی گشتی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانی کچی دورگە بچکۆلەکە، پڕن لە خەیاڵی منداڵانە. زنجیرەی ڕووداوەکانیش یەک بەدوای یەک ئەوەندە جوان پێکەوە گرێ دراون، کە خوێنەر بەگشتی و منداڵ بەتایبەتی بۆ خوێندنەوەی کەمەندکێش دەکەن. نووسەر لە وەسفی باڵدار و خشۆک و شیردەر و بوونەوەرانی دیکەی ئاوی تا ڕادەیەکی زۆر ورد و لێزانە. لە ڕێگەی ئەم ڕۆمانەوە منداڵ جگە لە چێژ وەرگرتن و یارمەتیدان بۆ فراوانکردنی ئاسۆی بیر و خەیاڵی، هەروەها چەندان زانیاریی گرنگ و پڕ بایەخیشی لەسەر سروشت و شێوازی ژیانی گیانداران پێ دەدات، بۆ نموونە لە ڕێگەی ئەم ڕۆمانەوە منداڵ دەزانێت کە، هەشتپێ نۆ مێشک و سێ دڵی هەیە و خوێنی کەسکە، پەریی دەریا لەجێگەی قاچ کلکێکی پانی هەیە، کیسەڵ سەتان ساڵ دەژیێت، هەڵۆ لە شوێنە هەرە بڵندەکان هێلانە چێ دەکات و...تاد.

ئەو پرسیارە جیددییەی کە لای خوێنەر دەورووژێت ئەوەیە، ئایا کچی دورگە بچکۆلەکە کچێکی ئاساییە، یان نا، کە بەلای منەوە هەر کامێکیان بێت ئاساییە، چونکە لە ڕۆمان و تێکستە ئەدەبییەکانی دیکەدا، کەسێک ئەو سنوورە ئاساییە ڕێ پێدراوانە ببەزێنێت و لەگەڵ

گیاندار و بێگیان و هەبووەکانی دیکەدا بەرخورد بکات، وەلێ لەو ڕۆمانەدا نووسەر خۆیشی، یان زۆر لێی ورد نەبووەتەوە، یان خۆی یەکلا نەکردووەتەوە ئایا لولو کیژێکی ئاساییە، یان نا، بۆ نموونە لە لاپەڕە (١٧)دا لولو دەڵێ: «من کچێکی ئەفسووناویم، دەتوانم لە وشکانی و لەناو ئاویشدا بژیم». لە لاپەڕە (٢٠)دا هەڵۆ دەپرسێت: «کچە ئەفسووناوییەکە تۆ ناوت چییە»، کەچی لە لاپەڕە (٥١)دا لولو دەڵێ: «پەریی دەریا پێشتر وەکوو من کچێکی ئاسایی بووە»، پاشان لە بەشەکانی دواییدا کە پەریی دەریا لە هەوڵی ئەوەدایە ببێتەوە کچێکی ئاسایی، ئاماژەی ئەوەشی تێدایە کە وەکوو لولوی لێ بێت، واتە ببێتە کچێکی ئاسایی.

بە بڕوای من ئەوە ئەگەر بۆ خوێنەر جێ بهێڵرایە بەهێزتر دەبوو، واتە لەنێوان ئەوەی کچێکی ئاساییە، یان ئەفسووناوی وەک نووسەر بە هەردووکیان وەسفی کردووە، هیچ شتێک لەسەر ئەوە نەگوترایە، هیچ خەوشێکی بۆ ڕۆمانەکە نەدەبوو.

نووسەر بە سەلیقە و هۆشیارییەکی جوانەوە، ناوی بۆ کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەی هەڵبژاردووە. وەک ناوی (لولو) بۆ پاڵەوانی ڕۆمانەکە، ناوی (لی لی) بۆ ئەو پەریی دەریایەی کە دواتر دەبێتەوە کچێکی ئاسایی و هاوڕێی لولو. تەوار و خەپان و نەرمۆڵە بۆ هەڵۆ و هەردوو بێچووەکەی، ئەوانی دیکەش ئاوەڵناوی جوانی بۆ داناون لە وێنەی (داپیرە کیسەڵ، ماسییە ئاڵتوونی و...تاد).

## زمان و ڕێنووس لە کچی دورگە بچکۆلەکەدا

مەبەست لە زمان، زمانی وەسف و گوزارشتکردنی نووسەر نییە لە ڕووداو و دیاردەکان، باسی زمانی گێڕانەوەی نووسەر نییە وەک هەقایەتخوان، چونکە لە دیدی ئێمەدا نووسەر لەو بوارەدا ورد و وەستایانە دەستی پێ کردووە و کۆتایی پێ هێناوە، بەڵکوو ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە بەکارهێنانی هەندێک وشە و دەستەواژەی ناجۆر و کرچوکاڵن، کە بەشێکی پرشنگی جوانیی ڕۆمانەکەیان لێڵ و ناشیرین کردووە، ئەمە جگە لە خراپی ئەو ڕێنووسەی نووسەر پێڕەوی کردووە، کە بە مانای وشە پڕ کەلێن و کێماسییە. لێرەدا ئاماژە بە بەشێکی ئەو کەلێن و کێماسییانە دەکەین:

**یەکەم: خاڵبەندی**

لە تەواوی ڕۆمانی کچی دورگە بچکۆلەکەدا، کێماسیی هەرە زەق، پێڕەو نەکردنی خاڵبەندییە، بەجۆرێک لە هەندێک شوێن سێ تا چوار ڕستە بەدوای یەکدا ڕیز کراون، بێ ئەوەی هیچ خاڵ و وێرگوڵێک دانرابێت، نموونەکان زۆرن، تەنیا ئەو پەرەگرافەی لاپەڕە (١٢) دەخەینە ڕوو: «لە گوڵی سووری هەنار و گوڵی سپیی هێرۆ و گوڵی ئاڵی مێخەک ملوانکەیەکی ڕەنگینی بۆ داپیرە کیسەڵ دروست کرد دورگە بچکۆلەکە بە گوڵی هەمەجۆری سروشتی و میوەی بەچێژ بەناوبانگ بوو لولو کێکێکی گەورەی بە ئاردی گوڵەگەنمی زێڕین و شیری کەروێشک و هێلکەی مراوی دروست کرد». وەک دەردەکەوێ چۆن لێرە ڕستەکان تێکەڵوپێکەڵ بوونە و خوێنەر لە خوێندنەوەیان هەناسەی سوار دەبێت، ئەمە نەخاسمە بۆ تێکستێک کە بە حسێب بۆ منداڵ نووسرابێت و سەر بەو ڕشتەیە بێت کە پێی دەگوترێت ئەدەبی منداڵان!

**دووەم: هەڵەی چاپ**

وەک هەر کتێبێکی دیکە، ئەگەر تاک و تەرا وشەیەک بە هەڵە چاپ بووبێت، یان حەفتی بن و سەری پیتێک لەبیر کرابێت، یان (و) و (ی)ێک زیاد، یان کەم بووبێت، زۆر لەسەری ناوەستین، بەڵام ئەگەر لە هەر پەرەگرافێک هەڵەیەک، یان چەند هەڵەیەکی چاپ بەر چاو بکەون، بەڕاستی نەنگییەکی گەورەیە بۆ ئەو تێکستە. بۆ نموونە وشەکانی (کەروێشک، داپیرەکیسەڵ، باڵندەکانم، شڵەقا، نەدەبینی، بەخێرایی، بەتەنیشتیدا، لێی

ورد دەبووەوە ...)، بە (کەروشێک، داپرەکیسەڵ، باڵدەکانم، شەڵەقا، نەدەینی، بەخرایی، بەتەنشتیدا، لێی ورد دەبوە ...) نووسراون، ئەمەو چەندان هەڵەی دیکەی چاپ، کە لێرە دەرفەتی باسکردنی هەموویمان نییە.

**سێیەم:** وشە لێک جیاکراوەکان و بەیەکەوە لکێنراوەکان

ڕۆمانی کچی دورگە بچکۆلەکە پڕ پڕە لەو وشانەی کە دەبوو بە جودا بنووسرێن، بەڵام بەیەکەوە لکێنراون، لە نموونەی (زۆرخۆشدەوێ، بەرەوقووڵایی، بۆکەنار، دەداولێیورددەبوونەوە، یەکەمجاریبوو، گوناحەئەوگورگە، ئەوەبۆمن و... تاد). لە هەمان دەمدا زۆر وشە و دەستەواژەش دەبوو بەیەوەکەوە بلکێنرێن، بەڵام نازانم بۆ بە جودا نووسراون، لە نموونەی (مراوییە کە، ڕێگاکە یان، چاو گەش، گوڵە ئەستێرە، ڕەنگاو ڕەنگ، بە توانا و... تاد).

**چوارەم:** هەڵەی فەرهەنگی و هەندێ دەستەواژەی کرچوکاڵ

لەنێو ڕۆمانی کچی دورگە بچکۆلەکەدا، لێرە و لەوێ مانای هەندێک وشە بە هەڵە نووسراون و لە هەندێ ڕستەش بێ هیچ بەهانە و پێویستییەک جێگۆڕکێ بە فرمان و بکەر و بەرکار کراوە. ڕۆماننووس نووسیویەتی: «تەوار واتە دایکە هەڵۆ»، بەڵام تەوار بە مانای (هەڵۆی مێ/ مێچکەی باز/ بازی مێیینە) دێت. لەباتی (با پرچی دەشەکاندەوە) نووسیویەتی: «پرچی با دەیشەکاندەوە»، هەروەها دەستەواژەی وەک «لە ناوەندی لوتکەی چیاکەدا، بەرەو بناری دورگەکە دەڕۆیشتن) و ڕستەی دیکەی هاوشێوە هەیە!

لە هەندێ شوێن ڕۆماننووس لەسەر زمانی هەقایەتخوان، شتێک باس دەکات، کەچی لە بیری دەچێت جارێکی دی هەمان شت دووبارە دەکاتەوە. بۆ نموونە لە لاپەڕە (١٠)دا و لە یەک پەرەگرافدا جارێک دەڵێ: «هاوڕێکانم دیاریم بۆ دێنن»، دوای یەک دوو ڕستەی دیکە ئەم جارە دەڵێ: «یەک یەک دیاریم پێشکەش دەکەن».

لە پەرەگرافی لاپەڕەکانی (٤٠) و دوای ئەویش سێ جار دەستەواژەی «بەرەو قووڵایی دەریاکە دەڕۆیشتن» هاتووە.

## سەرنجی کۆتایی

**یەکەم:** ڕۆمانی (کچی دورگەی بچکۆلەکە) بە ناو و ناوەڕۆک، ڕۆمانێکی تەواو منداڵانەیە و ڕەگەزەکانی خەون و خەیاڵ و سەرەڕۆیی تێیدا زاڵە. ڕۆمانەکە نە ئەوەندە کورتە وەکوو ئەوە وا بێت چیرۆکێک بێت بە زۆر کرابێتە ڕۆمان، نە هێندەش درێژدادڕە منداڵ لە خوێندنەوە و بەدوواداچوونی ڕووداو و دیمەنەکان قەڵس و ماندوو ببێت.

**دووەم:** جۆری کاغەز و دیزاین و چاپ و وێنەکانی ناوی لە ئاستی پێویستدا نین، وێنەکان وەرگیراون و بە قەبارەش زۆر بچووکن. ڕاستییەکەی لەم سەردەمی پێشکەوتنی ئامێرەکانی چاپ و وێنەی جوان و دیزاینی تازە، دەبوو ڕۆمانێکی ئەوها بە شێوە و شێوازێکی زۆر پێشکەوتووتر هاتبایە بەرهەم، بەڵام لێرەدا ڕووی گلەیی لە نووسەر نییە، کە لەسەر گیرفانی خۆی کتێبەکەی چاپ کردووە.

**سێیەم:** ڕۆمانەکە بە زمانێک نووسراوە، کە منداڵ بە سانایی بتوانێ تێی بگات، خۆزگە ئەوەندە هەڵەی چاپ و ڕێنووس و خاڵبەندی تێدا نەدەبوو، خۆزگە هەڵەکانی زمان و ڕێنووس و ئەو گوزارشت و ڕستانەی پێویستیان بە جوانترکردن هەیە، بەر لە چاپدان وردتر لەلایەن ڕۆماننووسەوە بژار و پاکنووس دەکران.

**چوارەم:** بەگوێرەی خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئێمە، نووسەر لەباریدا هەیە لە داهاتوودا بەرهەمی ناوازەتر و جوانتر پێشکەشی بە منداڵانی کوردستان بکات، بەو مەرجەی پەلەی لە چاپدان نەیخاتە هەڵە و پەڵە و سەرچیغچوون، هەروەها بەشێکی تەمەنی خۆی تەرخان بکات بۆ خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانانەی دنیا، کە بۆ منداڵ نووسراون.

# چەپکێک نامە

**ئا: سەرنووسەر**

**هەولێر**

**١٩٧٠/٩/٢**

**برای بەڕێزم کاکە تاهیر حەوێزی**

دەستەکانت دەگوشم و هەردەم تەندروستی و خۆشبەختیتانم دڵخوازە.

نامەی شیرینت هات لەگەڵ شیعرەکانی سەلاح ستار(١)، زۆر سوپاس. لەسەر داوای جەنابتان چوومە مەعاریف، پاش هاتوچۆی دوو ڕۆژ ئیقناعم کردن کە زاتیە ئەم کتابەتان بۆ بنووسی بۆ عەقاری، چونکە محاسبە (کە) دەیگوت با عەقاری مفاتەحەتان بکەن و عەقاریش دەیگوت ئیشی مەعاریفە، سەرتان نەهێشێنم، ئەم کتابەیان بۆ نووسیم و نوسخەم بۆ بردنە محاسەبە و عەقاری و خەزێنەی هەولێر — تەقاعودی، وا سەرو نوسخەش بۆ ئێوە و نوسخەی مالیەی کۆیەم بۆ ناردن، (وە) وا دەکەم محاسەبەی ئیبتیدائی زوو تەسفییەی حساب و ئەقساتەکەتان بنێرێ بۆ عەقاری. ئیتر سەلام لە مامۆستا محەمەدئەمین (٢) دەکەم و سەلامان پێشکەش بە زێنەب خان بکە و منداڵەکان دەستتان ماچ دەکەن و داکی پشتیوان زۆر هەواڵی ئێوە و زێنەب خان دەپرسی، ئیتر بە خوام سپاردن.

برات

ئیمزا

کەریم شارەزا

**پەراوێزەکان:**

**(١) سەلاح ستار: خەڵکی شاری کۆیەیە، لە تەق تەق بە پیشەی وێنەگرییەوە خەریک بووە، لە ڕووداوێکی نەخوازراودا، لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان، لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی کوژراوە.**

**(٢) مامۆستا محەمەدئەمین: کە مەبەست لێی (م. محەمەد ئەمین مەعرووف)ـە، کە لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.**

**برای زۆر بەڕێز تاهیر ئەفەندی**

دوای سەلام و ئیحتیرام، هیوادارم سحەتت باش بێت و بەخۆشی ڕابوێری و ئەگەر لە منیش ئەپرسی، سحەتم باشە و هەر خەریکین

بۆ دانانی بناغەی ئاشتی لە نێوان گەلی عیراق و بڕینی ڕێگا لە دوژمنی ئەم گەلە خۆشەویستە بە کورد و عەرەب و هەموو نەتەوەکانی تر.

برام، هەردەم بچووکترین نۆکەری گەل خۆم حساب کردووە، وا بکەم و ئەوەش جێگای شانازیمە، بەڵام مستەحەقی ئەوەندە تەقدیرەش نیم کە جەنابت لە نامەکەت نووسیبووت.

برام زۆر بە داخەوە دوای پرسیار لە ئەرشەد (١) بۆم دەرکەوت کە کچەکەت گەڕاوەتەوە کۆیە(ە) و نایەوێ دەوام بکات، دەنا داخلی لەسەر حسابی خۆی و یاخوت (د) میری زۆر سەهلە. بەداخەوە مەحرووم بووم لە شەرەفی جێبەجێ کردنی داواتان، زۆر سەلامم بۆ خزمان و برادەران، چاوی (ب)چووکەکان ماچ ئەکەم.

برات

ئیمزا

نافیز

١٩/١٠/ (١٩٧٠؟)

**پەراوێزەکان:**

(١) کچەکەت: مەبەست لە (ڕووناک)ی کچی (م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی)یە، کە لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسیومانە.

(٢) ئەرشەد: مەبەست لێی (ئەرشەداغای حەوێزی)یە، کە لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.

(٣) نافیز: مەبەست (نافیز جەلال حەوێزی)یە، کە لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.

**هەولێر**


**١٩٧١/٤/١٧**


**برای بەڕێزم مامۆستا تاهیر حەوێزی**

ڕۆژتان باش: هیوادارم هەردەم تەندروست و بەختەوەر بن.

ئەوا ٢ وێنەم بۆ ناردن هی کۆنفراسی یەکەمی یەکێتی مان، دانەیێک بۆ ئێوە و دانەکەی تریش پێشکەش بە مامۆستا مەجید ئاسنگر بکەن. برا: ١٠٠ دانەم لە (ڕێگەی دوور) (١) بۆ فەرەیدوون (٢) و کاک مەجید ئاسنگر(٣) ناردووە، تکایە بە هەموو لایێکتان هەوڵ بدەن بۆ ساغکردنەوەیان.

تاقمی جومعە ئەفەندی (٤) و تاهیر عەبدوڵڵا





ڕۆستەم (٥) و مەجید فەتاح (٦) ١٠٠ دینارەکەی نەقابەیان بۆ دەرچووە، لەوانەیە ئینجا نۆرە بێتە سەر تاقمی ئێوە. نەمزانی (نووسەری کورد)تان کەوتووەتە دەست، یان نا؟ ئایا دێتە کتێبخانەی کۆیە؟ (وە) ئایا چیتان کردەوە لە پێکهێنانی میهرەجانەکەی حاجی قادر (٧)، من لێرە باسم کردووە زۆریان دەڵێن با لە هەولێر بیکەین، بەڵام کە لە هەولێر بکرێ ئەو تامەی نابێ، ئەگەر بەرامبەر کەکۆن و هەیبە سوڵتان و دەشتی هاموون نەکرێ، ئیتر سڵاوی زۆرمان بۆ براژنە زێنەب و دایکی پشتیوان و منداڵەکان زۆر سڵاو و ڕێزیان هەیە بۆتان و هیوادارم هەردەم پایەدار و ڕاوەستاو بن.

برات

ئیمزا

کەریم شارەزا

پەراوێزەکان:


(١) ڕێگەی دوور (٢) فەرەیدوون (٣) مەجید ئاسنگر (٤) جومعە ئەفەندی (٥) تاهیر عەبدوڵڵا ڕۆستەم (٦) مەجید فەتاح (٧) میهرەجانەکەی حاجی قادر: لە ژمارەکانی ڕابوردوودا لە بارەیانەوە نووسراوە.


هەولێر

برای شیرین و بەڕێز مامۆستا ئەحمەد حەوێز (١)

نامە شیرینەکەتم بە دوو دەستی شانازییەوە وەرگرت، لە تەوانای قەڵەممدا نییە کە سوپاسی ڕاستەقینەی دڵنەوایی برایانەتان بکەم.

لە پێش هەموو شتێکا تکای لێبوردنتان لێ ئەکەم ئەگەر مامۆستا مومتاز حەیدەری (٢) قسەکانی بەندەی لە تەرزی ڕەخنە و گلەیی پێشکەش کردبن. خوا شاهدە بەندە هەر کە چاوم بە وشەی (شەوچەرە) کەوت، دڵم بۆی ڕاچەنی لە خۆشی ئەوەی کە دیارە مامۆستایێکی بیر ورد و نووسەرێکی پەسەند کراویش وشەی (شەوچەرە)ی لا جوان بووە و بەکاری هێناوە کە بۆ بەندە ئەبێتە هۆی شانازی، (و) چونکە پەرتووکەکە بە نکتە و


هەولێر
برای بەڕێزم مامۆستا طاهر حوێزی
١٧/٤/٩٧١
ڕۆژتان باش؛ هیوادارم هەردەم تەندروست و بەختەوەر بن
ئەوا ٢ وێنەم بۆ ناردن هی کونفرانسی یەکەمی یەکێتیمان
دانەیێک بۆ ئێوە و دانەکەی تریش پێشکەش بە مامۆستا
مجید ئاسنگر بکەن. برا: ١٠٠ دانەم لە (ڕێگەی دوور)
بۆ فەرەیدون و حاکی مجید ئاسنگر ناردووە تکایە بە هەموو
لایێکیا لە هەولێر بەدەن بۆ ساغ کردنەوەیان.
تاقمی جمعە افندی و طاهر عبداللە رستم و مجید فتاح ١٠٠ دینارەکەی
نقابەیان بۆ دەرچووە، لەوانەیە ئینجا نۆرە بێتە سەر تاقمی
ئێوە. نەمزانی (نووسەری کورد)تان کەوتووەتە دەست یان نا؟
ئایا دێتە کتێبخانەی کۆیە؟ وە ئایا چیتان کردەوە لە پێک


هەولێر
برای شیرین و بەڕێز مامۆستا ئەحمەد حەوێز
نامە شیرینەکەتم بە دوو دەستی شانازییەوە وەرگرت لە تەوانای قەڵەممدا
نییە کە سوپاسی ڕاستەقینەی دڵنەوایی برایانەتان بکەم.
لە پێش هەموو شتێکا تکای لێبوردنتان لێ ئەکەم ئەگەر مامۆستا (ممتاز حیدری)
قسەکانی بەندەی لە تەرزی ڕەخنە و گلەیی پێشکەش کردبن. خوا شاهدە
بەندە هەر کە چاوم بە وشەی (شەوچەرە) کەوت دڵم بۆی ڕاچەنی
لە خۆشی ئەوەی کە دیارە مامۆستایێکی بیر ورد و نووسەرێکی پەسەند کراویش
وشەی (شەوچەرە)ی لا جوان بووە و بەکاری هێناوە کە بۆ بەندە ئەبێتە
هۆی شانازی. و چونکە پەرتووکەکە بە نکتە و گاڵتە و گەپ ڕازاوەتەوە
حەزم کرد هەر لە ڕێگەی نکتەوە سوپاسی ئەو نامە خۆشەت پێشکەش
بکەم. ... بەڕێز هەموو ... بەندە ئەناسن کە لە هەیاتا
خۆ خۆشەویست (ڕانانی) نەبووم هەرچییشێکی جوان دیبێ ... هەبوو
... ... هەموو ... کە هەموو ... ...
بیانبینێ. هەروا زۆر لەلام غەریبە کە هەندێ کەس پێیان ناخۆشە بەناوی
خۆی دیا بە ناوی کوردییەوە ناو بنرێ. لە بەر ئەوە بوو کە بەندە کاکە زیادم
زۆر خۆش ئەوێ کە لە ساڵی ١٩٥٠ کوردییەکان بۆ بیرکم لێ کرد و ... بوو ئەبجا
ناوم لێ نا حەمە زیاد.
زۆر بە ئەفسوسەوە حەزرەتتان ئەکەم کە ... بە چاوانە ... و ...
ئەگەر ... بە چاوم بکە ... چونکە ... خالوانم ... دکو ... بە شاریێکی
خۆم ئەنازم زۆر بە دڵوگیان ئەخوێنمەوە.
دیارە وشەی (شەوچەرە) هەروەکو وشەیێکی خۆشە ...
چونکە ... بە هۆی یەکێکی ناسیف (معارفە)ی بە نەوچە ... خۆشی
کە ... کە وەکو ... بە یەکیش بکەوێ و ... برایێتی
بکەین. باس ... ...

گاڵتەوگـەپ ڕازابـووەوە، حـەزم کـرد هـەر لـە ڕێگـەی نکتـەوە سـوپاس و ڕەزامەنـدی خۆمتـان پێشـکەش بکـەم.

کاکی بەڕێـز هەمـوو ڕەفیقەکانـم بەنـدە ئەناسـن کـە لـە حەیاتـا قـەت خۆخۆشەویسـت (انانـي) نەبووم، هـەر شتێکی جوان و پەسـەندم هەبووبێ وەکوو دار و گوڵـی باخچە و شـتومەکی بـە سـوود هەوڵـم داوە کـە هەمـوو ڕەفیقەکانـم بیانبـێ. هـەروا زۆر لەلام غەریبـە کـە هەنـدێ کـەس پێیـان ناخۆشـە بەنـاوی خـۆی، وەیـا بەنـاوی کوڕییـەوە ناوبنـرێ، لەبـەر ئـەوە بـوو کـە بەنـدە کاکـە زیـادم (٣) زۆر خـۆش ئـەوێ، لـە سـاڵی ١٩٥٢ کوڕێکمـان بـوو، پرسـم پـێ کـرد و ڕازی بـوو، ئەمجا نـاوم لـێ نـا حەمەزیـاد (٤).

زۆر بـە ئەفسووسـەوە عەرزتـان ئەکـەم کـە (مێـژووی کۆیـە)م بەرچـاو نەکەوتـووە، ئەگـەر بەرچـاوم بکەوتایـە، چونکـە بەنـدەش خاڵوانـم کۆییـنە و کۆیە بـە شـارێکی خـۆم ئەزانـم، زۆر بـە دڵ و گیـان ئەمخوێنـدەوە.

وا دیـارە وشـەی (شـەوچەرە) هەروەکـوو وشـەیەکی خۆشـە، پیرۆزیشـە، چونکە بـوو بەهۆی یەکـدی ناسـین (معارفـة)ی بەنـدە و جەنابتـان، خـواش کەریمـە کـە لـە ڕێکەوتێـکا چاومـان بـە یەکدیش بکـەوێ و دەسـەوملانی برایەتیش بکەین، بـاس (ی) خـوا لێخۆشـبوو ئەحمەد مستەفاتان (٥) کردبـوو، بـە پێویسـتم زانـی کـە عەرزتـان بکـەم، پـاش وەفاتـی بـۆ ڕاتبـی تەقاعودیـان، ئـەوی لێـرە پێویسـت بـوو کردمـان، (و) بـە تایبەتـی دوو سـەفەری بەغـدام کـرد تـا ڕاتبێکـی ن (٥) زیکـی ١٣ دیناریـان بـۆ بڕایـەوە و ١٨٠ دیناریـش تراکومیـان وەرگـرت، مەرحـوم ژنێـک و دوو کـوڕ و دوو کچـی هەیـە، منداڵەکانـی زۆر شـوکور وەکـوو خـۆی بـە حەیـا و بـە تەربیـەن. کـوڕی گـەورەی کـە (سـەلاحەددین)ی نـاوە لـە کوللیـەی لوغـات/ قسـمی کوردی ئەمسـاڵ سێهەم سـاڵە کە شـوکور سـەرکەوتووە، کـوڕی بچووکـی دلاوەری نـاوە، ئەمسـاڵ لـە پۆلـی سێهەمی ناوەنـدی، لـە ناوەندی ئیمتیحانـی بەکەلۆریا شـوکور باش سـەرکەوتووە، خـوا ڕێکـی خـا بەڵکـوو لەلایێکـی بـاش جێگیـر بـێ، هەردووکیـان وا لـە شـەقلاوە بـە کاسـبی خۆیـان بەڕێـو ئەبـەن، وا ئێمـەش لـە جاران زیاتـر چاودێرییـان ئەکەیـن، بـە پـارەی تراکومەکەیـان خانوویێکیـان ڕەهـن کـردووە، زسـتانان تێـدان و بـۆ هاوینانیـش باخچەیێکـی بچووکـی کوڕێکـی عائیـد بەخۆمانـم بۆیـان پێکـەوە نـاوە تێدا بـاش ئەحەوێنـەوە، هـەردوو کچەکـەش دەوامـی مەکتـەب ئەکـەن و زوو زوو سـەرمان لـێ ئـەدەن.

کاک ئەحمـەد بەنـدە نـەک مامۆسـتا وەیـا بـرا گەورەیـی، بەڵکـوو بـە شـانازییەوە بـرا بچووکیتـان قەبـووڵ ئەکـەم، ئێکـە هـەر بژیـن.

برا بچووکی دڵسۆزتان

قرگەیی

ئیمزا

لـە داوێنـی نامەکـەدا نووسـیویەتی: مامۆسـتای بەڕێـز، لـە ڕۆژنامەکـەی (ژیـن)دا بـە چاککردنـی کەموکورتـی چاپەکـەی ئیکتیفـام کـرد کـە بزانـن بەنـدە پێشکەشـم کـردوون.

١٩٧١/٧/٢٤.

**پەراوێز:**

**(١) مامۆسـتا ئەحمـەد حەوێـز: مەبەسـت لێـی (تاهیـر ئەحمـەد حەوێزی)یـە.**


**(٢) مومتـاز حەیدەری: لە ژمارەکانی پێشـوودا لـە بارەیەوە نووسـراوە.**

**(٣) کاکـە زیـاد: مەبەسـت (کاکـە زیاداغـای غەفووری)یە کە لە ژمارەکانی ڕابوردوودا لە بارەیەوە**

نووسـراوە.

(٤) حەمەزیـاد: مەبەسـت لێـی حەمەزیـاد عەبدولقـادر قرگەیـی کۆیەتـی، کـە لـە ژمارەکانـی ڕابـوردوودا لـە بارەیـەوە نووسـراوە.

(٥) ئەحمـەد مسـتەفا: نـاوی تـەواوی (ئەحمـەد مستەفا مـەلا دەروێش)ـە، لـە ساڵی ١٩١٧ لە شاری کۆیـە لـە دایـک بـووە، لـە بنەماڵـەی غەفووریانـە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە کۆیـە تـەواو کـردووە، لەبـەر دەسـتکورتی نەیتوانیـوە لەسـەر خوێندنەکـەی بـەردەوام بـێ. لـە تەمەنـی لاوێتـی خولیـای ئـەدەب و هونـەر بووە، لە یەکـەم شانۆگەری کە لە شاری کۆیە نمایش کـراوە بەناوونیشـانی (نـەورۆز بووکی کوردسـتان) بەشـداری کـردووە و دەوری ئافـرەت (پیـرۆز)ی تێـدا بینیـوە. پیشـەی پۆلیسـی قۆڵچـی (مالیـە) بـووە لـە شـارەکانی کۆیـە و ڕەوانـدز و مەخمـوور و شـەقڵاوە. ژنـی هێنـاوە و خاوەنـی دوو کوڕ و دوو کچ بووە، لە ٢٣ی ئاداری ١٩٦١ کۆچی دوایی کـردووە و لـە گۆڕستانی (زەیتـوون)ی شاری شـەقڵاوە بـە خـاک سـپێردراوە.



| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٩٥٠ | ٠ | مەسرەفی نەقلیات و حەماڵی یەکەم جار |
| ٤٩٠ | ٨ | کۆتایی مانگی حوزەیرانی ١٩٧١ |
| ٠٤٠ | ٧ | کۆتایی مانگی تەمموز ١٩٧١ |
| ١٦٠ | ٣ | لە ١٩٧١/١٠/٥ |
| ١٢٠ | ٥ | لە ١٩٧١/١١/٣ |
| ١٦٠ | ٤ | لە مانگی ١٩٧١/١٢ |
| ٣٦٠ | ٣ | لە مانگی ١٩٧٢ ناردرا |
| ٣٦٠ | | فلس پارەی حەماڵی کتێبەکانی ناردراوە |
| ٥٦٠ | ٢ | دواجـار لـە کتێبخانـەی سـەرکەوت وەرگیـراوە لـە کۆتایـی مانگـی ئەیلوولـی ١٩٧٢دا |
| ٨٤٠ | ٣٤ | دینار گشتی پارەی بۆت هاتییە. |

(دیوی ئەودیوی کاغەزەکە لێی نووسراوە)

تێبینـی: ٢٢ دانـە لـە کتێبخانـەی سـەرکەوت مابـوو

پـارەی ١٦ دانـەم لـێ وەرگـرت، کـە دەکا ١٦٠X ١٥ = ٢،٥٦٠ دینـار

٢٢ – ١٦ = ٦ دانە ماوە

لـەم شەشـە ٤ دانـەم لەگـەڵ کتێبـی نووسـەرانی هەولێـر، ٢ دانـە بـۆ مەعـرەزی مەنتیقەی ئیرشـادی کەرکـووک (١) و ٢ دانـە بـۆ مەعـرەزی ئیعلامـی بەغـداد (٢) نـاردرا، تەنیـا ٢ دانـەم لـەلا ماوەتـەوە بـۆ متفـەرک بـا لام بـێ.. ئـەدی بـۆ خـۆم چ بخـۆم!!!

ئیمزا

(١) مەنتیقـەی ئیرشـادی کەرکـووک: لـە ژمارەکانـی ڕابـوردوودا لـە بارەیـەوە نووسـراوە.

(٢) مەعـرەزی ئیعلامـی بەغـداد: هیـچ زانیارییەکمان لـە بارەیـەوە بـە دەسـت نەکەوت.

**هەولێر**
**١٩٧١/٧/٣**

**برای بەڕێزم مامۆستا تاهیر ئەفەندی ڕۆژتان باش**

دەستەکانت دەگوشم و هەردەم داوای تەندروستی و سەرکەوتنتان بۆ دەکەم.

برا: وا هەندەکم پارەی شەوچەرە بۆ ناردن بەپێی لیستەی خوارەوە:

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ... | ٤ | پارەی ٢٠ دانە لەوانەی خۆم فرۆشتووم (ن)ە و پارەکەیانم هاتووتە دەست. |
| ٦٠٠ | ١ | پارەی ١٠ دانە، کتێبخانەی لاوان فرۆشتوویەتی، دانەی بە ١٦٠. |
| ٤٤٠ | ١ | پارەی ٩ دانە کتێبخانەی خۆشناو فرۆشتوویەتی، دانەی بە ١٦٠. |
| ٤٠٠ | ٢ | پارەی ١٥ دانە کتێبخانەی سولاف فرۆشتوویەتی، دانەی بە ١٦٠. |
| | | ٥٤ دانە |
| ٤٤٠ | ٩ | نۆ دینار و چوار سەد فلس |
| ٩٥٠ | . | پارەی مەسرەفی نەقلیات و حەماڵی. |
| ٤٩٠ | ٨ | هەشت دینار و چوار سەد و نەوەت فلس. |

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٥٠٠ | ٠ | پارەی نەقلیات لە بەغداوە بۆ هەولێر. |
| ١٥٠ | . | پارەی حەماڵی لە نەقلیاتی هەولێرەوە بۆ چاپخانەی نامق (١). |
| ٠٥٠ | ٠ | پارەی حەماڵی لە چاپخانەی (نامق)ەوە بۆ دابەش کردنی کتێبەکان بەسەر کتێبخانەکانی هەولێردا، |
| ٢٥٠ | . | پارەی تاکسی بۆ هەڵگرتنی دوو سندووقەکان لە چاپخانەی (نامق)ەوە، بۆ ماڵی خۆمان لە ڕووناکی. |
| ٩٥٠ | . | نۆ سەد و پەنجا فلس. |

ئیتر هیوادارم بەشی کۆیەش گەیشتبێتە جێ و منیش لێرە مانگ بە مانگ چ سەرف ببێ پاکە (کە)یت بۆ دەنێرم، ئیتر سڵاوی زۆرمان بۆ زێنەب خان و چاوی وردیکەکان ماچ دەکەم.


ئیمزا

برات

کەریم شارەزا

هەواڵی میهرەجانی (حاجی)مان بە دووردرێژی ناردووە بۆ ژین (٢) و هاوکاری (٣) و التآخي (٤) و نووسەری کورد (٥). (وە) بە کورتیش بۆ گۆڤاری (الراصد) (٦) و (الثقافة) (٧)، (وە) کەریم زەند (٨) شتێکی لە ژین بڵاوکردۆتەوە.

پارەی ٥٤ دانە



**پەراوێزەکان:**

**(١) چاپخانەی نامق (٢) ڕۆژنامەی ژین (٣) ڕۆژنامەی هاوکاری (٤) ڕۆژنامەی التآخي (٥) نووسەری کورد (٦) الراصد (٧) الثقافة، لە ژمارەکانی ڕابوردوودا لە بارەیانەوە نووسراوە.**

(٨) کەریم زەند: گەڕیدە و نووسەر و جوگرافیاناس، ساڵی ١٩٢٤ لە شاری سلێمانی، گەڕەکی مەڵکەندی لە دایک بووە. ساڵی ١٩٤٤ خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە. ساڵی ١٩٤٦ چووەتە مەهاباد و لە کۆماری کوردستاندا بەشدار بووە. خاوەنی (١٥) کتێبی چاپکراوە. ئەندامی هیوا و ژ. ک و پ.د.ک بووە. ساڵی ٢٠٠٠ هەر لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. خەزووری د. ئاسۆ جەلیزادەیە.

**هەولێر**

**بەڕێوەبەری قوتابخانەی هەڵگورد**

**١٩٧١/١١/٣**

**برای بەڕێزم کاکە تاهیر ڕۆژتان باش**

هیوادارم هەردەم تەندروست و بەختەوەر بن لە ژیاندا.

دوا (ی) دەرچوونی نامەی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر، کەمێک هەرمێن کەوتە سەر (شەوچەرە) بە نسبەت ئەو قوتابخانەی کە کۆییان لێ نییە، زۆرم تەشجیع کردن کە لەگەڵ کڕینی کتێبی کوردی بۆ کتێبخانەی قوتابخانەکانیان، شەوچەرەش بکڕن، بەپێی ئەو لیستەی خوارەوە سەرفیاتی خۆی بوو، هەرچەندە هەندێ قوتابخانە پاش کڕین و خوێندنەوەی گوتیان بە (بۆ) قوتابیان دەست نادا و (ە) لە قوتابخانەی کچان بە تەواوی لێی دەرەونەوە. سڵاوی زۆرمان بۆ زێنەب خان و داکی پشتیوان زۆر سەلامی هەیە بۆتان، ئیتر هەر خۆش بن.

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٨٠٠ | ٠ | پارەی ٥ دانە (کتێبخانەی سولاڤ) (١). |
| ٠٨٠ | ٢ | پارەی ١٣ دانە (کتێبخانەی خۆشناو) (٢). |
| ٢٤٠ | ٢ | پارەی ١٤ دانە (کتێبخانەی سەرکەوت) (٣). |
| ١٢٠ | ٥ | دینار پارەی ٣٢ دانە، هی مانگی تشرینی یەکەم. |

برات

ئیمزا

کەریم شارەزا


**پەراوێزەکان:**

**(١) کتێبخانەی سولاڤ (٢) کتێبخانەی خۆشناو (٣) کتێبخانەی سەرکەوت: لە ژمارەکانی ڕابوردوودا لە بارەیانەوە نووسراوە.**

**حسابی شەوچەرە**

**مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧١**

| دانە | فلس | دینار | |
|---|---|---|---|
| ١٠ | ٦٠٠ | ١ | کتێبخانەی سەرکەوت (١) |
| ٠٤ | ٦٤٠ | ٠ | کتێبخانەی سولاڤ (٢) |
| ٨ | ٢٨٠ | ١ | کتێبخانەی خۆشناو (٣) |
| ٢٢ | ٥٢٠ | ٣ | تەنیا سێ دینار و پێنج سەد و بیست فلس |


هەولێر
بەڕێوەبەری قوتابخانەی هەڵگورد
١٩٧١/١١/٣ برای بەڕێزم کاکە تاهیر ڕۆژتان باش
هیوادارم هەردەم تەندروست و بەختەوەر بن لە ژیاندا.
دوا دەرچوونی نامەی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر کەمێک هەرمێن کەوتە سەر [شەوچەرە] بە نسبەت ئەو قوتابخانەی کە کۆییان لێ نییە، زۆرم تشجیع کردن کە لەگەڵ کڕینی کتێبی کوردی بۆ کتێبخانەی قوتابخانەکانیان شەوچەرەش بکڕن بەپێی ئەو لیستەی خوارەوە سەرفیاتی خۆی بوو هەرچەندە هەندێ قوتابخانە پاش کڕین و خوێندنەوەی گوتیان بە قوتابیان دەست نادا و لە قوتابخانەی کچان بە تەواوی لێی دەرەونەوە. سڵاوی زۆرمان بۆ زێنەب خان و داکی پشتیوان زۆر سەلامی هەیە بۆتان. ئیتر هەر خۆش بن.
فلس دینار
٨٠٠ ٠ پارەی ٥ دانە (کتێبخانەی سولاڤ)
٠٨٠ ٢ " ١٣ " ( " خۆشناو)
٢٤٠ ٢ " ١٤ " ( " سەرکەوت)
١٢٠ ٥ دینار پارەی ٣٢ دانە. هی مانگی تشرینی یەکەم.

٠٤    ٦٤٠    کتێبخانەی ئەربیل (٤)

٢٦    ١٦٠    ٤ چوار دینار و سەد و شەست فلس


دووبارە هەندێکی دیم بەسەر کتێبخانەکانی هەولێردا دابەش کرد، بەم پێیەی خوارەوە.

| دانە | کتێبخانە | |
|---|---|---|
| ٣٠ | کتێبخانەی سەرکەوت | بە کۆن و نوێ |
| ٢٨ | کتێبخانەی خۆشناو | بە کۆن و نوێ |
| ٠٩ | کتێبخانەی ئەربیل | بە کۆن و نوێ |
| ١٠ | کتێبخانەی سولاڤ | بە کۆن و نوێ |
| ٧٧ | دانە | |

ئەوی دیش لە دەرفەتێکی نزیکدا بۆت ڕەوانەی کۆیە دەکەمەوە.

**پەراوێز:**

**(١) کتێبخانەی سەرکەوت (٢) کتێبخانەی سولاڤ (٣) کتێبخانەی خۆشناو (٤) کتێبخانەی ئەربیل، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیانەوە نووسراوە.**


مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧١

| دانە | فلس | دینار | |
|---|---|---|---|
| ١٠ | ٦٠٠ | ١ | کتێبخانەی سەرکەوت |
| ٠٤ | ٦٤٠ | ٠ | کتێبخانەی سولاڤ |
| ٨ | ٢٨٠ | ١ | کتێبخانەی خۆشناو |
| ٢٢ | ٥٢٠ | ٣ | تەنیا سێ دینار و پێنج سەد و بیست فلس |
| ٤ | ٦٤٠ | | کتێبخانەی اربیل |
| ٢٦ | ١٦٠ | ٤ | چوار دینار و سەد و شەست فلس. |

دوو بارە هەندێکی دیم بە سەر کتێبخانەکانی هەولێردا دابەش کرد. بەم پێیەی خوارەوە

| دانە | کتێبخانە | |
|---|---|---|
| ٣٠ | کتێبخانەی سەرکەوت | بە کۆن و نوێ |
| ٢٨ | کتێبخانەی خۆشناو | بە کۆن و نوێ |
| ٩ | کتێبخانەی اربیل | بە کۆن و نوێ |
| ١٠ | کتێبخانەی سولاڤ | بە کۆن و نوێ |
| ٧٧ | دانە | |

ئەوی دیش لە دەرفەتێکی نزیکدا بۆت ڕەوانەی کۆیە دەکەمەوە.

به بۆنەی بیست و حەوتەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# یادوەرییەک لەگەڵ گۆڤاری (ڕامان)ی بە ئەزموون

**سالار سەمین**
**(کفری- گەرمیان)**

گۆڤاری ڕامان، بەهۆی بابەتی گرنگ و دەگمەن و سەرنجڕاکێش، لە هەموو بوارەکانی نووسیندا، چ لە بواری دەقی ئەدەبی و چ لە بوارەکانی دیکەی وەک: هەڤپەیڤین و مێزگرد و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و بابەتی هزر و فەلسەفە و مێژوو و هونەر و زمانزانیدا، ناسنامەیەکی زێڕینی بۆ خۆی بەدەست هێناوە. بەڕاستی ناوەرۆکی دەقە بڵاوکراوەکان ئەوەندە بەهێز و بە پێزن، خوێنەر وەک مێشهەنگ چۆن بەدەوری گوڵی ڕەنگاوڕەنگدا دەسووڕێتەوە، خوێنەریش بەدەوری گۆڤاری (ڕامان)دا دەسووڕێتەوە.

نەک هەر وەک خوێنەرێک، بەڵکوو وەک نووسەرێک پتر لە بیست و پێنج ساڵە دەقەکانم لە گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاو دەبنەوە، لە ماوەیەکدا لە لایەن ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە سانسۆرێک خرایە سەر نووسینەکانم، بەڵام گۆڤاری ڕامان بێ ترس دەقەکانی منی بڵاو دەکردەوە.

لە ماوەی ئەم چارەگە سەدەیەی لەگەڵ گۆڤاری (ڕامان)دا ئاشنایەتیم هەبووە، بۆم دەرکەوتووە لە بواری سیاسەتدا گۆڤارێکی بێ لایەنە، لەبەر ئەوە خوێنەرێکی زۆر و باش لە دەوری گۆڤارەکە کۆبوونەتەوە.

لێرەدا دەبێ بە ئەمانەتەوە بڵێم سەرنووسەر و ستافی گۆڤارەکە بەشێوەیەکی جوان ئەو گۆڤارە دەخەنە بەردەستی خوێنەرانەوە، بەتایبەتیش لە هەڵەبڕین و ڕێنووسی وشە و ڕستە و دەستەواژەی نێو دەقەکاندا زۆر وردن، ئەو کارانەش دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی بابەتەکان و متمانە و نازناوێکی جوان بۆ گۆڤارەکە دروست دەکەن.

لە ماوەی ٢٧ ساڵی تەمەنی گۆڤارەکەدا، ٣١٦ ژمارەی لێ دەرچووە، ناڵێم هەمووی، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ژمارەکانم پێ گەیشتووە و خوێندمنەتەوە، قەوارەی بەشێکی زۆری ژمارەکان پتر لە ١٦٠ لاپەڕەن، هەر ژمارەیەکی حسێبی

ڕۆمانێکی بۆ بکە، ڕۆژێک لەڕۆژان لە خوێندنەوە و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی وەڕس نەبوومە.
لە سەرەتای ساڵانی حەفتا وەک خوێنەرێک و لە کۆتایی حەفتاکان وەک نووسەرێک، بەشێکی زۆرم لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان خوێندووەتەوە، بەتایبەتیش هاوکاری و بەیان و ڕەنگین و ڕۆشنبیری نوێ و کاروان و باسەڕە و کەرکووکی ئەمڕۆ، کە خۆم لە دەستەی نووسەرانیدا بوومە، دەبینم گۆڤاری ڕامان لەگەڵ نووسەران و هونەرمەندانـدا، بەبێ جیاوازی لەگەڵ هەموو خاوەن قەڵەمەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا کار دەکا، لێرەدا دەوڵەمەندکردنی بابەتەکانی گۆڤارەکە چەندێک هونەرەکەی بۆ نووسەرەکان دەگەڕێتەوە، ئەوەندەش بۆ سەرنووسەر و ستافی گۆڤارەکە دەگەڕێتەوە.
گۆڤاری ڕامان ٢٧ ساڵە هەنگاو بەرەو داهێنان دەنێ، وەک نووسەرێکی کەرکووکی و گەرمیانی و دانیشتووی خورماتوو، بیست ساڵە هاوڕێی ئەم گۆڤارەم، بەشێوەیەکی زۆر جوان پێشوازی لەو خاوەن قەڵەمانە دەکەن کە بابەتیان بۆ دەنێرن. دەبێ ئەوەش بڵێم سەرنووسەر بە گەرمی پێشوازی لە نووسەرانی ڕۆژهەڵات دەکا، بەتایبەت لە بواری وەرگێڕاندا.
ڕاستییەکەی سەرنووسەر و ستافی گۆڤارەکە لە پێناو سەرکەوتنی گۆڤارەکەدا، هەوڵێکی پڕ لە ئەرک و ماندووبوون دەدەن. گۆڤاری ڕامان لە ١٩٩٦/٦/١١، واتە ٢٧ ساڵە چاوی هەڵهێناوە، تا ئێستا بێ ڕاوەستان کاری خۆی دەکا، هیوای بەردەوامی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.






# تا جوگرافیای وڵاتەکەت نەزانی، لە ئازاری پارچە پارچەکردنی کوردستان ناگەیت

عەبدوڵڵا غەفوور
(باقرتە)

لە پرۆگرامی خوێندنی قوتابیان و خوێندکارانی بەشی جوگرافیا، لە کۆلێژی ئاداب، لە زانکۆی سەلاحەددین، لە ڕۆژی ئەوڕۆدا، دوو بابەت بە ناوەکانی: جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق و جوگرافیای عێراق دەخوێنرێ. ئەگەر دیقەتی خۆمانی بدەینێ، بۆمان دەردەکەوێ کە هەردوو بابەت باسی وڵاتێک دەکەن بە ناوی عێراق، کەوابێ قوتابی تەنیا و تەنیا فێری جوگرافیای پارچەیەک لە چوار پارچەی کوردستان دەکرێ، کە دەبوایە ئەوە وا نەبوایە و بەو شێوەیە: جوگرافیای کوردستان و جوگرافیای عێراق بوایە.

ئەو کاتەی (ساڵی ٢٠٠٥) کە لە بەشی جوگرافیا دامەزرام، وابوو، سەرۆکی ئەو کاتی بەش گوتی «تۆمان وەرگرت بۆ ئەوەی جوگرافیای کوردستانمان بۆ بڵێیتەوە». لە وەڵامدا پێم گوت «منیش بۆ ئەوە هاتوومەتەوە»، تا خانەنشین نەکرابووم، ئەو کارە وابوو، بەڵام سەیر لە چیدابوو، ساڵێک بابەتی جوگرافیای کوردستان درا بە مامۆستایەکی دیکە کە هیچ پێوەندی بە بابەتەکەوە نەبوو، وانەکانی لەسەر کتێبەکەی من «جوگرافیای کوردستان» ئامادە دەکرد، لە قسەکانی بەدەردەکەوت ناچارە وا بکات، دەنا ئەو کارە بەو ناکرێ. ئەو دەیگوت «چۆن وێرای ئەو کتێبە بنووسی، من کە دەستی دەدەمێ لە ترسان سەرتاپای لەشم دەلەرزێ». ڕاستی دەکرد، جوگرافیای کوردستان نە کەسی دیکە پێی دەنووسرێ و نە کەسیش بە گیانێکی کوردستانیانە بۆی دەگوترێتەوە.

ساڵی ئایندە بابەتەکەم هەتاکوو خانەنشین بوونم، بە خۆم دەمگوتەوە. مخابن سەد مخابن، دوای خانەنشین بوونم، بابەتەکە لە پرۆگرامی خوێندن نەما. لە وەڵامی پرسیارێکی مندا «بۆ جوگرافیای کوردستان»تان لابرد؟ «جوگرافیای هەرێمی کوردستانمان هەیە، لە بەشەکانی دیکەش گەڕێ، کەسیش بۆی ناگوترێتەوە». لە قسەی ئاخر ڕاستگۆ بووە.

کوردستانییەکان بە گشتی، نەک هەر جوگرافیای وڵاتەکەیان، بەڵکوو هی ئەو بەشەی کە تێیدا دەژین، شتێکی ئەوتۆی لێ نازانن، ئەوە جێگەی دڵگرانییەکی زۆر گەورەیە، هەتاکوو جوگرافیای وڵاتەکەت نەزانی، لە ئازاری پارچە پارچەکردنی کوردستان ناگەیت.